# دۆستۆڤسکی

ئا: سوارە سەباح



رۆمـــــانـنووس و رۆژنامەنووسێکی مەزنی رووسـیـاییـە، لە سـاڵی (١٨٢١) لە خـێـزانێکی خانەدان لە مۆسکۆ لە دایک بووە، ژیانی پڕ بووە لە ناخـۆشی و ئێش و ئازارو هەژاری، خـوێندنی ئەندازەی جـەنگی لە (سـان پـتـرسـبـورگ)ی پایتـــەخت تەواوکـــردووە، بۆتە ئەندازیارێکی سەربازی. لە ١٨٤٤دا وازی لێهـێناوە و دەستی داوەتە نووسین. یەکەم بەرهەمی ئەدەبی (رۆمانی (هەژارەکـــان) بوو لە ١٨٤٥دا نووسی و دایە دەســـتی نووســـەرو روناکـبـیـری بەناوبانگ (بیلینسکی) کـــە زۆر بەدڵی بووەو مـــەدحی کـرد. دوایی کە چاپکرا ناوبانگی دەرکردو دوای ئەوە تا ســاڵی ١٨٤٩ (١٢) چیـرۆکی تری بەپێـزی نووسی. بەهۆی چالاکی سـیـاسـیـیـەوە گیراو فەرمانی لە سێدارەدانی دەرچوو، بەڵام لە کاتێکدا کە خەریکی جێبەجێکردنی ئەم فەرمانە بوون، قـەیسـەری رووسـیـا ئـەم فـەرمـانـەی هەڵوەشاندەوە بە سێ ساڵ فەرمانی بەندکردنی

دراو گواسترایەوە بۆ (سیبیریا). ماوەی ئەم سێ ساڵەی لەوێ بەکاری گران و ژیانێکی سەخت و دژوار بەسەر برد، کە بووە هۆی ئەوەی رووبکاتە خوێندنەوە بەتایبەتی کتێبی ئایینی بەتایبەتی کاتێ داوا لە براکەی (میخائیل) دەکات کە قورئانی بۆ بهێنێت لەگەڵ کتێبی (رەخنەی عەقڵیی پەتی) کانت و مێژووی فەلسەفەی هیگڵ. بایەخی بەکتێبە ئاینییەکان داوە و رێزی لێگرتوون. بۆ نموونە لە رۆمانی (شەیتانەکان) لە چەندین شوێن باسی قورئان دەکات. لە دوای هاتنە دەرەوەی لە زیندان (١٨٥٩) دەستی دایەوە ئەدەب، لەگەڵ براکەی گۆڤاری(کات)یان دەرکرد و کە چیرۆکەکانی تیادا بلاوەکردەوە و گەشتێکی کرد بۆ ولاتانی ئەوروپا کە کاریگەری هەبوو لەسەر بیروهۆشی بەناوبانگترین رۆمانەکانیدا (تاوان و سزا) و (قومارچی) کە خۆیشی زۆر حەزی لە یاری قوماركردووە، (ژێرچەپۆک)، (ماڵی مردووەکان)، (گێل)، (هاوشێوەکان). (زەلیلەکان)، (یادی گۆڕستانەکە)، لە هەمووشیان نایابتر شاکاری (برایانی کارامازۆف)ە.

هەموو کارە ئەدەبیەکانیشی باری ژیانی ناهەمواری لێقەوماوو و چەوساوەکانی رووسیا پیشان دەدات و تواناو بەهرەیەکی یەکجار گەورەی هەبووە لە شیکردنەوەی دەروونی ئادەمیزاد، لە رۆمانەکانیدا هەمیشە کەسانی سەیر هەن وەک (شێت، سەرخۆش، بکوژ، تاوانبار و نەهیلستە نائومێدەکان و... دۆستۆڤسکی خوێنەری خۆی تەواو تووشی سەرەگێژە دەکات. لەبەرئەوەیە کە هەندێک لە ترسان خۆی لێ دووردەخەنەوە، بەلام زۆر دەگمەنن ئەو رۆماننووسانەی توانیویانە وەک ئەو بەرز بفرن یان ئەوەندە بەقوولایی بچێتە خوارێ تا دەگەنە هەرێمە هەرە تاریک و ناجۆرەکانی کەسایەتییە ئینسانییەکانی وەک ئەو.

دۆستۆفسکی لە (رۆژانەی نووسەرێک) هێرش دەکاتە سەر خۆرئاوا خوازەکانی رووسی، واتە ئەوانەی کە هەوای خۆرئاوا لێی داون و بەشارستانییەتی ئەوروپا ساکاون و دەیانەوێ رووسیا بکەن بە پاشکۆی خۆرئاوا بێ ئەوەی ئاگاداری رەسەنایەتی خودی رووسیاو تایبەتمەندییەکانی بن، هەروەها هێرش دەکاتە سەر ئەوانەش کە کوێرانە دوای شەپۆلی سلاڤیەت کەوتوون و خۆیان تەواو بەکلتووری رووسی ئەرسەدۆکسی بەستۆتەوە ئەمانە رووسیا دەکەنە ئەفسانەیەک کە بێجگە لە خۆی پەیوەندی بەهیچ شتێکی ترەوە نەبێت، کەواتە ئەو هەمیشە ویستوویەتی کە رێبازێک پەیرەو بکات کە ناوەند بێت کە نە مادیەتی دوور لە ئایین و رۆحانیەتی خۆرئاواو نە کۆیلایەتی بۆ رابردووی رووس. پاشان دەڵێ گەلی رووس تەنیا لە رەنج و ئازاردا دڵی خۆش دەبێت، بڕوام وایە ئەو پێویستییە رۆحیەی کە زۆر بەقوولایی لە مرۆڤی رووسیدا رەگی داکوتاوە پێویستی رەنج و ئازارە لە هەموو جێگایەک و لە هەر چرکەساتێکدا، پێویستییەتی هەرگیز دوایی نایەت و دەڵێ ئێمەی رووس، هەموومان نەهێلستین، ئەم وتەیەش شیاوی بایەخ پێدانە، چونکە نەهیلیزم ریشەیەکی کلتووری لەناو رووسیادا هەیە، ئەمەش پێچەوانەی مەعنەویەتی رووسەکانە، چونکە تاکەکانی ئێمە هیچکات میانڕەو نین، هیچ سنوورو هاوسەنگیەک لە کلتوورماندا نییە،

ڕووسەکان سنوورو ئەندازە ناناسن یان ڕوودەکەنە زوهدو خوا دۆزی یان مەیخواردنەوە.

دۆستۆڤسکی کاتێ لە زیندان بوو لە یەکێک لەو نامانەی کە بۆ براکەی نووسیوە من لە ژیانمدا بەرگەی گەلێک ناخۆشیم گرتووە، بۆیە هیچ شتێک من ناترسێنێت، باشە خودا هەڵدەگرێت من ئیتر نەنووسم دەبێ ژیانی ئەدەبی من کۆتایی بێت؟ کە هێشتان من لە سەرەتادام و ڕۆحم تووشی فەنابوونێک هاتووە کە لە ناوەوە وەک مەنجەڵ دەکوڵێت، بۆیە ئەگەر نووسینم لێ قەدەغە بکرێت من دەمرم، زۆر شتم بۆ بنووسە تەنانەت لەسەر شتە بێ ماناکانیش، ئەوە بزانە کە من وورەم بەرنەداوە. هیواش دەستبەردارم نەبوو، تەنانەت لە تاریکترین چرکەساتدا، من تازە لە دایک دەبمەوە کەس لە مانای ژیان ناگات ئەوانە نەبن کە لە دەستی بدەن یان لەوانەیە لە دەستی بدەن. کە بیر لە رابردوو دەکەمەوە هەموو ئەو کاتانەم دێتە بەرچاو کە بەفیرۆچوون، بیر لە ساتەکانی بێکاری و وێڵی و ئەو دەرفەتانەی لە کیسم چوون، چەند هەڵەم بەرامبەر بەخۆم و ڕۆحم کردووە، ژیان بەخشش و دیارییەکی گەلێک بەنرخە کە ئێوە بەهاکەی تەنیا لەوکاتە دەزانن کە خەریکە لە دەستمان دەردەچێت، یان ڕووبەڕووی هەڕەشە دەبینەوە، ژیان بەختیارییە، لە هەر دەقیقەیەکدا سەدەیەک بەختیاری هەیەهەموو ئەو ناخۆشی و ئێش و ئازارانەی کە ئەو چەند ساڵەی زیندان کە لەگەڵ کەسانی تاوانبارو دزو پیاوکوژ... بووە هۆی پەیداکردنی ئەزموون و داهێنانی پڕ مانا، بۆ نموونە شاکاری (تاوان و سزا) کە بەرهەمی ساڵی (١٨٦٦)، زۆربەی بیروڕا فەلسەفەی و کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئاینەکانی ئەو سەردەمەی ڕووسیا، کە چینە جیاوازەکان و لاوانی ئەوسای سەرقاڵ کردبوو، لەڕێی کەسایەتی و بەسەرهاتەکانەوە دەرخراون، لەم ڕۆمانەدا باسی کوشتنی پیرێژنێک دەکات کە (راسکۆ لێنیکۆف) ئەنجامی داوە، کوشتنێک کە نەفاکتەرێکی قەناعەت پێکەری لە دواوەیە نەئاقارێکی فیکری گونجاو، تاوانەکە ئەوەندەی سروشتێکی ڕۆحی و فشاری دەروونی تیایە، ئەوەندە لەڕوانگەی کۆمەڵایەتی و سزای یاساییەوە بایەخی پێنەدراوە، کاتێ ئەم پیرەژنە دەکوژێت بەبیانووی ئەوەی کە حەرام خۆرەو بە (ئەسپێ)ی چواندووە کە خوێنی مرۆڤ دەمژێت، بەڵام دوای ئەنجامدانی ئەم کارەی چەواشە دەبێت و نازانێ بۆ کوشتوبەتی، کە ڕەنگە لە برسانا ئەم کارەی کردبێ، بەڵام سەیر لەوەدایە کە دوای کوشتنی پیرێژن و لیزا ڤێتای خوشکی، ئەو پارەو زێڕانەی لەناو کیفی پیرێژندایە و دەستی ئەو دەکەوێ هیچ سوودیان لێ نابینێت، هەمووی لە ژێر بەردێکدا دەشارێتەوە و ئیتر بەدوای داناچێت.

لەم ڕۆمانەدا هەردوو کاراکتەری سەرەکی (راسکۆلینکۆف و سۆنیا) هەریەکە و لە ئاقارێکەوە تاوانبارن، تاوانبار نەک بەمانا ویژدانییەکەی، بەڵکو بەمانای بەزاندنی یاساو ئەخلاقی باوی کۆمەڵگا. یەکەمیان مرۆڤی کوشتووە و ئەوی تریان سۆزانییە، جا هۆکاری تاوانەکانیان غەریزەن؟ حەزی هەردووکیان لە پێناوی بەدەستهێنانی دەستکەوتی گەورە و بێ وێنەدا؟ یان ستەمێکی کۆمەڵایەتییە کە لە دەرەوەی ویستی خۆیانەوە سەری هەڵداوە و هاتۆتە ناو ژیانیانەوە و ئەمانیش پێشوازیان لێ

كردووە، سۆنیا دوور لە ئارەزووی خۆی ئەم كارە دەكات، بۆ ئەوەی ژیانی چەند خوشك و برایەكی رزگـار بكات كـە تەنیـا لە باوكین و لە دایك جیـان، بەهۆی (كـاترینای) باوەژنی ئەم كـارە دەكات كە دەڵێ خۆ كچێتی و ئابڕۆی سۆنیا لە ژیانی منداڵەكانی ئەو ئازیزتر نین كە خەریكە لە برسانا دەمرن لە رۆمانی (برایانی كارامازۆف) دۆستـۆفسكی دوو رێبازی دژیەكی بەرامبەر ئەم بابەتە دەرخستـووە رێبازێك كە رەفـزی دین و بوونی خودا دەكات، (ئیڤان كارامازۆف)، بڕوای پێیـەتی، رێبـازێكی تر جـەخت لەسـەر بوونی مـەملەكەتی خودا دەكات و (زوسیـما)ی قەشە بڕوای پێیەتی، بۆ دۆستۆفسكی پرسیاری بوونی خـودا هێندەی چاوی قـرژاڵ روون و ئاشكرایە. خودا بوونی هەیە، وەك ئەكتەرێكی ناومان كە دەتوانین بڕوای پێـــبكەین، خـــودایـەك بە پاشـخـانێكی رۆشنبیـرانەوە، بەدەستی پڕ لە كـەرەستــەی رۆشـەنگەرییـەوە، كـە ئامـانجی خۆشبەختی و ئارامی مرۆڤ بێت، ئەم خودایە كە دێت و فـرمـێـسكی تەڕەكـانی مـەخلووقـە خەمبارەكانی خۆی دەسڕێت و دەبێتە گەرەنتی چاكە و چاكەخوازی و، خودایەك نییە ترسێنەرو چاوەڕوانی پەرستن بێت، باوكـێك نیـیـە كـە منداڵـەكانی خـۆی داركاری بكات... خـودایەك نییە بەندەكانی خۆی بەئاگرو دۆزەخ بترسێنێ و هەمان كات بەمژدەو بەخششەكانی بەهەشتیش رامیان بكات نا، بەڵكو ئەم خودایە شێوەیەكە لە قوربانیبوون جیهانێكە پڕە لە لێبوردن و بەیەك چاو سەیری هەموو بوونەوەرەكانی دەكات.

تێكڕای رۆمـانەكـانی دۆستـۆفسكی هەڵگری پرسیـارن، هەڵگری توانای بیركردنەوە و گۆڕینی یەقـیـنەكـانن، ئەو بەردەوام لەسـەر ئاڵۆزی و نائارامی رۆحی مـرۆڤـەكـان دەوەسـتـێت و توێكاریان تێدا دەكات، لە بەرهەمەكانیدا بیر دەوری سەرەكی دەبینێت، بیر لە بوون و نەبوون، ژیان و مەرگ، چاكەو خراپە، بیر لە ئازادی، لە داڕشـتـنەوەیەكی تری تازەی دنیـا، بیـر لە مـیـتـافـیـزیكای رۆح و رەهەندە فـراوان و بێ سنوورەكانی بیر لە یاسا دەستكردەكانی مرۆڤ و ویژدانییـە خۆڕسكەكان ئەوەندەی نائومێدی لە رۆحی مـرۆڤـدا هەیە ئەوەندەش خـۆشنوودی و دەروەشـانەوەی تێـدایە، ئەوەندە ملكەچی و خۆبەدەستەوەدان، ئەوەندەش یاخی بوون و خۆگری لە مـەكـۆدایە. لەوپەڕی دڵڕەقی و خۆپەرستی تا ئەوپەڕی سۆزو خۆشەویستی و مرۆڤ دۆستی.

دۆستۆفسكی لە ریزی نووسەرە گەورەكان وەك (تۆلستـۆی، پۆشكین، تورگنیڤ)ە لە رووسیـاو لەسەر ئاستی ئەورووپاش ناوی لەگەڵ (شكسپیرو سۆفـۆكلیس)دا دێت. چونكە لەو نووسەرانە كە بابەتی تازەی هێنایە ناو دنیـای ئەدەبەوە، كـە پێشتـر دەستی بۆ نەبرابوو، بۆیە بووە سەرچاوەی گـەلێك باس و بابەتی فیكری لای رەخنەگـران و بیرمەندان. بەتایبەتی لای زانای گەورە (فرۆید)، كە خـاوەن قـوتابخانەی شیكاری دەروونیـیە و هەموو دینامیكیەتی كارو ئارەزوو جووڵێنەرەكان، لە (نەست - لاشعور)دا كـۆدەكـاتەوە. ئەمـەیش بەشێكە لە ئاراستە بنەڕەتییەكانی دۆستـۆفسكی لەسـەر ئـاستی كـەسـایەتییـەكانی بەتایبـەتی لە كوشتنی باوكدا كە فرۆید دەیكاتە بنەمای كاری خۆی، هەروەها فەیلەسووفی گەورە (هایدگەر) كە لێكدانەوەیەكی وا دەداتە بـەرهـەمــەكــانی دۆستۆفسكی كە لەگەڵ فەلسەفەكەیدا بگونجێت.

رۆمانی (یاداشتەکانی ژێرزەوی) دۆستۆفسکی کارێکی سەرەکی بووە بەنیسبەت (جان پۆڵ سارتەرو ئەلبەرت کامۆ)وە.

سەرکەوتنی ئەم بیرمەندە لەوەدایە کە لە رۆمانەکانیدا زۆربەی لایەنەکانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و دەروونی.. رەنگ دەداتەوە باس لە بارودۆخی نەتەوەکەی دەکات و هەڵقولاوی گەل و نیشتمانەکەیەتی و دوور لە واقیع نین و یان دروستکراوو خەیاڵی نین. تەنانەت زۆرجار لە ئەدەبیاتدا تەنیا باس لەلایەنە ئەدەبیەکە ناکرێت بەڵکو زۆرجار مێژووی نەتەوەیەک دەگێرێتەوە و وەک مێژوونووسێک خۆی وێنا دەکات.

دۆستۆفسکی لە دوا ساڵانی ژیانیدا ببوو بە پێشەوایەکی رۆحی و ئیلهام بەخشی رووسیاو رۆمانەکانی لە هەموو لایەک بڵاوببووە و ناوبانگیشی گشت لایەکی داگیر کردبوو لە هەموو لایەکی رووسیاوە نامەی بۆ دەهات جارێک وتی سەدان نامەم لە گەلی رووسیا پێگەیشتووە و شتگەلێک فێربووم کە پێشتر، نەمدزانی ئەم هەموو خەڵکە هاوبیری منن. دۆستۆفسکی ئەدەبی رووسیای بەهەموو دونیا ناساندو کەسانێکی زۆری بە کارەکانی خۆیەوە سەرقاڵ کردووە.

لەسەر کێلی گۆڕەکەی دۆستۆفسکی نووسراوە..

کاتێ گوڵەگەنمێک، دەنکە گەنمێکی لێ بەردەبێتەوە و لە دڵی زەویدا دەنێژرێ.. بەو مردنەی ئەو دەنکە چەندین گوڵە گەنمی تر دەژێتەوە.. دەنا هەر گوڵەگەنمێک بوونی دەبوو...! لەرێگای بەخشینەوە مرۆڤ دەسکەوتی پتر دەبێت.. دیارە ئەم تیۆرییە بۆ عەقیدەو ئیمانیش دەگونجێ.

**سەرچاوەکان:**


١- یاسین سابر صالح، ئینساکلۆپیدای گشتی، ل٤٨٤ .

٢- رەزا سەید حسەینی، قوتابخانە ئەدەبییەکان، و: حەمەکەریم عارف ل١١١ .

٣- جۆزیف فرانک، گۆڤاری سەردەم، ژمارە ٤٧-٤٨ ، و: فەرهاد، ل٢٧٩- ٢٨٠ .

٤- هاشم سالح، سەردەم، ژمارە ٥٠، و: رەئووف بێگەرد، ل١٨٨ .

٥- داریوش شایگان، ئاسیا لە بەرامبەر خۆرئاوا، و: شۆڕش و مامەند، ل٤١ .

٦- محمد الجورا، إلى الأدب العالمي، ل١٤٧ .

٧- ڤیکسترۆم، رەهەند (١٦-١٧)، و: ئاراس وەلی، ل٢٧٢-٢٧٣ .

٨- هیمداد حوسێن، رێبازە ئەدەبییەکان، ١٤١ .

٩- دۆستۆفسکی، تاوان و سزا، و: رەئووف بێگەرد، ل٧-٩ .

# چەمکی خێر لەڕوانگەی مۆراڵەوە

بەهزاد حەوێزی



بەرلەهەر شتێک لەبارەی ئادەمیزاد و هزر و هۆش و رەفتار گەلەک پرسیاری وروژێنەر هەن لوولی دەدەن و گەلەک جاریش تەنگی پێهەڵدەچنن لەوەی داخوا تاچەند پەی بەوەڵامەکانیان دەبات، زۆرجار ئادەمیزاد لەخۆی دەپرسێ من چیم و بۆچی خولّقاوم؟ چی هەیە گرنگ و بەهادار بێت و چیش هەیە بێ بەها و چۆن چۆنیش لێکیان جوێ بکەمەوە و پێویستە چی بکەم و تاچەند رێم پێدراوە ئەوە، یا ئەمە بکەم، ئایا لێرەدا چ سنوورێک هەیە بۆ ئەو کارو کردەوانەم، یا پێوەرێکی ماقووڵ و مەنتیقی، یا ئەخلاقی، جا هەر کاروکردەوە و هەڵوێستێکی ئادەمیزاد بەتایبەتی بەدەرنییە لەو پرسیار و بەخۆداچوونەوانە.

بۆ هەرکارێکمان هۆو ئاکام هەیە ئامرازی بەدیهێنان و روونی ئەو مەبەستەی گەرەکمانە، ئینجا پاساو هێنانەوە بۆ بەڕەواکردنی ئەو کاروکردەوەیەو ئەو نیشانە ئەنجامەی دەیپێکین، بەڵام خاڵێکی هەرە گرنگ لێرەدا ئەو لۆژیکەیە کە ئەو کاروکردەوە و مەبەستانەی پێ لە مەحەک دەدرێ ئەویش مۆراڵە، ئەمەش دیتنێکی رەخنەییە رووبەڕووی پێداویستی و حەزوئارەزووەکانمانی دەکەینەوە، چونکە ساناترین شت ئەوەیە تۆ بەتەنیا نیت و بەتەنیا ناژیت تاکو رەچاوی ئەو هاوکێشە و دەوروبەرە نەکەیت، ئایا ئەو هۆ و ئامرازانەت رەوانەو ئەو مەبەستەت رەوایە، یا نە؟ کەواتە لێرەدا رێسایەک هەیە بۆ سیستیماتیزەکردنی ئەو پرۆسەیە بەلای کەمی چاوڕوونیمان بکەن بۆ کاری رەواو کاری ناڕەوا بۆ ئەوەی رەواو ئەخلاقییە، یا بەپێچەوانەوە، کەواتە لێرەدا ژیانی کۆمەڵگەی مرۆیی پێویستی بەو رێسایانە هەیە کە پێوەرەکانن: ئادەمیزادیش بوونەوەرێکی نۆرماتیڤە.

**مۆراڵ چییە؟**

رەنگە پێناسەیەکی زۆر بەدیقەت نەبێ بۆ مۆراڵ بەوپێیەی لەگەڵ هەر هەلومەرج و قۆناخ و سەردەمێکدا بەجۆرێک لێکدراوەتەوە، بەمەش مۆرکی ئەو سەردەمەی بەخۆوەگرتووە، بەڵام لەڕووی چەمک و بنەچەکەیەوە رەنگە یەک رێگەی گرتبێتەبەر نەک دووان.

ئەخلاق (مۆراڵ - morale) بەزۆری لە ناوەرۆکەکەیدا لەو پێوەریا پرەنسیپانە پێکدێ پەیوەستن بە خێرو شەڕ، بەجۆرێک رێمان دەدەن بکارین کاروکردەوەکانی مرۆگەل وەسف بکەین و حوکمیان لەسەر بدەین، ئەو پێوەرانەش یا ئەوەتا ئەو یاسا گەردوونییە گشتگیرانەن، کە هەموو بوونەوەرێکی مرۆیی دەگرێتەوە و هەڵسوکەوتیان سنوور بەند دەکات بۆ نموونە ئەرکی رێزگرتن لە هەمبەر بوونەوەری مرۆیی، کە ئادەمیزادە، هەروەها چۆنییەتی مامەڵەکردن لەگەڵ گشت تاکەکان بەیەکسانی و زیان نەگەیاندنی جەستەیی بەهەر یەکێک، هەروەها پێشێل نەکردنی مافی ئیدیکە جا بەهەر بیانوو و هۆیەک بێت و نەقۆستنەوەی دەسەڵات و دەستڕۆیشتوویی و پلەوپایە بۆ کەلک و سوودو بەرژەوەندیی تاکەکەسیی و پێشێلکردنی مافی ئەوانیدیکەو بەپەراوێزکردنی خەڵکانێک، کە ئەوپەڕی نایەکسانی ونادادوەرییە.

ئەو رێسایانە جودان لەو رێساو یاسایانەی دیکەی نووسراو ئەو پێوەرانە رێسای هاوبەشی کەلچەرەکانی دیموکراسی لیبرالین گەرچی هەندەکیان کران بەیاسا، بەڵام بەگشتی ئەوەی پەیوەستە بەمۆراڵ نەنووسراونەتەوە بگرە گشت پەی پێدەبەن و پێشێلکردنیان دەبێتە هۆی بێ ویژدانی و پەشیمانی لای ئەو کەسە.

ئەو پێوەرە ئەخلاقییانەش زادەی مێژوون و هەنگاو بەهەنگاو بۆ نەوەی داهاتوو ماونەتەوە پەیڕەودەکرێن، ئەمانوێل کانت (Kant) ئەخلاقییاتی ئەرکی بەرجەستەکردووە لە جەختکردنە سەر سیفەتی (ئەمر) لە گشت راسپاردە ئەخلاقییەکان و گرنگی پرەنسیپە گشتگیرە گەردوونییەکان.

چەمکی خێر هەر لە سەردەمانی دێرینەوە تاکو کۆتایی سەدەی هەژدەهەم چەمکێکی سێنترالی فەلسەفەی ئەخلاقی بوو، بەکردەیی چەمکی خێر پەیوەست بوو بە چەمکەکانی بەختەوەری و بە بارودۆخی چاکی ئەو شتانەی گەرەکە بەفرەئامراز بەدیبێن و ئەو ئاکامە باشەخێرانەی مەزندەیان

دەکەین ئاخود ژیانێکی خێرو چاکەکارانە.

فەلسەفەی مۆراڵ فەلسەفەیەکی قووڵەو خودی خۆی سیستیمازە دەکات لەبارەی چەمکی خێر، هەورەها رەگاژۆیە لەنێو قووڵایی نەفس و لەنێو کاروکردەوەدا، پرسی ئەخلاقییەتیش بەبێ بوونی ئادەمیزادێ خودان هەستونەست و حەزوئارەزوو ناخرێتەروو، جا چەند بیرکردنەوەی ئەخلاقییانە بەوپێیەی فەلسەفەیەکی پراکتیکانەیە رووەو کردەی مرۆیی و پراکتیزەکردن هەنگاو بنێت، ئەوە پێویستە بیرۆکەی خێر بەچەمکی کلیلی فەلسەفەی ئەخلاقی لەقەڵەم بدەین، ئینجا ئەمە وا دەکات بچێتە نێو چەند بواری ژیانی مرۆیی لەمەڕ تایبەتمەندێتی ئەخلاقییەت و رەواییش دەدا بەو پرسیارەی : چۆن دەبێ بژیم؟.

لەو خاڵەدا گرنگی چەمکی خێر لە فەلسفەی مۆراڵدا هاتە کایەوە گەرچی ئەمڕۆ چەندین رەوتی فەلسەفی هەن داوای گۆڕینی (خێر) وەک یەکەمین چەمکی لای فەلسەفەی ئەخلاقی، دەکەن بەبیرۆکەی ئەرک -واجب- (لە کولتووری کانت یا بیرۆکەی دادوەری لە نەریتەکانی گرێبەندە کۆمەڵایەتییەکان).

ئەفلاتوون لەو بیرمەندە دێرینانەیە، کە رۆڵێکی هەرەگەورەی بینی لە پێناسەکردنی فەلسەفیانەی خێر، لێرەدا چەندین رێچکە هەن بۆ وێناکردنی ئەو جۆرە خێر- ە، وەک واقیعێکی هەرەباڵا یا سیستەم یا کۆمەڵەیەک چاکەو خێری بابەتیانەی مرۆیی یا (پێرفێکشن - کەمال).

بە لای ئەفلاتوون خێر تەنیا کرۆک -گەوهەر- نییە، ئەو زۆر پێدادەگرێ لەسەر ئەوەی خێر (زۆر ئەولاترە لەهەر گەوهەرێک) خوێندنەوەی هەردوو کتێبی (کۆمار)و(فیلیپۆس) وردترانە بیرۆکەیەکمان دەدەنە دەست لەمەڕ گرنگێتی ئەو جۆرە دەستنیشانکردنە.

ئەفلاتوون لەیەک کاتدا پێی وایە خێر پرەنسیپێکی ناشەخسی ئەمری و پرەنسیپێک لە ئاستێکی ناجەستەییە، بەلای ئەو ژیان چ ژیانی پاڵەوانێک بێ یا ژیانی جوتیارێک ئەوە وەک کۆمەڵەیەکی گشتگیرانەیە لەمەڕ رووداوو هیواو مەزندەکاریی و ئەو هۆیانەی پەیوەستن بە خێروچاکەیەکی دیاریکراو، هەروەها هەرکەسێک ئەو ژیانە یا ئەمەی هەیە دەبێت بەتەواوەتی موڵکی ئەو بێت و بیکا بەژیانی خۆی.

بیرۆکەی بوونی خێر بەشێوەیەکی بابەتیانە جا ئەو خێرە واقیعی راستەقینە بێ یا سیستەمێکی دیاریکراو، واتە ئادەمیزاد بەتاسەو تامەزرۆیە بۆ ئەقڵانیەت و -ئۆبگێکتیڤیزم- لە هەرچی تایبەتە بەکێشەی بەها، هەروەها ئەو-ئۆبگێکتیڤیزم-ەی خێر پەیوەستە بەبیرۆکەی بوونی خێرو چاکەی بابەتیانەی مرۆیی، ئەوەش رێخۆشکەرە بۆ شادی و بەختەوەری گەرچیش بۆ خۆمان نەبێت، رەنگە بۆ خەڵکانێکی دیکە بێت، کەسێک خۆشمان دەوێت.

خێرو چاکەی مرۆیی ئەو سەرچاوەو کانگە بابەتییانەی بەختەوەرین لەراستیدا تەنیا خێرو چاکەی ماددی نین، بەڵکە زۆر شتی دیکەش دەگرتەوە وەکو بەهرەو پەیوەندییەکان و جۆری پەیوەندییەکان بەئیدیکەو خود هەڵسەنگاندن، هەروەها ئەوانەی زێتر پەیوەستن بەکەسێک وەک توانستی بیرکردنەوەو هەستی هونەری و تێروتەسەلی ئەو هەستونەستانەی هەستیان پێدەکەین و ئەو وزەو توانا نەفسیانەو باش تەبیاتیی و..تد.

ناکرێ بیرمان بۆ لای کەسێک بچێ

بەئەنجامدانی خراپە شادومان بێ یەک زەررە خێری بابەتیانەی لا بێت، کەسێک کارێکی خراپی کرد وەکو بلێیی لە رکابەرێکی بردبێتەوە یا ناپاکی لەگەڵ هاورێکانی بکاو لێی پەشیمان بێت، ئینجا بەهەر هۆیەک بێت ئەو تۆمەتەی لەبیرکردو خۆی بینییەوە شادە، ناکرێ ئەو کەسە بەهەق بەمرۆڤێکی بەختەوەر لەقەڵەم بدرێ.

کەواتە ئەو چاکەو خێرە لەبنەڕەتەوە بوونی هەیەو زادەی بوونی مرۆڤایەتییەو لەڕووی فیزیکیشەوە سەلمێندراوە مرۆڤ زێتر مەیلی خێری لا هەیە نەک شەڕ، بەڵام ئەو دوو تای تەرازووە چەند پێوەرێکیان گەرەکە تاوەکو ئەو کەسە بگات بەئەوپەڕ سیفەتە باشەکانی خێر واتە لایەنی خودیی و لایەنی بابەتیی، ئەمەش ئەو بۆچوونە رەتدەکاتەوە گوایە سروشتی مرۆیی خۆرسکانە پەی بەماهیەتی خێر نابات و تەنیا لە دەوروبەرەوە پێی ئاشنا دەبێت.

فەیلەسوفەکانی سەدەی حەڤدەهەم بەگرتنەبەری رێوشونی دیکارت هەوڵیاندا خێرو چاکەی مرۆیی و بەختەوەری لە سۆنگەی (پێرفێکشنیی ئەنتۆلۆژیی تاکەکەس) دیاری بکەن، ئایا کەسی پێرفێکشن هەیە؟یا هەنگاونان بەرەو شادی و لەززەت واتە رووکردنە ئەو خاڵە.

سپینۆزا لە کتێبی (نامەیەک لەمەڕ چاکسازی ئەقڵ) ئاماژەدەدات، کە ئەو بەدوای ئەو مەرام و مەبەستەیە کە خێرێکی راستەقینەیەو دەکرێ بەردەوام بێت لەگەڵمانا کە بەهۆیەوە دەروون-نەفس-دەستبەرداری هەر مەرام و مەبەستێکی دیکە بوو جا دۆزینەوەی ئەو جۆرە خێرەو دەستگرتن پێوەی تەنیا بەروبوومێکی ئەبەدییە: ئەبەدییەتی شادییەکی بەردەوام و رەها.

ئەو خێرە هەیە، بەڵام هەوڵدانی دەوێ، هەر ئادەمیزادێکیش دەیەوێت لەڕێی کۆششەکانی بەردەوام بێت لە بوونی و تا ئەوپەڕیش بەدیبێنێت، بۆیەش ئەو خێرە هەرە گەورەترین گەشەیە بەلای ئەو یا دەستکەوتێکی تەواوی تاقەت و تواناکەی لەمەڕ وجوود، جا ئەو پەرەپێدانەی واتە پەرەپێدانی (پێرفێکشن) ئەو (سروشتە باڵایە) ئەوەش واتە خۆشی و شادی ،شادیش (پەڕینەوەیە لە پێرفێکشنی کەم بۆ زۆر) ئەوەش کانگەی خۆشەویستیە، گەیشتن بەو بارەباڵا رۆحیە وەک سپینۆزا پێی وایە سەلواو دڵنیایی و ئارامییە.

سیستەمی ئەقلیی کەینونە (خودی ئادەمیزاد) رۆڵی هەیە لە وەرگرتنی سیفەتەکانی خێر یا شەڕ، گەر مەودا مەعریفی و زانستییەکانی بەرفراوان بوو ئەوە دەتوانێ زێتر جیاوازی بکات لەنێوان کارو کردەی خێرو سوودەکانی لەئاست خودو کۆمەڵگەدا.

خودیی (خێر، ناشەڕانی) لەمیانەی رەفتاری رۆژانەیدا لەگەڵ خودو تاکەکانی دیکە لە کۆمەڵگەدا گوزارش لەخۆی دەکات و ئەو رەفتارو مامەڵەیەش بەسەر خۆیدا رەنگدەداتەوە لەڕووی شادی و بەختەوەری، ئەفلاتوون پێی وایە (گەرهاتوو وێنەی شەڕ بزواو بەدیارنەکەوت ئەوە ترس دەخاتەوە، گەریش بەدیارکەوت ئەوە ئازار دەخاتەوە، گەریش وێنەی خێر بزواو بەدیارنەکەوت ئەوە شادی دەخاتەوە، گەریش بەدیارکەوت لەززەت دەخاتەوە) سیستەمی ئەقڵ و ئەوەی وەری دەگرێ لە زانیاری و زانستەکان سیستەمی کۆنترۆڵکردن و جلەوگریی رەفتارو هەڵسوکەوت و کردەوەکانی رۆژانە ئەکتیڤتر دەکات و وادەکات ویست پێڕۆی رێچکەی راست و دروست بکات لە لایەکی

دیکەوە ئەو ڕەفتارو کردەوە غەریزیانەی خود کەم و لاواز دەکات لەمەڕ پێڕۆکردنی کاری خراپەو شەڕ بۆ بەدیهێنانی مەبەست و مەرامی تایبەت لەسەر حیسابی کۆمەڵگە.

پرسیارگەل هەن پێویستە بخرێنەڕوو : هۆی ئەو سووکایەتییە ئەخلاقییەی ڕەوشی مرۆیی دەبێ چیبێ؟ ئادەمیزاد چییە وکێیە، دەبێ چۆن بژیت، خێر چییە، شەڕ چییە؟ زەلالەت وجوامێردی چنە؟ ئەریک فـــــرۆم ئەو چەمکە باوە ســــــواوانە هەڵدەگێڕتەوە، ڕەونەقی ئادەمیزاد شکۆداردەکات بەسەرکەوتنی بەسەر سروشتدا، ئەو بەوەعزو دروشمی پووچ و ئامۆژگاریی ئەوکارە ئەنجام نادات، بگرە لەڕێی ملمـلانەێیەکی سەخت دژ بەرەهاگەرایی و حەتمییەتێتی ساویلکانە و ڕێژەگەرایی لەیەک کاتدا، دژ بە فەلسەفەی زاڵییەتیی ئەخلاق، بەجەختکردنە سەر توانای ئادەمیزاد بۆ گەیشتن بەپرەنسیپە پێوەرییەکان.

فرۆم لە دووتوێی نووسینەکانیدا هەگبەی هەرە گرنگترین ئەو تیۆرانەی لەززەت و بەختەوەری ڕوودەکات هەر لە ئەبیقۆرەوە تاوەکو ئەفلاتوون و ئەرستۆ، بەوپەڕی دیقەت و هێورییەوە ڕەخنە لە غەریزەی مردن و تیۆری دوانەیی (خێروشەڕ) دەگرێت، دەپرسێت ئایا خێروشەڕ هەردوو ئیمکانییەت لەڕووی هێزەوە لای ئادەمیزاد یەکسانن؟ ئەوەش روون دەکاتەوە (چەمکی ئیمکانییەت تەنیا لەڕووی پەیوەستی بەو مەرجە تایبەتیانەی بەدیهاتنە کردەییەکەی ڕەچاوی دەکات و پێی پێویستە دەکرێ ماناداربێت) ئایا هەلومەرجی لەباری سەرهەڵدانی خێر هەردەبێ پاداشت و سزا لەخۆبگرێ؟ ئایا ئادەمیزاد دەتوانێت بەبێ ئیمان بژی؟ ئایا ئیمان جیایە لە بیرکردنەوەی زانستیانە و بەزەروورەت لێی دابراوە؟ ئایا دەکرێ بۆ دین بگەڕێینەوە؟ ئەو پرسیارانەو کۆمەڵە پرسیارێکی دیکە لە دووتوێی ئەو کتێبە کتێبی «ئادەمیزاد لەپێناوی خۆیدا: تۆژینەوەیێ لە سایکۆلۆژیای مۆراڵ» ئێخەت دەگرن. فرۆم بڕوای وایە دەستنیشانکەری ڕەفتار پێکهاتەی نێوخۆیی غەریزیانەی تاکەکەس نییە، بەڵکە هەلومەرج و کارتێکەرەکانی دەوراندەورین.

ئایا سروشتی مرۆیی خۆپەرستانەیە؟ زۆر لە شیکەرەوان و نووسەران پێیان وایە سروشتی مرۆڤ خۆپەرستانەیە، مرۆڤ هەوڵدەدات کاتێک سیستەمی ئیرادەی تێکدەچێت، خودی خۆی لەسەر حیسابی ئەوانیدیکە بەدیبێنێت، پێم وایە ئەوە زێدەگۆیی تیایە، چوون گەر ئەو خۆپەرستییە (نەرگزیەت) بە ستایلێکی نەرێیانەی زیانبەخش لەقەڵەم بدرێ ئەوە هەروەک فرۆم پێی وایە کەسی نەرگزیی ئەو کەسەیە واقیع لای تەنیا ئەوەیە ( خودییانە - زاتیی) گوزەر بکات، بیروڕاو هەستونەستەکانی و...تد، پێی وایە ڕاستەقینەن و واقیع دەنوێنن، جا لەبەرئەوە منداڵی بچووک تا ئەوپەڕ نەرگزیە، چونکە لەئەسڵا لای ئیدی چ واقیعێک لە دەرەوەدا نییە، کەسی نەرگزیی لەسەر خۆراکدانی نەرگزیەتەکەی دەژیت، نەرگزیش کەسێکی بێسنوور، شپرزەیە، چونکە هەستونەستەکانی چ بنەمایەکیان نییە و هەموو ئەو شتانەش بنەمایەکی لە واقیعدا نییە.

فرۆم لە میانەی تۆژینەوە بەرفراوان و ئەزموونیی و بەدواداچوونکارییە گرنگەکانیدا چەندین ڕووی دوژمنداریی دەخاتەڕوو، وەک : ژیاندۆستی (بیۆفیلیا - biophilia) و (تەبیعەتی سادییانە) مازۆخی (تەبیعەتی نیکرۆفیلی (necrophilia)

مەرگدۆستی (نیکرۆفیلیا) ئەو لەمیانەی دیالۆگ و جەدەلدا دژ فەلسەفەی ئەخلاقە، جیاوازی نێوان خۆپەرستی و خودویستی دەکات، لەنێوان چالاکی (بەمانای سەرقاڵی ئیش)و بەرهەم، نێوان خۆشەویستی و هەبوون - تەمەلوک- و لەززەت و شادی. ئایا کەس هەیە بەجیاوازی نێوان مردن و ژیان نەزانێ؟ هەروەها تاچەند ژیان وێران دەکەین، نەک هەر ژیانی ئەوانیدیکە بەڵکە ژیانی خۆشمان واش زەندەکەین گوایە بەپێچەوانەوەیە، فرۆم بەگشت دەڵێت : تاکەکەس و دەزگاکان، دەوڵەت و کۆمەڵگاکان، پاشاو گەدا، تۆ بەرپرسیت، تۆ بەرپرسی لە چارەکردنی گیروگرفتی بوونت، تۆ بەرپرسی لەگیروگرفتی وەلانان و بەپەراوێزکردنت، تۆ بەرپرسی لە ترس و ئەوین و ئیمانەکەت، تۆ بەرپرسی لە بەختەوەری و شادی مرۆییانە، ئەو دوو مێرگەی مۆراڵی مرۆیی، کە ئیمکاناتی مرۆڤ پێدەگەیەنن، ئەو مێرگەی هەرە زێدە پاراوو دەوڵەمەندەن دەوڵەمەندتر لە هەر کێڵگەیەکی نەوت لەجیهاندا.

زانستی تایبەت بەو بوارەو تاقیکردنەوەو شیکردنەوەکان سەلماندوویانە ئەوەی لە پێکهاتەی سایکۆلۆژیایی و فسیۆلۆژیایی ئەو بوونەوەرە دەخوێنرێتەوەو لێکۆڵینەوەی لەسەر کراوە ئاماژە دەدەن بەوەی لایەنی باشەو خێرو ئەرێییانە گەلەک زۆرترن لە لایەنی پێچەوانەوە.

دانتی پێی وایە (نەفس ساویلکەیە وەک منداڵ بەدوای بەرژەوەندییە پڕوپووچە دنیاییەکانی وێڵە، بۆیە پێویستە یاسایەک و دادوەرێک هەبێت بۆ چاودێریکردنی بەشەر) ئەو سیستەمانەش دەگۆڕێن سیستەمی سەرکوتکارو سیستەمی دیموکراسی ئەوانیش بەدەوری خۆیان ڕۆڵ دەبینن لە پێوەرەکانی مۆراڵ وکاریگەرێتی و گەندەڵبوونی تاکەکەسەکان و گەندەڵییان و سووککردنی بەهاو نەریتە رەسەنە کۆمەڵایەتییەکان.

جالێرەدا رۆڵی دەوڵەت و کۆمەڵگەو سیستەمەکان دێتە پێش لە رووبەرووبونەوەی هێزی شەڕو خراپەکاری و پشتیوانیکردن و پتەوکردنی ئەستووندەکانی هێزی خێرو چاکەکاری، بەمەش نەریتی خراپەو خەوشدار بەرەو کاڵبوونەوە دەچن و کولتووری دادوەری کۆمەڵایەتی و فەلسەفەی مۆراڵ و ئەخلاقییەت زاڵ دەبن.

* * *

**سەرچاوە:**

- کتێبی (فەلسەفەی ئەخلاقیی) مۆنیک کانتۆ-سپیربیر و رۆفین ئەدجیان / و : جۆرج زیناتی /کانوونی دووەم ٢٠٠٨.

- کتێبی «توێکاریکاریی تێکشکێنەرانەی مرۆیی» بەشی یەکەم/ ئەریک فرۆم / و:مەحمود مونقیز مەشهەدانی.

- کتێبی(هونەری گوێگرتن - لێکۆڵینەوە) ئەریک فرۆم/ و: مەحموود مونقیز مەشهەدانی ٢٠٠٤/

# دەسەڵات

ئا: کەنار مەجید



دەسەڵات وەکو دیاردەیەک لە هەموو کۆمەڵگایەکدا هەیە، زاراوەی دەسەڵات بەزۆر چەمک لە کۆمەڵگا بەکاردێ، هەروەها لە ژیانیش وەک دەسەڵاتی دایک و باوک و دەسەڵاتی رێکخراوە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان....هتد

ئەوەی لێرە مەبەستمانە دەسەڵاتی دەوڵەتە کە دەسەڵاتی سیاسی پێدەڵێن و لە یاسای چاککردنی سیستەمی یاسایی ئاماژە بەرِوونی بەو چەمکە دراوە کە دەڵێ:

«ئەوەی کۆمەڵگاکان لێک جیادەکاتەوە بوونی دەسەڵاتە، ئەگەر باسی دەوڵەت بکەین دەڵێین دەسەڵاتی سیاسی.... لە هەر کۆمەڵگایەک یەک دەسەڵات هەیەو هەر دەوڵەتێکیش یەک دەسەڵاتی سیاسی هەیە... ئەویش هەرسێ دەسەڵاتی(یاسادانان، جێبەجێکردن، قەزائی) دەگرێتەوە.

**دابەشکردنی دەسەڵات**»

یەک دەسەڵات هەیە لە وڵات ئەویش بۆ کۆمەڵێک، یا چینێکی دیارکراو لە کۆمەڵگا دەگەرِێتەوە، بەڵام پراکتیزەکردنی لە لایەن زۆر رێکخراو دەکرێ ئەوەش مانای ئەوە نییە کە زۆر دەسەڵات لە وڵاتدا هەن، بەڵکو لە ناوەرۆکدا یەک دەسەڵاتە... هەندێ جار وا تێبینی

دەکرێ کە تەرازووی هێزی چینایەتی تەنها بۆ چینێکی دیاریکراو، یا بوونی یەکگرتنێکی پتەو لەبەینی چەند چین و کۆمەڵێکی کۆمەڵایەتی هەڵاوێر ناکرێ...

لێرەدا وا پێویست دەکات نوێنەری ئەو دامەزراو، یا چینانە بەشداری لە پراکتیزەکردنی دەسەڵات بکەن. دەسەڵات لەو روانگەیەوە هەر یەک دەسەڵات دەبێت، بەڵام دابەش دەبێت لەسەر چەند دامەزراوێک، کە بەرژەوەندی و ئامانجەکانی ئەو چەند دەستە یەکگرتووە دەنوێنێ. پاش سەرکەوتنی ئەو شۆڕشانەی کە بۆرژوازییەتی ئەوروپی سەرکردایەتی دەکرد، سیستەمی دەستووری لە زۆربەی ئەو وڵاتانە چەسپاند و لە دیارترین و بەرزترین ئاکاری ئەو سیستەمە دەستوورییە نوێیە:

١- بوونی دەستوورێکی نووسراو.

٢- دامەزراندنی پەرلەمانێکی هەڵبژێرراو کە دەسەڵاتی بۆرژوازییەتی دەنوێنێ.

٣- هێنانی دیسپلینی جیاکردنەوە لەبەینی دەسەڵاتەکان.

٤- جاڕدانی مافی مرۆڤ.

### جۆرەکانی دابەشکردنی دەسەڵات:

#### ١- پاشایەتی سنووردار

بوونی پاشایەتی لە سەردەمی ئێستا لە دەوڵەتە سەرمایەدارەکان و پاشماوە سیاسییەکانی دەستبەسەرداگرتنی ئابوورییە، لە پەیوەندییە بەرهەمهێنەرەکانی دەرەبەگایەتی، لایەنگرانی پاشایەتی هەوڵدەدەن بەهەر بیانویەک بێت ئەو سیستەمە بپارێزن و دەڵێن ئەو سیستەمە هەر لە سەرەتای مرۆڤایەتییەوە هەبووە، بۆیە سیستەمێکی رەسەنەو زیاتر گونجاوە لەگەڵ ویستی دابونەریتە نیشتیمانییەکان، سەرەڕای ئەوەش دەسەڵاتدارە بۆرژوازییەکان دەڵێن دەسەڵاتی شا لە سەرووی ویست و ئارەزووی هەموومانەو لە سەرووی پارت و چینەکانیشە، زۆر بیانووی دیکە دەدۆزنەوە وەک سادەیی سیستەمی پاشایەتی و ئاسانی تێگەیشتنی لە لایەن رۆڵەکانی گەل، هەروەها سەرچاوەکەشی خوداییەو زۆر شتی دیکە. زۆربەی ئەو بیانوانەش لەڕاستیدا بەرگریکردنە لەو سیستەمەو چەسپاندنی دەسەڵاتە بەسەر خەڵکی سادەو ساکار... بەڵام سیستەمی پاشایەتی ئێستا سنووردارە، بۆیە پێی دەڵێن (پاشایەتی دەستووری یا پەرلەمانی). هەر لەوکاتەی سیستەمی پاشایەتی رەها نەگونجا لەگەڵ بەرژەوەندی بۆرژووازییەت، بۆرژووازییەت لێرەدا هەوڵدەدات بۆ دوورخستنەوەی دەرەبەگ و بەگزادەکان لە دەسەڵات... لەو هەوڵە سەرکەوت بەفراوانکردنی دەسەڵات و مافەکانی پەرلەمان و کەمکردنەوەی دەسەڵاتی پاشایەتی.. لە ئەنجامدا شێوازێکی نوێی پاشایەتی پەیدابوو ئەویش (پاشایەتی سنووردار)ی دەستووری و پەرلەمانی لە دیارترین ئاکارەکانی ئەو شێوازە لێپرسراوێتی حکوومەتە لەبەردەم پەرلەمان و پاشایەتی سنووردار شێوەیەکی زیاتر پێشکەوتووە بۆ دەستبەسەرداگرتنی بۆرژوازییەت لە (پاشایەتی رەها). لەژێر سێبەری ئەو سیستەمە دەسەڵاتی شا سنووردارە و فراوان نابێ بۆ بواری یاسادانان و یاساکان تەنها لە لایەن پەرلەمان دەردەچن. شا تەنها مۆرکردنی بەدەستە. بەپێی دەستوور شا ناتوانێ مۆر نەکات، یا (ڤیتۆ) بەکاربێنێ لێرەدا دەسەڵاتی شا سنووردارە واتە(دیارکراوە)... لە سیستەمی پاشایەتی سنووردار وەزیرەکان لە لایەن پاشا دادەنرێن، بەڵام سەربەست نییە لە هەڵبژاردنیان... شا دەتوانێ بەتەنها سەرۆک وەزیران دابنێ و وەزیرەکانیش دەبێ لەسەر داوای پەرلەمان دابنێ لەبەینی ئەندامانی حزب، یا ئەو دەستەیە دابنێ کە یەکیان گرتووەو زۆربەی کورسییەکانی پەرلەمانیان وەدەست هێناوەو پێویستە پاشا ئەگەر حکوومەتێک، یا وەزیرێک متمانەی پەرلەمانی لێ سەندرایەوە لە کاری لابدا.

لەو سیستەمە پاشا سەرۆکایەتی چالاکییە میرییەکان ناکات. ئەنجوومەنی وەزیران بەڕێوەبردنی سەرەکی لە دەوڵەت

**٢- سیستەمی سەرۆکایەتی**

لە سەردەمی ئێستادا زۆربەی دەوڵەتانی جیهان سیستەمی دەسەڵاتی سەرۆکایەتییە، بەڵام ئەو سیستەمە زۆر جۆری بەخۆوە گرتووە وەک سیستەمی سەرۆکایەتی کۆماری، یا پەرلەمانی، یا تێکەڵاو... یەک لەدوای یەک لێرەدا بەکورتی باسیان دەکەین..

لە سیستەمی سەرۆکایەتی دەسەڵاتی یاسادانان لەدەست پەرلەمانە، بەڵام دەسەڵاتی جێبەجێکردن لەدەست سەرۆک کۆمارە کە سەرۆک کۆمارو سەرۆکی حکوومەتە لە یەک کات. سەرۆک بەئارەزووی خۆی وەزیرەکان دادەنێ بێ ئاگاداری پەرلەمان (هەندێک جار بەرەزامەندی ئەنجوومەنی پیران)و سەرۆک لە دانیشتنەکان بڕیار دەدات نەک قسەی زۆرینە، لێرەدا قسەی سەرۆک دەڕوات کەسی تر قسەی ناڕوات... لە گرنگترین ئاکارەکانی سیستەمی سەرۆکایەتی حکوومەت بەرپرسیار نییە بەرامبەر پەرلەمان . وەزیرەکان ناچارن سیاسەتێک بگرنەبەر کە سەرۆک لێیان رازی بێ نەک پەرلەمان.. لێرەدا پەرلەمان ناتوانێ متمانە بداتە وەزیرەکان، یان لێیان بسێنێتەوە... وەزیرەکان هەتا سەرۆک متمانەیان پێ بکا کاری خۆیان دەکەن... گلەیی پەرلەمان بۆ وەزیرەکان کار ناکاتە سەر دەست لەکارکێشانەوەی حکوومەت، یا هەر وەزیرێک.. لەو سیستەمە دەسەڵاتە سەرۆک کۆمار راستەوخۆ، یا ناڕاستەوخۆ لە لایەن گەل هەڵدەبژێردرێ. سەرەڕای ئەرکەکانی جێبەجێکردن سەرۆک بەشداری لە یاسادانانیش دەکات و مافی(ڤیتۆ)ی هەیە دژی هەر یاسایەک کە پەرلەمان (کۆنگرێس، ئەنجوومەنی پیران، ئەنجوومەنی نوێنەران) دەری دەکەن. بەیاسایەکی گشتی دەبێ سەرۆک کۆمار نوێنەرو سەرۆکی ئەو حزبە بێ کە لە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی زۆرینەی دەنگی وەدەست هێناوە بۆیە سەرۆک لایەنگرانی خۆی، یا ئەندامانی بەرزی حزبی خۆی لە شوێنە گرنگە وەزارییانە و شوێنە بەرزە دبلۆماسییەکان دادەنێ زۆرجار بۆ رەزامەندی دەورووبەرو بەبیانووی ئەوەی کە دەیەوێ دەسەڵات فراوانتر بێ و خەڵکی دیکە بەشداری بکات لەو حکوومەتە هەندێک وەزارەت دەداتە حزبەکانی دیکە.

بەشێوەیەکی گشتی لە سیستەمی کۆماری ئەو حزبە دەسەڵات وەردەگرێ کە لە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی سەرکەوتووە نەک لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی. بۆیە دەبێ سەرۆک کۆمار و حکوومەت و وەزیرەکان لەو حزبە بن... بەڵام زۆرینەی پەرلەمان دەبێ لە حزبی دیکە بێت. ئەوەش زۆرجار دەبێتە کێشەو ململانێکی زۆر لەنێوان حزبی دەسەڵاتدارو حزبی بەرهەڵستکار واتە لەبەینی سەرۆک و حکوومەت لە لایەک و پەرلەمان لە لایەکی دیکە. لە سیستەمی سەرۆکایەتی سەرۆک مافی ئەوەی نییە پەرلەمان هەڵوەشێنێ و پەرلەمانیش مافی لەسەرکار لادانی سەرۆکی نییە... بۆیە ئەگەر کێشەیەکی ئاڵۆز لەنێوانیان روویدا ئەوە بۆ هەڵبژاردنی داهاتوو دوادەخرێ. ئەو سیستەمە بۆ زۆربەی وڵاتانی ئەمریکای باشوور باشە کە دژی دیموکراتییەتن... لەبەرئەوەی سەرۆک خاوەنی دەسەڵاتەو پشت بەبیرۆکراتییەت و دەسەڵاتی سەربازی دەبەستێ و هەوڵی بەسەربازکردنی هەموو دەزگاکانی دەوڵەت دەدات لەو سیستەمە چاودێری وندەبێ بەگشتی لەسەر هەموو چالاکییەکانی حکوومەت بۆیە ئەو جمهورییەتە زۆربەی وادەبێ دیکتاتۆر دەردەچێ بەرامبەر بەگەل و وڵات.

**٣- سیستەمی کۆماری پەرلەمان**

ئەو سیستەمە دەسەڵاتە جیاوازە لەوەی تر لە پەیوەندی لەبەینی دامەزراوە دەسەڵاتە بەرزەکان لە جمهورییەتی پەرلەمانی، دەسەڵاتی یاسادانان بۆ

پەرلەمان دەگەڕێتەوە وەک ئەوەی پێشوو، بەڵام بەڕێوەبردنی دەوڵەت بۆ سەرۆک کۆمارە بەپێی دەستوور و حکوومەت بۆ سەرۆک وەزیرانە لێرەدا سەرۆک کۆمار سەرۆکی راستەوخۆی حکوومەت نییە. لەژێر سێبەری جمهورییەتی پەرلەمانی سەرۆک کۆمار کە لە لایەن پەرلەمان هەڵبژێردراوە هەڵدەستێ بەدانانی ئەندامانی حکوومەت، بەڵام سەربەستی رەهای نییە، لێرەدا لەسەری پێویستە کە سەرەک وەزیران و وەزیرەکان لەو کەسانە هەڵبژێرێ کە متمانەی پەرلەمانیان پێدراوە، واتە لە نوێنەری ئەو حزبە کە زۆرینەی کورسییەکانی (ئەنجوومەنی نوێنەرانی) وەدەستهێناوە (لە هەندێک وڵات لە هەردوو ئەنجوومەن)، هەروەها حکوومەتی یەکگرتوو لە نوێنەری ئەو حزبانە پێک دێت کە بەیەکەوە زۆرینەی ئەنجوومەنیان وەدەستهێناوە. پەرلەمان پاش گفتوگۆ لەسەر کردن رەزامەندی لەسەر بەرنامەی حکوومەت دەکات. ئەگەر متمانە بەو حکوومەتە نەدرا پێویستە ئەو حکوومەتە دەست لەکار بکێشێتەوە، یا داوا لە سەرۆک دەکرێ کە پەرلەمان هەڵوەشێنێتەوەو هەڵبژاردنێکی نوێ ئەنجام بدرێ. دەوری سەرۆک کۆمار لەو شێوازە سیستەمە گەورە نییە، بەڵکو ئەو حزبەی، یا کتلەی ئەو حزبانەی کە لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی سەرکەوتوون ئەوان بڕیار دەدەن و خاوەن دەسەڵاتن.

لە هەندێک وڵات وەک(هیند - ئیتالیا) دەسەڵاتێکی فراوان بۆ سەرۆک دیاردەکرێ، بەڵام حکوومەت هەڵدەستێ بەئەنجامدان و جێبەجێکردنی ئەو دەسەڵاتە لەجیاتی ئەو واتە لەجیاتی سەرۆک.

**٤- ئەو جمهورییەتەی کە سیستەمی دەسەڵاتی تێکەڵاوە**

دیارترین نموونە لەو جۆرە سیستەمە (فەرەنسایە) بەپێی دەستووری ساڵی (١٩٥٨) کە پێی دەڵێن دەستووری (دیگۆل)و راستکردنەوەکانی ساڵی (١٩٦٢). هەڵبژاردنی سەرۆک کۆمار لە لایەن دەنگدەران دەبێت ئەو نابێتە سەرۆکی حکوومەت، بەڵکو سەرەک وەزیران سەرۆکایەتی دەکات، هەروەها ئامانجەکانی لێپرسراوێتی حکوومەت بەرامبەر پەرلەمان رادەگەیەنێ. لەڕاستیدا سەرۆک کۆمار رۆڵی سەرکردایەتی دەبینێ لە دامەزراوەکانی دەوڵەت ئەو سەرەک وەزیران و وەزیرەکان پێشنیار دەکات. پەرلەمان بەشداری ناکات نە راستەوخۆ نە ناڕاستەوخۆ لە دامەزراوەکانی دەوڵەت. هەرچەندە لەو سیستەمە نوێنەرەکان دەتوانن گفتوگۆ لەسەر بەرنامەی حکوومەت بکەن... بەڵام ناوەرۆکی بەرنامەکە ناکەوێتە ناو رێگەی دەنگدان. لە نموونەکانی سیستەمی تێکەڵاو کۆماری (رواندی)یە کە سەرۆک کۆمار لەوێ بەپێی دەستووری (١٩٦٢) لە لایەن دەنگدەران راستەوخۆ هەڵدەبژێردرێ. لە هەمان کات دەبێتە سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران و وەزیرەکان دادەمەزرێنێ مافی (ڤیتۆ)ی هەیە بەرامبەر هەموو یاساکانی ئەنجوومەنی نیشتمانی. جێگری سەرۆک و وەزیرەکان لێپرسراون بەرامبەر سەرۆک کۆمار بەتەنها، بەڵام سەرۆکی کۆمار لێپرسراوە بەرامبەر پەرلەمان... لە کاتی متمانە لێ سەندنەوەی ناچارە لەگەڵ حکوومەت دەست لەکار بکێشێتەوە... لە کاتی دەست لەکارکێشانەوەش بەرێگەی راستەوخۆ هەڵبژاردن دەکرێتەوە

• **دەرچووی کۆلێژی یاسا، زانکۆی سەلاحەدین.**

**سەرچاوە:**

١- د. علي غالب خضير العاني، القانون الدستوري، ١٩٦٨، بغداد.

٢- اسماعيل مرزه، القانون الدستوري، بيروت، ١٩٦٩.

٣- د. شمران حمادي، السياسية، بغداد، ١٩٦٩.

# سارتەرو پابەندبوون



و: سۆما رواندزی

پێش جەنگی جیهانیی دووەم کاتێک«سارتەر» وتارەکانی لە هەندێ گۆڤارەکان لەسەر(فوکنەر)و (دوس پاسوس)و (جۆرج باتای)و (یۆنج)و (کامۆ)و (مۆریاک)و ئەوانی دیکە بڵاوکردەوە، ئەو وەکو رەخنەگرێک ئەرکەکانی دەستی پێکرد و لە مێژووی رەخنەی ئەدەبی بەپربایەخەوە ژمێردرا، سەرەڕای ئەوەش هەندێ پێشەکی بۆ نووسەرە لاوەکانی تەرخان کردبوو، وەکو پێشەکییە بەناوبانگەکەی رۆمانی (ناتالی ساروت)و(وێنەی پیاوێکی نادیار ١٩٤٧)، هەروەها لە میانەی ئەو ماوەیەدا لێکۆڵینەوە گرنگەکەی(ئەدەب چییە؟- ماهو

الادب؟) بڵاوکردەوە. کە سێ پرسیاری لێ دروست بوو، نووسین چییەو بۆچی دەنووسین؟ بۆ کێ دەنووسین؟

سارتەر بەپابەندبوونێکی تەواوە وەڵامی هەر سێ پرسیاری دایەوە. سەبارەت بەو مرۆڤانەی کە نووسینیان هەڵبژاردووە: ئەدەب و نووسین بنچینەیەکی تێکۆشانەو شێوازی هونەرمەند ئیدانە دەکات کە بەدرێژایی سەد ساڵ بەهەموو پاکانەیەکەوە خۆی بۆ هونەرەکەی تەرخان کردووە، جا ئەگەر نووسەر ئەوەی بوێ یان نا..! لە رووداوەکانی سەردەم بەشدارەو دەستیشی لەگەڵدایە، بۆیە ئەو ناچارە لەو جیهانەدا تێبکۆشێ، هەروەها پێی سپێردراوە کە بروانامەیەک لەسەر سەردەمەکەی پێشکەش بکات و نووسینەکانی(مێژوویی) بکات، واتە داواکراوەکانی کە تایبەتە بەشێوەو شێواز بگۆڕێت و بیکاتە داواکاری مادی کە بەمێژووییەکی دیاریکراو ناونراوە.

ئێمەش بۆ یەکێ لە بیرۆکە سەرەکییەکانی رەخنەی نوێ لێرەین، واتە ئەرکی ئەدەب بۆ دروستکردنی جوانی نەماوە، بەڵکو دەبێ ئەدەب ببێتە سیمایەکی گشتی لە سیماکانی هەستکردنی مرۆڤایەتی. لەدواییدا چ کەم یان زۆر، هەردەبێ خۆگر بێت... نووسین لە لای سارتەر لە هەڵسوکەوتدا چۆنییەتی دیاریکراوە، ئەویش «کاری وەدەرخەر» «عمل کاشف»ـە. نووسەر هەردەبێ نامەیەک بۆ هاوتەمەنەکانی بسپێرێ. کەواتە ئەدەب دەبێ(ئەرکی کۆمەڵایەتی – وظیفە اجتماعیە)ی هەبێ.. نووسەر هەر کارێک بکات ئەو هەردەم بەهەڵوێست دەبێ و بەهۆی نووسینەکانییەوە لە خەباتی سیاسی دەبێ بەشداری بکات. بەم شێوەیە سارتەر لەیەک کاتدا بایەخی بە کردەوەکانی لەنوێوە دروستبوون لە لایەک و، لە لایەکی دیکەوە بەکاری کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئەخلاقی کە بەهۆی ئەدەبەوە دەبێت پێداون، دەردەکەوێ کە سارتەر بایەخی زیاتر بەنووسەر دەدات و بایەخ بەشێواز نادات، ئەو بایەخدانە بەکێشەی «کالاس»ی ڤۆلتێر...و بەوتاری «انا اتهم» کە «زولا» نووسیوبەتی و دەڵێ: «لەو سەردەمە بەریسوابوونێکەوە مامەڵە لەگەڵ ئەو نووسەرانەی کە دەربەست نین دەکرێ» ، بەڵام جوانی ئەگەر بتوانێت ئەوا بەشێوەیەکی زێدە دێت.

دەبێ تێبینی ئەوە بکرێ کە سارتەر بەرلەوەی لێکۆڵینەوەی خۆی لەسەر فلۆبێر بکات. کتێبە فەلسەفییەکەی بەناوی (نقد العقل الدیالکتیکی- رەخنەی ئەقڵی دیالکتیکی) ١٩٦٠ بڵاوکردەوە، کە پێشکەوتنی سارتەری فەلسەفی لێ دروست بوو، هەروەها ئەو پێشکەوتنە کاری لە لێکۆڵینەوە رەخنەییەکەی کە پەیوەستە بە فلۆبێر کرد.

سارتەر لە کتێبەکەی بەناوی «رەخنەی ئەقڵی دیالکتیکی» بەمارکسییەت و زانستە کۆمەڵایەتییەکان و ئابوورییەکان و، هەروەها بەفرۆیدیش کاریگەر بوو. گوایە منداڵیی ماوەیەکی سەرکییە لە پێکهاتەی ژیانی مرۆڤدا...

لە کتێبی«الکلمات» سارتەر بەرنامەی شیکردنەوەی دەروونی خۆکردی لەسەر دەروونی خۆی بەمانایەک لە ماناکان جێبەجێکرد..

**سەرچاوە:**

الموسوعة الصغیرة/ اتجاهات النقد الادبي الفرنسي المعاصر/ نهاد التکرلي

## هەڤپەیڤین

# د. کەمال مەزهەر ئەحمەد: تا ئێستاش بڕوام بەهزری سۆسیالیستی و قوتابخانە ریالیزمییەکانی هەرماوە

گفتوگۆ: مازن لەتیف عەلی
و: خالید عوسمان تەها



د. کەمال مەزهەر ئەحمەد

د. کەمال مەزهەر ئەحمەد لەدایکبووی ساڵی ١٩٣٧ لە سلێمانی، بەکالۆریۆسی بە پلەی شەرەف لە ١٩٥٩ لە زانکۆی بەغدا وەریگرت و ساڵی ١٩٦٣یش دکتۆرای لە پەیمانگای رۆژهەڵاتناسیی- ئەکادیمیای زانستەکانی سۆڤییەت و ساڵی ١٩٦٩ش لە هەمان ئەکادیمیا دکتۆرا ناوک D.s.cی وەرگرت.

د. کەمال مەزهەری مێژوونووسی زیاتر لە ٥٠ پەرتووکی بڵاوکردۆتەوەو سەرپەرشتی چەندین نامەی ماستەرو دکتۆرای کردووەو بەشداریشی لە گفتوگۆی زۆر لە نامەکاندا کردووەو ئەم گفتوگۆیەمان لەگەڵیدا سازدا.

*** لە لێکۆڵینەوە مێژوویی و مارکسییەکاندا بەبێ لایەنگیریکردنی لایەنێک لەسەر حسابی لایەنێکی دیکە تەجریدی کەسێتی و نەتەوەیی دەرکەوتووە، ئەمەش لە لێکۆڵینەوەکانی مارکس لە ١٨ی برومیرو کۆمۆنەی پاریسی ١٨٤٨ دەرکەوت، وێڕای ئەو موحازەرە بەهادارانەی، کە مێژوونووسی ئینگلیز هۆبز بووم لە پەرتووکە بەهادارەکەیدا«گەلە لێکۆڵینەوەیەک لە مێژوو» کورتی کردوونەتەوە، بۆچی لێکۆڵینەوەی مێژوویی وەها دەرنەکەوتن لە نووسینەوەی مێژوودا لایەنی بێلایەنی و بابەتی دەربخەن؟**

– مارکسیزم زانستێکی قووڵەو باشترین قوتابخانەی سۆسیالیستییە مارکسیش یەکێکە لەو گەورە زەبەلاحانەی، کە لە نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەهەم دەرکەوتن، منیش هەمیشە لەم بۆنەیەدا بۆ مامۆستای خوالێخۆشبوو مەسعوود محەمەد دەگەڕێمەوە، ئەو لەگەڵ هزری مارکسی تەبا نەبوو و هەندێ راوبۆچوون و خستنەڕووی هزریی قووڵی هەبوو، ئەو وتارەشی لەیاد ناکەم کە لەژێر ناوونیشانی«ئەی فەرمانڕەوایانی جیهان یەکگرن و ئەی کرێکارانی جیهان پەرشوبڵاوبن» بڵاوی کردەوە، کە پێچەوانەی ئەوەبوو، کە مارکس گوتویەتی:

بەڕاستیش کرێکارانی جیهان نەیانتوانی یەکبگرن، کاتێکیش لەسەر ئاستی کیشوەری ئەوروپا یەکیان گرت شتێکی کاریگەرییان نەکرد، ئەوەش نەبووە هۆی هاتنەکایەی ئەو خەونە گەورەیەی کە کارل مارکس مژدەی بۆدا، لەگەڵ ئەوەشدا خوالێخۆشبوو مەسعوود محەمەد دان بەوە دادەنێ، کە کارل مارکس یەکێکە لە زەبەلاحەکانی هزر لە مێژووی مرۆڤایەتیدا، هەمیشە ئەو قسەیەی خۆشی دووپات دەکردەوە ئەگەر سەرپشکم بکەن دە کەس لە گەورە فەیلەسووف و هزرڤانانی مێژووی مرۆڤایەتی دەستنیشان بکەم، هەمیشە یەکێکیان دەستنیشان دەکەم ئەویش کارل مارکسە ئەگەر سەرپشکم بکەن سێ لە فەیلەسووفان و هزرڤانان دەستنیشان بکەم، یەکێک لەوانە مارکس دەستنیشان دەکەم دووپاتیشی دەکەمەوەو دەڵێم مارکسیزم زانستێکی قووڵە جا چ لەگەڵیدا ناکۆک بین یاخود کۆک بین، لەوەش زیاتر دەڵێم ئەگەر بۆ مارکس بنووسرابووایە، کە لەنێو داهێنانەکانی سەدەی بیستەم و سەرەتای سەدەی بیست و یەکەم بژیابایە، چاوی بەدەرخستە هزرییەکانی خۆی دەخشاندەوە، رەنگە بەژمارەیەکی زۆریان مارکسیزم بایەخی بەمێژوو داو بەزانستێکی سەربەخۆی داناو رۆڵی گەورەی لە بڵاوبوونەوەی شرۆڤەی هزری رووداوەکان بینی و تەنها پشتی بەگێڕانەوەی نەدەبەستا. لەسەر مێژوونووسیش پێویستە بێلایەن بێت، من خۆم ناتوانم نکۆڵیی لە کوردێتی خۆم بکەم، بەڵام رێگە بەهەستی کوردانەی خۆم نادەم خۆی بخاتە ناو پانتایی دۆزە مێژووییەکانەوە. راستیی مێژوویی بەچەسپاوی دەمێنێتەوە.. رەنگە ئەمڕۆ راستی مێژوویی دیارنەبێ، کەچی بەیانی ئەم راستییە دەناسرێ، وا باشترە راستی مێژوویی وەک خۆی باس بکەین و دوای پاڵنەرو هۆکارەکانیدا بگەڕێین و شرۆڤەیان بکەین..

کارێکی ئاسان نییە بەبێ گەڕانەوە بۆ نووسراوەکانی لینین لە مارکسیزم تێبگەین، ئەو نووسراوانەی کە دەگەنە ٥٥ بەرگ بەزمانی رووسی. مارکسیش پێی وانەبووە شۆڕشی

سۆسیالیستی لە رووسیا سەربکەوێ، بەڵکو پێشبینی دەکرد ئەو سەرکەوتنە لە ئەڵمانیا، یاخود ئینگلتەرا وەدەست بێت. ناتەواوی لە سۆسیالیستیدا نییە، بەڵکو لەو بەستەڵۆکەو هەوڵنەدان بۆ رەتدان لەو خاڵە لاوازانە دایە، کە لە هزری مارکسیزم و نەگەڕانەوە بۆ نووسراوەکانی لینیندا هەیە وێڕای لایەنە نەگەتیڤەکانی یەکێتی سۆڤیەت، چونکە لەبەرامبەردا وێڕای لایەنە نەگەتیڤەکان زۆر لایەنی پۆزەتیڤیش هەن، چونکە ئێمە لەگەڵ ئەم شتەدا ژیاین.

*** ئایا ئێستاش بڕوات بەهزری سۆسیالیستی هەیە؟**

– لە گەنجیمدا مەیلم بەلای سۆسیالیستیدا بوو، چونکە بڕوام وابوو ئەم هزرە ئاسوودەیی بۆ مرۆڤ دەستەبەر دەکات و دەبێتە یارمەتیدەر بۆ چارەسەرکردنێکی دادوەرانەی ریشەیی گرفتە نەتەوەییەکان.. ئەم سۆزەش وای لێکردم، کە هێشتا قوتابی بووم لە قوتابخانەی دواناوەندی بچمە ریزی یەکێتی قوتابیان، کە رێکخراوێکی کۆمۆنیستی بوو ساڵی(١٩٥٢) بەنهێنی کاری دەکردو کۆدەبووەوە، ئەو کۆبوونەوە نهێنییەشم چاک لەبیرە، کە بەبۆنەی مردنی ستالین لە یەکێ لە گۆڕستانە نزیکەکانی دواناوەندی سلێمانی سازیان دا، زۆربەی برادەرەکانیشم لە نیشتماپەروەرە مارکسییەکان بوون، کاتێکیش چوومە زانکۆ بوومە پاڵێوراو لە پارتی کۆمۆنیستی عێراق و ساڵی ١٩٥٨ ئەندامێتیم بەدەستهێنا، بەڵام ساڵی ١٩٦١ بەیەکجاری لەژیانی حزبی دوورکەوتمەوە، ئەوکاتیش قوتابی دکتۆرا بووم لە یەکێتی سۆڤیەت.. لەگەڵ ئەوەشدا، ئێستاش من بەگوێرەی بۆچوونی خۆم بڕوام بەهزری سۆسیالیستی و قوتابخانە ریالیزمییەکانی هەیە.

*** ئەوەی لەبارەی تۆوە روون و زانراوە، کە تۆ لە قسەو نووسینت مێژوونووس و توێژەرێکی پاک و بوێری.. ئاخۆ دکتۆر کەمال مەزهەر چۆن توانی خۆی لەگەڵ دەسەڵاتی بەعس بگونجێنێ و لەگەڵیدا هەڵ بکات؟**

– دوای ئەوەی ساڵی ١٩٦٣ لەگەڵ کۆمەڵە قوتابییەکی عێراقی، کە لە یەکێتی سۆڤیەت دەیانخوێند دەرکراین، کاتێ ئەوەیان لەسەر سەپاندین، یا ئەوەتا واز لە خوێندن بێنین و بگەڕێینەوە بۆ عێراق، یاخود بچینە وڵاتێکی رۆژئاوایی، من ئەوەم رەتکردەوە، چونکە من لەسەرووبەندی گفتوگۆی یەکەمین نامەی دکتۆرام بووم و وەک پەنابەری سیاسی وەریانگرتم، هەروەها دەمویست لە دەرەوەی عێراق بمێنمەوە، بەڵام بەیاننامەی ئازار جوولاندمی دوای دەرچوونی بەیاننامەکەش، کەلوپەلەکانی خۆم پێچایەوەو گەڕامەوە عێراق و بەپەرۆش بووم بۆ کارکردن بڕواشم بەیەکێتی نیشتمانی هەبوو، ئەو بەیاننامەیەش هەنگاوێکی گرنگ بوو بۆ پێشەوە، بەڕاستیش کاتێ گەڕامەوە.. کردمیان بەئەندام و سکرتێری گشتی کۆڕی زانیاری کورد تا ئەو کاتەی نەهامەتییەکە رووی داو دەرکەوت، کە ئەمەیان مانۆڕێکی چەپەڵانەبوو لە لایەن سەدام حوسێنەوە، هەوڵی دا لەو رێگەیەوەو بەشێوازێکی ئەوها دۆزی کورد ئیحتیوا بکات، چونکە بەرێگەی چەک نەیتوانی ئەو مەرامە جێبەجێ بکات، هەوڵی دا دۆزی کورد بەئاقارێکی دیکەدا ببات، کارەکانیش لە ساڵانی

١٩٧٤و ١٩٧٥ کۆتاییان هات و نەهامەتییەکە دەستی پێکردو کەوتمە سەر ئەوەی بچمە وڵاتێکی ئەوروپی من هیچ پێوەندییەک و نزیکییەکی راستەو خۆم پێیانەوە نەبوو. ئەوان هەوڵیان دەدا لێم نزیک ببنەوە، هەمیشە منیش بەزمانێکی زانستی دەدوام، منیش دڵنیابووم لەوەی، کە ئەوان دڵنیان هیچ پێوەندییەکی نهێنیم نییە.. موحازەرەکانی خۆم بەشێوازێکی زانستی و میتۆدی دەگوتەوە، دەشمزانی چی دەڵێم، لە سەرەتای رووخانی رژێمیش هەندێ بەڵگەنامەی نهێنی تایبەت بەمنیان دۆزییەوە. من شانازی بەم بەڵگەنامانەوە دەکەم ئەوانیش بەڵێنیان پێدام هەندێ لەو بەڵگەنامانەم پێ بدەن، کەچی تا ئێستاش دەستم نەکەوتوون، بێگومان هەموو بەڵگەنامەکانیش مەوجوودن، شتێکت بۆ دەگێڕمەوە، ناوەندێکی توێژینەوەو زانیارییەکانی سەر بەئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش هەبوو. فازل بەڕاکی بەڕێوەبەری ئەمنی گشتی ئەوکاتە بەمن سەرسام بوو. هۆی سەرسامبوونەکەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، ئەو لە یەکێتی سۆڤیەت دکتۆرای دەخوێند(کاتلۆف) سەرپەرشتیاری سەرنامەکەی بوو کە بۆمن وەک برا وابوو پەیوەندیان زۆر بەهێز بوو، تەنانەت کاتێکیش لە ساڵی ١٩٦٩ نامەی دووەمیان خستەبەر گفتوگۆ ئاهەنگێکی تایبەتی بۆ ئەندامانی لیژنەی گفتوگۆو بۆ من و برادەرە نزیکەکانی لە ماڵەکەی خۆیدا سازکرد، ئەمەش لە ئەوروپاو لە یەکێتی سۆڤیەت لە ماڵی«کاتلۆف» کە سەرپەرشتیاری نامە دکتۆراکەی فازل بەڕاک بوو، شتێکی ئاسان نەبوو.

نامەیەکی زانستییان بۆ هەڵسەنگاندن لەڕێگەی بەڕێوەبەری ناوەندی توێژینەوەو زانیارییەکان بۆ من نارد، منیش توێژینەوەکەم نرخاند، ئەوەبوو بەڕێوەبەری ناوەندەکە لە ماڵەوە سەردانی کردم و زەرفێکی پێبوو ٢٠٠ دیناری ئەو کاتی تێدابوو، کە دەیکرد ١٠٠٠ دۆلار ئامادە نەبووم یەک فلس وەربگرم، بەسوپاسەوە برە پارەکەم گەڕاندەوە..

*** باسی کۆڕی زانیاری کوردیت کرد.. ئەگەر بێتوو دەستنیشانت بکەن بۆ سەرۆکایەتی کۆڕی زانیاری عێراقی و لە هەمان کاتیشدا دەستنیشانت بکەن بۆ سەرۆکایەتی کۆڕی زانیاری کوردی، د. کەمال مەزهەر ئەحمەد کامەیان هەڵدەبژێریّ؟**

- هاوکارم دکتۆر ئەورەحمانی حاجی مارف پێی راگەیاندم ئاراستەیەک هەیە بۆ دەستنیشان کردم وەک سەرۆکی کۆڕی زانیاری کوردی(داهاتوو)، کەچی من بەشێوەیەکی ببڕای رەتم کردەوە، بێگومان هەڵوێستم بەرامبەر پایەکەی دیکەش لە هەموو شتێکدا وەک ئەوەی دیکەیە، ئەگەرچی من لە هەردوو پلەوپایەدا ئەرکێکی زانستی رەسەن و پاک بێ سنوور خەتەر دەبینم، بەڵام کەوتوومەتە دوا ساڵەکانی تەمەنم و شتگەلێکی زانستی و هزری زۆرم لە هەگبەدا هەیە.. خەونی یەکەم و کۆتاییشم تەواوکردنی ئەوەیە.

**سەرچاوە:**

www. iraqi writersunion. com

15- 9 - 2007

## سۆلجنستین
# ویژدانی هەمیشە زیندووی رووسیا

**بۆتان جەلال**



کاتێک دەربارەی«سەرمایەداری» پرسیاریان لە نووسەری ناوداری ئێرلەندی(جۆرج بەرنادشۆ) کرد، دەستی چەپی لەسەر سەرە رووتەکەی داناو بەدەستی راستیشی ریشە درێژەکەی گرت و گوتە بەناوبانگەکەی وت( زۆری لە بەرهەم و خراپی لەڕاستگۆیی و دابەشکردنیدا)، ئەمەش هەمان بیرورای نووسەری گەورەی رووسیا ئەلکسندەر سۆلجنستین بوو، ٢٠ساڵی رەبەق لە دەرەوەی وڵاتەکەی لە ئەمەریکا ژیا، بەڵام هەمیشە دژایەتی ئیشتراکییەتی دەکرد کە ماوەیەکی زۆر لەسەر چین و توێژەکانی کۆمەڵگای یەکێتی سۆڤیەتدا پەیڕەوی دەکرا، سیستەمی دەسەڵاتی رژێمەکەی لە رووسیا بەدڵ نەبوو، بۆیە هەردەم وەک بەرهەڵستکارێک خۆی دەنواندو

بەناودارترین کەسایەتییەک دەژمێردرێت کە بەدرێژایی زیاتر لە ٢٠ ساڵ لە بەرەی بەرهەڵستکارانی رژێمی سۆڤیەتدا کاری کردووە، لە هەمان کاتدا رژێمی(سەرمایەداریشی) بەدڵ نەبوو، لەو مەسەلەیەدا هەردوو نووسەر بەرنادشۆو سۆلجنستین بیرو سەرنجیان کۆک بوو، هەروەها هەردووکیان بایەخیان بەمێژوو و ئەدەب و دراما دەدا، لە روخساریش سەری هەردووکیان رووت بوو، ریشیان درێژ بوو، هەردووکیان خەڵاتی نۆبلیان لە ئەدەب پێبەخشراوە.



سۆلجنستین

دوو رووداو وایان کرد جارێکی دیکە ئەم نووسەرە بێتەوە ناو خەیاڵ و مێشکی خوێنەرانی، یەکەمیان گەڕانەوەی لە تاراوگە لە ساڵی ١٩٩٤ پاش ئەوەی رژێمی یەکێتی سۆڤیەت سەبارەت بەو نووسینانەی دژی دەسەڵاتی بڵاودەکردەوە بریاری دوورخستنەوەیان دا دووەمیشیان لەم ماوەیەدا بەر لە کۆچکردنی نووسەر، سەرۆکی پێشووی رووسیاو سەرۆکی دەزگای سیخوڕی(K.G. B) سەردانی سۆلجنستنیان کرد لە ماڵەوەیدا کە وێنەی سەرۆک پوتین لەگەڵ سۆلجنستن لە میدیاکان بڵاوبۆوە، بووە مایەی گاڵتەپێکردن و سووکایەتی بە پوتین و رووسیا، کە پاش ئەو هەموو خراپەکارییەی بەرامبەریان نواند، پاش چەند ساڵ لە تاراوگەو ژیانی غەریبایەتی چوونە سەردانی وەک پەشیمانبوونەوەیەک و رازیکردنی دڵی سۆلجنستن لێکدرایەوە، بەڵام لە دیدی سەرۆک پوتین شتێکی دیکە دەخوێندرایەوە، هەردووکیان لەسەر ئەوە رێکبوون کە دەبێ جارێکی دیکە رووسیا بگەڕێتەوە رۆژانی زێرینی و لەنێو کۆمەڵگای نێودەوڵەتیدا کێشێکی قورسی هەبێت، کە چۆن جاران لە سیاسەتی دەرەوەدا، رووسیا رۆڵێکی کاریگەری بەسەر هەموو دنیادا هەبوو، ئەوهاش هەوڵبدرێت بۆ گەڕانەوەی ئەو رۆژانەی کە یەکێتی سۆڤیەت وڵاتێکی گرنگ و گەورە بوو، بەڵام لە یەک شتدا جیاوازییەک لەبارەی سەرنجیان بەدیاردەکەوت، نووسەر هەمیشە لەگەڵ ویژدانی نەتەوەی رووسی لە گفتوگۆدابوو، هەرچی پوتین بوو دەیویست هاوکاری و یەکگرتن لەگەڵ دراوسێیەکانی رووسیا بنیاد بنێت، تا دواچرکەکانی ژیانیشی سۆلجنستن سووربوو لەسەر ئەوەی خەونی(رووسیای گەورە) بێتە دی و بەچاوی خۆی شکۆمەندی رووسیا ببینێتەوە، هەر بۆیەش

گـەلانی رووسـیـا تا ئەمـڕۆش ئەو نووسـەرە بەگەورەترین رۆشنبیری رووسیای سەدەی بیستەم لەقـەڵەم دەدەن. کـە پەرۆشی خـزمـەتکردنی ولاتەکەیەتی..

ئەلیکسـەندەر سـۆلجنستن لە رۆژی(١١)ی کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩١٨ لە قەوقاز چاوی بۆ ژیان هەڵهێناوە، لە منداڵییەوە ویژدانێکی شۆڕشگێڕییەتی هەبووە، خولیـای زانستی بیـرکـاری دەبێت، لە هەرەتی لاوێتی وەک سـەربازێکی خـاوەن بیـروباوەڕو ئازا دژی نازییـەکـان جـەنگاوە، بەتایبـەتیش لەو ساتەوەختانەی کە رووسیا هەڕەشەی داگیرکردنی لە لایەن ئەڵمانییە نازییەکانەوە لێدەکرا، لە رۆژانی جەنگ لە سـاڵی ١٩٤١ بەشدارییـەکی کاریگەری هەبووە لە سەنگەرگرتن لە دوژمنان، لە ساڵی ١٩٤٥ دەستگیر دەکرێ و حوکمی(٨) ساڵ زیندانیی بەسەر دەسەپێنن، ئەمەش لەوەوە هات کە گومانی لە توانای ستالین هەبوو بتوانێ بەرەنگاری هێزی سوپای نازییەکان ببێتەوە، ئەم گومان و رەخنەگرتنانە بوونە مایەی تووڕەبوونی پیـاوانی دەسـەلات و بڕیاری زیندانیکردنی نووسەریان دا، ئەمەش کاتێ روویدا لە نامەیەکدا کـە نووسـەر بۆ یەکـێک لە هاوڕێیـەکـانی ئەو گومانانەی درکاندبوو.

لە سـاڵی ١٩٧٠ کـە ناوی ئاشکراکـرا بۆتە خاوەن خەڵاتی نۆبڵ و ئەو پاداشتە جیهانییەی پێبەخشراوە، نەویرا بچێـتە سویدو ئامادەی مـەراسیـمی وەرگرتنی خەلاتەکەی ببێت، نەبادا دەسەڵاتدارانی لیۆنید بریجنێف رێگەی پێنەدەن جارێکی دیکە بگەڕێتەوە یەکێتی سۆڤیەت، لەژێر فشاری دەزگای سیخوڕی (K.G. B)و لە لایەک و زەحمەتی ئەرکەکانیدا لەو ماوە سەختەدا گـرنگتـرین بەرهەمـەکـانی نووسی، لەوانەش (ئەرخـەبیل گـولاج) کـە لە سـاڵی ١٩٧٣ بڵاویکردەوە کە بەرهەمێکی مێژوویی و ئەدەبیی بوو دەربارەی ژیانی نێو ئۆردووگای یەخسیرەکان و ئەو رووداوانەی کە لەنێـو ئەو ئۆردووگـایانەدا روویان دەدا، هەروەها تەوەرێکیـشی تیـشک دەخاتە سەر ساڵانی ترس و تۆقاندنی ستـالین، بەهۆی جورئەت و راشکاوانەی بیرو سەرنجەکانی نووسەر لەو کتێبەدا دەنگێکی زۆری دایەوەو بووە هۆکارێکی سەرەکی ناسینی سۆلجنستن لەناوەوەو دەرەوەی یەکێتی سۆڤیەتی جاران، هەر سەبارەت بەچاپکردن و بڵاوکـردنەوەی ئەو کـتـێـبـەی حکوومـەتی یەکێتی سۆڤیـەت رەگەزنامـەیان لە نووسـەر سـەندەوەو لە بڕیارێکی کـرملێندا سۆلجنستن لە ولات دەرکرا، سەرەتا رووی کردە ئەڵمـانیـاو سـویسـرا، پاشـان لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا نیشتەجێ بوو، ساڵی ١٩٤٤ جـارێکی دیکە پاش هێـوربوونەوەی پەیوەندییەکانی نووسەر بە دەسەڵاتدارانی نوێی رووسـیـا نووسـەر گـەڕایەوە وڵات، دوای پارچەبوونی خاک و دەسەڵاتی یەکێتی سۆڤیەت، نووسـەر لە زنجـیرە نووسـینێکیـدا رەخنەی لە ولاتانی رۆژئاواو رووسـیـا گـرت و بەلاوازو بێ ئیـرادەی نەتەوەیی لەقـەڵەم دان، هەروەها سەبارەت بەبڵاوبوونەوەی دیاردەی بەدڕەوشتی و بەڕەڵایی و خـراپی سیـسـتـەمی پەروەردەکـردن رەخنەیەکی توندی ئاراسـتـەکـردن و داوایانی لێکرد بەها ئەخـلاقـیـە بەرزەکـانی مـرۆڤ بگەڕێننەوەو جڵـەوی رەوشت بەتوندی بگرن.. دوای گەڕانەوەی بۆ رووسیا، زۆر کەم لە شوێنە

گشتییەکاندا دەردەکەوت، تەنیا هەندێک جار نەبێت کە لە ماڵەکەیدا پێشوازی لە میوانانی دەکردو لە تەلەڤزیۆنەکاندا دیمەنی ئەو پێشوازییانەیان نمایش دەکرد، سەرەتای ژیانی ئەدەبی لە ساڵی ١٩٦١ بوو، کە کورتە رۆمانێکی بەناوی (رۆژێک لەژیانی دێنیزۆڤیچ)ی چاپکرد، پاش ئەم بەرهەمە رۆمانی(سارێژگەی شێرپەنجە)ی بڵاوکردەوە، کاریگەری ئەم رۆمانە سۆلجنستنیان گەیاندە بەخشینی نۆبڵ لە ١٩٧٠، لە ساڵی ١٩٧٣ بەماوەیەکی زێڕین بۆ نووسەر لەقەڵەم دەدرێت کاتێک کتێبی(دوورگەکانی گولاگی) بەچاپ گەیاند کە نهێنییەکی زۆری کەسایەتییەکانی سۆڤیەتی تێدا درکاندووە هەر ئەمەش وایکرد لە ریزی یەکێتی نووسەرانی یەکێتی سۆڤیەت دەربکرێت و بەدوژمنی گەلەکەی بناسێن، لەو رۆژانە کە وەک دەربەدەرێک لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا دەژیا بەرهەمی(چەرخە سوورەکە)ی نووسی، کە باس لە رۆژگاری ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی ساڵانی پێش شۆڕشی رووسیا دەکات، ئەم نووسەرە لە رۆژی ٢٠٠٨/٨/٢ بەنەخۆشی دڵ لەتەمەنی ٨٩ ساڵیدا کۆچی دواییکرد. لەو رۆژەدا گوتەبێژ بەناوی سەرۆکایەتی رووسیا ناتالیا تیماکۆف رایگەیاند، کە سەرۆک کۆمار دیمتری مدفیدیف سەرەخۆشی خۆی بۆ خێزانی نووسەر ناردووە، ساڵێک لەمەوبەریش لە رۆژانی دەسەڵاتی سەرۆکی پێشووی رووسیا پوتین خەڵاتی وڵاتی رووسیای پێبەخشرا، لەو رێورەسمەی بەخشینی خەڵاتەکە لە وتەیەکدا سۆلجنستن داوای لە پوتین کرد ئەو بابەتە مێژووییانەی نووسیوبەتی بکرێنە بەشێک لە پرۆگرام و رۆشنبیرکردنی تاکی رووسی، دوای مردنی سۆلجنستن، سەرۆک پوتین لەبارەی گەورەیی ئەم نووسەرە دەڵێت:(پیاوێکە هەموو ژیانی بۆ نیشتمان بەرێکردووە)، هەروەها دەڵێت، ملیۆنەها کەس لە دنیادا بەناوی ئەلیکسندەر سۆلجنستنەوە رووسیاو چارەنووسی رووسیا پێکەوە گرێ دەدەن. لەبەرامبەردا نووسەر پشتیوانی خۆی بۆ دەسەڵاتی پوتین لە بەرێوەبردنی وڵات پیشاندابوو. هەر بەبۆنەی کۆچی دوایی شاعیرو نووسەر سۆلجنستن، سەرۆکی فەرەنسا نیکۆلا سەرکۆزی تازیەنامەیەکی ئاراستەی گەلی رووسیا کردو خەفەتباری خۆی بەلەدەستدانی ئەو کەڵە نووسەرە گەورەیە نیشاندا. سۆلجنستن

**سەرچاوە:**

**لە ئینتەرنێتەوە وەرگیراوە**

# تەكستا كو دۆزا دەستهلاتا ملەتێ كورد تێدە

فايق محەمەد

ئەنستيتويا كوردى يا پاريسێ ب ناڤێ «گازيا چارەسەريا ئاشتيانە يا پرسا كوردى ل تركيێ» تەكستەك ئامادە كريەو ل باكوورێ كوردستانێ و ئەوروپايێ وێ ل كوردان بەلاڤ دكە دا ئيمزا بكن. ئەنستيتويا كوردى يا پاريسێ دەزگەهەكا كولتوورى- كوردى يا فرانسايێ يەو وەزيفەيا وێ قەت نە چارەسەر كرنا دۆزا نەتەوەيى- سياسى يا ملەتێ كورد ل باكوورێ كوردستانێ يە.

هەگەر سەرۆكێ ئەنستيتويا كوردى يا پاريس كەندال نەزان بخوازە سياسەتێ بكە هنگێ پايتەختا باكوورێ كوردستانێ ديار بەكر ل هێڤيا وييەو بلا كەرەم بكە مال و كارێ خوە ببە ديار بەكرێ، ل وێدەرێ پارتيەكا سياسى ئاڤا بكەو خەباتێ بۆ چارەسەريا ئاشتيانە يا پرسا كوردى ل تركيێ بكە.

هنەك كورد تشتان زوو ژ قالبێ خوە دەرخن. هەگەر هەر دەزگەهەكا كولتوورى يا ل باكوورێ كوردستانێ پرۆژەيێن سياسى يێن خوە مەزنتر بكن كارێ خوە دڤێت ل باكوورێ كوردستانێ ٥٠٠ پارتيێن سياسى ئاڤا بن. هەگەر هەر دەزگەهەكا كوردى ل باشوورێ كوردستانێ ١٠٠٠ پارتيێن سياسى ئاڤا بن ژ بەر ل باشوورێ كوردستانێ بەلكى ١٠٠٠ دەزگەهێن كولتوورى يێن كوردى كو ژ ئەنستيتويا كوردى يا پاريسێ مەزنترن هەنە.

ل هەمى وەلاتێن دنيايێ دەزگەهێن كولتوورى و ئەنتەلەكتوئەلێن وان وەلاتان د داخوازێن خوە يێن سياسى و نەتەوەيى دە ژ پارتيێن سياسى پێشدەترن ژ بەر بەرپرسياريەكا سياسى يا ديرەكت ل سەر ملێن وان نينە. بۆ نموونە ل باشوورێ كوردستانێ سەرۆكێ سەنديكايەكا كوردى پر ب رەحەتى دكارە بەحسا سەرخوەبوونا كوردستانێ بكە لێ بەلێ...وسا ب رەحەتى نكارن بەحسا

سەرخوەبوونێ بکن. ئەڤ نۆرمالەو پرانیا وەلاتان وسایە. لێ بەلێ گاڤا کو مرۆڤ تەکستا گازیا ئەنستیتویا کوردی یا پاریسێ دخوینە مرۆڤ دبینە کو تێدە بەحسا مافێ کورد یێ دەستهەلاتێ نینەو گارتانتیەک ژ بۆ ترکیێ هەیە کو کورد داخوازیا ئاخێ ل وی وەلاتی ناکن پارتیا کارکەرێن کوردستانێ پارتیەکا سیاسییەو بەرژەوەندیا خوە د هەم وەلاتبوونا ترکیێ و نەبوونا مافێن ئەتنیکی گرووپێ و نەتەوەیی یێن ملەتێ کورد دە دبینەو لەورا رێبەرێ وێ... هەر رۆژ پەسانێ کەمالیزمێ ددەو ئابۆڤاتا وی دبێژە کوردێن باکوور نەباشە. ئەڤ سیاسەتەکەو ئەم وێ سیاسەتێ فێم دکن و ل دژ دەردکەڤن.

گەلۆ چ ل ئەنستیتویا کوردی یا پاریسێ و سەرۆکێ وێ کەندال نەزانی کەتیە کو گازیا خوە قەت بەحسا دۆزەکا نەتەوەیی نەکەو بەحسا رەنگێن دەستهەلاتا کوردی یان هەبوونا وەلاتێ کوردان کوردستانێ نەکە. ژ تەکستا کەندال نەزانی بێهنا رێبەرێ... تێت و خوە ل گۆر کو من بهیستیە ل باکوورێ کوردستانێ و ترکیەیێ ئایسەل توگوکا دژمنا کوردستانێ ژی ئەو ئیمزا کریەو ژ کوردان دخوازە کو وێ ئیمزا بکەن نە دوورە کو ئامادەکرنا ڤێ تەکستا گازیا ئەنستیتویا کوردی یا پاریسێ دە ترافیکەک د ناڤبەرا...و سەرۆکێ ئەنستیتویا کوردی یا کەندال نەزانی دە چێبوویە. کوردێن ل وەلاتی ژ ترکان رە دخەسینەو ب هەڤکاریا کەندال نەزانی دخوازە کوردێن دەرڤەیی وەلاتی ژی بینە سەر خەتا راست.

حەیف و مخابن ل سەرۆکێ کادەیێ... کو وان ژی ئەڤ تەکست ئیمزا کریە. پارتیێن هەردوویان ژی د پرۆگراما خوە دە بەحسا دەستهلاتا کوردان ب فۆرما فەدەراسیۆنێ داخوازا پەروەردەیا ب زمانێ کوردی دکن و گارانتیێ ژی ددن ترکیێ کو ئەو مناقەسەیا ئاخا ترکیێ ناکن. پشتی ئیمزا کرنا ڤێ تەکستێ وەکی وەزیفەیەکا سیاسی ل سەر هەردوویان ژی فەرز بوویە کو پارتیێن خوە فەسخ بکن و بەشداری.... بن.

هەتا نهۆ یەکەتیا ئەوروپایێ دەما بەحسا کوردێن باکوور دکر د چارچێوەیا مافێن مرۆڤی دە بەحسا وان دکر و چو جاران کورد وەکی ملەت و دۆزا کوردان ژی وەک دۆزەکا سیاسی یا نەدحەسباند.

ئەنیستیتویا کوردی یا پاریسێ دگازی نامەیا خوەدە دبێژ بلا ل ترکیێ کەنالەکا تەلەڤزیۆن ب کوردی هەیە. حکومەتا ترکان نها وێ داخوازی پێک تینەو کەنالەکا TRTێ دکە کوردی.

ئەنستیتویا کوردی یا پاریسێ دبێژە ئەو مناقەسەیا تخووبێن ترکیێ ناکەو دەولەتا ترکان ژی دبێژە هەگەر هون وێ مناقەسەیێ نەکن د چارچێوەیا فەردی دە ئەو دێ رێ بدە کوردان کو کولتوورا خوە بێژن.

د گازی نامەیا ئەنستیتویا کوردی یا پاریسێ دە تەنێ دوو داخواز هەنە کو دەولەتا ترکان پێک نەئانینە ئەوژی پەروەردەیا ب زمانێ کوردییە کو ب ئیحتیمالەکە پڕ مەزن ب زۆرا یەکەتیا ئەوروپایێ دێ ببەو قەبوول کرنا هەبوونا کوردان د قانوونا ئەساسی یا دەولەتا ترکان دە پڕ محتەمەلە کو د قانوونا ئەساسی یا نوو دە ترکا وێژی ب شکلەکی فۆرموولە بکن و دیاربکن کو کورد ل ترکیایێ هەنە.

جارەکا دی دبێژم. ژ بەر کو د تەکستا گازی نامەیا ئەنستیتویا کوردی یا پاریسێ دە قەت بەحسا مافێ دەستهلاتێ یێ ملەتێ کورد ل وەلاتێ وی کوردستان نەهاتیە کرن ئەز وێ ئیمزا ناکەم. ژبەر کو گومانا من ژ کوردبوونا من نینە ئەو پێویست ژی نابینم کو ترکان رە بێژم(ئەز ئیعتراف دکم کو ئەز کوردم) ئەز وێ ئیمزا ناکەم. ژبەر کو

ئەڤ كار نە وەزیفەیا ئەنستیتویا كوردی یا پاریسێیە ئەز وی تەكستێ ئیمزا ناكم.
ژ بۆ كو هایا خەلكێ كورد ڤێ گازی نامەیا ئەنستیتویا كوردی یا پاریسێ چێبە ئەز وەكی ئەركەكا رۆژنامەڤانیێ ل سەر ملێن خوە دبینم كو وێ د نەفەلێ دە بەلاڤ بكم دا رایا گشتی ها ژێ هەبەو یێ كو بخوازە مناقەشە ژی بكە.
ل سەر ناڤێ ئەنستیتویا كوردی یا پاریسێ ڤێ مەهێ كەسەكی تەكستا گازی نامەیێ ب كوردی و تركی ژ من رە رێكر دا ئیمزا بكم و د تێبینیا وێ دە خوەستبوو كو ئەز وێ بەلاڤ نەكم.

**گازیا چارەسەریا ئاشتیانە یا پرسا كوردی ل تركیێ:**

«ئەم كەسێن كو ل ژێر ئیمزەیا وان هەیە ئیعتراف دكن كو ئەم كوردن و دخوازن ب ڤێ ناسنامەیا خوە بێن ناسكرن، ل سەر ئاخا باڤ و كالێن خوە ب روومەت و ناسنامەیا خوە وەك كورد بژین، زمانێ خوەو چاندا خوە ب سەربەستی ئیفادە بكن. ناسنامەیا گەلێ كوردێ كو ژ دەستپێكا ئاڤاكرنا تركیێ و ب ڤر دە نێزیكی ژ چاران یەكێ نفووسا وێ پێكتینە هاتیە حەسباندن، زمانێ وی هاتیە قەدەغەكرن و بكارئانینا وی وەكە جرم هاتیە حەسباندن، چاندا وی هاتیە ئینكاركرن و ئەو هێن ژی گەلەك مافێن دن ئێن مرۆڤی بێپار هاتیە هشتن».

ئیرۆ ل تركیێ كو نامەزەدا بەشداربوونا جڤاتا دەمۆكراتیك ئا یەكەتیا ئەوروپییە، ژ سەدی بێتر كانالێن تەلەڤیزیۆنی و ب سەدان رادیۆ ل سەرانسەرێ وەلێت وەشانێ دكن. ل دۆر سەدو سیە سازیێن پەروەردەو فێركرنێ هەنە كو د ئاستا زانینگەهـ و خوەندەگەهێن بلند دە نەهەنە. لێ نە كانالەكە تەلەڤیزیۆنێ یا لەگال هەیە كو ب زمانێ كوردی وەشانێبكە هەیە، تەژی كانالەكە رادیۆیێ یان دیستانەكە سەرەتایی و ناڤەندی یان ژی سازیەكە بلند هەیە كو ب زمانێ كورد خزمەتا پەروەردەیێ بدە.
داخوازا سازیێن وان وەكە سووج تێ قەبوول كرن، پارلەمەنتەرو شارەدارێن كو ب دەنگێ گەل هاتنە هلبژارتن ژی ب ڤێ تاوانێ تێن داrزاندن. ژ ئالیەكی ڤە هی ژی رەئالیتەیا كوردی ل تركیێ نایێ قەبوول كرن و ژ ئالیێ دن ڤە ژی ئەڤ رەئالیتە وەكە پرسا تەرۆرێ تێ دین. ژ بو چارەسەریا پرسێ ب ئۆپەراسیۆنێ ئەسكەری یێن ل دەرەڤەی سینۆر ل چارەیێ تێ گەراندن، ئەڤ ژی تێكلییێن كوردو تركا هێ بێتر خراپ دكە بالانسێن هەرێمی و ئیستقرارا برێڤەبەریا كوردستانا عێراقێ ب ئاوایەكی چوی دكە. برێڤەبەرێن دەولەتێ یێن كۆمارا تركیێ تەڤی ڤان كرنێن بێ ئینساف جارنان ژی بەحسا براتیا كوردو تركان دكن. لێ ژ براتیێ تێگهیشتنا مە كوردان كو یەك ژ گەلێن هەری كەڤنار ئێن ل سەر ڤێ ئاخا كو ژ مەدەنیەتان رە بوویە دەرگووش ژ براتیێ نە ئەڤە.
ئەم ب جیران و برایێن خوە رە دخوازن وەك هەڤ بن، خوەدیێ هەمان مافان بن. شەرِو شدەت وەكو كو نكارە ببە قەدەرا چوجڤاتێ، نە چارەنڤیسا مەیەو د ڤێ نەبە ژی. ئەم قەدەرەكە وها رەد دكن. ئیرۆ تەڤی هن كێماسیێن خوە ژی ب رێڤەبەریا كوردستانا عیراقێ، ب ناسینا مافێن هندكاهیێن دینی و چاندی ئیسبات دكە كو ل رۆژهلاتا ناڤێن ژی خوەدیێن بەرمایێن چاندی یێن جهێ دكارن دناڤ ئاشتی و وەك هەڤیێ دە، ب هەڤ رە وەك برا دژین.
ئێدی دڤێ ئەڤ پێڤاژۆیا سەركوتكرن- سەری هلدان- سەركوتكرنا كو ژ دوو سەد سالی و ب ڤر دە دۆمدكە ب داوی بێ دەنگێ چەكان بێ برین. د ڤێ ژ پرسا كوردی رە كو چوو چارەسەریەكە وێ یا

ئەسکەری نینەوە، ل سەر بنگەها داخوازێن هەڤبەشێن هەری کێم ئێن گەلێ مە یێن ژێر چارەسەریەکە ئاشتیانە بێ دیتن.

دەستوورا نوو یا کو تێ ئامادەکرن دڤێ کو هەوەلاتیێ ل سەر بنگەهێ نژاد تارف مەکە، دەڤ ژ ئینکارا گەلێ کورد بەردەو هەبوونا گەلێ کورد ل ترکیەیێ ناس بکەو مافێن هەوەلاتیێن کوردێن وەک ب کار ئانینا زمانێ خوە د هەر ئاستا پەروەردەو خوەندنا رەسمی و ڤادا گشتی دە، ب ئاڤاکرن ب کارئانینا مەدیا، کۆمەلە، سازی و پارتیا پێشخستنا چاندا خوە و ب سەربەستی ئیفادەکرنا داخوازێن خوە یێن سیاسی و پاراستنا ڤان مافان تەمین بکە. ل سەر ڤێ بنگەهێ ئاڤاکرنا ئاشتی و ئەولەهیێ، ژ بۆ کو دەرفەتا شدەت و شەرێ چەکداری ب ئاوایەکی گشتی بێ گرتن، دڤێ بێ ئیستسان عەفویەکە سیاسی یا گشتی یێ دەرخستن و... ل گۆر پرۆسە دۆرەکە دیارکری چەکێن خوە داینە. هەروها دڤێ سیستەما پارێزگەرێن گوندان ژی بێ هلوەشاندن. ئەڤ داخوازانە ل دژی سینۆرێن هەیی نە، ئەو مافێن مرۆڤی یێن بنگەهێن، کو هەر وەلاتەکی دەمۆکراتیک ژ هەوەلاتیێن خوە رە ناس دکە. دڤێ نە داخوازا ڤان مافان، بەرەڤاژیا وێ ناسنەکرنا وان مافان وەکە سووج بێ حەسباندن.

ژ بۆ چارەسەرکرنا ڤێ پرسێ هەر چەند کو هەولدانێن ددل و ب کێرهاتی یێن دەمەکە درێژ ئێن گەلەک رۆناکبیر، ئاکادەمیسیێن، نڤیسکارو مرۆڤێن ژ پێشەیێن جهێ و خەباتێن ئینبسییاتیفان بێ ئەنجام مابن ژی، بێ گومان ئەم وان تەشەبوونا ب تەقدیرو سپاسداری پێشوازی دکن. ل گەل ڤان هەولدانان ئەم ژ وەلاتێن ئەرۆپایی یێن کو بەرپرسیاریا وان یا دیرۆکی د دراما مرۆڤی یا گەلێ کورد تێ کو ب درێژیا سەد سالا ختان روو ب روویی نەحەقییێن مەزن بوویە دە هەیەو هەروەها ژ ئامەریکایێ دخوازن کو پشتگیریا چارەسەریا ئاشتیانە دە بکن، کەسێن وەک بلێرو... کو د چارەسەرکرنا پرسا ئیرلاندا، باسک، کۆسۆڤایێ دە خوەدی تەجرووبەنە، وەک ناڤبەرەکار تاین بکن.

هەلبەت کورد ژی ئالیکاریا مادی یا یەکەتیا ئەورۆپی یا کو هەر سال ب سەدان ملیۆن دۆلاران ددن فلستینێ مەمنوون. لێ دڤێ هەر ئەڤ ئەورۆپا، ژ بۆ ژ نووڤە ئاڤادانکرنا هەرێما کوردی یا وەلاتێ تورکییێ ژی کو ژ ئالی ئابۆریڤە هاتیە ئیهمال کرن و ب پاشدە هشتن. ب تایبەتی ژی ژ بۆ ژنووڤە ئاڤاکرا ٣,٤٠٠ گوندو باژارۆکێن کو د سالێن ١٩٩٠ێ دە ژ ئالی دەولەتێ ڤە ب بەهانەیا ئەولەکاریێ ب زۆرێ هاتنە ڤالاکرن وێرانکرن ژ ئالیکاریێ بکە. ناڤێن ئۆریژینال ئێن گوند، باژار و هەرێمێن جوغرافی یێن کو ب ئاوایەکی کێیفی هاتنە گوهەرتن دیسا ل وان ڤەگەراندن، دڤێ ژ بۆ پێکئانینا ڤەگەرا سەر مال و ملکێن خوە یا ل دۆر سێ ملیۆن کۆچبەرێن کورد ئێن کو ژ وارێن خوە هاتنە کرن، ئامادەکرنا پلانەکە پێشکەتنا ئابۆری ژی ل خوە رە وەکە ئەرکەک وێژدانی ببینە.

ب یا مە پرسا کوردی ئێدی نە پرسا ترکیەیێ ب تەنێ یە، پرسا رۆژهلاتا ناڤین پرسا ئەورۆپا، پرسا مرۆڤایەتیێ یە، ب ڤێ بیرو باوەریێن ئەم بانگ ل ویژدانێ رایا گشتی یا ترکیەیێ، رایا گشتی یا دنیایێ دکن و بۆ چارەسەریەکە یا ئاشتیانە د دەمەکە کورت دە ئەم پشتگریا وان دخوازن.

**ژێدەر:**

ژ وەشانێن نەفەل، عارف زێرەڤان، ستوکهولم ژ تیپێن لاتینی هاتیە ڤەگوهاستن.

# ئای، ئەی، ریتشاردز
## i,A,Richards

و.ئەحمەد سەلام

ئەوهەڵە گەورەیەی کەسانێک تێی دەکەون سەبارەت بەرەخنەکانی ئای، ئەی،ریتشاردز(١٨٩٣)، ئەوە ئاشکر دەکا، کە هەڵەیەکی زۆر باوە، ئەویش وا دەگەیەنێ، کە گوایە ریتشاردز پێشەنگی قوتابخانەی سەدەی بیستەمە تەنانەت وا لە قەڵەمدراوە کە(ئەلیوت) یەکێک بووە لە پەیڕەوکارانی ئەو رێبازە، شایانی وتنە بەروارەکان بۆ خۆیان گریمانەی ئەو بیرۆکەیە بەدرۆ دەخەنەوە، چونکە(ئەلیوت) هیچ نەبێ بەتەمەن پێنج ساڵ لە(لە ریتشاردز) گەورەترەو یەکەم بەرهەم و باشترین بەرهەمیشی لەبارەی رەخنە لە ساڵی١٩٢٠دا لەژێر ناوی (دارستانی پیرۆز)دا بڵاوکردۆتەوە، واتە پێش ئەوەی ریتشاردز لەو بارەیەوە هیچ بابەتێکی بڵاوکراوەی هەبێ . ئەوەندە هەیە ریتشاردز لە سەرەتاکانی ئەو سەدەیەدا بەهێزترین کەسێک بووە، کە کاریگەریی بەرچاوی هەبووە لەم بوارەدا، لە کاتێکدا ئەلیوت لەو سەردەمەدا یەکێک بووە لەوانەی کاریگەریی بەهێزیان لەبواری رەخنەی وەسفیدا بووە. دیارە کاری کردەییش لەزۆر وەختدا لە کاری تیۆری(نضری) لەپێشترە. لەگەڵ ئەوەشدا ریتشاردز لە بەرهەمە تایبەتی و سەربەخۆکانیدا خاوەنی تیورێکی ئیستاتیکی بووە. هەر ئەمەیشە ئەو چانسەی پێ بەخشیوە. جا گریمان ئەلیوت لە مەیدانەکەدا بوایە، یا نەبوایە ئەو راست ورەوان لەبوارەکەدا بۆتە بەشێک لە ئەفراندنەکە. ئەویش بەهۆی شیبکاری خۆیەوە.

کەواتە ئەو بانگەشەیەی دەڵێ ریتشاردز

پێشەنگی رەخنەی ئەنگلۆ-ئەمریکی نوێییە لە سییەکانی سەدەی بیستەمدا ناکرێ رەتبکرێتەوە. هەر ئەم بۆ خۆیشی بناغەکانی ئەم تیۆرەی داناوە، کە بۆتە مایەی شێوازی شیکردنەوەی لەفزی، ئەمیش بۆ خۆی بەگشتی بۆتە مایەی شپرزەکردنی رەخنەگرە نوێخوازەکان.

لەراستیدا تیۆرەکانی ریتشاردز رووبەرووی رەخنەیەکی توندو تیژ بوونەتەوە بەرادەیەک زۆر لە فەیلەسووفان و دەروونناسان بۆ چەند ساڵانێکی زۆر داویانەتە بەرپەلارو هێرشی توندوتیژ!

تەنانەت کتێبەکانی هەر لە سەرەتای بیستەکانەوە بەدیقەتەوە بوونەتە مایەی چاو تێبڕین.

ئەم پیاوە یەکێک بووە لەو بیرمەندە نەگبەتانەی کە کتێبەکانی نەک هەربوونەتە مایەی بەدرۆخستنەوەی بەرهەمەکانی لەمەودوای، بگرە تەنانەت زۆرجار بەرهەمەکانی لەمەوبەریشی بەدرۆ خراونەتەوە!. بەهەر حاڵ هەر چۆنێک بێ، ئەوەی ئێمە لێرەدا مەبەستمانە ئەوەیە کاریگەرییەکانی ئەم پیاوەیە بۆ سەر رەخنەی وەسفی نەک سەرجەمی تیۆرە ئیستاتیکییەکانی پاش خوێندنی (زانستە ئاکارییەکان) لە کیمبریدج لەپڕ ریتشاردز لەهاوینی ساڵی ١٩١٩دا دەربارەی تیۆری رەخنە لەقوتابخانەی (زمانی ئینگلیزی کە تازە لە کیمبردیج دامەزرابوو ) وانەی دەوتەوە. ئەم بڕیارە بۆ ئەو سەردەمە زۆر گرنگ بوو، گرنگترین کتێبەکانی کە زۆربەی هەرەزۆریان لە ئەزموونی ئەم وانە وتنەوەیەوە سەریان هەڵدا کاتێ کە لە کیمبریدج بوو کاریگەریی وتنەوەی ئەوسای زمانی ئینگلیزیان پێوە دیار بوو، چونکە بایەخدانی بەزانستی دەروونناسی زۆر بەربڵاوبوو هەرچەندە لێی بژار دەکردو زۆر لێی قووڵ نەدەبۆوە! لەگەڵ ئەوەیشدا ئەو بەوروژێنەری ئەم زانستە تازەیە دادەنرێ کە کاریگەرییەکی راستەوخۆی بۆ سەر رەخنە هەبووە. هەربۆیە پەیوەندییەکانی بەلێکۆڵینەوە ئەدەبییە کانەوە دیارو لەبەر چاون. بەئاشکرایش لەیەکەم کتێبیدا بەدەرکەون کە لەژێر ناوی (بناغەکانی زانستی ئیستاتیک)دا بڵاوبۆتەوە لەساڵی ١٩٢٢ دا ئەویش بەیارمەتی دوو هاوڕێی خۆی لەهاوڕێکانی زانکۆی بڵاویان کردۆتەوە کە ئەوانیش(سی،کی،ئوکدن)و (جێمز وود) بوون.

ئەمەیش دیارە بۆ خۆی هەوڵێکی بەرچاوبووە بۆ ناساندی ئیستاتیک و کاریگەرییەکانی بۆ سەر هونەر دۆستان، هەروەها لەکتێبی (واتای واتاکان) کە لەساڵی ١٩٢٣ دا لەگەڵ (ئۆکدن) دایناو، باس لەو زاراوە نوێیانە دەکەن، کە زانستەکانی لەبز(لفظ) ئاماژەی بۆ دەکا. لەویدا باس لەو جیاوازییە ئەرێیانە دەکەن سەبارەت بە بەکارهێنانی زمان وەک(ئاماژە) لە زانستداو بەکارهێنانیشی وەک(هەڵچوون) لە شیعردا. لە یەکەم کتێبی خۆیشیدا، کە تایبەتە بەزانستی رووتی ئیستاتیکی ئەدەبییەوە لەژێر ناوی(سەرەتاکانی رەخنەی ئەدەبی) لە ساڵی ١٩٢٤دا بڵاوبۆتەوە. ریشاردز بەتەنیا بۆ خۆی بەردەوام دەبێ لەسەر لێکۆڵینەوەی زمانی شیعر(هەڵچوون) تا دەگاتە لوتکەی ئەو کارە. لە ساڵی ١٩٢٩دا بەهۆی کتێبی(رەخنەیی کردەیی)یەوە لەوێدا ئەنجامی ئەزموونەکانی خۆی لەناو هۆڵی وانەوتنەوەدا لە کیمبریدج دەخاتە روو ئەویش بەشیکردنەوەی دەقەکان پاش ئەوەی لە دانەرو کاتیان رووتدەکاتەوە. بەم کتێبەی

هەرچەندە دوا بەرهەمیشی نییە، قۆناغی کاریگەرییە گرنگەکانی کۆتاییان دێت، ئیتر ئەوەندە لە کیمبریدج نامێنێتەوە بۆ دەرس وتنەوە رێی ولاتی(چین) دەگرێتەبەر.
پاشان لەگەڵ(ئوکدن)دا کارێکی هاوبەش دەکەن سەبارەت بەتاقیکردنەوە لەسەر (زمانی بنەڕەتی ئینگلیزی)، بەڵام دواجار لە ساڵی ١٩٣٩دا لە ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا جێگیردەبێ و لە هارفارد دەبێتە مامۆستا.
ریتشاردز رۆشنبیرییەکی بەربلاو و فراوانی هەبووە، وەکو(ئۆکدن) کارەکانی زۆر بابەتی رەخنەیی لەخۆ گرتووە، هەر وەکو پێشتر باسمان لێوە کرد، جگە لە بایەخدانی بەزۆر بواری دیکەی ئەدەبی، بەڵام گومانی نییە کە کاری سەرەکی ئەو رەخنەگرێکی تیۆری بووە، ئەمیش وەکو(کیمبردیج) عەودالی شیکردنەوەی ئەدەبی بوو. تا وێنای شێوازی پێ دیاری بکاو هیچیتر. دیارە ئەم برە لێکچوونە نابێ لە مەبەستەکە دووریان بخاتەوە، چونکە ئاشکرایە کە(کیمبردیج) لە تەوقی سەرییەوە تا پاژنەی پێی بەمانای وشە نووسەر بووە دەستی لە هەموو شتێک هەڵگرتووە لە پێناوی شیعردا، بەڵام یەکێکی وەکو ریتشاردز لەناو هەموو رەخنەگرە ئینگلیزییەکاندا تاقە کەسێک بووە بەدەگمەن بینراوە دیوانێکی شیعر بگرێ بەدەستەوەو بایەخدانیشی ئەم بۆ شیعر بایەخدانێکی هەڕەمەکی بووە. بەلای ئەمەوە شیعری ئینگلیزی واتە هەموو شیعری ئینگلیزی تاقە رۆڵێکی هەیبێ ئەوەیە کە وێنایەکی ئێستاتێکی دەبەخشێ و هیچیتر، یا کۆمەڵە پێداویستییەکە سوود بەو تاقیکردنەوانە دەگەیەنێ کە بەرەو تیۆری بەیەکگەیشتن هەنگاو دەنێن، رەخنەکانیشی نەک زۆر لە رەخنەکانی کیمبردیج دوور دەکەونەوە، بەڵکو زۆرجار لەڕووی ئاوازو ئاهەنگی شیعریشەوە دژبەیەک دەوەستنەوە!.
هەردووکیان وەک وەک دوو کەسی ئارەزوومەند دەنووسن و هەردووکیشیان شانازی بەوەوە دەکەن کە وەک دوو ئارەزوومەند لەسەر رێبازی(ئینگلیزی تووندوتیژ) رێچکەیان گرتۆتەبەر.
ئەوەندە هەیە ئارەزووەکانی(کیمبردیج) سۆزیان لێ دەبارێ، کەچی ئارەزووەکانی ریتشاردز سادەو پابەندی دابونەریتی رۆژانەن، زمانەکەشی بابەتێکی بەربلاون نەک وەک کیمبردیج رۆمانسییانەبن لە سەردەمانی نێوان دوو جەنگەکەدا.
دەبینین ئەو لە(ئەلیۆت) زیاتر شانازی بەوەوە دەکات کە رابردوو رەتدەکاتەوە. ئەوەتا لە بەشی یەکەمی (سەرەتاکان)دا لەژێر ناوی(پەشێویی لە تیۆرە رەخنەییەکان)دا وەختە بەتەواوی(گەنجینەی بۆش و بەتاڵی) رەخنەی ئەوروپایی رەتبکاتەوە! با پێش ریتشاردزیش سەرنجی ئەم بۆچوونانە بدەین.
(کەمێ لە خەملاندن، زۆر لە وەعزدان.. چەند سەرنجێکی تیژی تاکڕەوانە.. هەندێ گریمانەی بریقەدار...)
بارودۆخ لەبار بوو بۆ تیلهاوێشتن بۆ گریمانەیەکی روونی پشتپەردەی دەورووبەری رەخنەکانی ریتشاردز، ئەویش بەدۆزینەوەی زانستی تاقیکراوە کە کاریگەرییان هەیەو رەنگە هەموو دۆزراوەکانی دیکەی پشکنین پێی نەگەیشتبن. هەربۆیە رەخنەی ئەدەبی پێویستە خۆی دەوڵەمەند بکا بەتاقیکردنەوەو ئەزموون. رەخنەیش بەبڕوای ریتشاردز دەگەڕێتەوە بۆ پێش سەردەمی (بیکن) دیارە ئامانجی ئیستاتیکیشی بۆ ئەوەیە کە

دەستوبرد بکا بۆ بەرەوپێشەوە چوون. بۆ ئەم مەبەستەیش دەبێ پشت بەزانستی دەروونی نوێ ببەستێ تا بگاتە دۆخێکی بەختەوەرانەو لەوێشەوە رەخنەگر بتوانێ کاری تەکنیکی تاقیگاکان بەکاربێنێ، ئەوجا ئەو جەختکاریانە بخاتەڕوو کە شایانی بەدوورخستەوەبن.

کاری شازیی ئەم بەرنامەیە روون و رەوانە، بەڵام نەک شازبوونێکی وەها بخرێتە چوارچێوەی پراکتیکەوە. ئەوەی چاوەڕوان دەکرێ پەیڕەوکارییەکی لەم بابەتە پێ دادەگرێ لەسەر ئەوەی شیعر بەهۆکارێک دابنێ بۆ بەیەکگەیشتنی خوێنەرو شاعیر(هونەرەکانی باڵاترین شێوەی چالاکی یەکتر گەیاندن).

جا هەر هەوڵدانێک بۆ ئەوەی زانستی دەروونناسی بۆ خزمەتی رەخنە دابنرێ شایەنە بەوەی جەخت لەسەر بوونی شیعر بکرێ بەچالاکییەکی مرۆڤایەتی و زۆر بەوردی شیبکرێتەوە، وەک قەسیدەکەی وردز وێرس (پیاوێک پیاوەکانی دی دەدوێنێ) راستییەکانی دەروونناسیی دەق مرۆڤانەیە، بەڵام ریتشاردز بەتەواوی پێچەوانەی ئەو هەڵسوکەوت دەکا، پێچەوانەیەکی سەرسوڕهێنەر بوو هیچ گوێی بەتوانا مەزنەکان نەدەدا، کە رەنگە قوتابخانەیەکی دەروونی بۆ کاری رەخنە بێتەئاراوە لە بری رەخنەگێڕانەوەی راستەخۆی ڤیکتۆریی.

ئێستاکە لەوە دەچێ لە بیستەکانی ئەم سەدەیەدا بەتەواوی پەردەکان هەڵبدرێنەوە. ریتشاردز لەڕاستیدا رەخنەگرێکی وریابوو، دەسەڵاتی بەسەر رێڕەوی بیری باودا زاڵبوو. نەبوونی رەخنەیەکی دەروونیی بەیکجارەکیی، یا شتێ لە یەکجارەکی نزیکتر دەبێتەوە. بێگومان نموونەیەکی تاکڕەوانەیە وەک (لێکۆڵینەوە شیکارییەکەی هاملێت) کە ساڵی ١٩٢٢ (ئەرنست جۆنز) نووسیویەتی ئەمیش بۆ خۆی قوتابییەکی ئەوسای فرۆید بووە. راستییەکی نیگەتیڤانە هەیە سەبارەت بەڕاستییەکانی رەخنەی ئینگلیزی لە سەرەتاکانی سەدەی بیستدا. ئەویش قسەگەلێکن بەڕاستی مایەی سەرنج و سەرسوڕمانن! هیچ نەبێ بەلانی کەمەوە بۆ سەر لایەنی بەریتانی لە ئۆقیانووسی ئەتلەسیدا. بێگومان دەربازبوون وەک دەردەکەوێ زۆر تەسک بوو لە دوورەوە بگرە پێچەوانەی مەحاڵیش بووە لە کاتێک زانستی دەروونناسیی جێ پێی خۆی کردبۆوە وەک زانستێکی باوڕپێکراو. لەو کاتانەدا کە لە رەخنەگرە ئینگلیزەکان لە هەموویان زیاتر کاریگەرییان هەبوو - بۆ خۆیشی زۆر پێویستی بەزانیاری دەروونیی نەبوو- بۆیە کاری بۆ ئەوە دەکرد زیاتر رێز بۆ چەمکی رەخنە رابکێشێ.

لەو کاتانەدا رەخنە دەسبەرداری گرنگیدانی ئاسایی شاعیران بووبۆوە، ئەویش بەو بیانووەی گوایە شیعر بابەتێکی هەڵقوڵتنەوەیە یا دەشێ بوترێ هونەرێکە هەر بەشی خۆی دەکا، بەڵام ریتشاردز ئەم توانایە پشتگوێ دەخا لەڕێی چالاکییەکی پراوپڕەوە کە زەحمەتە پیاو بتوانێ هەناسەیەکی بۆ هەڵکێشێ تا فریای ئەوە بکەوێ جارێکی دیکە بکەوێتەوە لێدوان.

لە بەشی چوارەمی (سەرەتاکان)دا بەتایبەتی لەو پەرەگرافەدا کە ئاشکرای دەکا کە گەیشتن (ئامانجی سەرەکی) هونەرمەندە، لەوێدا ریتشاردز بەرەوانی دەڵێ:

(هەر چۆنێ بێ ئەوەی شیکردنەوەی دەروونیی دەیسەلمێنێ کارە ئەقڵییەکانی شاعیرە کە هیچ

بوارێکی سوودبەخش نادا بۆ لێوردبوونەوە هەرچەندە کێڵگەیەکی راوکردن و جەنجاڵە بۆ راوکردنی ئەو بۆچوونانەی دەسەڵاتیان بەسەردا ناگیرێ. جا ئەگەر بەوەیشمان زانی زیاد لەوەی کاری ئەقڵ پێی دەزانێ، ئەوا هەوڵەکانمان لە ئاشکراکردنی چالاکییە قووڵەکانی ناو ئەقڵی هونەرمەند دەردەخات ئەویش بەوەی پشت بە بەرهەمەکانییەوە دەبەستێ، کە دەشێ گیرۆدەی توندترین مەترسی بێتەوە، جا حوکمدانێک لەسەر ئەوەی فرۆید دەربارەی لیۆناردو دافنشی بڵاوی کردۆتەوە، یا ئەوەی یونگ سەبارەت بەگوتە وتویەتی شیکردنەوە دەروونییەکان وەکو رەخنەگر بەرەو گەمژەییەکی سەیروسەمەرە دەبا)

ئەمەش زۆر زەحمەت دەبێ بۆ قەناعەتهێنان بەدۆزێکی گشتی بگرە ئەوپەڕی نابووتی دەگەیەنێ ئەگەر ئەمە بخەینە خانەی گشتاندنەوە تا پشت بەم دوو نموونەیەوە ببەستین، هەروەها بەرپەچدانەوەی(رەتدانەوەی) خەملاندنێکی شیکاری دەروونی بەهەر چمکێ بێ(کە دەسەڵاتی بەسەردا دەشکێ) بەرپەچدانەوەو رەتدانەوەیەکی پڕ هەڵەیە، چونکە رەخنەیەکی ئاوهایی پێویستی بە بەڵگەیە وەک هەموو رەخنەیەکی وەسفی دیارە ئەمەیش(لە دەقی قەسیدەکەدا دەبینرێ) بەهەرحاڵ چی وا لە رەخنەگر دەکا خۆی وا مشووربەند بکا(بە بەڵگەی بەرهەمەکەیەوەو هیچی تر نا). ئاشکرایە دەشێ لای ریتشاردز- پاش ئەوەی تیۆری بەیەککەیشتنی راستەوخۆی ئاشکراکرد- دەبێ چی پاڵی پێوەنابێ حەز بەوە نەکا کە ئەمە تەنهاوتەنها لە لایەن خودی شاعیرەکەوەیەو بەس. ئەمە(ریتشاردز) دنیای زانستییە تاقیکراوەکان زیاد لە پێویست سەرنجیان راکێشاوە، بۆیە بەحەسرەتەوە لە بەشی یەکەمی(سەرەتاکان)دا دەڵێ:

(چالاکییە مرۆییە سادەکان بەتەنها پابەندی شێوازەکانی تاقیکردنەوەن لە کاتی ئێستایاندا) گومانیشی تێدانییە کە خوێندنەوەی شیعر زۆر ئاسانترە لەوەی شاعیرەکان بۆ خۆیان بچنە ناو تاقیگاکانەوە، پاشان زۆربەی زۆری شاعیرەکان ئێستا مردوون، زیندووکانیشیان زەحمەتە بتوانین بەسەر مێزی توێژالکارییەوە(تشریح) بیانبەستینەوە.

لە کاتێکدا هۆڵەکانی وانەوتنەوە زۆر خوێنەریان بۆ فەراهەم دەکەن تا بتوانن تاقیکردنەوەیان لەسەر بکەین بۆ زانینی توانای خوێندنەوەیان ئەوسا زۆر بەئاسانی و بەدڵنیاییەوە دەتوانین ئەنجامەکان پۆلێن بکەین، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کارێکی زۆر زەحمەت دێتە ڕێمان ئەویش ئەوەیە کە هەندێ خوێندەوار لە هەندێکی دیکەیان زیاتر شارەزاترن. هەر بۆیە ریتشاردز لەو سالانەی نێوان دوو جەنگەکەدا زیاتر لایەنگری ئەوەبوو دژ بەزانیارییە مێژووییەکان دەوەستایەوە هەر لەم قۆناغەدا ئەزموونی ناسراو بە (رەخنەی زانستی) هاتە ئاراوە.

ریتشاردز لە(رەخنەی زانستی ١٩٢٩دا) سێ ئامانج پێشنیار دەکا:

یەکەمیان: پشتگیریکردنی رۆشنبیریی هاوچەرخ بە بەڵگەوە.

دووەمیان:«داهێنانی شێوازێکی نوێ لە چۆنییەتی موتالاکردن». (بۆ ئەوەی ئەو کەسانەی حەز بەوە دەکەن بۆ خۆیان هەستیان بەرامبەر بەشیعر دەربخەن و هەر خۆیشیان بزانن چی تێدایە) ئەویش بەوەی تاقیکردنەوە بەسەر خۆیاندا

ئەنجام بدەن.

سێیەمیشیان: چاککردنی شێوازی وتنەوەی ئەدەبە. لەگەڵ ئەم سێ پێشنیارەدا نموونەی نوێی ئەو دەقە شیعرە نابوتانە دابەشکران بەسەر ئەو کەسانەدا کە لەو سیمینارەی کیمبریدج ئامادەبوون و داوایان لێ کرا کە باری سەرنجی خۆیان ئازادانە لەم رووەوە دەربڕن. برێ لەو بۆچوونانە پاشان ناوی(پرۆتۆکۆل)یان لێنراو لە دوو تویی ئەم کتێبەدا بڵاوی کردەوە، کە بریتیی بوون لەو هەڵە زەقانەو ئەو پێشنیازانەی بۆ چارەسەرکردنی پەروەردەیی بەکەڵک دێن.

ریتشاردز لەم ئەزموونەی خۆیدا ئەوە ساغدەکاتەوە کە باری رۆشنبیری لەوپەڕی داوەشاندایە بەرادەیەک وای دەشوبهێنێ کە بەرازەکانی غینیا لەم ئاستەدا بالاترن. بۆیە بەئاشکرا دەڵێ:

(هۆیەکی وەها نابینم پاڵم پێوەبنێ بگەمە ئەو باوەڕەی کە ئاستێکی باڵاتر بۆ هۆشداری رەخنەیی بۆ ئەم بارودۆخەی ئێستامان سەرهەڵبداو لە ئاستی زانکۆی کیمبریدجدا بێت).

لەم شیکردنەوەیەدا دەگاتە ئەو ئەنجامەی، کە دە خاڵی کەمتەرخەمی دەبێتە مایەی ئیفلیجکردنی داخوازییەکانی خاوەن پرۆتۆکۆلەکان، هەندێکیان کەمتەرخەمن لە ئاستی درککردن بەمانای سادەبوونیان، هەندێکی دیکەشیان کەمتەرخەمن لە ئاستی ویژداندا یا چەپاندندا، یاخود پابەندبوونیانە بەبیروڕاکانەوە، بەڵام هەروا ئاسان نییە پیاو لەم نائومێدییانەدا هاوڕابێ لەگەڵ ریتشاردز هەڵبەتە شکستی قوتابییەکانی دەگەڕێتەوە بۆ شێوازی ئەو تاقیکردنەوانەی بەسەریاندا سەپاندبوو، چونکە هۆیەکی وا نایەتە ئاراوە تا داوامان لێ بکا باوەڕ بهێنین بەوەی کە شیعرێکی تایبەتی بۆ مەبەستێک نووسرابێتەوە، ریتشاردز لێرەدا بەکاری هێنابێ.

ئەم رایەیش زیاتر لەو دانپیانانەیدا بەدەردەکەوێ کە بەزۆر لە پێشەکیەکەیدا دیارکردووەو دەڵێ:

(ئەو بارودۆخە ناسکانەی کە ئەم تاقیکردنەوەیەی تێدا ئەنجامدراوە لەو بارودۆخانە ناچن، کە رۆژانە مامەڵەیان پێدەکەین لەگەڵ ئەدەبدا).

لەڕاستیدا ئەمە بۆچوونێکی گەورەوگرانە، رەنگە زۆر سروشتی بوایە ئەگەر بیوتایە زۆرترین شیعری سادەمان لەناو دابونەریتدا بەدی دەکرێ هەر ئەمەیشە کە گرنگی قەسیدە دیاردەکا، دیارە ئەو قەسیدانەی لەناواخنی مێژوویانەوە دەردەهێنرێن دەبێ مانایەکی دیکەیان هەبێ، یاخود دەشێ بەرەو چاڵی بێ مانایی رۆچن. ئەگەر کار وابڕوا ئەوا رەخنەیی(کردەیی)و لیستی تێکشکاندنەکانی بۆ وەڵامدانەوە دەبنە تۆمەت بۆ پەروەردەی ئینگلیزی کە لەڕاستیشدا شانی ئەو تۆمەتە هەڵدەگرێ، بەڵام بەشێوازێکی دی، یا مەگەر بەڵگەی زیندوو پشتگیری لەوە بکا کە خوێندنەوەی نامێژووییانە خوێندنەوەیەکی بەدە! لەگەڵ ئەوەیشدا ئەم خوێندنەوە نامێژووییانەی ریتشاردز بانگەشەی بۆ دەکا وەک شێوازێکی تاقیکردنەوەیە، هەرچەندە بەخوێندنەوەیەکی نموونەییشی دانەناوە لەگەڵ ئەوەیشدا هەر بۆتە دوا نموونەی شێکردنەوەی(رەخنەی نوێ) کە لە کۆتاییەکانی بیستەکاندا لە ئینگلتەرا سەریانهەڵدابوو لەوێشەوە لە ساڵانی پێش جەنگی دووەمی جیهانی گەیشتە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا. پتر سەرەتاکانی دەسەڵات گرتن بەسەر رەخنەی

ئەکادیمیدا بەتایبەتی لە ئەمریکا پاش ساڵانی ١٩٤٥ سەریانهەڵدا. ئەوە بوو (رەخنەی نوێ) بەپێنووسی (جۆن کرو رانسوم) لە ساڵی ١٩٤١دا بڵاوبۆوە ئیتر پاش دوو ساڵ لە نیشتەجێبوونی ریتشاردز لە وڵاتە یەکگرتووەکان خەسڵەتی نوێی بەرخنەی نامێژوویی‌یانە بەستەوە کە نەشازییەکانی ساڵ دوای ساڵ خەریکبوون بۆ خەڵکی بەدەردەکەوتن. لە کۆتایی سییەکاندا وای لێهات ریتشاردز لە ئەمریکییەک ئەمریکیتر دەرچوو بەڕادەیەک سەبارەت بەرەگەزی مێژوویی لە رەخنەدا زۆر درامیانەتر بوو لەچاو سەردەمانی ئینگلتەراییدا، چونکە رۆشنبیرە محافزکارەکانی ناو ئەمریکا هەمیشە لە محافیزکارەکانی ئینگلتەرا زیاتر پابەندی رێبازی خۆیان بوون، لە لایەکی دیکەشەوە پێداویستییەکانی زانکۆکانی ئەمریکا هەر لە بنەڕەتدا پێویستییان بەوە دەکرد کە جەخت لەسەر شێوازی شیکردنەوەو راڤەکردنی دەقەکان بکەن. ئەو پێداویستییەی کە رەخنەگرە مێژووییەکان هەوڵیان دەدا خۆیانی لێ بپارێزن لە کاتێکدا (رەخنەگرە نوێخوازەکان) هەمیشە حەزیان بەوەدەکرد پابەند بن و پەیڕەوی بکەن لەگەڵ ئەوەیشدا گومان لەوەدا نییە کە رەخنەی نوێ لە ئینگلتەرادا لە ساڵانی بیستەکانەوە سەریانهەڵداوە. هەرچەندە ئەلیۆت دوو دڵ بوو لە ئاست بزووتنەوەکانی نێوان پێشەنگی داراییدا، بەڵام ریتشاردز پشتی بەجوانکاری دەبەست و پاڵی پێوەدەدا، وا دەردەکەوێ کە جۆرێک لە رەخنەی شیکاریی نوێ کاریگەرتربێ تا ئەوەی کارێکی وشکی مێژوویی بێت، ئەمەیش لە (هاوکارییەکی پیشەییدا) خۆی دەنواند لەنێوان (رۆبەرت کریفز)و خاتوو شاعیرێکی ئەمریکی بەناوی(لورا رایدیک) کە دواجار لەژێر ناوونیشانی(لێکۆڵینەوەیەک لەسەر شیعری نوێ) بەدەرکەوت ئەمەیش بۆ خۆی بووە داکۆکیکردنێکی لۆژیکی دەربارەی چەند شیعرێکی پێش ساڵانی ١٩١٨ کە کاتی خۆی لە لەندەن لە ساڵی ١٩٢٧دا بڵاوبۆوە. هەر لەپاڵ ئەمەیشدا راڤەکردنی سووناتاکانی شەکسپیر بەتایبەتی ژمارە سەدو بیستونۆیەکەیدا ئەویش لەو نموونەیەدا بەدەردەکەوێ کە (ولیام ئەمبسۆن) کاری لەسەر کردووە ئەمەیش بەقسەی ریتشاردز خۆی لە (وێنەی حەوت تەرزی تەمومژاوی)دا دەنوێنێ، کە لە ساڵی ١٩٣٠دا بڵاوکراوەتەوە. هەر لێرەشەوە یەکێ لە قوتابییە مەزنەکانی ریتشاردز دێتە مەیدانەکەوە.

(شایانی وتنە لەدوای ئەم باسەمان لەسەر ریتشاردز باسێکی ولیام ئەمبسۆن دێت لە ل٢٣٣ی ئەم کتێبەدا، کە ئەم بابەتەی لێ وەرگیراوە. خوا یاربێ لە هەلێکی دیکەدا ئەو باسەیش بەخوێنەران ئاشنا دەکەین).

**سەرچاوە:**

ئەم بابەتە لە کتێبی(نقاد الادب) وەرگیراوە کە لە نووسینی(جۆرج واتسۆن)ـە بڕوانە ل٢٢٦-٢٣٢ .

# جۆرج ئۆروێل، نووسەرێکی بەجەرگ و هزرڤانێکی داهێنەر

سوبحی دەروێش
و: تاهیر عوسمان



هزرڤان و داهێنەری بەریتانی جۆرج ئۆروێل مرۆڤ و نووسەرێکی جیاوازو نائاسایی بووە، وەکو هەموو گەنجێکیش ئۆروێل خاوەن سۆزێکی مرۆیی گەورە بووە. لە سەرەتادا لە دژی سیستەمی کۆمەڵایەتی سەردەمەکەی و لەپێناو میللەتەکەی راپەڕیوە و زۆر بەتەنگ شۆڕشی رووسیاو سۆشیالیستییەوە بووە و فیکرو قەڵەمەکەیەوە داکۆکی لێ کردووە و لە پێناویدا دووچاری چەندین مەترسی بۆتەوە. بەڵام هەرزوو هیواو ئاواتەکانی بەشۆڕشی بەلشەفیک تێکدەشکێن، پاش ئەوەی لە جەنگی ناوەخۆی ئەسپانیادا ستالینییەکان ئەو کەتنە گەورەیان بەترۆتسکیەکان کرد. نائومێدی گەورەی جۆرج ئۆروێل بەشۆڕشی رووسیا ناچاری دەکا رۆمانی (کێڵگەی ئاژەڵان) بنووسێ. کە تیایدا جیهانێکی خەیاڵاوی ئاژەڵان دروست دەکاو لەڕێگای ئەوانیشەوە مێژووی شۆڕشی بەلشەفی دەگێڕێتەوە کە چۆن دواتر بە ستەمکاری ستالین دوایی دێت. گۆڤاری - تایم - یش ئەو رۆمانەی وەکو یەکێک لە باشترین (١٠٠) رۆمانی ئینگلیزی ماوەی نێوان (١٩٢٣-٢٠٠٥) لە قەڵەم داوە، لە پۆلین کردنێکیش کە لە دەزگای دێرینی بڵاوکردنەوەی ئەمەریکی (راندۆم هاوس)دا ئەنجام درابوو، ئەو رۆمانە لە ریزی (١٠٠) لە رۆمانە بەناوبانگەکەی سەدەی بیستەم پلەی (٢٣)ی پێ دراوە، لە پۆلینکردنێکی دیکەدا کە هەمان دەزگا لەسەر داوای جەماوەر سازیکردبوو. پلەی (٢١)ەمینی

بەدەستـهێناوە. لەگەڵ ئەوەشدا ڕۆمـانەکـە لەکـاتی بڵاوکــــــردنـەوەیدا لـە زۆر وڵات و لـە چـەنـدین کتێبخـانەدا قـەدەغـەکـرابوو. بەوەی کە ڕۆمـانێکی سیـاسی ترسناکـە. ئـەو ڕۆمـانە کـتێبی (کلیله و دمنه) و چیرۆکە سەیرەکانی بیردەخاتەوە. کە لەسەر زمانی ئاژەڵان لە دارستاندا ڕوودەدەن.

هەرچەنده خوێنەری ڕۆمـانی (کێڵگەی ئاژەڵان) ناتوانێ ئەو لێک چوواندنە گەورەیە فەرامۆشی بکا، کە لەنێوان کەسایەتییەکانی ڕۆمانەکەو هەندێک لە کەسایەتییە ڕاستەقینەکانی ناو شۆڕشی بەلشەفی بەرچاو دەکەون. کاتێک ئۆروێل باخچەی ئاژەڵانی نووسی بەو(پێیەی کە یەکەم کتێبە هەوڵم داوە، بەهۆشیـارییـەکی تەواوەوە سیـاسـەت و ئامـانجـە هونەرییەکە لە کونجێکدا بەیەکەوە کۆبکەمەوە). هەروەک چۆن ئۆروێل لە دەقێکیدا کە لە کتێبی (بۆ دەنووسم)دا ئاماژەی پێکردووە و پاشان سەبارەت بەمەبەست و بارودۆخی نووسینی کێڵگەی ئاژەڵان. دەڵێ «لە ماوەی (١٠) ساڵی دواییدا گەیشتمە دڵنیاییەکی تەواو بەوەی کە دەمامکی خورافەتی سۆڤییەتییەکان لابەرین. ئەمەش مەسەلەیەکە پێویستە ئەگەر بمانەوێ ژیان بۆ بزاڤی سۆشیالیستی بگەڕێنینەوە»، هەروەها درێژەی پێ دەداو دەڵێ (دوای گەڕانەوەم لە ئیسپانیا بۆم دەرکەوت کەوا لە توانامدا هەیە لە چیرۆکێکدا هەقیقەتی خورافەتی سۆڤیەتی ستالینیەت ئاشکرا بکەم، بەوەی کە هەمــوو کـەسێک بەئاسـانی تێی بگات و بشێ بگوازرێتەوە سەر زمانەکانی دیکەش. هەرچەندە گەیاندنی ڕاستییەکان زەحمەت بوو، تا ئەو ڕۆژەی لەو گوندە بچووکەی کە تیایدا دەژیام ڕووداوێکم بینی کە مێردمنداڵێک بەتوندی لە ئەسپەکەی دەدا و بەڕێگایەکی تەسکی دادەبرد. یەکســەر ئەو بیـرۆکەیەم بۆ هات، کـە ئەگەر ئەو ئاژەڵە لەگەڵ بەهێـزییـەکـەی هۆشیــشی هەبووایە، هەرگـیـز نەمـــانـدەتوانی بەســـەریدا زاڵ بین. هەرچی خەڵکەکەشە، چۆن ئەوان گیانلەبەرەکان ئیستیغلال دەکەن، بەهەمـان شێوە دەوڵـەمـەندەکـانیش هەژارە پرۆلیتارییەکان ئیستیغلال دەکەن. بەبۆچوونی فـەیلەسـوفی بەناوبانگ برتراند ڕاسل نووسـینە سیاسییەکانی ئۆروێل، ئەو نووسەرە لە یادەوەریمان بەزیندوویی دەهێڵنەوە، بەتایبەتی ڕۆمانی کێڵگەی ئاژەڵان. ڕاسل ئەو ڕۆمـانەی لەگـەڵ (گەشتـەکـانی گۆلیڤەر)ی نووسەری بەریتانی (جۆناسان سویفت) بەراورد کردووە، بەتایبەت لەو بڕگەیەدا کە باس لە (هۆنیـمنس) دەکـا (ئەو گـەلانەی کـە گـۆلیـڤـەر لە گەشتەکەیدا چاوی پێکەوتوون)و دەڵێ: (لەڕاستیدا ئاژەڵەکـانی ئۆروێل لەوانەش ئەسپـە چاکـەکـەی، بەلێـچـوواندنەکـانی سـویفت ناکـەن، بۆ عـەقڵـە بەستەڵەکییەکان، بەڵام ئۆروێل دوای مردنی شاژنە (ئان) پەیوەندی بە حــیـــزبێکی دوڕاوەوە کــرد، هەردووکیشیان ئازارێکی زۆریان بەدەست شکست هێـنان و ئـومـــێـــد بڕاویدا چەشت: هـەروەها هەردووکیـشـیـان توانیـان ئەو نائومێـدییـەی کـە هەستیان پێدەکرد، بخەنە قاڵبی نووسینێکی توانج لێـدەری گـاڵـتــە ئـامـێــز. لە کـاتێکدا کــە گــاڵـتـەجـارییـەکـانی سـویفت ڕەنگدانەوەی ڕق لێـبـوونەوەیەکی گـەردوونی ئاڵۆزە، لە لای ئۆروێل ناسکییـەکی شارراوە هەیە، ئەو ڕقی لە دوژمنانی ئەو کەسانە دەبێتەوە کە خۆشی دەوێن. بەڵام سویفت تەنها دەتوانێ ئەو کەسانەی خۆش بوێ کە دوژمنی ئەوان کـە خۆی ڕقی لێیـان دەبێـتەوە، لەوەش زیاتر ڕقبوونەوەی سویفت لە هەموو مرۆڤایەتی، لە هەست بەنائومێـدییـەکی گـەورەوە هاتووە. ئەگـەرچی ڕق لێـبـوونەوەی ئۆروێل لە خـیـانەتی ئەو کـەسـانەوە ســەرچاوەی گـرتووە، کــە تەنهــا بەناو خــۆیان بەداکۆکیکەر لە بەها جوانەکانی مرۆڤ لە قەڵەم دەدەن. ئۆروێل بەشداری هیچ کام لە دوڕاندنەکانی سویفت ناکا، لە وتارێکی سەرنجڕاکێشدا لە بارەی (گۆلیڤەر)، ئۆروێل بەدڵنیـایی و پاکییەوە باس لە ئومێدە بچووک و بەها پڕ لە گێلییـەکانی سـویفت دەکا.

جۆرج ئۆرۆیل-ی نووسەر هزرڤانێکی سیاسی و رۆماننووسێکی داهێنەرو رەخنەگرێکی کۆمەلایەتی و وتارنووس و تێکۆشەرێکی مەبدەئی و کەسایەتییەکی ئەخلاقی و کارا بووە، لە مێژووی فیکری بەریتانی و تەنانەت ئەوروپایی بەگشتی. ئۆرۆیل هەر لە منداڵییەوە کەوتبوە ژێر کاریگەری نووسینەکانی (برناردشۆ- سۆمرست مۆم - سامۆیل بتلەر -و سەرجەم بەرهەمەکانی هـ. ج. وێلز دەخوێنێتەوە، وەکۆمبتۆن ماکنزی هەر ئاگری سەرسوڕمان لە ناخی ئیریک بلێری مێردمنداڵدا بەرپا دەکا، دوای ئەوەی رۆمانە سەیرەکەی بەناوی (شەقامی گەندەڵی) دەست دەکەوێ و (٥) زیاتر دەخوێنێتەوە. ئۆرۆیل ئەو ناوە ناسراوە ناڕاستەقینە خواستراوەی - ئیریک بلێر کە لە ٢٥ حوزەیرانی ١٩٠٣ لە گوندی مۆنتهاری لە ویلایەتی پەنجابی هیندستان لە خێزانێکی توێژی ناوەڕاست لە دایک بووە. هەرچەندە بلێر ئەو نازناوەی تەنها لە کاتی نووسینی یەکەم کتێبی بەناوونیشانی (سواڵکردن لە پاریس و لەندەن) بەکارهێناوە. پاشان کتێبی دووەمی بەناونیشانی (رۆژانی بۆرما) بڵاودەکاتەوە. ئینجا رۆمانی (کچی قەشە)و لە ساڵی ١٩٣٦دا رۆمانی با گوڵاڵەی ئەسپید سیسترا هەر لە بەرزیدا بفرن) چاپ دەکا هەر لە هەمان ساڵدا بۆ یەکەمین جاری ژن دەهێنێ و دووکانێکی بچووک دەکاتەوە تا بەڕۆژ کاری تیا بکاو بەشەو خەریکی نووسین بێ. لە کۆتایی ئەو ساڵەشدا روو لە ئیسپانیا دەکات. تا وەکو پەیامنێرێکی رۆژنامەوانی کاربکات و بەرهەمی شارەزاییشی لە شەڕی ئیسپانیا کتێبێک بووە بەناوونیشانی (لە پێناو کاتۆلۆنیادا)، لە کتێبی رێگا بەرەو ویگان بیر- دا ئۆرۆیل بەشێوەیەکی کاتی بۆ رەخنەگرتن لە هەژاری و رژێمی چینایەتی ئینگلیزی و سۆشیالیستی ئاسیای دەگەڕێتەوە و ئەو رەخنە گرتنەشی دواتر لە کتێبە سیاسییەکانیدا بەردەوام دەبێ. ئۆرۆیل لەو کتێبەیدا دەڵێ (ویستوومە لە

هەموو شێوازەکانی باڵادەستی مرۆڤ لەسەر مرۆڤ و بینای کۆمەلایەتیش ئەوسا لە ژێر سایەی ئیدارەی کۆلۆنیالی لە بۆرما لەسەر بنەمای باڵادەستی لەسەر کەسانی تر دامەزرابوو. نەوەک هەر بۆرمییەکان بەڵکو ئینگلیزەکانی چینی کرێکارانیشی هەروابوون، بەرلەوەی دەست بەنووسینی رۆمانە بەناوبانگە جیهانییەکەی بکات (کێڵگەی ئاژەڵان) پەیوەندی بەدەستەی رادیۆی بەریتانیاوە دەکات. پاشان ئەو کارەش جێ دەهێڵێ وەکو نووسەری ئەدەبی لەرۆژنامەی (تریبۆن) دادەمەزرێ. ئۆرۆیل لە ساڵی ١٩٤٠دا دووچاری نەخۆشی (سیل) دەبێ و سەفەری مەغریب دەکات و ماوەیەک لەوێ دەمێنێتەوە و رۆمانی (دەرچوون لە پێناو هەوادا) بڵاودەکاتەوە. لە ساڵی ١٩٤٦یشدا دوا رۆمانی بەناوی (١٩٨٤) چاپ دەکات، کە لەکاتی بڵاوکردنەوەیدا دەنگدانەوەیەکی بەهێزو توند لەسەر گشت ئاستە ئەدەبی و فیکری و سیاسییەکاندا بەرپا کرد. چونکە لێپرسینەوەیەکی توندو لە دژی ستەمکاری و ناڕازی بوونێکی گەورەبوو لە دژی بەفیڕۆدانی کەرامەتی مرۆڤ و زەوتکردنی ئازادییەکانی، تا ئێستاش ئەو دەنگدانەوەیە بە درێژایی ئەو هەموو سەردەمە هەر بەردەوامە. لەو رۆمانەیدا (جۆرج ئۆرۆیل) سەلماندنی کەوا ئەو هەر تەنها نووسەرێکی هەڵکەوتوو نییە، بەڵکو دووپاتی کردەوە کەوا هزرڤانێکی سیاسی گەورەشە، چونکە هەر بەشی کردەوەی فیکری ستەمکاری و روون کردنەوەی شێوازی کارەکانی نەوەستا. بەڵکو تەجاوزی ئەوەشی کردو پێشبینییەکی سەیرو راستی بۆ ئایندەش لە خۆ گرتبوو، بەوەی کە ئەو هزرە ئەگەر هەروەک خۆی بمێنێتەوە، تەنانەت هەندێک وای بۆ چووبوون کەوا ئەوەی کە لە رۆمانەکەدا باسی لێوە دەکرێ، تەواو بەسەر کۆمارەکانی (ترس و بێکاری) وڵاتانی عەرەبیدا دەچەسپێ، زیاتر لەوەی بەسەر هەر کۆمەڵگایەکی تردا بچەسپێ. (عەزیز زیا)ی وەرگێڕی ئەو رۆمانە بۆ زمانی عەرەبی پێی وایە

(سەرباری گەورەیی ئەو ستەمەی کە جۆرج ئۆروێل لە رۆمانەکەیدا باسی لێوە دەکا. بەلام رۆمانەکە بەهەموو وردەکارییە ترسناکەکانییەوە بەبەراورد لەگەڵ ئەوەی کە مرۆڤ لە ژێر سایەی کۆمارەکانی (ترس و بێکاری) تیایدا دەژین، هێشتا لایەنێکی مرۆیی تیا بەدی دەکرێ.

هەروەها (جلال ئەمین) لە کتێبەکەیدا بەناونیشانی (ئەو کەسایەتییانەی کە مێژوویان هەیە)دا دەڵێ: دروستکەرانی سەدەی بیستەم زۆرن، هەر لە ستالینەوە تا هیتلەرو ئەنیشتاین و پیکاسۆ، بەلام کەم لەوانە گوزارشتیان لە ویژدانی ئەو سەدەیە کردووە. ئەوانەی کە رقیان لە توندوتیژی بۆتەوە و سەرزەنشتی جەنگیان کردووە و لە ریزی هەژاراندا وەستاون و بێزیان لە درۆو پڕوپاگەندەی سیاسی بۆتەوە و هەموو دەست درێژییەکیان بۆ سەر کەرامەتی خەڵک رەتکردۆتەوە و هیچ بیانوویەکیان بۆ جیاکردنەوەی نێوان رەش و سپییەکان، یاخود فەزڵکردنی ئەوروپییەکان بەسەر ئاسیایی و ئەفریقییەکان، یا پیاو بەسەر ژندا بەدی نەکردووە، خەونیان بەئایندەیەکی جوان و خۆش بۆ هەموان بینیبێ و بەڕوون و ئاشکراو رەوانییەوە گوزارشتیان لە هەموو ئەو شتانە کردبێ، هەر ئەوانەش ویژدانی سەدەی بیستەمن، کە بێگومان (جۆرج ئۆروێل)یش زۆر لە لوتکەی ئەو لیستەوە نزیکە، بەلیهی- نووسەریش دەڵێ (جۆرج ئۆروێل- پێی وایە ستەمکاری سیاسی یەکەمین بەلایە لە ژیانی مرۆڤایەتیدا، چونکە خەڵک ریسوادەکاو هۆشیان وەلادەنێ و تاکییەتیان ژێر پێ دەخاو زمانیان گۆ دەکاو چەمک و ماناکان بۆ دژەکانیان هەڵدەگێڕێتەوە، لەبەر قبووڵکردنی راستەوخۆو خۆ تەسلیمکردنێکی پڕ لە شەرمەزاری مرۆڤیش بەوانە، ئەو تایبەتمەندییەی خۆی دەدۆڕێنێ، کە خودای گەورە پێی بەخشیوە، بەو دەست خەڕۆکردن و پەراوێزکردن و سڕینەوەیەش، توانا مەزنەکانی مرۆڤ لەناو دەبرێن، بەڵکو لە بەرامبەردا توانا خراپییەکانی پەرە دەستێنن و گەشکردنە مەعریفییەکان دەوەستێ و شارستانیەت روو لە پاشەکشەکردن دەکا. هەروەها ئۆروێل رقی لە توێژە مشەخۆرەکان دەبۆوە و هاوسۆزی رەنجدەران و داکۆکیکەر بوو لە زوڵم لێکراوان، و بەتەواوی خۆی بەلای هەژاراندا دابوو، ئۆروێل خۆی لە دیاردە پووچ و بێ ماناکان بەدوور دەگرت و نەفرەتی لە دوورِوویی دەکردو سووربوو لەسەر ئاشکرایی و بێ دەنگ نەبوون. باوەڕی تەواوی بەیەکسانی مرۆڤەکان هەبوو لە بەرامبەر یاساو هەلی یەکساندا، هەر لە پێناو ئەو باوەڕەشدا خۆی دەخستە هەڵوێستە ترسناکەکانەوە).

جۆرج ئۆروێل لە دوو رۆمانەکەی دواییدا توانی نووسینی سیاسی بکاتە هونەرێک بەوشێوەیەی کە خۆی مەبەستی بووە، لە وتارێکیشیدا بەناوی (بۆ دەنووسی) گوزارشتی لەوە کردووە. مایەوە ئاماژە بەوە بکەین کەوا (جۆرج ئۆروێل) لە پێگەیاندنی خۆی و دروستبوونی پێکهاتە هزری و مەعریفییەکانیدا زۆر بەتواناو جەربەزە بووە، چونکە لە خوێندندا لە قۆناغە دواناوەندی بەسەرەوەی نەخوێندبوو، لە ساڵی (١٩٥٠)دا بیبریاری داهێنەر لە تەمەنی (٤٧) ساڵیدا کۆچی دوایی کرد، پاش ئەوەی بەرهەمەکانی هەموو دونیایان مژوڵ کرد.

تێکرای ئەو تەمەنەشی لە خەباتکردن و هەژاری و ئازارو برسیەتی و دەربەدەریدا بەسەر برد، بەلام هیچ کام لەمانە لە گوروتین و ئیرادە بەهێزەکەیان کەم نەکردەوە و لە بەجێگەیاندنی ئەرکەکانی لە ژیاندا وەکو مرۆڤ و وەکو رۆشنبیرێکی راستەقینەی مولتەزیم ساردیان نەکردەوە.

* **سەرچاوە**
www.kwtanweer.com

# چەند سەرنجێک لەبارەی شێوازی کورتەچیرۆک

ئەکرەم کوردی
و: کاوێس محەمەد

کورتەچیرۆک کۆمەڵێک رەگەزی گرنگ لەخۆدەگرێ کە بەیەکەوەو بەتێک چڕژاوی کاردەکەن بۆ ئەوەی لە کۆتاییدا ئەم پێکهاتە ئەفرێنراوەی مرۆڤایەتی لێ دەربچێ، لافی ئەوە لێ نادەین کە هەندێ کەس توانای بنەماو رێسادانانی هونەریان هەیە، چونکە هونەر خۆی لە چوارچێوە بەندی و هەوڵی دەستەمۆکردن بەدوور دەگرێ، بەڵام لێرەدا هەوڵدەدەین لەسەر گرنگترین رەگەزو پێکهاتەکانی هونەری چیرۆک بوەستین کە جوانی زیاتری پێدەبەخشن. (ئەدگار ئالان پۆ) لە پێناسەکردنی کورتە چیرۆکدا لە یەکێتی سەرنج دەستپێدەکات و پێی وایە لە یەک دانشتندا دەخوێندرێتەوە. وە(سومەرت مۆم) رای وایە «پارچەیەک لە خەیاڵ»ەو (فۆرستەر) جەخت لەسەر حکایەت دەکاتەوە، هەروەها مۆزلی ژمارەی وشەکانی لا مەبەستە. وە«هیدسۆن» دەڵێ:

ئەوەی کاری هونەرمەند دەکاتە چیرۆک «یەکێتی هونەرییە» شوکری عەیاد پێی وایە کورتەچیرۆک چەند رووداوی دەگێڕێتەوە کە بەپێی کاتی روودانیان روویانداوەو هۆکار بۆ روودانیان هەیە. کەچی رەخنەگری ئێرلەندی«فرانگ ئوکۆنۆر» لەگەڵ(حەسەن ئەلیافی) یەک دەگرێتەوەو پێی وایە نووسێنێکی نزیک لە قەسیدەی شیعرییە لەرووی دەوڵەمەندبوون بەبیروڕاو هۆشیاری بوونی بەتاکێتی مرۆڤایەتی.. بۆیە ئەگەر نەختێ سەیری ئەم هەموو پێناسانە بکەین بۆمان دەردەکەوێ کە هەر یەکێ لەوانە پشت بەیەکێ یا پتر لە تایبەتمەندییەکانی کورتەچیرۆک دەبەستێ بۆ ئەوەی لە کۆتاییدا بگاتە پێناسەیەکی هەمەلایەن.. بۆ نموونە یەکێتی سەرنج یا کورتی دەربڕین بەکەمترین ژمارەی وشە یا

خوێندنەوە لە یەک دانشتندا، یا گێڕانەوە یا شاعیرییەت ئەمانە هەموویان سیمای جیاکەرەوەن و کورتەچیرۆک لێیان بێبەش نییە.

وە ئەگەر پێویست بێ پێناسەکردنەکە لەسەر تایبەتمەندی ئەنجام بدرێ ئەوا چاکترە کۆکراوەی هەموویان بێ، یەکێتی سەرنج خۆی لە خۆیدا مەسەلەیەکی نسبییەو رەنگە تەنیا تایبەت نەبێ بەکورتەچیرۆک، چونکە کاریگەری لە نوکتەو خاتیرەو قەسیدەی شیعریشدا هەر هەیە. ئەی بۆ رۆمانیش ئەم کاریگەرییە بەسەر زەینی خوێنەرەوە جێنەهێڵێ و نەتوانێ بەئاسانی لە پانتاییەکی کراوەی زەینیدا بیجوڵێنێ؟

ژمارەی وشە مەسەلەیەکی لاوەکییە بەرامبەر بونیادی هونەری، وە رەنگە کۆمەڵێ بەرهەم بخوێنێتەوە کە لەڕووی ژمارەی وشەکانییەوە لە قەوارەی چیرۆکدابن، وە لەوانەشە پتر بەلای رۆماندا بچن نەک چیرۆک.

گومانی تێدانییە کە خەستکردنەوەو چڕکردنەوە دەتوانن چرکەساتێکی هاکەزایی لە ژیاندا وێنە بکێشن و نەهێڵن بەش بەش و درێژ دادڕی شوێنیان ببێتەوە. ئەمە وا لە چیرۆکنووس دەکات کە هەموو وشەو دەستەواژەیەکی ناپێویست وەلابنێ، هەروەها لە هەموو ئەو شتانەی گرانی دەخەنە سەر گرێ چنی چیرۆک و بەحەشو دێنە بەرچاو کە دەقەکەو کارتێکردنە جوانییەکەی لاواز دەکەن دوورکەوێتەوە.

خۆ ئەگەر چیرۆک پارچەیەک لە خەیاڵ بێت ئەوا ئەمە شتێکی سەرەتاییە، بەڵام لەوە سەرەتاییتر، ئەوەیە کە ئەم رەگەزەی خەیاڵە تەنیا تایبەت بەچیرۆک نییە و لە بەرهەمەکانی دیکەش هەیە؟ خۆی خەیاڵ نیشانەی هەموو بەرهەمێکی سەرکەوتووەو لە نەبوونیدا ئەدەب هیچ مانایەکی نامێنێ.. بەم جۆرە ئەوە دەردەکەوێ کە وەرگرتنی تەنیا یەک تایبەتمەندی بۆ پێناسەکردنی کورتەچیرۆک- هەتا ئەگەر دیارترینیشیان بێ- ئەوا کەموکورتی پێوە دیاردەبێ و مەبەستی دیارکراو ناگەیەنێ. لەوانەیە توێژەری مەغریبی«ئەحمەد مدینی» یەکێک بێ لەو کەسانەی هەستی بەکەموکورتی هەر یەکێ لەم پێناسانەی پێشوو کردبێ کە بەجیاجیا وەرگیراون.. بۆیە لەنێوان هەموو ئەمانە پێناسەیەکی پێشکەش کردووەو بەگشتی دەڵێ: کورتەچیرۆک پانتاییکی دیاریکراوی ژیان وەردەگرێ و هەوڵدەدات سوچەکانی رووناک بکاتەوە، یا چارەی چرکەساتێ یا هەڵوێستی دەکات و بەناوەوەیدا شۆڕدەبێتەوەو یەک کارتێکردن یا یەک سەرنجی دیاریکراو لە دەروونی خوێنەر



**ئەدگار ئالان پۆ**

جـێــدیلێ، ئەمــەش لەڕێی خـەســتکردنەوەو کـورتکردنەوە لە دەربڕین و ئامـرازە هونەرییـەکـانی دیکە کـە کـورتەچیـرۆک بۆ بونیـادی گـشـتی خـۆی پێویستییەتی، کە یەکەی هونەری تێیدا مەرجێکە ناکـرێ پشـتگوێ بخـرێ. هەروەها کـورتەچیـرۆک توانای باشی بۆ ئیحابەخشین و چوونە ناو وێژدانی خوێنەرەوە هەیە، ئەگەر هاتوو لە روئیـای شیـعری نزیک کەوتەوە).

هەروەها چیرۆک زمانە: ڕووداوێکی چێژبەخشەو دەگێڕدرێتەوە یا دەنووسرێ، مەبەست لە نووسینی یا گـێـڕانەوەی رازیکردن یا سـوودبەخـشـینە. لەژێر رۆشنایی ئەم چەمکە دەلالیـەدا چیـرۆک ڕووداوێک بەزمـانێکی ئەدەبی بەرز لەڕێی گـێـڕەوە یا نووسین باس دەکـات و مـەبەست لێی سـوودگـەیاندن یا خـەڵقکردنی چێـژێکە لە دەروونی خـوێنەر لەڕێی شێـوازو یەکگرتنی ڕووداو کـەشوهەوا خـەیالّی و واقیـعـیـیـەکـەیەوە. چیـرۆکیش لای نووسـەری ئینگلیزی هـ. تشارلتۆن ئەگەر وێنای واقیع نەکات بۆی نییە بەهونەر دابنرێ.

**ڕووداو:**

کـورتەچیـرۆک تەنیـا یەک ڕووداو لەخـۆدەگـرێ، لەوانە بەوێنەکـێشـانی چرکـەسـاتێکی هەسـتی کە لەڕووداوەوە هەڵقـــوڵاوەو ئەم ڕووداوە بەڕاســـتی روویداوە یا پێشبینی ڕوودانی لێ دەکرێ ئیکتیـفا بکات. رەنگە خـوێنەریش ئەگـەر لە خـوێندنەوەی چیرۆکەکەدا تەواو بوو تووشی سەرسوڕمان نەبێ، ئەگـەر هاتوو ڕووداوی تێدا نەبینێ، چونکە دەشێ تەنیا وێنەیەک یا دەستنیشـانکردنی حاڵەتێک یا گەشتێکی هاکەزایی بێ لە قووڵایی کارئەکتەردا، بەڵام لەبەرئەوەی کورتەچیرۆک بەپێچەوانەی رۆمان تیـــشـک دەخـــاتە ســـەر یەک کـەســـایەتی و ئەم کەسایەتییە تەوەرو سەرەتای دەستپێکردنە، ئەوا پێویستە کارئەکتەری دی تێدا هەبێ کە خزمەتی درامی بەم کەسایەتییە بگەیێنێ، وەک لە ماوەی ئەم تێکەڵبوون و تێکچرژانەدا بۆمان دەردەکەوێ لێرەدا گرنگی ڕووداو و گـرنگی ئەوەی کـە بەڕاسـتی دەبێ بەهێـزو زۆر چڕو سـەلیس و تەواو دەربڕێ حـاڵەتی ناوەوەی کارەئەکتەرەکان بێ، چونکە خوێنەر ئەگەر ڕووداوێکی کاریگەرو گرنگی لە چیرۆکدا نەبینی لە بەدواداچوونی دووردەکـەوێتـەوەو هەست دەکـات پاڵنەرێکی گـــرنگی لەدەست داوە کـــە ئەویش ڕووداوە... ڕووداویش کارێکە دەبێ بەکەمترین وشە تەعـبـیــری لێ بکەین. وە بۆمــان هەیە لەڕێی هەوڵدانمان بۆ تەعبیرکردن لە فـەحوای چیرۆکـەکە بەکـەمــترین وشــە بەڕووداو بزانین.. ئەوەتا لە چیرۆکی(فـارکونیت) دەتوانین بڵێین گرتنی باوکی خێزانەکەیەو ئەو نیگەرانییـەی لە ئەنجامی ئەمەدا تووشی ئەم خـێـزانە دێت ڕووداوەکـەیە. هەرچی لە(بیت من لحم)ە. ڕووداوەکـەی بریتـیـیـە لەو ئارەزووە چەپێنراوەو گـەرمـوگـوڕانەی کـە لەناو دەروونی مـرۆڤـایەتی لە ملمـلانێ دان یا دەکـرێ بڵێین:«سێبەری پیاو نەک سێبەری دیوار» وەک مسرییـەکان دەڵێن. بەوتەی ئاندروسۆن ئەمبێرتی رەخنەگـری ئەرژەنتـینیش کـۆتایی پێ دێنین کـاتێ لەبارەی«یەکێتی نەغمەیەکی بەهێزو ژمارەیەکی کەم لە کەسایەتییەکان و هەڵوێستێ دەدوێ کە چاوەڕێی دەکەین گرێکەی

بکرێتەوە. وە چیرۆکنووس کۆتاییەکەی وا دادەنێ لە هیکراو لە چرکەساتێکی بنبڕکەر دەربکەوێ»

**چڕکردنەوەو کورتکردنەوە**

دانانی بناغـەی کـورتەچیـرۆک لە یەکـەمین وشـە دەستپێدەکات کە لەگەڵیدا چیرۆکنووس ڕاستەوخۆ

بەرەو ئامانجەکەی دەڕوات. ئەم سەرەتاییەش هەڵگری زۆری روئیای رۆحی کارەکەیە، بۆیە پێویستە سەرەتا سەرنجراکێش و پاڵنەربێ بۆ خوێنەر تا لە خوێندنەوە بەردەوام بێ و لە ماهییەتی ئەم چیرۆکە بزانێ.. دەبێ بەرهەمەکە پتەو چڕبێ و لە هەموو گێرانەوەیەکی ناپێویست بەدووربێ کە بەرهەمەکە خاودەکاتەوە. وە لەوانەیە وتەکەی یووسف ئیدریس باشترین بەڵگە بێ بۆ ئەمە کاتێ دەڵێ: کورتە چیرۆک وەک گوللە وایە کە راستەوخۆ بەرەو ئامانجەکەی دەچێ. بۆیە پێویستە بەرهەم پتەو چڕبێ لە یەکەیەکی ئۆرگانی تەواودا کۆبێتەوەو بناغەیەکی پتەوی هەبێ، وە نووسەر بەشێوەیەکی رێک رەگەزەکانی گربێتە دەست بۆ ئەوەی بتوانێ بەوردی و راستگۆیی ئەوەی لەناخیدایە بیخاتە سەر کاغەز و بەئاسانی و راستگۆیی بیگەیێنێتە خوێنەر، بۆیە دەبێ سەرەتاو کۆتایی و رووداو پلەیەکی بەرزی چڕکردنەوەو خستیان پێوە دیاربێ. لە کورتە چیرۆکدا هیچ شوێنێک بۆ وشەی زیاد کە خزمەتی ئامانجی سەرەکی نووسەر ناکات نییە، ئەمەش مانای ئەوە نییە کە چیرۆکنووس پێشوەخت بۆ خۆی تەنیا یەک ئامانجی دیارکردبێ بۆ ئەوەی بیرۆکەی چیرۆکەکە بۆی بڕوات و نەتوانێ بۆ هەمیشە لێی دەربچێ، بەڵکو کارەکە پەیوەندی بە یەکێتی حاڵەتی هەستی نووسەرەوە هەیە کەوا لە خوێنەر دەکات پاش تەواوبوونی لە خوێندنەوەی چیرۆکەکە بگاتە ئەوەی کە ئەو کۆتاییەی نووسەر پێی گەیشتووە تەنیا لەو سیاقەدا دەبینرێ کە خزمەتی کردووە. ئەوەتا ئەدگار ئالان پۆ ئەمە وا وەسفدەکات و دەڵێ: «نابێ هیچ وشەیەک بنووسرێ کە خزمەتی ئامانجی نووسەر نەکات» دەکرێ ئەم چڕکردنەوەو کورتکردنەوەیە لەو چیرۆکانەی لە جوانترین کتێبدا نووسراون ئاماژە پێ بدەین، کە لە زۆربەیان هیچ وەسفێکیان تێدا نییە خزمەتی ئامانجی نووسەر نەکات، هەروەها هیچ کارئەکتەرێکی وایان تێدا نییە کە ئەگەر لاببردرێن سیاقەکە تێک بچێ. باشترین وێنەی چڕکردنەوەو خەستکردنەوەش لەسەر ئاستی زماندا ئەنجام دەدرێ و بەقەدەر توانا نووسەر زمانی چیرۆکەکەی لە هەموو ئەو زیادانە پاکدەکاتەوە کە خزمەتی ئامانجە هونەرییەکەی ناکات.

**کات و شوێن لە کورتە چیرۆکدا**

لە کورتە چیرۆکدا دەکرێ یەکێ لە شێوازو دەلالەتەکان کە زۆرێک لە رەگەزەکان روونبکاتەوە وەک کات و شوێن بەکار بهێنرێ.. وە ئەوەی تایبەت بێ بەکاتەوە، ئەوا دیارکردنی سەردەمێکی مێژوویی دیارکراو - سەرەتای سەدەی نۆزدە بۆ نموونە زامنکەرە بۆ باسکردنی لە چیرۆکداو گواستنەوەی خوێنەر بۆ جیهانێکی دیکە(-) هەر ئەو زامنکەرە -(ئەگەر نووسەر ویستی خوێنەر بۆ جیهانێکی تایبەت بەفێرکردنی ئایینی و وەرشەو پیشە بچووکەکان و ئەو ئاسوودەیی و هیوا کەم و خەونە ئاسایییانەی باڵ بەسەر خەڵکدا دەکێشن بگوازرێتەوە). کەواتە تەنیا کات توانی چەند رەهەندێکی ناکۆتا بخاتە سەر چیرۆک. نموونەیەکی دیکە ئەو کاتەی نووسەر قسە لەسەر سەعات سێی نیوەشەو دەکات خوێنەر بۆ دنیای ترس و تۆقین و کاری ناشەرعی و سۆزانی و دزەکان، یا بۆ لای باوەڕدارو تەسبیحەکانیان، یا بۆ لای ئەو دایکەی نیگەرانە لە نەخۆشی منداڵەکەی، یا نەگەڕانەوەی مێردەکەی کە دواکەوتووەو نەهاتۆتەوە. سەبارەت بەشوێنیش ئەوا لەرێی بەکارهێنانی ئامرازی

گێڕانەوەوە دەتوانم بەماهییەتی شوێنەکە بزانم کە رووداوی چیرۆکەکە لێی روودەدات - ئایا شوێنەکەی داخراوە، بەدیوارو بنمیچ گیراوە، یا شوێنێکی کراوەی والآیە؟ ئایا کەوتۆتە کەنار دەریایێ یا سەر فرۆکەیەک؟.. تا دوایی- ئەمە رۆڵێکی گرنگ لە ئامادەکردنی کەشوهەوای تایبەتی بۆ خوێنەر دەگێڕێ، بەتایبەتی ئەگەر چیرۆکنووس ئامرازی وەسفکردنی چاکی لە بەردەستدابێ. کات و شوێنیش تاڕادەیەکی زۆر پەیوەستن بەکاری چیرۆکنووسییەوە.. ئەوەتا لەو نموونانەی بۆ کات هێنامانەوە شەو: خوێنەر ناتوانێ بەئاراستەی چیرۆکێ بزانێ ئەگەر بەشوێنی ئەم کاتە نەزانێ: ئایا لە جادەیەکی تاریکە، یا لە خانوویێکی هەژارانە، یا لە مۆڵگەی چەتەگەری؟ بەپیادەکردنی ئەمە بەسەر چیرۆکی«فارکۆنێت»دا دەتوانین بڵێین: ئەم رستەیەی لە سەرەتادا کات دیاری دەکات «گرەگری ئۆتۆمبێلەکە بێ دەنگی شەو دەشێوێنێ» چیرۆکنووس یەکسەر توانی بۆ جیهانی چیرۆکەکە بمانبات و بمانخاتە ناو کەشوهەواکەی.

**رەمز لە کورتە چیرۆکدا**

لە زۆر حاڵەتدا چیرۆکنووس پەنادەباتە بەر رەمز، لەوانە وەک نموونە ئەگەر چیرۆکەکە بەدەوری رەمزییەتدا سوڕایەوە ئەوا بەرەو فەلسەفەو غەیبییات دەچێ، بەڵام لەو حاڵەتانەی نووسەر بەناچاری پەنا دەباتە بەر رەمز ئەو کاتەیە کە نووسەر رووبەڕووی یا بەرپەرچی جۆرێک لە کۆسپەکان دەداتەوە، بەتایبەتی کاتێ رووبەڕووی سێ (تاپۆکان) دەبێتەوە کە لەبەردەم هەموو نووسەرێکدا دەوەستنەوە، ئەویش(سیاسەت، ئایین، سێکس)ـە. زۆر نووسەریش هەن توانیویانە بەزیرەکی مامەڵە لەگەڵ ئەم «تاپۆیانە» بکەن، رەنگە چاکترین نموونەش لە مێژووی ئەدەبیمان کتێبی کلیلەو دەمنەی زانا بەیدەبا بێ، کە کۆمەڵێک چیرۆکن- حیکایەتن- لەسەر زمانی باڵندەو گیاندارەوە دەیانگێڕێتەوە، بەڵام لەبنەڕەتدا جۆرێکن لە رەخنەگرتن لەو کۆمەڵگایەو ئەوکاتەی نووسەر تێیدا دەژی..

لەبەرئەوەی کورتە چیرۆک یەکێکە لە لەپێشترین ئەو جۆرە ئەدەبیانەی پتر کارتێکەرو کارلێکراوە بەجۆرە ئەدەبییەکانی دیکە بۆیە سوودی لە ئامرازەکانی شانۆ وەک سێبەرو گەمەکردن بەڕووناکی وەرگرتووە.. زۆر نموونەی دیکەش هەن بۆ گرنگی بەکارهێنانی رەمز لە کورتە چیرۆکدا، بەڵام روونترینییان ئەوەیە کە پەنابردنەبەر رەمز بەشێوەیەکی بەرفراوان، زۆرێک لە جوانی بەرهەمەکە دەکوژێ، بەتایبەتی ئەو کەسەی تازە هەنگاو لەسەر رێگای داهێناندا دادەنێ.. بەڵام گرنگە ئەوەیە کە نووسەری زیرەکی ئیحابەخش دەتوانێ بەرهەمەکەی بە بەکارهێنانی رەمز دەوڵەمەند بکات و هەموو وشەیەک کە دەبێ بە«هەڵگری چەند روخسارێ و یەک روخساری دیارکراو نیشانی هەموومان دەدات، لە هەمان کاتیش روخسارێکی قووڵتر دەبەخشێ کە تەنیا چێژوەرگری چاک دەتوانێ درکی پێ بکات، کە دەتوانین ناوی بنێین: فرەیی ئاستەکانی دەقدا

**سەرچاوە:**
**لە ئینتەرنێتەوە**

**هەڤپەیڤین**

# عەتا محەممەد: بوون بەفەرمانبەری نووسین یەکێکە لە مەترسییەکانی بەردەوام نووسین

دیمانە: خێلان ئەحمەد



**عەتا محەممەد چیرۆکنووسێکی قەڵەم بەبڕشتە سەرباری کەم ئەزموونی خۆی لەبواری نووسینی چیرۆکدا، بەڵام زوو توانی داهێنانی ئەدەبی خۆی بسەلمێنێ. هاوکارمان سۆران عەزیز رووبەڕووی چەند پرسیارێکی کردەوە.**

*** با لە چییەتی چیرۆک بپرسین، ئایا چیرۆک چییە؟**

**عەتا محەممەد:** دوو ئاستی قسەکردن هەیە کە یەکێکیان قسەکردنە لە گێڕانەوە بەگشتی و ئەوی تریشیان چیرۆکە، کە زیاتر لەسەردەمی باڵادەستبوونی عەقڵدا، پەیدا دەبێت. ئەگەر قسەکردن لەسەر چیرۆک بێت ئەوا لای من چیرۆک بریتییە لە دۆزینەوەی گۆشەنیگایەکی دیکە بۆ بینینی ژیان و جیهان لە لایەن تاکەوە. بەمانایەکی تر ئەو مێژووە ئەندێشەییەیە کە تاک دەینووسێتەوە.

*** ئەو بنەمایانە چین وادەکەن چێژ لەچیرۆک ببینین؟**

**عەتا محەممەد:** لەسەردەمی حیکایەتەکانەوە سەیروسەمەرەیی و سەرسامکردن، دوو بنەمان کە گێڕانەوە لەسەری وەستاوە. ئەمەش هەروا ئاسان

نایەتە دی، ئەگەر چیرۆکنووس کۆی پەیوەندیی نێوان رەگەزەکان تێکنەدات و بەجۆرێکی تر رێکیان نەخاتەوە. من هەمیشە چێژ لەو چیرۆکانە دەبینم کە هەوڵدەدات شتێکم پێبڵێت کە من ئەندێشەم نەکردووە. توانای چێژکردنی ئەوانەشم نییە کە هەوڵدەدات واقیع بگوازێتەوە. چونکە من بۆم گرنگە ئەو چیرۆکنووسە وەک تاک، چۆن دنیا دەبینێت. بەهەزاران دەربازبووی رووداوی ئەنفال، یەک چیرۆک دەگێرنەوە کە چیرۆکی ئازارو ئەشکەنجەیانە، کاتێک چیرۆکنووسیش بەهەمان کار هەستێتو بیەوێت گێرانەوەی ئەم درێژکراوەی ئەوان بێت، ئەوا هیچی نەکردووە جگە لە نووسینەوەی حیکایەتی ئەوان بە بینینی ئەوان. هەربۆیە چیرۆکنووس دەبێت تووشی سەرسامیمان بکات، گەورەتر یاخود جیاوازتر لەوەی دەربازبووەکان.

*** گەر بگەڕێینەوە بۆ مێژوو، چیرۆکی کوردی یان ئەدەبی کوردی وەک هەبوویەک هەبووەو هەیە، بەدیدی بیبلۆگرافیانەو بەردەوام هەوڵی سەلماندنی خۆی داوە، بەڵام ئەوەی جێی پرسیارە ئەوەیە کە لەگەڵ ئەوەی بەردەوام ئەوەندەی هەوڵی سەلماندنی داوە، ئەوەندە هەوڵی ئەوەی نەداوە پرسیاری جدی بێنێتە ئاراوە. بۆ نموونە نەیتوانیوە پرسیار لەخەسڵەت و گرفتەکانی ئەوکاتی مرۆڤی کورد بێنێتە ئاراوە.ئایا نەبوونی پرسیار لەئەدەبیاتی کوردیدا هۆکارەکەی چییە؟**

**عەتا محەمەد:** گرفتێکی گەورە کە ئێمە بەردەوام تێیدا دەژین، ئەوەیە کە هەمیشە دەبێت میراتگری ئەو مێژووە بین کە لە پشتمانەوە وەستاوە. چیرۆکنووس دەبێت قسەی هەبێت لەسەر کۆی چیرۆکی کوردی، بۆ وێنەکێش و بوارەکانی تریش ئەمە هەر راستە. بەڵام ئەمە دەگمەنە لە دنیای دەرەوەدا، چونکە هەرکەسەو کاری خۆی دەکات، لەوساتەی تێیدا دەژی. بۆ نموونە زەحمەتە بە چیرۆکنووسێکی فەرەنسی بڵێیت رات چییە بەرامبەر چیرۆکی فەرەنسی. یاخود باری وێنەکێشانی ئەڵمانی چۆن دەبینیت. چونکە چەندین ئەزموون بەشدارە تێیدا. ترسناکی ئەم دیدە لە دوو گرفتی سەرەکییەوە دێت، کە یەکەمیان دروستنەبوونی ئینسانە وەک تاک، تۆ کە چیرۆک دەنووسیت، خۆبەخۆ دەبیتە گەرووی کۆمەڵگاکەت. دەبیتە گوزارشتکار لە کۆمەڵگاکەت، نەوەک ئینسانێک کە رستەیەکی خۆی هەیەو دەیەوێت لە ژیاندا بیڵێت و بڕوات، تەنانەت کێشەو ئازاری پاڵەوانەکەت، کورتکراوەی کێشەی چین یاخود نەتەوە یاخود کۆمەڵگاکەتە. دووهەم گرفتیش سەبارەت بەخوێنەرە، کە لە دنیای ئێمەدا ئەو جۆرە لەخوێنەر دروستکراوە کە دەق وەک ئاوێنەی خۆی و واقیع دەبینێت. دەتوانین مێژووی ئەم دوو گرفتە بدۆزینەوە، کە لەگەڵ هاتنە ناوەوەی ئایدۆلۆژیا، ئەم دوو گرفتە بە قورسی دەردەکەون و چیرۆک بە وەزیفەیەک بار دەکرێت کە وەزیفەی ئایدۆلۆژیاو خەباتی سیاسییە. ترسناکییش لەو نێوەندەدا ئەوەیە کە تاک غیابی هەیە. ئەمەش وادەکات پرسیارەکان، بەجۆرێک پابەندبن بە کایە سیاسییەکەوە. هەرکاتێکیش کە گۆڕانکاری لە فەزای سیاسیدا رووبدات، خۆبەخۆ ئەو دەقانە دەبنە یادگاری، چونکە لە بنچینەدا غەمیان، غەمێک نەبووە لە پرسیاری جەوهەری و وجودییەوە سەرچاوەی گرتبێت.

*** چۆن دەتوانین ئەو فەزا فێلاویانە ئاشکرا بکەین کە چیرۆک یاری تێدا دەکات، بەتایبەت چیرۆکی**

کوردی؟

**عەتا محەمەد:** من وەک پێشتر وتم، نامەوێت میراتگری ئەو رابردووە بم، چونکە کەسێکم دەمەوێت لەم ساتەدا، لە رێگای چیرۆکەوە هەندێک شت بڵێم. هەربۆیە ئەگەر ئێمە قسەیەکمان هەبێت لەسەر ئەو رابردووە، ئەوا دەبێت لە کارەکانماندا رەنگبداتەوە. بەڵام من وەک خوێنەرێک، کە لە رێگای کتێبەوە بەدوای مانای دیکەدا دەگەڕێت و دەق وەک جیهانێکی سەربەخۆ وێنادەکات، ئەو مافە بەخۆم دەدەم کە چەند تێبینیەک بڵێم. خاڵی سەرەکی کێشەی هێنانی تەکنیکە. بەوەی لە قۆناغێکدا، چیرۆکی کوردی بەو گرفتەوە سەرقاڵ دەکرێت، نەوەک جیاواز بینینی ژیان و جیهان. ئەمەش زاراوەیەک لەگەڵ خۆیدا دەهێنێت، کە دیارە وەرگیراوە، ئەویش چیرۆکی هونەرییە. دیارە ئەوەی نەچووە ژێر ئەو پێناسەیەوە، دەبێت بە چیرۆکی ناهونەریی. پاشان لە زۆر چیرۆکدا، دیدگای چیرۆکنووس لە ئاسۆی کەسی حزبی و ئایدۆلۆجی تێپەڕناکات و دەبێتە گوزارشتکەر لە خولیای سیاسییانە. هەروەها سڕینەوەی سنووری نێوان تاکو کۆمەڵگە، بەوەی پاڵەوان دەبێتە کورتکراوەی نەتەوە یاخود چین. گواستنەوەی واقیع بۆ ناو دەق، کە وادەکات دەق بە رادەی نزیکبوونی لە ئاستی واقیعەوە پێوانەبکرێت. نەوەک دەق ببێتە کەشفکاری واقیع. دەتوانین گرفتی دروستنەبوونی تاکو بینینی تاک بۆ دنیا، بە کێشەیەکی بنەڕەتیی دابنێین.

*** پێتوایە لەمێژووی ئەدەبی کوردیدا، چەمکی داهێنان، مێژوویەکی درۆزنانەی بۆ بەرهەم هێناوین، ئەوەندە کەسی نووسەر بایەخی بەوەداوە وەک ئەدیبێک یان وەک داهێنەرێک بناسرێت، ئەوەندە گرنگی بەداهێنانی دەقی جدی نەداوە؟**

**عەتا محەمەد:** ئەمە یەکێکی ترە لەو گرفتانەی کە پێشتر باسمانکرد. گرفتی ئەوەی چیرۆکنووس ئەوەندەی لەخەمی ئەوەدا بووە کە کارێک بکات، کە پێشتر نەکرابێت، دیارە لەدنیای نووسینی کوردیدا، ئەوەندە لەخەمی ئەوەدا نەبووە کە هەوڵی بنیاتنانی دیدێکی تر بدات بۆ جیهان. ئێمە حیکایەتەکانی یەکەمین بەکارهێنانی راناوی کەسی دووهەم و مەنەلۆگ و... دەزانین، لە کاتێکدا پرسیارەکە ئەوەیە ئایا هەریەکێک لەو رەگەزانە توانیویەتی شتێکی جیاوازی پێبدۆزرێتەوە یا نا. دیارە (داهێنان) کورتترین رێگایە بۆ بوون بە داهێنەر لە دنیای ئێمەدا، چونکە دەرگا لە پرسیار دادەخات، پرسیار لەو مانایانەی دەق بەرهەمی دەهێنێت. بۆ نمونە دەکرێ دەقێک بنووسیت کە لە شێوەی بازنەدا نووسیبێتتەوەو بانگەشەی ئەوە بکەیت کە یەکەم کەسیت ئەو کارەت کردووەو داهێنەری ئەو جۆرە لە نووسینیت و ئیتر تەواو. بەهەمان شێوە تەنها هێنانی راناوێک، بەسە بۆ ئەوەی کلیلی داهێنانت بداتێ. لە هەردوو بارەکەدا ئەوەی غیابی هەیە، ئەوەیە کە پرسیار لەوە ناکرێت ئەو دەقە دەیەوێت چی بڵێت. بەبڕوای من چەمکی داهێنان لە دنیای ئێمەدا، چەمکێکی بێگوناه نییەو راستەوخۆ بەرپرسە لە کوشتنی مانا. ئایا ئامادەیی مەحوی تا ئێستا، دەگەڕێتەوە بۆ داهێنانی ئەو لە شیعرداو تێکشکاندنی کێش و سیستمی شیعریی عەروز، یاخود بۆ ئەو دیدە جیاوازو قوڵەی ئەو هەیەتی لە شیعرەکانیدا؟ لەکاتێکدا مەحوی داهێنەر نییە بەو مانایەی کارێکی کردبێت کە پێشتر نەکرابێت.

*** ئێمە زۆر کەسمان هەن لە زانکۆکاندا نامەیەکی**

**ئەدەبی دەنووسن، تەنها بۆ بەدەستهێنانی شەهادەیەک، دوای ئەوەی کە دەبێتە مامۆستا، توانای لێکۆڵینەوەیان زۆر کەمە، بۆ ئەمەیان چی دەڵێیت؟**

**عەتا محەمەد:** بەپلەی یەکەم گوناهێک هەبێت ئەوەیە کە زانکۆ جێگای کوشتنی پرسیارە. کە پرسیاریش نەبوو، شتێک نییە بەناوی (گەڕان)ەوە لای ئینسان. تۆ کە پرسیارێکت نەبێت ئیتر بەدوای چیدا دەگەڕێیت. ئەمەش وادەکات کە دنیای ئێمە، چ لە زانکۆ، چ لەدەرەوەی زانکۆ، بۆ نمونە زۆرێک لە رۆژنامەو پاشکۆو گۆڤاریش پڕبێت لە فەرمانبەری نووسین، ئەو فەرمانبەرەی بێ غەم دەتوانێت بەناوی نووسینەوە، بژی و پرسیارێکی نەبێت و لاپەڕە رەش بکاتەوەو تەحەکومیش بەسەر ئەو ناوەندەوە بکات. پاشان ئەوەمان بیرنەچێت لە دنیای ئێمەدا بوون بەنووسەر، چێژێکی زۆری هەیە. دەزانی ئەگەر وەک هەر وڵات و نەتەوەیەکی تر، خانەی بڵاوکردنەوەی ئەهلی وجودی هەبوایەو نووسین لە مووچە برینەوە دەربازبکرایە، ئەوکاتە نووسین رووبەڕووی ئەو پرسیارە سەختە دەبووەوە کە (بۆ دەنووسم)ە. بەکورتی بوون بەفەرمانبەری نووسین، لە دەرەوەی زانکۆش، یەکێکە لە مەترسییەکانی بەردەم نووسین.

*** دەقی رەخنەیی ئەوەندەی خوێندنەوەو تێگەیشتن و دواندن و هێماو ئاماژەکانی نێو دەقە ئەدەبییەکەیە، کەچی لای ئێمە رەخنە ئەوەندەی دەپەرژێتە سەر کەسایەتی نووسەر، ئەوەندە گرنگی بەکەسایەتی دەق نادات. ئەم دوو ئاراستەیە چۆن هەڵدەسەنگێنیت؟**

**عەتا محەمەد:** وەک پێشتر وتم من بەرپرسم لەکاری خۆم و نامەوێت وەک میراتگرێک باس لەو گرفتانە بکەم کە لە کۆی کایەی رۆشنبیری ئێمەدا ئامادەیی هەیە. ئەمەش لە هەست بە بەرپرسیاری نەکردنەوە نەهاتووە، بەڵکو لە دەربازبوون لەو میراتەوە هاتووە کە وادەکات ئێمە وەک کەڵەکەبوونی رابردوو وێنابکات و ئێمە هیچ نەبین جگە لە نووسەرێکی پڕ لە گلەیی لە هەموو شتێک. لەبەرئەوە من نامەوێت کەسێکی بە گلەیی بم، ئەوەندەی دەمەوێت بەرپرسیاربم بەرامبەر بەخۆم. پاشان نووسینێک نییە ئەگەر خوێنەرێک ئامادەیی نەبێت لەبەرامبەریدا. بەڵام دەکرێت نووسین بەبێ رەخنەگر ئامادەیی هەبێت. هەربۆیە کێشەکە لای من ئەوەیە کە دنیای ئێمە چ جۆرە خوێنەرێکی بەرهەمهێناوە. چونکە ئەو گرفتەی تۆ باسی دەکەیت لە کایەیەکی گەورەتردایە کە پەیوەندی بە رۆشنبیری و بێویژدانی لە لایەک و لە لایەکی تریشەوە پەیوەندی بەرۆشنبیری و بەرژەوەندییەوە هەیە.

*** پەیوەندی نێوان بەرهەمهێنەری دەق و رەخنەگرو خوێنەر، پەیوەندییەکی نیمچە پچڕاوە، جاری واهەیە دەق هەیە، بەڵام رەخنە نییە. یان بەپێچەوانەوە دەق و رەخنە هەن، بەڵام خوێنەر لەبەرامبەریدا سست و کزە. ئایا پەیوەندی نێوان دەق و رەخنەو خوێنەر لەئەدەبیاتی کوردیدا چ ئیشکالیەتێکی هەیە؟**

**عەتا محەمەد:** باشە بۆ دەبێت ئێمە هەمیشە بەدوای دروستکردنی کێشەیەکدا بگەڕێین تا گلەیی لەبەردەمدا بکەین؟ ئایا کەسێک کە دەنووسێت بۆ دەبێت رەخنەگر کێشەیەک بێت لە زەینیدا؟ بۆ خوێنەریش بەهەمان شێوە. بە بڕوای من گرفتەکان لەوە قووڵترن و دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ساتەی کە ئایدۆلۆجیا دەبێتە رێنیشاندەری ئەدەب لە دنیای

ئێـــمـــەدا، کـــە ئەمـــە وایکرد جـــۆرێـک لەخـــوێنەرو ڕەخنەگر دروست ببێت کە ئەو شتەیان دەوێت لەدەق کە خـۆیان مـەبەسـتـیـانە. لە دنیـای ئێـمـەدا هیچ یەکـێـک لەو دوو ڕەگـەزە بێـلایەن نەبوون. بەڵام ئێـسـتـا پۆلێنکردنێک لە خـوێنەردا دروسـتـبـووە، بەوەی کە هەموو شت خوێندنەوە نییە وەک پێشتر، بەڵکو بەدوای ئەو بوارەدا دەگـەڕێت کـە خـۆی مەبەسـتێتی. لە لایەکی دیکەوە ناحەقییە ئەگەر ئێـمـە وا سـەیری خـوێنەر بکەین کـە بوونەوەرێکە دەبێت بەدوای ئەو شـتـەدا بگەڕێت کـە ئێـمـە بەلامـانەوە جـوانە، چونکە خـوێندنەوە یەکـێکە لە کـایەکـانی مومـارەسـەکردنی ئازادی تاک، تیـراژی کتێبەکان ئەو ڕاستیە دەردەخەن. پاشان ناکرێ ئێمە ئەو فـەزا پڕ لە کـێشـمـەکـێش و قـەیرانە لەبەرچاو نەگرین کە کۆمەڵگای ئێمە تێیدا دەژی و وا دەکات گـرنگی دانەکـانی خـوێنەر دیار بکات. هەرچۆن ڕاگەیاندنیش ڕۆڵی خۆی هەیە لە دروستکردنی ئەو گـرنگی پێـدانەدا کـە دەتوانێت دەقی خـراپ و هونەری خراپ باڵادەست بکات، دیارە جۆرێک لە شـیـعـرو گـۆرانی باشـتـرین نموونەن، کـە خـوێنەرو گـوێگرێکی زۆریان بۆ دروسـتـبـووە. بەبڕوای من دنیـای ئێـمـە کـێـشـەیەکی قـورسی هەیە لە جیـاوازیکردن لەنێـوان جوانی و ناشرینیدا، کـە دەتوانین بڵـێین فـەرمـانبەرانی نووسین، هەمیـشـە لە هەوڵی تێکەڵکردن و سڕینەوەی ئەو سنوورەدان. *

**ئێمە کە لەبەردەم تێکستێکی ئەدەبی یان تابلۆیەک یان پارچە مـوزیکێک ڕادەوەسـتین، دەڵێین شـتـێکی جـوانە، ئایا مـەبەسـتـمـان لەجـوانی چیـیـە، ئایا سـەرچاوەی جوانی ئەو شـتـانە لەچیدایە کـە پێیـان دەڵێین جوان. یان ئایا جوانی بەهایەکی سەربەخۆیە یان هەمیشە وابەستەی کۆمەڵێک بەهای دەرەکی جوانی خۆیەتی؟**

**عەتا محەمەد:** بە بڕوای من چێژکردنی جوانی لەو چرکەساتەدا دروست دەبێت کە لەبەردەم کارێکداین و تووشی سەرسامیمان دەکات، دیارە سەرسامیش لەوێوە دێت کە ئێمە لەبەردەم کارێکداین کە توانای کـردنیـمـان نەبووە یاخـود خـەیاڵی ئێـمـە ڕێگای پێنەبردووە.

*** ئایا نەبوونی ڕەخنەی بەراوردکـــاری، نەبۆتە هۆکـاری ئەوەی هەندێ لەنووسـەران دەست واڵابن لەوەرگـرتن و گـواسـتنەوەی بڕگـەو وێنەی تێڕوانینی نووسەرانی تر، بەبێ ئاماژەدان؟**

**عـەتا مـحـەمـەد:** دەزانی ئەوە پەیوەندی بە ڕەخنە یاخـود ئەدەبی بەراوردکـارییـەوە نییـە، ئەوەندەی پەیوەندی بە ویژدانی بکوژانی جـوانییـەوە هەیە، ئەوەندەی پەیوەندی بەخۆ کوێرکردنەوە هەیە لەبەردەم جـوانیـدا. ئەگـەر قـسـە لە گـواسـتنەوەی بڕگـەیە شتێکەو قسەکردنیش لە بردنی تێڕوانینی نووسەری تر، شتێکە. باشە بەدرێژایی مێژوو چەند کار کراوە لەسـەر خـۆشـەویسـتی؟ ئەگـەر ئەنجـامـەکـان بەشکسـتیش بێت، دەکرێت بڵـێی ئەوانە لەیەکتر وەرگـیـراون و وردەکـارییـەکـان گـرنگ نەبن. ئایا لێکچوونی نێوان مرۆڤ و مەیمون چەند زۆرە، بەڵام تەنهـا جـیـاوازی عـەقڵ، بەس نیـیـە بۆ ئەوەی بیانکات بە دوو بوونەوەری جیاوازو سەربەخۆ. ئەم گـرفـتـە پەیوەندی بەو بێ توانایـیـەوە هەیە کـە ناتوانێت وردەکاری ئیشەکان ببینێت، تەنانەت ئەم گاڵتەجارییە دەگاتە ئەو ڕادەیەی کە بوونی کراسی ڕەش لە دوو ئیشدا، یاخود بوونی دووکارەکتەر لە دوو ئیـشـدا بەلێکچـوونو بردن سـەیر بکات و بیـر لەوە نەکرێتـەوە خۆ دەتوانرا کراسە ڕەشەکە بکات بەشـەکـەری و دوو کـارەکـتـەرەکـە بکات بە سێ و

زیاتریش. لەو باوەڕەدام ئەوە گرفتی فەرمانبەرانی نووسینە کە ناتوانن پرسیارەکانی پشت دەق ببینن و خۆیان بەو لێکچوونانەوە سەرقاڵ دەکەن. پاشان ئەوەندەی لەخەمی بەرهەمهێنانی ناشرینیدان، نەمانبینی ئەوەندە لە خەمی بەرهەمهێنانی جوانیدا بن. لەبەرئەوە دەبێت خۆمان لەو جوانی بکوژانە بپارێزین و نەکەوینە ناو دنیا بچووکەکەیانەوە. چونکە کەسێک توانای بینینی جوانی نەبێت، چۆن دەتوانێت سنووری جوان و ناشرین لێک جیابکاتەوە.

*** ئایا چیرۆک کایەیەکی سەربەخۆیە لەبەردەم دونیادا، یاخود هەڵگری کۆمەڵی پەیامە لەدەرەوەی چیرۆک خۆی؟**

**عەتا محەمەد:** دەشکرێ ئێمە پرسیارەکە بەجۆرێکی تر بکەین، ئەویش ئەوەیە ئایا ژیان بێ چیرۆک و گێڕانەوە چۆن دەبوو؟ من وەختی خۆی لە پێشەکی کۆمەڵە چیرۆکی پاشماوەی خێڵەکاندا وتوومە کە ئەوە گێڕانەوەیە مێژووی گۆڕیوە. هیچ گۆڕانێکیش ناکرێ، ئەگەر حیکایەتێکی گەورە پاڵپشتی نەکات. کۆمەڵگایەکیش نادۆزینەوە کە خاوەنی جۆرێک لە گێڕانەوە یاخود حیکایەت نەبێت. چونکە هیچ کۆمەڵگایەکی وەستاو نییە بێ رووداو بێت. دەکرێ کۆمەڵگایەک بتوانێت بێبوونی زانست (بەمانای فیزیاو کیمیاو.. ئێستا) بژی، یاخود بێ ئینتەرنێت و ئۆتۆمبێل بژی، بەڵام مەحاڵە بێ گێڕانەوەو حیکایەت بژی، کە ئەفسانەو ئایینەکانیش بەرجەستەبوونی گێڕانەوەن. چونکە گێڕانەوە چەند گەیاندنی پەیامێکە، ئەوەندەش کەشفکارەو مومارەسەکردنی دەسەڵاتەیشە.

*** ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ رابردوو، بەتایبەت چیرۆکنووسی پێشتر یان ئەدیبان لەسەردەمی پێشووتردا، نووسەرانی ئەوکات، راستە ئەوان هەوڵی گواستنەوەی رۆژگاری خۆیانداوە بۆ ناو نووسین، بەڵام هەندی پێیانوایە کە نەیانتوانیوە یان توانای تێپەڕاندنی ئەم دیدەیان نەبووە تا چیرۆک یان ئەدەب بەگشتی بەشداربێت لە فراوانکردنی ئاسۆ و ئەندێشەو فکری مرۆڤی ئەوکات؟**

**عەتا محەمەد:** ئەمە پەیوەندی بە گرفتێکی جەوهەرییەوە هەیە، ئەویش ئەوەیە کە ئێمە داواکاریمان لەدەق چییە؟ بەمانایەکی دیکە ئێمە بۆ چیرۆک دەنووسین. دیارە ئەم پرسیارە نەوەک لە دنیای شیعریشدا، بەڵکو لە کایەی وەرگێڕانیشدا هەمان کێشەی هەیە. بەڵام لەو فەزا سیاسییەی دنیای ئێمەی تێدەکەوێت لە سەدەی بیستدا، ئەم پرسیارە فەرامۆش دەکرێت و لەجێگایدا، دەق دەبێتە ئەو بوارەی کە سیاسەت دەیەوێت لەدەرەوەی زمانی سیاسەت خۆیەوە، زمانێکی تر بدۆزێتەوە. ئەمەش تا ئەو رادە ترسناکە دەڕوات کە دەست بخاتە خەیاڵی چیرۆکنووسەوە، ئاسۆکان، لە ئاسۆی سیاسیدا کورتبکاتەوە. تا چیرۆکنووس، وەزیفەی چیرۆک نەگۆڕێت، لەرێگای ئەو پرسیارەوە کە بۆ چیرۆک دەنووسێت، ناتوانێت وەک تاکێک بەدوای کردنەوەی ئاسۆی تردا بگەڕێت. ئەمەش تەنها پەیوەندی بەنەوەی رابردووەوە نییە، بەڵکو لەگەڵ هەموو نەوەکاندا دەڕوات و دەتوانین لە ئێستاشدا غیابی گەران بەدوای وەڵامی ئەو پرسیارەدا ببینین. ئەگینا کارکردن لەسەر واقیع یاخود هەوڵی گواستنەوەی بۆ ناو دەق، کارکردنێکی ئاسان نییە، بەڵکو کارێکی زۆر زەحمەتە.

هەڤپەیڤین

# ئەدۆنیس...
# ئەفسوونکاری
# وشەکان



**و:عەبدولموتەڵیب عەبدوڵلا**

زمانی عەرەبی زمانی شیعری ئەوە، ئەدۆنیس سوورییەو لە فەرەنسا دەژیت، یەکێکە لە شاعیرە هاوچەرخە گەورەکان.
کارە شێوەکارییەکانی کە لە پەیمانگەی جیهانی عەرەبی لە پاریس نمایان کرا (جێگای سەرسامی بوو).

*** چۆن دەستت بەکاری نیگارکێشانی زەیتی کرد؟.**

- لە رێگەی پەیوەندیم بە کۆمەڵێک نیگارکێشەوە، لە ماوەی ئەو پەنجا ساڵەی دوایدا کۆمەڵێک لە نیگارکێشانی عەرەبیم ناسی. لە زۆربەی بارەکانیشدا ئەوان بۆخۆیان دەسپێشکەری ئەو بەیەکگەیشتنەیان کرد، بەوەی کە کۆمەڵێک کاری وێنەییان بۆ شیعرەکانم بە ئەنجام گەیاند، یەکەمیشیان شەفیق عەبود بوو، پاشان محەمەد عومەر خەلیل، مەروان زیاد دەلول، سەلیم عەبدوڵلاو زۆرانی دیکەش.

نیگاری عەرەبی به پێچەوانەی ئەوەی کە بیری لێدەکەینەوە، زۆر دەوڵەمەندە، ، رەنگە زۆر لە شیعری عەرەبی دەوڵەمەندتر بێت.

*** ئەو شتە بنەڕەتیانە چی بوون کە لە رێگەی بەیەکگەیشتنتان لەگەڵ ئەو نیگارکێشانە فێری بوویت؟.**

- ئەوە بوو، کە لە ناخەوە کارەکانیانم ناسکرد، هەروەک کارەکانی خۆم بە شێوەیەکی باشتر ناسکرد، بە دیاریکراوی لەگەڵ ئەواندا تێگەیشتم کە چۆن شێوەی شیعری لەگەڵ هەموو ئەو شتانەی کە لێیپێکهاتووە، واتە لە پەیوەندی لەگەڵ بۆشاییی و لەگەڵ ئەو لاپەڕەیەی کە دەقەکەی تیا دەردەکەوێت، دروست بکەم.

*** ئەو بەرهەمە کۆلاژیانەی کە نزیکەی دە ساڵە خەریکی بەهەمهێنانیانی، وایلێکردی لە شوێنگەی بینەرو هاوبەشی کردنی خۆشەویستیانەی تۆ بۆ تابلۆوە بەرەو پرۆسیسەکەری تابلۆت بەرێت.**

- من بۆ وەسفکردنی کارەکانم وشەی کۆلاژ بەکار ناهێنم، بەڵکو پێمباشترە هانا بۆ وشەیەکی عەرەبی ببەم کە ئەویش رەقیمەیە (نووسرا-پەڕاو) کە دەلالەت لە لاپەرەیەک دەکات، لاپەرەیەک کە لە یەککاتدا نووسین و رەنگ و وێنەی تیا بدۆزیتەوە. وشەی (کۆلاژگەرا) سەرنجێکی بەهێزی پیشەگەریانەی لەخۆدا هەڵگرتووە، لەکاتێکدا وشەی رەقیمە بە شێوەیەکی مەزنتر جەخت لە تایبەتمەندێتی ئەو داهێنانە دەکات.

*** ئایا ئەو وشەیە لە رۆشنبیری عەرەبیدا دەلالەت لە جۆرێکی ئەدەبی، یان نیگارکێشانی (مەنقول) دەکات؟.**

- نەخێر، بەڵکو لە یەککاتدا دەلالەت لە رەنگ، شێوە، نووسین دەکات. وەک ئەوەی لە نێو خۆی هەڵگری ئیحایەک بێت، ئیحایەک، کە خاڵی بەیەکگەیشتنی ئەو سێ وشەیە بێت.

*** تۆ شاعیری زەوی و رۆحی نادیاریت، لە کوێوە هەستت بەوە کرد کە پێویستت بە کەشفکردنی بینراویش هەیە؟.**

- لە تەواوی کارە شیعرییەکانمدا، پێموایە کە هونەر و شیعر، تەعبیر لە وجود، یان مرۆڤ ناکەن، بەڵکو تەواوکەری وجود و مرۆڤن. هەروەها تەعبیرکردن لە شتێک ئەوە نییە، کە شتێکی لە بارەوە بڵێیت، بەڵکو ئەوەیە، کە خۆشبەختانە شتێک بڵێی بە دەرەوەیدا گوزەر بکات. کاتێک قسە دەکەم بەو مانایە نییە، کە تەعبیر لە خۆم دەکەم، بەڵکو بەو مانایەیە کە خۆم دەخەم.

شیعرو هونەر درێژبوونەوەی بوونن، من نامەوێت لە رێگەی بەدواداچوونیان دووبارە حەقیقەت بەرهەم بێنمەوە، وەک چۆن نامەوێت لێیان دەرباز بم، بەڵکو دەمەوێت لە بەدواداچوونیاندا حەقیقەتێکی دیکە بەرجەستە بکەم، درێژە بە بڵاوکردنەوەی حەقیقەتێک بدەم، لە دەرەوە و لە بەرامبەر حەقیقەتی بەرهەمهاتوو.

*** ئەوە بە ژانوژواری ئەو گوتنە پێشینەییەوە بەندە"من لە رابردووەوە هاتووم"؟.**

- بە جۆرێک لە جۆرەکان. چونکە نووسینی شیعر، یان نیگاری رەقیمی کرانەوەیەکی نوێیەو بەرەو پەیوەندییەکی نوێی نێوان وشەکان و شتەکانمان دەبات، وەک ئەوەی، وا لە وجود بکات لەگەڵتدا بجوڵێت. رەنگە مەسەلەی بینراو و نەبینراو لێرەدا خۆی حەشار دابێت، بە نیسبەت منیش ئەو دوو مەسەلەیە پەیوەندی بە ناخەوە هەیە، چونکە ئەگەر ئێمە بە سەر رەهەندە شاراوەکانەوە کراوە نەبین، ناتوانین لە سەرەتاکانیان بگەین. کەواتە بۆ بینینی بینراو دەبێت بە جۆرێک لە جۆرەکان نەبینراو ببینین. ئەوەش مەرجێکە لە پێناو کردنەوەی ئاسۆیەکی نوێی ناوەوە بۆ وجود، کە دەکرێ لە رێگەی دەرچوون لەخۆمان و لە هەمان کاتدا درێژبوونەوە لەگەڵ خۆماندا پێی بگەین. رەنگە ئەوە ئەو دنیابینییە بێت کە من لە رەقیمە بەدوایدا دەگەڕێم.

*** نوسین لە رەقیمەدا شوێنێکی بنەڕەتی داگیر**

**دەكات، دەشێ ئەوە ئاسۆ سەرەتاییەكان بێت. ئایا وشە لە رەقیمەدا شیعر پێكدێنێ؟.**

- هەندێجار قەسیدەی شاعیرانی دیكەن، هەندێجاری دی هەر تەنها كۆمەڵێك پارچەو وشەی رستەن. بەڵام ئەوەی بەلای من بە گرنگ دەكەوێتەوە خەتەكەیە. خەت لە رۆشنبیریی عەرەبیدا هەر تەنها نووسین نییە، بەڵكو داهێنانێكی خێرایە. هەر لە منداڵیمەوە فێریان كردم كە جوانی خەت دەلالەت لە جوانی نووسین دەكات، بەو مانایەیەش خەت زیاد لە پێویست جوامێرانە دەكەوێتەوە، هەروەها خەت تەجریدە، تەعبیر لەو شتانە ناكات، كە وشە تەعبیریان لێدەكات، بەڵكو تەعبیر لە هێزی خۆی دەكات، لەو نەبینراوەی كە لەخۆیدا هەڵیگرتووە، تەعبیر لە رۆحی خۆی دەكات. من وەك شاعیر لە خەتدا درێژبوونەوەیەكی سروشتی كارەكانی خۆم دیتەوە. دەتوانم وەك چۆن بە شیعر، بە خەتیش تەعبیر لە توانا گوازراوەكانی ناوەوە بكەم.

*** بەڵام خەتی تۆ لە رەقیمە جوان نییە، لە نیگاركێشانیشدا ئازایەتی تیا بەدی ناكرێت، بەڵكو بە پێچەوانەوە هەژارییەكی بەرجەستەی پێوەیە، تۆ بەدوای چیدا دەگەڕێیت؟.**

- بە دوای سادەییدا. وشەكان دەنووسم، یان زۆرجار وشەكان لێكدەكەمەوە، بۆ ئەوەی ئەو وشانەی كە دەیاندەمە دەست، شێوەیەكی زیاد لە پێویست سەرەتاییانە پێكبهێنن، تاكو نەخوێنرێنەوە.

*** ئایا ئەو شتانەی كە هەڵیاندەبژێت لە رەقیمەكانتدا لە بەر ئەوەیە، كە هیچ بەهاو دەلالەتێكیان نییە؟ سەرەتا لە كوێ دەیانبینییەوە؟.**

- دەرۆم و كۆیان دەكەمەوە، هەندێجار كیسەیەك دێنم پاشماوەی پارچە كانزاو قوماش و پەت و داریان تیا كۆ دەكەمەوە، خەڵك بە سەرسوڕمانێكی زۆرەوە سەیرم دەكەن، وەك ئەوەی شتێك ببینن. بەڵام من بە بێ ئەوەی حیسابیان بۆ بكەم، بە دوای بەرهەمەكانم دەكەوم، ئەوەش زێتر دووچاری سەرسوڕمانیان دەكات، بەڵام هەموو شتێك بە چاكی بەرێوە دەچێت، بەرهەمهێنانێكی بەچێژی لێدەكەوێتەوە.

*** نووسینێكی تێكشكاوە، كۆمەڵێك ماددەی بێكەڵك، یان بێ دەلالەت، ئایا ئەو كارەی تۆ خۆی لە چوارچێوەی تەعبیركردن لە جوانییەكی تێكشكاودا دەبینێتەوە؟.**

- بە جۆرێك لە جۆرەكان، چونكە رەقیمە لە راستیدا پێكهاتووە لەو شتانەی كە هیچ دەلالەت و بەهایەكیان نییە، بەڵام بەهۆی ئەوانەوە دەتوانم شتێك دروست بكەم، كە پڕە لە مانا، هەمیشە لە پێناو نووسینی قەسیدەی نوێ دەبێت وشەكان لە ناوەرۆكە كۆنەكەیان بەتاڵ بكەیتەوە، بۆ ئەوەی پەیوەندییەكی تازە لە نێوان وشەو شتەكان دابهێنیت، بۆ ئەوەی مانایەكی نوێ بخەیتەوە.

بەڵام لەگەڵ رەقیمەكان تەقریبەن ئەو شتانە پێچەوانە دەكەونەوە، چونكە ئەو رەگەزانەی كە بەكاریان دەهێنی، بۆخۆی لە بنەڕەتدا لە هەموو مانایەك داڕووتاوە. من كار لە سەر تێكشكاوەكان دەكەم، بە جۆرێك لە جۆرەكان لەگەڵ نەبوونیدا كار دەكەم. لێرەدا شتێك بە یارمەتی شتێك كە داڕووخاوە، دەست پێدەكات. هەتا وشەو پیتەكانیش لە رەقیمەدا تەقریبەن بۆ بەها شاراوەو شیانییەكەیان دەگەڕێنەوە، ئەوەی هەندێجار پەیوەندی بە دەستلێدان و رەنگ و وێنەوە هەیە، نووسین لە رەقیمەدا مێژوو ناگوازێتەوە، لە رەگ و ریشەی مێژوو بەتاڵە، بەتاڵە لە هەموو ئەو رابردووەی، كە چەپێنراوی تیا دەشێوێنرێ، هەموو

ئەوەی کە لە رۆشنبیری عەرەبیدا ناگوترێت.

*** چۆن کار دەکەیت؟.**

– بەبێ میتۆد، یاری دەکەم، بەبێ ئەوەی ئاراستەم دیار بێت، دەست لە پێکهاتە شێوەییەکان دەدەم، هەتا دەگەمە ئەوەی کە جۆرێک چارەسەری، یان هاوسەنگییەکیان بۆ دەدۆزمەوە، ئا لەوێدا دەوەستم. هەروەها ئەو یارییە بنەڕەتییە لە شیعریشدا وجودی هەیە، چونکە ئێمە ئەگەر کەمێک یاری نەکەین، هەرگیز ناتوانین بە راستی دەست بە نووسینی قەسیدەیەکی نوێ بکەین. بەڵام یاریکردن بە وشە لە دووتوێی پێچەکانییەوە، ترسی خۆی هەیە، ترسی ئەوەی نەبادا دەستکردانە بکەوێتەوە، کە رەنگە لەو حاڵەتەدا وشەکان زیندوویتی خۆیان لە دەست بدەن و هەر تەنها وەک بەرد بمێننەوە، بۆیە ئەگەرچی دەتوانین شێوەی نوێ دابهێنین، بەڵام ئەو مامەڵەکردنە لەگەڵ وشە زۆر سەخت و دەگمەن دەکەوێتەوە.

*** ئایا کاتێک لە رەقیمە بە دوای شێوەیەکدا دەگەڕێیت، هیچ پێشبینیت دەکەیت؟.**

– نەخێر. من لە بیرکرنەوەیەکی پێشینەوە دەست پێناکەم، چونکە لەو بڕوایەدامە کاتێک لە بیرکردنەوەیەکی زۆر ئاشکراوە دەست پێدەکەم ئیتر بە هیچ شتێک ناگەم. ئایا لە دنیایەکدا کە مل بۆ حیساب و پێوانەو سنوور دادەنرێت، شتێک بۆ ئازادی دەمێنێتەوە؟ بە نیسبەت من دەشێ توانا لەوەدا بێت کە دیاری ناکرێت. ئەوەی لە حیساب و کیتابدا لە دەست دەچێ، ئەوە بۆخۆی بە نیسبەت من بنەڕەتییە، ئەوەیە کە حەز دەکەم کاری لە سەر بکەم. من تەواو دژی ئەو ئەدەبەم کە لە بەرامبەر میدیاو پێداویستییەکانی میدیا، تا پلەی هاوگونجان خۆی خوار دەکاتەوە، دەبێتە بابەتێکی بچووک و سەرەوژێر، کە دەشێ وەک ئامرازێکی سادە بەکار بهێنرێت، بەراستی ترسناکە، کە لە شیعرو کاری هونەری ئەو جۆرە شتە دروست بکرێت! خۆنەدانە دەستی سنوورەکان سەرمایەی ئێمەیە.

*** لە رەقیمەکاندا بە دوای چ شتێک دەگەڕێیت، کە لە شیعر نایدۆزیتەوە؟.**

– رەنگە بە دوای شێوەیەک لە ئازادی تەواودا بگەڕێم، کە پێمـوایە ناتوانم لە رێگەی شیعر (ئەویش بە هۆی سانسۆرەوە) بەدەستی بهێنم. من لێرەدا لە سانسۆری سیاسی یان ئایدیۆلۆژی نادوێم، بەڵکو لە سانسۆرێک دەدوێم، کە لە بنەڕەتدا لە نێو رۆشنبیریی عەرەبیدا زیندووە. بڕوانە لە رۆشنبیریی ئێمەدا ئەمڕۆ شیعر چۆن سروش لە ئایین و نیشتیمان و سیاسەت وەردەگرێت. بۆیە دەبینی ئەو شیعرە، وەک شیعر بێ بەهایە! بەڵام شیعر وەک سەرکێشی رۆحی تەواو، وەک سەرکێشی فیکری ئازاد، بە هۆی شوێنگەو دەسەڵاتێک، کە قورئان لە دنیای عەرەبیدا خۆی بەخاوەنداری دەزانێت، هەمیشە ونە.

رەقیمەکان فەزایەکیان بۆ کردمەوە، کە سەر بۆ هیچ سانسۆرێک شۆڕ ناکات، فەزایەک کە هەموو سانسۆرەکان رەتدەکاتەوە، چونکە ئەوفەزایە لە هیچ یەکێک لەوان وەرنەگیراوە.

**سەرچاوە:**

ئەو چاوپێکەوتنە لە لایەن (رۆنیۆ ئیگۆ)ەوە سازکراوەو لە گۆڤاری (بۆزارۆ)ی فەرەنسی/ژمارە(٢٠١) شوباتی (٢٠٠١) بڵاوکراوەتەوە.

(محەمەد وائیل ئەسعەد) وەریگێراوەتە سەر زمانی عەرەبی.

من لە پێگەی (معابر) لە ئینتەرنێتەوە وەرمگرتووە.

## هەڤپەیڤین

# خولیا حوسێن: شیعر زمانی ویژدان و خەیاڵ و خۆشەویستییە.



ئا: زانا گەڵاڵی/ نەرویج

- زمانی ویژدانی من داکۆکی دەکا لە مافەکانی ژنان و هەست و سۆزیشم بەئازارەکانیان دێتە دوان
من دەمەوێ ژنان لەجیاتی ئەوەی خەون بەمەرگ و خۆکوشتن ببینن خەون بەشتی جوانەوە ببینن
حەزدەکەم وەک شاعیرێکی ژن، ستایل و شێوەی دەربڕین و زمانی تایبەت بەخۆمم هەبێ،

خولیا... خولیای شیعرو ئەدەب و قەڵەمە، ئەو وەک ئافرەتێکی رووناکبیر دەیەوێ لەڕێگەی شیعرەوە ژیان جوان و جوانتر بکات، لەپاڵ ئەوەشدا دەیەوێ بەفۆرمێکی تایبەت و ستایلێکی دوور لە تەقلید مەبەستە ئەدەبیکانی بپێکێ، لە هەمانکاتدا بەنەفەسێکی شیعری کراوەو زمانێکی ئەدەبی پڕبایەخ حاڵەتی دەرونی خۆیمان وەک ژنێک دەخاتەڕوو، بۆیە خولیا وەک شاعیرێک توانی زووبوونی خۆی بسەلمێنێ و بڵێت منیش هەم، جا بەمەبەستی قسەکردن لەسەر ئەزمونی شیعری و چەند بابەتێکی ئەدەبی گفتوگۆیەکی کراوەمان لەگەڵ ئەم شاعیرە سازدا بەم شێوەیەی خوارەوە کەوتینە گفتوگۆ:

*** خولیا کێیه؟**

– کەسێکە حەزدەکا هەمیشە بخوێنێتەوە و جارجارەش بنووسێ. خەون و خەمەکانی ژنان لەنێو بیرکردنەوە و خەیاڵەکانی وەک بەرەبەیانێکی پرشنگدار دەبریسکێتەوە. ئێستاش لە وڵاتی کەنەدا دەژیێ و خەریکی خوێندنەو قوتابییە لە(Sheridan College )لە بەشی
Social service worker

*** شیعر بۆ تۆ چییە و چی دەگەیەنێ..؟**

– ڕەنگە منیش وەک زۆرێک لە شاعیرانی تر ئەوە بڵێم، کەوا پێناسەکردنی شیعر کارێکی ئاسان نییە. دەکرێ ڕوانینەکانمان بۆ شیعر بخەینە ڕوو.یاخود هەروەک ئەدۆنیس دەڵێ ( وەسف کردنی ئەو چرکەساتە شیعرییانەی لەگەڵ شیعردا دەژیێین ) دەکرێ ئەم حاڵەت و چرکەساتانە وەسف بکەین،من شیعر وا دەبینم: زمانی ویژدان و خەیاڵ و خۆشەویستییە.. هەست و سۆزی مرۆڤ دەردەبڕێ و زمانی ڕەنگە جوانەکانی سروشتە. شیعر بۆ من بەمانای ژیان بەمانای ئایندە بەمانای خەون، بەلای منەوە شیعر مانای هەموو شتێک دەبەخشێ.

*** ئایا نزیک بوونەوە لەنێوان شیعر و چیرۆک هەیە...؟**

– ئەگەر نزیک بوونەوەیەک لەنێوان شیعر و چیرۆک دا ببینم، ئەویش لە ڕێگەی زمانەوەیە، زمان ئەم دوو ژانرە ئەدەبییە زۆر لە یەکتری نزیک دەکاتەوە. چونکە زۆرجاران چیرۆکنووسان بەزمانی شیعری چیرۆک و ڕۆمانەکانیان دەنووسنەوە. یاخود وێنە لە کورتە چیرۆکیشدا وەکو شیعر وێنە ڕەگەزێکی دیار و بەرچاوە. یان زمانی خەیاڵ و فەنتازیا بەئەندازەیەکی زۆر لە هەردووکیان دەبیندرێ.

*** لە نووسینەکانتدا زیاتر داکۆکی لە مافی ژن دەکەیت بۆچی..؟**

– من دەمەوێ ژیان جوانتر و ڕازاوەتر بێ، بۆیە هەتا بۆشاییەکانی نێوان ژن و ئازادی، ژن و یەکسانی، ژن و خۆشبەختی بمێنێ من وەک هەڵسووڕاوێکی ئەو نێوەندە ناتوانم هۆکارەکانی توندو تیژی سەر ژنان نەخەمە ڕوو. هەر وەک لە پێناسەی شیعردا وتمان:" شیعر زمانی ویژدانە و هەست و سۆزی مرۆڤە ئیتر بۆیە زمانی ویژدانی من داکۆکی دەکا لە مافەکانی ژنان و هەست و سۆزیشم بەئازارەکانیان دێتە دوان، چونکە بەبڕوای من ئازادی ژنان واتە ئازادبوونی ژیان. من دەمەوێ ژنان لەجیاتی ئەوەی خەون بەمەرگ و خۆکوشتن ببینن خەون بەشتی جوانەوە ببینن. وەک پەپوولەو باڵندەکان ئازادبن لەنێو باخ و گوڵزارەکانی بەهارو بەهرەمەندبن لە مافە سروشتییەکانی خۆیان، لەنێو وەرزەکانی ئەڤینی و خۆشەوستیدا سەمابکەن و دڵفرازبن.

*** هەست دەکرێ فۆرمێکی تایبەت دروست دەکەی لەنێو دنیا و فەزای شیعردا، وەک خۆت دەزانی فەزای شیعر فەزایەکی فراوانە لەم ڕوانگەیەوە تۆ هەوڵت داوە کەوا فۆرمێکی تایبەت بەدیالیکتێکی تایبەت ئەو فۆرمە کۆمەڵایەتییەی کە لە چوارچێوەی زمانی شیعردا دەری دەبڕی، ئایا پێتوایە ئەمە دەبێتە ڕێچکەیەکی هەمیشەییت؟**

– بەڵێ ڕاست دەکەیت، شێوە و زمانێکی تایبەت لەنێو شیعرەکانی من بەدی دەکرێ. خۆشم هەست بەوە دەکەم..! دیارە وەک تۆ باست کرد دنیای شیعر و داهێنان هێندە فراوانە دەکرێ مرۆڤی نووسەر هەمیشە لە نوێبوونەوە و لە گۆڕان دا بێت، بەڵام من حەزدەکەم وەک شاعیرێکی ژن،

ستایل و شێوەی دەربڕین و زمانی تایبەت بەخۆمم هەبێ. لەوانەیە تا بۆم بکرێ ئەم شێوە و زمان و ستایلەی خۆم دەست پێوە بگرم.

*** تا چەند هەوڵت داوە ئاوێتە بوونێک لەنێو ئایدیۆلۆژیا و شیعر دروست بکەی، چونکە لە میانی خوێندنەوەی شیعرەکانتدا خوێنەری زیرەک درک بەوە دەکا، کە هەوڵدەدەی تێکەڵاوییەک لەنێوان ئایدیۆلۆژیا و شیعر دروست بکەی...؟**

– من کاتێک شیعر دەنووسم بیر لە ئایدیۆلۆژیا ناکەمەوە. زیاتر لە کاتی نووسینی شیعر بیر لە خۆشەویستی و خەیاڵ و خەونە بەسۆیەکان دەکەمەوە. چۆن وابکەم زەردەخەنە بهێنمە سەر روخسارە خەمناکەکان. جا لەم نێوەدا ئەگەر و بەریەک کەوتنێک لەنێوان ئایدیۆژیا و خەیاڵە شیعرییەکانم دروست ببێ. من ئەو بەریەک کەوتنە بەشتێکی سروشتی دەبینم، چونکە من دەمەوێ شیعر بنووسم بەزمانێکی ئەدەبی و رەوان. زۆرجاران کە خەمەکانی ژنان دەنووسمەوە هەست بەم حاڵەتانە دەکەم. بەڵام، هەندێ جاریش وا هەستدەکەم هەوڵدەدەم خەون و خەیاڵە شیعرییەکانم لە ئایدیۆلۆژیا نزیک بکەمەوە، چونکە بەبڕوای من کێشە و خۆزگە و خەونەکانی ژنان لە ئایدیۆلۆژیا جیا ناکرێتەوە.

*** وەزیفەی شیعر لەو سەردەمە چیە..؟**

– من نازانم وەکو وەزیفە، بەڵام هێندە هەیە من دەمەوێ لەرێگەی شیعرەوە دیوە جوانەکەی ژیان بخەمەروو. یان بەمانایەکی دیکە من دەمەوێ لەنێو شەوەزەنگ و تاریکی ژیاندا تروسکەکانی خۆرەتاو بدرەوشێنمەوە و گەشتریان بکەم.

*** ئایا شاعیر بەردەوام پێویستی بە خوێندنەوە و خۆ رۆشنبیرکردن هەیە؟**

– بەڵێ بێ گومان، وەک چۆن ژیان پێویستی بەهەناسەدان و درەخت پێویستی بەباران هەیە، من پێم وایە شاعیرانیش بەم شێوەیە پێویستیان بەخوێندنەوە و خۆ رۆشنبیرکردن هەیە.

*** هەروەک دەبینین ژمارەیەکی زۆر لە شیعری بیانی ئەمڕۆ وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی کوردی دەمانەوێ بپرسین : چۆن دەڕوانیتە وەرگێڕانی شیعری بیانی، ئایا ئەم تام و چێژەی دەمینێ کە بەر لە وەرگێڕان شیعرەکە هەیبووە..؟**

– بەبڕوای من کاری وەرگێڕان لە سەر توانای کەسەکە و چۆنییەتی وەرگێڕانەکە دەوەستێ. دەقی وا هەیە لەگەڵ وەرگێڕان دا ناوەڕۆک و زمانە شیعرییەکەی بەشێوەیەک دەشێوێندرێ هیچ تام و چێژێکت پێنابەخشێ و تەواو رۆحی خەیاڵ و وێنەی شیعری و ئیستاتیکای تیادا دەمرێ. لە هەمان کاتدا شیعری وەرگێڕدراویش هەیە دەڵێی بەکوردی نووسراوە و دەقێکی کوردی دەخوێنیتەوە. بەبڕوای من وەرگێڕی شیعر واباشترە شاعیر بێت و شارەزاییەکی باشی لە هەردوو زمانەکە هەبێ، چونکە زمانی شیعری و وەرگێڕانی شیعر کارێکی ئاسان نییە.

*** زۆرجار باس لەو تێکستانە دەکرێت کە لەلایەن هونەرمەندە ئافرەتەکانەوە کراوە بەگۆرانی، ئەم تێکستانە بەشی زۆری لەلایەن پیاوانەوە نووسراوە، یا رۆشنتر بڵێیین وا لە قەڵەم دەدرێت بەزمانی نێرینە نووسراوە. بۆیە دەپرسین پێتوایە ئەدەبی نێرینە و مێینە هەیە، ئەگەر هەیە جیاوازییەکەی لە چیدا دەبینی...؟**

– من باوەڕم بە پۆلینکردنی ئەدەب نییە بە ناوی ئەدەبی ژنان و ئەدەبی پیاوان. ئەدەب بەزمان و ستایل و بە هەموو رەگەزەکانییەوە بۆ هەموو کەسەکان وەکو یەکە. جۆرە ستایل و زمانێکی تایبەت نییە بۆ رەگەزی کەسەکان.

دەکرێ بڵێین زمان و دەربڕین و خەمەکانی ژنان لە نووسینی فلانە نووسەر ڕەنگدەداتەوە، بەڵام هەرگیز ئەوە بەمانای پۆلێنکردنی ئەدەب نییە بە سەر دوو ڕەگەزی جیاواز دا. گۆرانیبێژە ئافرەتە بەڕێزەکانیش وا پێویست دەکا هۆشیارانە تێکستەکان هەڵبژێرن. دەکرێ ئاوڕێکیش لە ژنانی شاعیر بدەنەوە خۆ ژنانی شاعیریشمان گەلێک زۆرن.

*** لە ماڵپەڕە ئەلیکترۆنییەکان بابەتێکی زۆری ڕەخنەئامێز دەبینین. بەڵام ئەوەی من مەبەستمە زیاتر ئەو نووسینانەیە کە ڕەخنە ئاراستەی شاعیران دەکرێت نەک شیعرەکە. بەمانایەکی تر، واتە بەبێ ئەوەی یەکێک لە شیعرەکانی شیکردبێتەوە بە لایەنە چاک و خراپەکانی هێڵێکی ڕاست و چەپ بە کۆی بەرهەمەکانی ئەو شاعیرەوە دادەهێنن. ئایا ئەمانە دەچنە قاڵبی ڕەخنەوە؟ بۆچی ڕەخنەکان زیاتر بەخەی شاعیرە ژنەکان دەگرن؟ ئایا دەکرێت ئەم ئافرەتانەی بەم دواییانە لە ماڵپەڕە ئەلیکترۆنییەکان شیعر بڵاو دەکەنەوە لە ئاستێکی نزمدا بن؟**

– بەبڕوای من، ڕەخنەی کوردی بەشێوەیەکی گشتی گەشەیەکی ئەوتۆی نەکردووە. زۆرێک لە ڕەخنەکان مەبەستێکی سیاسی لە پشتیانەوە بووە. مەبەستم ئەوەیە بەتایبەت ڕەخنەی شیعری، هێندەی ڕەخنە لە کەسایەتیە شاعیرەکان و لە بیروباوەڕەکانیان گیراوە هێندە ڕەخنە لە شیعر و تەکنیک و زمان لە شیعرەکەدا نەگیراوە. نموونەش لەم بارەیەوە گەلێک زۆرن پێویست بە باسکردنیان ناکات. لەبارەی ماڵپەڕە ئەلیکترۆنییەکان و هەندێک لەو ڕەخنانەی لە ژنە شاعیرەکان گیراوە، من هەرگیز ناتوانم بەو جۆرە نووسینە تەوهینئامێزانە بڵێم ڕەخنە ! بەڕاستی دنیای ڕەخنە و هەڵسەنگاندن و لێکۆڵینەوە زۆر لەوە فراوانتر و سەنگینترن کە بەم شێوەیە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێ. ئەوەش هەرگیز بەمانای ئەوە نییە مەبەستم ئەوە بێ، کە نابێت ڕەخنە لە ژنانی شاعیر بگیرێ. من پێموایە هەر دەقێک شایستە بەوە بێ ڕەخنەی لێبگیرێ ئیتر دەبێ لێی بگیرێ جا ئەو دەقە نووسەرەکەی هەرکەسێک بێت ! لەبارەی ئەوەی ئاستی دەقە شیعرییەکانی ئافرەتە شاعیرە تازەکان، لەڕاستی دا من هەق بەخۆم نادەم دەقی ئەم خانمە شاعیرانە هەڵسەنگێنم. بە بڕوای من ئەوە کاری ڕەخنەگر و خوێنەرە بەڕێزەکانە.

*** بەنیاز نیت شیعرەکانت لە سەر سیدی بڵاو بکەیتەوە؟**

– ئەوەی ڕاستی بێ، لە ناوەڕاستی ساڵی پار واتە لە ۲۰۰۷ سیدییەکی شیعریم بڵاوکردەوە بەناوی (چەرخی بەردین وخەونە پەلکەزێڕینەییەکانی دوعا) بە دەنگی خانمی بەڕێز ( گەلاوێژ ڕەسوڵ ) کە بێژەری ڕادیۆی «پاڵە »یەو لە ماڵپەڕی" دەنگەکان "یشدا بڵاو کرایەوە.

*** دوا وتەت بۆ گۆڤاری کاروان؟**

– زۆر سوپاس بۆ ئەو بەسەرکردنەوەیە و سوپاس و ڕێزی بێپایانم بۆ تۆ و بۆ گۆڤاری ( کاروان )ی ئازیز هەیە. بەهیوام هەمیشە لە پێشکەوتن و بەردەوامبوون دابن بۆ بردنەپێشەوەی کاروانی ئەدەب و هونەری کوردی وە پڕ بەدڵ ئومێدی سەرکەوتنتان بۆ دەخوازم.

# حاجیلەکانی فیردەوس و نەهەنگی زەمەن

**موحسین ئاوارە**



ئێواران تۆ و هەڵوەدەیی و ئاوابوون
ئامادەیی هەیە
ئێواران پێکگەیشتن و پێچکردنەوەو
دەست لێکبەردانی بە بەرەوەیە
ئێواران چاوەکانم پێتەوە دەنووسێن
هەناسەکانم.. وتەکانم
تێکەڵ بەیەک و لێک دانابڕێن
لە رنینەوەی بۆنی میسک و مێخەک و
موعەتتەری
سینەو باخەڵت
هەناسەبڕن.. باڵدەکوتن
ئەی یار.. هەموو شتەکان
بۆ پێچانەوەو کۆکردنەوە
لە گەرووی نەهەنگی مەوداو زەمەن
بۆ جێهێشتن.. چۆڵکردن.. بەتالووکەیە
بۆچی ئەم شەوە پڕ لە سیحرو جوانییە
من و تۆی پێ ڕەوا نییە؟
بۆچی ئەو تاریکییە، لێکمان دادەبڕێنێ

پێمان دەڵێ بەشی ئێوە تەنهاییە؟
ئەوا شەو داهات
کانی لە شڵپە دەکەوێ
ئەسپ لە سمکۆڵ
مورتک لە بۆن و میوە داماو و
گەڵاکان تورت
دارستان شەوپۆش
دەریا باوەشی داختووە
ماسییەکان رووەو قووڵایی دەچنەوە
لە کوێیە دڵێکی ئارام، سینەیەکی بەرقەرار
لە کوێیە بەفرێکی نەتواوەی بێ ئازار
شانی شاخی قورس نەکردبێ
یادگارێ.. لەتە خەمێ.. خەیاڵێ
جێینەهێشتبێ
یا وەک زامی کانییەک
حەسرەتی لەبەر نەڕۆیشتبێ
وەک پەرداخی پڕ بوو
مەراقی نەڕشتبێ
من نازانم بۆ تۆم خوێندەوە
بۆ ئەو ئاگرەم لە دڵ خۆم کردەوە
بۆ کەزییە سپییەکانت
هەڵوەرینە سەر شانم
بۆ دارستانێکی پاییزە وەریوت
بارکرد لە ویژدانم
کێ تۆی هێنا
قەدەر چ دەورێکی گێڕا
کۆژانی خۆم بەس نەبوو
ئەوەی خۆم لێ نەبان کردبوو
بۆچی هی تۆ و هی خۆم لێک گرێدایەوە
لەسەر هێڵی سووری یەکەمین دڵۆپەدا
جارێکی تر ئیستوانەی گۆرانییەکان سوڕانەوە
بۆ تۆم خوێندەوە
ئەو ئاگرە تازەیەم گەش کردەوە

من چۆن بزانم لەسەر مێزی ئەو قومارەدا
چەندم دۆڕاندووەو چەندم بردۆتەوە
نازانم بۆ ئەو پشکۆیە خەوتوانەم
بەئاگاهێنا
بۆ ئەو باڵندە هەڵکوڕماوانەم
لە هێلانە وەدرنا
بۆ ئەو ئاوە وەستاوە سازگارەم شێواند
ئەو ماسیە متبووانەم جووڵاند
تۆ دوور و من دوور
هەر دووری و دووری
نزیکی بەشخوراوە
ئەی چۆن لێمان دەبووری
من دوور و تۆ دوور
لەنێوەندا خێوەتگەیێ لە عیشق
باغێک لە مەراق
موناجاتێک بۆ باران
هەورێکی مۆڵەق، (با)یەکی بێ جووڵە
هەنجەتێک بۆ گریان
لەڕاستەوە بۆ چەپ.. بەهەشت.. دۆزەخ
گڕە(با)یێ لە دۆزەخەوە سەر دەردەخا
گوڵەکانی باخ سیس و بێ تاقەت دەکا
سروەیێ نسرم و نیان لە فیردەوسەوە هەڵدەکا
گوڵەکان گەش و شاگەشکە دەکا
لەسەر ئەم باخ و خێوەتگەیەدا
دوو دژە با.. لێک دەدا
دووریمان لوول دەدا
ئای دووری چۆنت نزیک کەمەوە
ئای خۆشەویستی چۆنت لەبیر خۆم بەرمەوە
حاجیلەکانی نێو مێرگی دڵم ناڕەحەتن
گولیلکەکانی رۆحم نائارام
بیرت ئەکەم، ئەی ئەوەی رۆژانێ
لە قووڵایی بێ ئاگایی من
پەراسووەکانی سۆزمت شکاندو

راتکردو نەگەڕایتەوە
مـن سپیەکانم بە(با)ی ماندوو
پەروەردەبوون
مـن گەراکانی رۆحم بەحەسرەتی نەدیو
لەسەر دیوارە رووخاوەکاندا ئاودیوبوون
مـن گریاوم، ئەوەندە هەیە بەشێ لە
فرمێسکەکانم
شیعرن.. بەهەدر نەچوون
دوێنێمان بەکوشت دا، ئێمڕۆشمان هەر کوشت
سبەی چاوەڕوانە
دووسبەی ترس و لەرز دایگرتووە
دەستەونەزەر بەگومانە
- لە خۆشەویستیم بگرن، بەخۆشەویستی دامپۆشن
لە خۆشەویستیم لوول دەن
بۆ نێو خەرەندی خۆشەویستیم هەڵدەن
لە رووباری خۆشەویستیدا نقوومم کەن
لە خۆشەویستیدا بخنکێم
بمخەنەوە نێو قەفەزی مەحەببەت
ئەز غەزەلخوانێکم
بەسەدان ئاوازو سەدای تازە دەچریکێنم
مۆمی زیکرێ لە تەکیەی رۆحما دادەگیرسێنم
باڵانسی دەف و ریتمی سۆزتان دەوروژێنم
ئەی ئەڤینی تۆ چ سیحرێکی کێوی
نە کۆدت هەیە نە شوفرە
نە کلیل نە دەلیل
بەتاڵ نابی ئەفسانەکەی هەمیشەییت
ئەڤینی تۆ توتنە توونەکەی
پادشای سۆز، لە گەڵای سەوزو زەردا
لەفی دەکا بۆ عاشقان
دڵ دەیکێشێ
دوکەڵە سپیە نەدیارەکەشت
مێژووی بەسەر ناچێ
بۆ تۆ ئەڤینی، قولپ دەدا دڵ

لە قووڵاییدا هەڵدەچێ کەف و کوڵ
بەسەر دەمەدا دەکەوێ سوراحیە
دەزرنگێ جام
دەشکێ پەرداخ، دەڕژێ مەی
ئەمە چ ئاژاوەیەکی خۆشویستنە
منی گرتۆتە خۆ
ئەمە چ بازێکی ناڕەحەتە
شاپەڕی لە رۆحم دەخشێنێ و تێدەپەڕێ
هەنووکە شاخێکی هەڵچووم
میتاڵم تواوەو بوڕکانم سەر بەگڕ
ئاگر ئاگر، پێم لەسەر زەوی
خۆم لە ئاسمان
تۆش بلند بلند وەک پرچ و تەوقەی سەرت
گڕی بادەو روناکی مۆم تێک ئاڵاون
ئەمشەو پەروانەو پەپوولە
جورئەت ناکەن نزیک بنەوە لێم
ئەمشەو خۆم ون کردووەو نازانم کێم
ئەو مێزو مۆم و بادەیە
ئەو شاعیرە پڕ لە غوربەت و بێ چارەیە
کەوتۆتە چ کەمینێک و پیلانێک
ئەو عیشقە چییە بۆم رەخساوە
ئەو بەڵایە نەدیارە چییە یاخەی گرتووم و
نیشانەی خۆی پێکاوە؟
وەرە، وەرە، رۆح لە جەستەمدا سەرکەوتووە
لە تەوقی سەرمدا جێگیر بووە
پەل بکوتم.. بگریم،، نەگریم
باز لەسەر لوتکەدا
ماوەیەک ئارام دەگرێ
دواتر لە شەقەی باڵ دەداو
دەفڕێ و
دەفڕێ و
دەفڕێ

# تایتانیک..
# لە ئۆقیانووسی چامەدا غەرق دەبێ

ئەدیب نادر

* کاپیتان:
دەرگای کابینە تەنیاکەی خۆ دادەخات
نیگەرانی خۆی دەبەخشێ بەمیهری ئاو
دواهەناسەی وەکو باڵی نەوڕەسەکان
تێکەڵاوی گیانی شەپۆلەکان دەبێ
ریشی چەرمووی دەکەوێتە نێو باوەشی
کەفەکان و
وەکو ئەوەی لە بۆتەی ئاو وێلداشەکەی ونکردبێ
چاوەکانی وێنەی ئاسۆ لاژیوەردی
هەڵدەگەڕێن..
* پیرێژن:
کۆختە ئاڵتوونییە دوورەکەی لە رابردوو
سەقامگیرە
هێڵە سیحرییەکانی دنیا
لە رووخساریا حەشاردەدات
دەستە پاییزییەکانی
بەگشت سەربهووردییەکانی گێتی خۆیان
دەگەیەنن
بەڵام یادەوەرییە غوبارینە تاریکەکەی
تاقە ئێرسی ئەو زەریا کەللەشەقەیە
کە لەنێویا زیندوویێتی خۆی جێ
هێشتووە...
* دڵدار:
لە هەڵکشانە نەرمەکان دێتە پێشێ
دەزانێ ئاو قەراری چارەنووسە شینەکەی
ئەوی داوە

رەنگی بێدوایی دڵەکەی
دەخاتە نێو قامکەکانی و
بەکەفی بێگەردی تێکچڕژانەکان دەیبەخشێ..

* پاپۆڕ:
لە ئاپۆرەی شڵەژاوی ئاوەکاندا
فرچک دەگرێ
دۆلفینەکان بەمەکرەوە چاوشارکێی لەگەڵ دەکەن
ئاسۆی زەنگیانەیی جەمسەریش
لەگەڵ هەتاوی مەلوولدا خۆشی دەوێ
جۆلانەی بەرزی شەپۆلان گوژمی کەفین دروست دەکات
لە ئامێزیا تەمەنی کورتی بێ ئۆقرەی بەسەردەباو
لەنێو عەشقی جەستەی ئاودا نقوم دەبێ...

* کەمانچە:
ژێیەکانی ماندووبوون بەئارام دەدەن
بەدەستی شینی رانەوەستاویکی زۆر زۆر شەکەتەوە
دوا سیمفۆنیا دەکاتەبەر ئەو سیبیانەی
تەنها شەپول ڕێگا بزربووەکانیان کەشفدەکاو
هارمۆنیای ئۆخژن دەبەخشێ
بەو دیدە بێ پێڵووانەی
دەبنە دەرگای بەهەشتێکی بێ تروسکە...

* عەشق:
شەپۆلی ئاو دەینووسێت و
خامەی خەواڵووی ئەستێران رەسمی دەکات
رەنگی تەنها لەناخی ئاو قووڵبۆتەوە
وەک درەختێکی بێ منەت
گەڵاڕێزانی ترپەکان پشتگوێ دەخات...
ریشەی لە دەروونی شینی ئاوەکانە
بۆیە وەک پەڕەسێلکەکان
بەسەر ئاسمانی خەزاندا گوزەر ناکات
دەکەوێتە ژێر بارانە ناوەختەکانی ئەودیوی ئەبەدییەت..

* کۆچ:
دڵی دەریات کردە کێڵگەی عەشقێکی تر
پەنجەکانت لە جەستەی شەپۆلەکاندا
بوونە ماسی داگیرساو و
لێوەکانت مووچڕکەیان لەناخی دۆلفینەکاندا هێنایەجۆش
با دەستە پڕ میهرەکانت
واز لە سەمای خۆیان بێنن لەسەر رۆحە ئارامەکان
هیچ مەترسە، با دزێویت کاڵبێتەوە
ئاو لەگەڵ خۆیدا دەتباتە
کۆختەی جوانی پەرییە نەمرەکانی دەریا
تا هەمیشە ئاوێنەکانی قووڵایی،
وێنەکانی تۆ لەسەر دڵیان هەڵواسن..

لەندەن/ تەمموزی ١٩٩٨

نەبەز گۆران



# عەرعەرێک لەدڵمایە

باخەکەمان گەڵا ئەگرێت و
دڵی منیش تۆ

شنە شنی چنارێک لەسەر  تاقی بەهار
لەنگەری هەتاو لەسەر لێواری بەیانی
زرنگەی پیاڵەیەک بەدەست لارولەنجەی
خوشکەکانمەوە
هەناسەی پاکی فەقێیەک لەفەزای منارەی
خانەقایەکەوە
کەوتنی ئێوارە بەسەرشانی گردێکەوە
خەوی قوڵی من بۆئەو پەڕی فڕین

مانگ لەبەردەم هەیوانەکەمانا ڕوناکی
ئەگرێت و
دڵی منیش تۆ

هەواو هەوەسی کراسی ژنێک لەبەردەم
پێکەنینی - با -دا
ئەگەری هەڵکردنی بەهار لەخەیاڵی پەلکە
گیایەکا
تەماشاکردنی بەردێک لەچەمێکی تووشدا
شەلاڵ لەقەوزەی سەوز
ڕاکشانی سێبەری کەپرێ بەسەر میوانێکی ناوەختا

گوندەکەمان سێبەر ئەگرێت و
دڵی منیش تۆ

پیاوچاکەکان بانگی حەق ئەکەن و
دڵی منیش بانگی تۆ

کۆڵانەکەمان بەحەسرەتە بۆیاری و
دڵی منیش بەحەسرەتی تۆ

کزەی ناوەختی پێگەینی توترک لەسەر
تولە ڕێیەک
حەسودی بێشکە بۆخەوی منالی
لێهاتووی سنەوبەر دەرهەق بەوەرزەکان
بۆنی خۆشی مشتێک خۆڵی دوای نمێک باران

مەیگەدەکان تامی مەی ئەکەن و
دڵی منیش تۆ

شاعیرەکان مەست بوون ئەخۆنەوەو
دڵی منیش تۆ

کۆترەکان بەسەر پاساری زەمەنەوە گەمەیان
دێت لەفڕین
جێپێی بەرخەکان دەچێتەوە ئەو پەڕی باخ
هەوەسی لێو بۆتامکردنی ترێیەکی ڕەش
بانگکردنی ناوی دایکم بەئاسانی
بۆنی نزیکی شوانەکان لەداربەڕوێیەک
دانیشتن لەسەر حەسیرێکی نمدار
چاخواردنی دەمەو عەسران، بۆنی تەڕبوونی
زەوی

چاوەڕوانی هاتنی غەریبەیەک بۆگوند،
دەنگی سیسرکێک لەسوچێکی تاریکا
بازدان بەسەر جۆگەیەکا، شکانی لقێک
بەشەقەی باڵی -با-
دابەشبوونی شوعلەی چرایەک لەودیوی
پەرژینەوە

شەوانە ئاسمانی گوندەکەمان شەڵاڵە لە
ئەستێرە و
دڵی منیش لە تۆ

یانی من ئاوازی دێوانەکان بۆخۆم
ئەڵێمەوە
یانی من گۆرانی کچەکان بۆخۆم ئەڵێمەوە
یانی من بێتاقەتی گەنجیەتیم بۆخۆم ئەڵێمەوە

زاهیدەکان خودا ئەخوێننەوە و
دڵی منیش تۆ

جەژنی هەرمی و هەنجیر لەگەرمای هاوینا
تووڕە بوونی هەنارلەدرەنگ کەوتنی ئاو
تێگەیشتنی پایز لەدەمارەکانی گەڵایەکا
خۆشتر لەتامی ئاو خەوتنی بەرهەیوان
خۆشتر لەوەرزی بەهار دەنگی دایکم
خۆشتر لە فڕین بۆنی ئاوپرژێنی بەردەرگا

با دڵی لقەکان ئەداتەوەو
دڵی منیش تۆ

باوەشێک هەور بەسەر کەمەری کێوێکەوە

کەوتنی ئاوازێک بەسەر دنوکی کەوێکەوە
فڕینی کوللەیەک لەحەشمەت چۆلەکەیەک
ڕاکشانی گیا لەژێر نازی جێپێی ئەسپێک
سیس بوونی سێپەرە بەدیار چاوەڕوانی
هاتنی -گا-یەک
هیلاکبوونی هێشوەترێک بەدەست پۆلی
زەردەواڵەوە
شۆربونەوەی هەنجیرێک لەکاتی تێربوونا
دەرکەوتنی عەورەتی هەنار لەکاتی
قلێشانا

شوانەکان شمشاڵ ئەژەنن و
دڵی منیش تۆ

دەست هێنان بەشانو ملی پەڵەیەک گەزما
خۆشاردنەوە لەداخی مێشولەیەکی عەجول
هەوەسی شۆرەبی بۆ سەر گەردنی
گۆماوێکی تەڕ
تێپەڕینی وەرزەکان بەنێو پەنجەی لقێکا
گەڕانەوەی هاوین لەکاتی تینویەتیا
شەڕی دوو چۆلەکەی بەرهەیوان و خەبەری
هاتنی میوانێک
دڵخۆشی باخەوانێک لەبەردەم بارانا
ڕەق بوونەوەی تۆپەڵێک چنور لەژێر دەواری بەفرا

ئاو لەڕۆیشتنی خۆی تێرنابێت و
دڵی منیش لەدیداری تۆ

تەماشاکردنی دڵی سپیی زستان
حەپەسان بەدیار میهرەبانی گوڵی

سەرکراسەکانی دایکم
لاکردنەوەی گەڵایەک لەوپەڕی کۆڵانی
باخەوە
ڕوتانەوەی سەری درەختێک بەدەستی پایز

گوڵەبەڕۆژەکان ڕوو لەهەتاو دەکەن و
دڵی منیش ڕوو لەتۆ
بەیانیان بەچۆلەکە تازە دەبێتەوەو
دڵی منیش بەتۆ
تۆ لەدڵی منا بەوێنەی بازێک
لەفڕینای
تۆلەدڵی منا چەشنی میتاڵێک
زڕەنگەت دی
تۆلەدڵی منا سەوڵ لێدەدەی

تەمەنم تەنیایی تێیا تێئەپەڕی و
دڵیشم تۆ

گوندەکەمان کەوتوەتە لای سەربنی خواوە
تۆش کەوتویتە بان سەربنی دڵم

سەرنجدان لەکچی باخەوانێک لەکاتی چنینی
توودا
هەستانەوەی پۆلێک پۆڕ لەوەختی تەشریف
هێنانی دەنگا
خۆشاردنەوەی " گوارێک" لەترسی سێبەری
مامم
خۆپیشاندانی پوشکەبەقنگەکان لەسەر
چڵێکی وشک
پێشڕکێی بۆقەکان لەمپەڕی جۆگەکەوە بۆئەوپەڕ

گوندەکەمان بەچەمۆڵەیەک هەتاوقایلە و
دڵی منیش بەپێکەنینی تۆ

گوندەکەمان ڕەچەڵەکی ئەچێتەوە سەر
باخێکی فێنک
گوندەکەمان ، هەوای پاکی باخچە ئەداتە
ترپەی دڵ
باوەشێک وەرزە گوندەکەمان
وای لەگوندەکام چەند بۆنی خۆشەو چەند
لەخەونەکانی منەوە نزیکە
لە گوندەکەی ئێمە
سەبای ساڵحان لەجۆگەیەکا مراوی
پەروباڵی وەرزێک ئەشوا
پاساری ئاوازی بەخەبەربوون ئەدا
بەگوێی مناڵانا
فێنکی ژیان لەسەر قولەی دارچنارێکەوە
بەرئەبێتەوە بۆحەوزەکەی بەرهەیوان

ئێواران لەگەندەکەمانا ڕوناکی ئاوائەبێ و
لەدڵی منیشدا تۆ هەڵدێی

من بەئەسڵ گوندیم
من بەگیانم، بەدڵم، گوندیم
من زۆرکەیفم بەگوندەکەمان دێت
زمانی من بەرانبەر منارەی خانەقایەک پڕا
دڵیشم لەسەر تاڵێک لە پرچەکانی تۆ
تاقی ماڵەباپیرانم
پڕە لە کتێبی شەهامەت ، لە دیوانی خانەدانی
لە حورمەتی شاعیرانە
لەسەر تاقی دڵیشم پڕە لەئارەزوی شاهانە بۆتۆ
هێشتا باپیرم مابوو
دایکم لەسەر بەرماڵی دوعاکانی نزای بۆ
کورد ئەکرد
دڵیشم بۆتۆ
باوکم مشتێک غەریبی بوو بەکێوانەوە
هەموو دراوسێکانیشمان باخەوانن
دڵی منیش دیوانە بۆتۆ

ماڵەکەی ئێمە کەوتوەتە گەرەکی دارتوەکانەوە
دڵیشم لای هەناسەی تۆوەیە
لەپشت دار هەرمی عەیارەکانەوە بڕۆ
بەلای حەوزە تەڕەکەی دڵماسەرکەوە
دەگەیتە شیرینی زمانی ماڵمان
دڵیشم پڕە لەغوربەتی تۆ

ماڵی ئێمە زۆر گوندین
ماڵی ئێمە نیوەڕۆیان لەسەر سەکۆی
بەرهەیوان
ژاوەژاوی مناڵ دێت، ژاوەژاوی وشەی تەڕی
خانەوادەیی دێت،
قاڵەقاڵی پێکەوە بوون دێت
هەمیشە خەمی دۆستانی غەریبی لایەکی
دڵی ماڵەکەی ئێمەی تەنیوە.
خوشکەکانم، بەگوندەکەمان ئەڵێن ئاو
دڵی منیش بەتۆ دەڵێت قیبلە
براکانم، بەشار ئەڵێن، دووری
دڵی منیش بەتۆئەڵێت سەعادەت
دایکیشم، لەهەرشوێنێک بێت خوای لەبیرە

مالی ئێمە خانەخوێی غەریبانەو
دڵیشم خانەخوێی تۆ

مامم شێتی کێوانە
مامم شەوان لە «داڵەهۆ» ڕوناکی ئەگرێت
هەمیشە لەقەڤەزەکانیان، دەنگی کەو
دێت، ئاوازی کێوان دێت
مامم کەڵاروڵەنجەی ژنێک ئەبینی ئەڵێت "
تەحا لەکەو ئەچی"
مامم ناچێت بۆبەهەشت
مامم پەنجەکانی پڕاون لەخوێنی
بزنەکێوییەکان
مامم دەستەکانی پڕن لە حەقیقەتی
کوشتنی پۆڕەکان
مامم ڕاوچیە
مامم گەریدەی کێوانەو
دڵی منیش گەریدەی تۆ

گوندەکەی ئێمە باوەشێک سێبەرە
دڵی منیش سەرشار لە تۆ

جاران کەجۆگەیەک هەڵی ئەکرد
منالی پرئەبوو لەشادی
ئەکەوتینە شوێن گەڵاکان تا ئەو پەڕی
تەڕ بوون
لەناو زیخەڵانی جۆگەیەکا بەشوێن سەرە
میکوتەیەکا ئەگەڕاین
بۆهاوڕێیەتی
لەناو دڵیشما بەشوێن خانەقایەکائەگەڕام
بۆزیکری تۆ

تا دەنگی دایکم دەهات ژیان ئەگەیشتە
چۆکی مناڵیمان
لەناو جۆگە ئاوەکانا دنیایەک پاکی
هەبوو
لەناو دڵی گەنجیەتیشما گۆرانیەک هەیە بۆ تۆ

جاران ورتە ورتی دوو گەڵالەحەوزێکدا
فەزای قەرەباڵغ ئەکرد
ئێستا تەنیایی من بەشی هیچ ناکا
جاران تەجەلابوونی فەقەیەک نووری ئەدایە ڕۆح
ئێستا غەریبی تۆ قڵیشانی ڕۆحە

من خەیاڵی خۆم ڕائەگرم تائەگەمە تامی
دێوانەیی
من خۆم ئەگرم تانەبمە شاعیر
جاران بە فەقێکانم ئەوت زانست
دڵیشم بەتۆ ئەڵێت مانگ

دەروێشەکان زیکری تەجەلابون دەکەن و
دڵی منیش زیکری تۆ
باڵندە فڕین ئەخاتە فەزاوەو
دڵی منیش تۆ

دەچم گەورەیم بشۆم
دەچم سادەیم بهێنمەوە
دەچم لە حەوزەکەی لای مالی شێخ
سەری سپیم تەڕکەم بە یادی تۆوە
دەچم کتێبەکان کۆئەکەمەوەو جۆگەیەک
ئاو هەڵئەکەم
دەچم لەبری ژن لەژێر سێبەری دارسێوێکا

دائەنیشم
دەچم بۆسەر کێوەکان تێر تەماشای
بەفرەکەم
دەچم تامی ڕێواس ئەکەم ، تامی دڵ
ئەکەم

نەنکم بەتەزبیحەکانی لەخودا نزیک
ئەبێتەوەو
دڵی منیش لەتۆ
هاوڕێکانم دڵیان بۆغەریبی ئەسوتێ و
دڵی منیش بۆتۆ

چەن خودا لەگوندەکەمانەوە نزیکە
دڵی منیش هێندە لەتۆ
چەنداربەڕوو دۆستی گوندەکەمانە
دڵی منیش هێندە لەتۆ

من وتم:
گوندەکەمان وەک بارینی باران نەرمە
دڵیشم چەترێکە بۆتۆ
من وتم:
لەناو دەریاکاندا بێدەنگی هەیە
لەناو دڵیشما تۆ
من وتم:
سێبەر یانی ژن
تۆش یانی دڵم
من وتم:
دەستەکانت جوانن
یانی ژیان زەینی سەفەرە لەگوندەوە بۆشار

کەچی....
ئەوەتام لێرە
خەریکی بژاری تەنیایم
لەکۆڵانێکی بێدرەختا، لەماڵێکی نزیک لە
پیری
دوور لەگوندەکەمان مەستم وەک عارفێک
دێوانەم وەک سەوزە فرۆشێک
تەنیام وەک پەرەسێلکەیەک
شارەکان تەنیایی ئەبەخشن و
دڵی منیش تۆ

هەولێر:
وەرزی بەهار وهاوین ٢٠٠٨

# گەڕانەوە بۆ خۆکوشتن...گەڕانەوە بۆ ئاو

* توانا عەدنان بەرزنجی

ڕەنگە خودا پڕبێ لە هەموو شت...لە
هیچ
ڕەنگە خودا مەخلوقی بخولقێنی پڕ بێ
لە هەموو شت... لە هیچ
من ئەم مەخلوقەم و
دەزانم بەم خۆکوشتنەم دەچمەوە سەر
تایەفەی ئاو..!
دڵم هێندەی لێدانی دڵی سێوێکی لێ
ماوەتەوە
کە وەسواسیم کرمۆڵەی کردووە..!
هێندە بچووک بووەتەوە
لە بەردەم شێداریی ماچێکدا
هەڵدەوەرم..!
ئاو لە تینوویەتیی دەمخواتەوە..

هاوڕێم..،
مێژوو کەمترە لە دووکەڵی
جگەرەیەکی شەوانەم
کەمترە لە قاپێک شەرابی ئێوارانی
سەربان
من بەم تاریکییەوە
یاسایەکم بۆ عەشق پێ دانانرێت
بەم بچووکییەوە
کەڵکەڵەی خۆکوشتنم لە سینەی کەس
پێ دەرناکرێت..!
ئەم ڕێگە درێژە دەچێتەوە سەر
ڕەچەڵەکی سەفەر
لە پێچی ئەولاتری ماڵی تەنهاییەوە
دەچێتەوە حزووری یەقین..!

تۆ وەرە بارانم بۆ ئیعراب کە لە کاتی
بارینا
توانەوەی مۆمم بۆ ئیعراب کە
لە بەردەم خوێندەوەی حیکایەتێکی تەڕ
دەنکێک گەنمی دەمی مێروولەم بۆ
بخەرە رستەوە
لەوپەڕی شەکەتیدا
نیشانەی پرسیار لە بەردەم
موقەددەسترین بت دانێ
زەرفێک پڕکە لە باران
بینێرە بۆ سەرابێک لە ئاو
باوەشێک خەون پڕکە لە قسە و
بینێرە بۆ بێدەنگیی خەو..!
دوودڵ مەبە...،
لە دێڕی نامەیەکتا بمنووسە و
بمدەرە دەست قاسید...قاسیدی
عەشق...قاسیدی ئەنفال..!
هێندە بچووک بوومەتەوە
لە بەردەم شێداریی ماچێکدا هەڵدەوەرم

تۆش ڕێم بدە...،
"لە بەردەم هەناسەت بوەستم و
با- بمبا" (*)
لە بەردەم گەورەییت بچووک ببمەوە
ژیان بخەرە باوەشمەوە
تا تێرتێر بۆن بە بوونییەوە بکەم
دەستەکانم بەرزکەرەوە بۆ ئاسمان
تا خۆم بە بنمیچی نووری خودا هەڵواسم
و هەرگیز نەمرم..!
حەز دەکەم سینەم پڕکەی لە ترپەی ژیان

با... هەناسەی ساردت هێندەی خواردنی
قاشێک شووتی
سنگم فێنک بکاتەوە..!
بەهەڵمی سەر شووشەی پەنجەرەکەت
بنووسە: (خۆشم دەوێی)
تۆ تەماشاکە ئەزیزم
گەرمترم لە چاک و چۆنیی بەیانیانی
دوو هاوڕێ
گەرمترم.. لە نووسینەوەی شیعرێکی
بڵاو
ساویلکەترم لە هەنار..!
وەک سەرەتاتکێی منداڵێکی لاکۆڵانم
لێ هاتووە
کە ئێواران چاوبڕکێیەتی بۆ هاتنەوەی
باوکی
بە دوو عەللاگە قسەی تاڵ و شیرینی
شەوانە
تەماشاکە... مەرگ چەند بەدفەڕە
دواجار لێ نەگەڕا تریفەی مانگ بڕژێتە
قەفەزی سنگم
دواجار لێ نەگەڕا چاو لە سێبەرم
بنووقێنم
لێ نەگەڕا بە دایکم بڵێم: دایکە...،
ئەم گوڵانە بەرەوە بەردەم پەنجەرە
دەنا بێ هەتاویی دەیانکوژێت..!
منیش لەودیو کۆڵانەکانی خەون
لەودیو تەونی بۆهیمییەکانەوە
ئامێز دەکەم بە گەڕانەوەی منداڵیم
دەست دەکەم بە هاوسەنگکردنی
هاوکێشە هاوسەنگ نەکراوەکانی
مامۆستای ماتماتیک



له وانەی دابەشبوونی تووڕەیی... بەسەر هاوڕێکانم و
ژمارەکانم و برینەکانم
جارانکردنی عەشق بە مەرگ و
یەکسانکردنی ژیان بە سفر...!
زۆر درەنگە هاوڕێم... زۆر
قسەیەکم ماوە بیڵێم:
بمبوورە ئەگەر ڕۆژێک دەستەکانم
توانای وەڵامدانەوەی سڵاوەکانتی نەما

بمبوورە...،
هێندەی بچووکیی مێروولەیەک
هێندەی کاڵبوونەوەی نامەیەکی بەرباران
هێندەی بارستایی نیشتنەوەی
پەڕەسێلکەیەک لە باوەشی هەتاو
بمبوورە هاوڕێم
ئەگەر ڕۆژێک لە کۆتایی نامەیەکدا
نەمنووسیبێ:
(ژیان ئاوا ئەی مەرگ..!)
بمبوورە...،
هێندەی وەڕسبوونی خۆڵ... لە چوونە باوەشی "با" وە..!
پەراوێز:

(*) ڕەنگە ئەم دێڕە تێکەڵاوی دێڕە شیعرێکی "رابەر فاریق" بێت.

# شكانی جەستەی بلوورینی شار...

زریان کاکەیی



تریفەی شەپۆلەکان ڕەشن، پێناسەی هاوسەنگیەکی ڕووناکی زەمەن دەدەنەوە فەلەک
بریقەی چاوەنزاری چاوەکان
دەستە چرچ و لۆچاوییەکان ماندوو مردوون لەم دەڤەرە
شەڕەکان لێرە ساغ نەبوونەتەوە نە لە شەفەق و نە لە نارنجی ئێواران
ئێواران پێناسە ناکرێت نە بەتاریکی و نە بەتیشک
کێڵگەکانمان بریندارن
برینەکان ساڕێژ نابن، بارووت و لوغمێکی زۆر لە هەناوی خاکدا خەوتوووە
باڵندەکانی خەونی ئێمە چاوی نائومێدی و خەونی کۆچمان بەئاسمانەکاندا دەپڕژێنێ

من لە گەڕانەوە بۆ وڵاتی تەم و تۆز تەنها بووم
گەیشتمەوە شار منداڵ بوو مەوە، فەوارەکان تۆزو تاریکی و ترسیان دەپژاندە باڵای شار
گەڕانەوەم نەیگەیاندم بەهیچ قۆناغێک
لە هاتنەوەم ئاسمانێکی بێ ئەستێرە سەری داگیرکردم
بێ شەقامی و نەخشەی شار ترساندمی، شار پڕ بوو لە گەڕەکی چاوبەستراو
کۆڵانەکان مۆڕەیان لە دڵخۆشیم ئەکرد
بەچاوبەستراوەیی دەسوڕامەوە
بەدڵشکاوی دەنوشتامەوە بۆ جوانی، دەستم لە قۆرت و تاریکی دەپیشایەوە
بەترسەوە لە میهرەبانیم ئەڕوانی، میهرەبانی سەوزی گەڵاو چرۆ کە ببوونەماڵی تۆزو درۆ
جەستوی بلوورینی شار لە خەونەکانمدا وردوخاش دەبوون و پارچەکانیم دەنووسانەوە
گریانی رۆحم
گوێم هەمیشە بەژان و ئاوزینی هەنگاوەکانی خۆم سڕدەبوو
شار دەگریاو بەئازارەوە دەیوت
ئێوە لێرە جێگاتان نابێتەوە...
لێرە تەنهام، تەنهاتر لە تەنهایی قەبرێک
شار پڕو پڕتر دەبوو لە پەیکەری بەردین و جوانیەکان لە پاکیدا دەمردن
هیچ لە هیچەوە دەهات و دەبووری
من مرۆڤێکی بریندار بووم لە پاکی رۆحی پەیکەرەکان دەگەڕام
مێژوو دەگریا بۆ زەمەنەکەی خۆی
جووڵانەوەی من و هەموو چرۆکان لە تاریی شاردا دەستبەسەر بوو
مۆرکی بوونم کاڵ بووەوەو زمانم لێ سەندرایەوە
زۆربوونی ئەوانەی کۆتاییان بەپیرۆزی هێماکانی شار دەهێنا
مەودای شەوەکانی بەرینتر دەکرد
هەمیشە ژانی تەڕوبڕ لەدایکدەبوو
لەگەڵ ژیانی درزو دەلاقەو فایلەکان ئاوێتە دەبوون
کەژاوەی شار گەیشتە شوورە ئەبەدییەکان
فەزاکانی لە فەزادا بەنهێنی فرۆشران
ئەستێرەکان و باڵندەکان بەناچاری هاتنە سەر کێڵگە شێدارەکان و لەبیرکران
من دەزانم زستان ساردە

مـن راهاتم بەشەوەزەنگ و کاڵی ڕەنگی شار
زەنگێکی پیرۆز دەڵێ
شار دەخوازێ ڕۆح بکات بەگیانی پەیکەرە بەردینیەکانی
بۆ دۆزینەوەی ژیان
فەزاو ئاسمانەکانی شار هەمیشە پێویستیان بەئەستێرەکان و کانیە ئازادەکانی خۆی هەیە
مـن لە کوێری خۆ مەوە نرخ بەڕووناکی دەدەم
ئێمە هەموو مان لە خۆر دەگەڕێین و نازانین خۆر لەنێوان مەمکی کچانماندا خەوتووە
خۆر لە پێچی ویژدانماندا خەوتووە
دەنگی شمشاڵ و دەف و تەمیرە سەراب هەڵیلووشی
شار لەناو زیندانداییەو ئاوازێکمان نییە برینەکانمانی پێ بژەنین
ناوی پیرۆز، وتەی پیرۆز، ئاوی پیرۆز.
دەڵێی هەرگیز لەم شارەدا جەستەی سنەوبەرێکی دڵخۆش سەمای نەکردووە
ژیان وازی لە هەموو ئاوازێک هێناوە
مڕەمڕی مینۆتۆرەکان شار بینا دەکەن
ڕەنگەکان گڕیان گرتووەو هەڵدەلەرزن
دەرگاکانی خەون و ژیان ئاواڵادەبن بۆ تۆزو تاریکی
دوێنێ لەجیاتی ئەمڕۆو بەیانی دەمرێت
هەموو یادەوەریمان تەپوتۆزە
بێدەنگی ئێمە بۆتە بەڵای شار
شاری بێ ئاسمان و شەقام، وەرە بەگریانەکانمت ئاشنا بکەم
دەستت بێنە ئەی پیرۆزترین شاری دنیاو ئەبەدی
با قووڵایی برینەکانمی پێ بپێوم
لێمگەڕێ شارە ئازیزەکەم
مـن بەم تەنهاییە لەبوونی خۆم تێدەگەم
مـن بەم برینانەوە شکۆ مەندم
شارە تۆزاویەکەم خۆشمدەوێی

مۆتیف
سەیران تالیب

جەمسەری ساڵی ۲۰۰۷- ۲۰۰۸

گەڕەکی زانکۆ / هەولێر

# بێری

گوهدار شوکری ئاکرەیی



بێرێ یا
قەدوقامەت شیرین
دوو چاڤێت پڕ هەوەس
عەشقا وێ هات
دەستێ من گرت
دلێ هشک و بێ خەیاڵ
باوەشیا خۆ کر
برە ناڤ دەریایێت ئەڤینیێ
عەشقا جوانیێ فێر بوو
بەهەشت و جەهەنەم
بەهەشت ئەوەو
دین و تەمەن
بوونە قوربانێ وێ



تەمەنەکە حەزا دلێ
شین ب بیت گوڵ
باخ پێت خەملێت
هەرچەندە تەمەن
نیڤە چوویە
وەک بەفرەکا سالا درەنگ
بباریت
بارینا وێ
دەرمانە
ئەو حەکیمە
دل بریندارە
من گەرێن تێر بگریم
گرینێ من نەکەن
ئەڤ گرینە
خۆشی و گری تێکەلن.
خەمێت وێ خۆشن
ناسکن
جوانن
وەکی بەژنا وێ
دێ وەرە
دێم روویا گولە باخا
هەتا نەچووینە بینا چاڤا
تێر ب بینم
تێر بێن بکەم
بزانم
بێن و بەرێ گوڵ چ باخانی
نە هەر دلێ ببەی
رووحا شرین ب ستینە.

# لێواولێو... ماچ

سەرهەنگ خامۆش



پێڵوەکانت
ئاوێتەی یەکترین
دڵم نایێ وەئاگایان بێنم
نەوەکو لاشەی خەمەکانم
لەگۆڕستانی چاوەکانی تۆ بنێژم

حەزم دەکرد
بەبێ دەنگی ماچێکت کەم
کام قەتارەش
شیرینترە لە لایلایەکانی دایکم
لەنێو بێشکەی ئەم نیوە شەوەدا
بۆ ئەستێرەکانی ئاسمانی بهۆنمەوە
لەچاوەکانی سەحەریش
لەزەتی شەرابێک بنۆشم

گوێم بۆ چرپە هێمنەکانی شەو شل کەم
تا لەباوەشی بێدەنگترین ماچ
دەخەوم

چ سەرمەستییەکە بەم نیوە شەوە
پێکی حەزەکان
بەرۆکی خەمم بەر نادەن
چ زامێکە
شیعر لەتاو ئازارەکانی دەناڵێنێ
دارەکان گەڵاکانیان
بە هەنگاوە بێ بەزەییەکانی (با)دەسپێرن
ئاسمانیش هەور
بۆ باران دەکاتە دیاری
بارانیش لە بەرۆکی
گوڵە نێرگزێکی دەدا

کە ئێوارە
سەر بە سەرینی شەو دەکا
ئا لێرەدا میلی کاتژمێری ژوان
ئاوازی چاوەڕوانی دەژەنێ
کەچی زەمەن
پەنجەکانی لە قژی تەمەنم ئاڵاندووە
گەنجێتیشم چۆتە نێو
چوارچێوەی تارماییەکی سپی

تابلۆکان
ڕەنگەکانیان ون کردووە
خۆزگەکانیش
بوون بە باکگراوندێکی زەردو سیس
نە خەرمانەی ڕازەکانم سەوز دەبن
نە بارانیش کێڵگەی ئەوینم ئاو دەدا

من تێناگەم
نەتۆ بخەمە نێو چوارچێوەی
هەگبەی تەنیاییم
نە لە نێو پێڵووی
چاوەکانی ماچێکدا فەنا بم..

چ شەکەتییەکە
عیشق لە دەرگا شکاوەکانی ژوان دەدا
ماچەکانیش
بە لێوی وشکی ئازارەکانم پێ دەکەنن
دەنکە هەنارە سوورەکانیش
دەپرژێنە نێو مەڵاشوی خۆزگەکانم
تا ئەو ساتەی
بە بۆنی سێوی سینەت مەست دەبم

لەبیرتە ئەو ساتانەی
لەژێر سێبەری ڕەشی
کاروانسەرای ئەوینی شەو
دەحەساینەوە
کەچی ئێستا سپیترە لەجەستەی بەفرو
زەردتریش لەچاوەکانی خەزان

ئا ااا خ خ خ پیری
کەسێ نییە
گۆچانە لارەکەی عیشقم لێ وەرگرێ
لە کەناری تارماییەکانی قەدەر
کە پڕە لە ستایشەکانی جوانی
پڕ لە عیشق
لێواولێو لە ماچ..!!!
Xamosh- s@hotmail. com

# خەو هەموو خەونەکانمی بەفیڕۆ دا



عەلی شێخانی

لە دوو دەرگاوە هاتوومەتە ناو دنیا
کەچی دەرگەیەک بەس بوو
لە دوو پەنجەرەوە دەڕوانمە ئایندە
کەچی پەنجەرەیەک بەسە
لەدوو ڕێگەوە هەنگاوەکانی تەمەن دەبڕم
کەچی ڕێگەیەک بەسە

*   *   *

گوندێک چەندین ڕێگەی بۆ دەچێ
ڕێگەیەکیش دەچێتەوە سەر چەندین گوند
تۆش وێڵی بە دوای تاقە ڕێگەیەک
تەنیا بۆ گوندەکەتت ببات

*   *   *

هەنگاوەکانی پێشووم هەڵمناگرن
ماچەکانی پێشووم رامناموو سێنن
نوکتەکانی پێشووم خەندەم پێنادەن
پیاسەو گەشتەکانی پێشووم ئاسوودەم ناکەن
بەڵام زامەکانی پێشووم ئازارم دەدەن

*   *   *

لە هاوینێکی ساردو باراناویدا پایزێکی تەڕو
سەوز لە دایک دەبێ
لە زستانێکی وشک و گەرمدا بەهارێکی گەڵا

وشک و ڕووو زەرد لە دایک دەبێ
کە قاچەکانت چیدیکە هەڵتناگرن
گۆڕەوی و پێڵاوەکانت لە گۆچانەکەت
هەڵکێشە
کە چیدیکە ڕێگاکانت پێنابڕدرێ
مەزەندە نەکەی دوای تۆ ڕێگاکان کوێر
بینەوە و
ڕێبوار نەگرنە باوەش

* * *

لە شەودا ئەو دەمانەی دەمێکە خۆرئاوا بووە
لەناو تیشکەکانی گڵۆپێک
چرایەک
دەنکە شقارتەیەکدا
هێزی ڕووناکی دەبینم
لە ڕۆژدا ئەو دەمانەی دەمێکە شەو بەسەرچووە
لەناو تەنیایی شەقامێک
پیاسەیەک
دڵێکدا
هێزی تاریکی دەبینم

* * *

لە شەقامێکدا پیاسە دەکەین
لە شەقامێکیش دادەنیشین
لە شەقامێکی دیکەش دەخەوین
بە شەقامێک دەڵێین شەقام
بە شەقامێکیش دەڵێین باخچە
بە شەقامێکی دیکەش دەڵێین ژووری نووستن

* * *

لە سەیرانێکی چەند سەعاتی دەگەڕێمەوە
لە گەشتێکی چەند ڕۆژی دەگەڕێمەوە
لە خۆ ونکردنێکی چەند ساڵی دەگەڕێمەوە
لە دەوامی ڕۆژانە دەگەڕێمەوە
من دەگەڕێمەوە و پێکەنین و
نوکتەکانم لە سەیران جێدەمێنن
من دەگەڕێمەوە و یادگارییەکانم لە
گەشت جێدەمێنن
من دەگەڕێمەوە و خەونەکانم لە ڕابردوو
جێدەمێنن
من دەگەڕێمەوە و ساتەکانی تەمەنم لە
دەوام جێدەمێنن
ئەوەی لەگەڵ خۆمی دەگەڕێنمەوە هەناسەمە
ڕۆژێک ئەویش لە شوێنێک جێدەمێنێ

* * *

زستان بەو هەموو ساردییەی خۆیەوە فێنکت ناکا
هاوین بەو هەموو گەرمییەی خۆیەوە گەرمت ناکا
شەو بەو هەموو تاریکییەی خۆیەوە تاریکت ناکا
ڕۆژ بەو هەموو ڕووناکییەی خۆیەوە
ڕووناکت ناکا
ئەی نیشتیمان نامۆیی تۆیە ناچارم دەکا
ببمە کۆرسی گۆرانییەکانی با
ببمە نەوەی مێژوو

* * *

ئاسمان باران دەبارێنێ، بەفریش
ئاسمان خۆر دەبارێنێ، گەرمییش
ئاسمان ڕووناکی دەبارێنێ، تاریکییش
ئاسمان هەناسەو گەڵا دەبارێنێ، باو
باگوڕو غوباریش
هەموو سپێدەیەک هەر لە دەرگای خەو
بهاتبا مایە دەر
دەکەوینە بەر بارینەکانی ئاسمان
بەناچاری چوومەتە ژێر چەتری چراکان

* * *

باڵندەکان بڵند بڵند دەفڕن
بەڵام مرۆڤ بەدوو باڵی خەیاڵەوە
زۆر بڵندتر لە باڵندەکان دەفڕێت

# ژیان خەونە

کەژاڵ ئیسماعیل/هۆڵەند



چەند گەورەبم
.. خۆم بچووک ئەبینم
چەند بەرز ببمەوە
باڵام ناگاتە باڵای چۆلەکەیەک
ئەڵێن ..
ئەو شەوانەی ئەستێرە لەو دیو هەورەوە
سەما بکات
دوو خۆشەویست بەیەک ئەگەن !
ئەو بەیانییەی لەناو بەفرا
گوڵ سەردەربێنێت
بۆنی بەهار دێت و
ئەو ئێوارەیەی هەور ئاوس بەئیشقێک بێت
شیعر ئەبارێت !

بۆیەمنی هەراسان بەم زەمەنە
هەموو شەوێک چاوەڕێم
ئەستێرە ببینم
بەیانیانیش چاو بۆ گوڵێکی سوور
دەگێڕم و
ئێوارەش ..
خەیاڵم ئەنێرمە حزوری مانگ
چەند گەورەبم
خۆم بچووک ئەبینم
چەند بەرز ببمەوە
ناگەمە تریسکەی ئەستێرەیەک
ئەڵێن ..
دووخۆشەویست ڕەنگی یەک ئەگرن و
دوو لاولاو
لەقەد یەک دەئاڵێن و
دوو نیگاش دەبنە دەریا
بۆ گەمەی شەپۆلە شێتەکانی سەرنجێک
کەچی لەم گەمەی مانەوەیەدا
نە رەنگم رەنگی گرتوو
نەنیگاکانم سەرنجێکی شێت
مەلەی تیاکردن و
نە لاولاویش بەباڵای پەنجەرەیەکمدا
هەڵگەڕا
شەوێک ..
شیعر ئەباری
ئەستێرەیەک سەمای ئەکردو
کوکوختییەک ئاوازی ئەچڕی
ئای .. لەو ساتەوەختەی
نیگاکانم بوونە دوو دەریاو
ڕەنگم ڕەنگی نەورەسێکی گرتبوو
گەورەبووم و
باڵام گەییە باڵای هەسارەکان
چ .. خەونێ بوو
خەونێ فێری کردم
ژیان هەمیشە هەر لەخەونا جوانە
ژیان .. گریانە
پێکەنینە ..
ژیان .. ژانە .. بوون و
مردنە
ژیان ئەوینە .. گۆرانییە ..
شینە
لەخەونا جوانە ..
لەخەونا ..
ش
ی
ر
ی
ن
ە

# ئەی«من».. زێتر لە من!

غەمگین بۆڵی



ئەی من شەڵاڵم کە لەخۆت!
لەنێو تابووتی تۆقاندنی ئەبەدییەت و
ئەسەفەکانی ڕەشەبادا
لێوڕێژم کە لەو دەمانەی بەمندا دەتوێیەوە
ئەی من، لەسەر کورسی مۆنۆلۆگدا
شەربەتی خۆخی عیشق هەڵدە
گوێ لە گۆرانییە حەزینەکانی ئاو بگرە
سەیری کۆڵارەی منداڵانی گەڕەک بکە.
ئەی من.. زێتر لەمن!
تۆ سەیرکە.. سەیر
پەنجەرەی دیدەی عاشقانی وڵاتم
بەتەونی جاڵجاڵۆکە شەیتانەکانی
بەدگومانی داپۆشراوە
ناشتوانن، لە کەلێنی دەرگاوە
لە حیکمەتی هەنگاونانەکانی شۆستەکانی
شەقام بگەن
ئەی شرۆڤە پەڕەگرافەکانی دۆڕان مەکە

من لە ئایەتەکانی بەرائەتی «هەورت»
تێگەیشتووم
شەوانی پەرستنی ماچە رۆحیانەکان
کاتژمێر: پەلەی لە چرکەکانی دەکرد
زەمەن: رۆژگاری بەسەرمان غلۆردەکردەوە
ئاااای ژیان..
چەندە پەلەت لە ئێمەکرد!
لەشەو راکشانی ئەو ژوانانەدا
پڕ بەفەنتازیای رۆح خۆزگەم دەخواست
ژیان ئاوێنەی هۆڵی ماڵەکەمان بێت
ئەی ژیان.
من تا ئەبەدییەت لەگەڵ تۆدا
لە شەڕێکی لێوڕێژدا لە دۆڕانم.
ئاااای ئەی من
برینی عەشق نەزیفی کردم
ئەی من.. عەشقت زێترە لە من!
وەرە بەجانتایەک سڵاوی ئەڤینداری
بەباوەشێک کۆتری سپی
بەچەپکێ گوڵی شیعری شەلاڵ لە
ژیاندۆستی
بەزەمبیلەیەک سێوی عەشق
بەپۆشاکێک بۆنی منی لێ بێت
بەپیاسەیەک ئێوارەی تنۆکەنیگای
ئەفسانەی لێ بتکێ
بەگیرفانێک فستەقی ئۆغژەنی
بەلەپێک شەعربەنات
بەنیشتیمانێک لە مووتربەی باڵات
بەپێکێک شەرابی شیلەی لێوت.
وەرە لە ئاوێتەبوونی بوونمدا
زێتر لە عیشق لەنێو مندا بتوێوە
تا خۆم شەنگوڵتر، لە تۆدا دەبینم
جوانتر لەوەی..
ئەی«من».. زێتر لە من!



# ١٣ چامەی هەڵبژاردە
# ١ - ٢

**و: لە ئینگلیزییەوە: جەلال زەنگابادی**

## ١
## مرواری

**هانس کریستیان ئەندەرسن***

چیڤانۆکێک هەیە،
چیرۆکڤانێک گێڕایەوە:
-هەر لەپکەماسییە
کە لە قووڵایی زەریالووشی تاڵ دەژێ
هەنێ ویستی مرواری داڕێژێ؛
دەبێ یەکسەر بمرێ!
جا ئەی عیشق!
تۆ ئەو مروارییەی
کە دڵم دەیئافرێنێ؛
سا بۆیە ڕاڕاو سامبارم!

-لەپکەماسی:ماسیی گەوهەرپارە/ زەریا لووش: دەریالووش/ هەنێ:دەما ،کاتێ

* Hans Christian Andersen(١٨٠٥-١٨٧٥) هۆزانڤان و چیرۆکڤانێکی دانیمارکییە.(١)

## ٢
## لەوەیە...

**ماکس ژاکۆب***

لەوەیە ئەو خەونە سەیروسەمەرەیە
کە ئیمشەو دەسبەسەرتی کرد،
واشهزرای فریشتەیەکت بینی:
ئاوێنەی خۆت بێ!
ئیلیۆنۆر لە هەڵاتنیا
پرچە درێژەکەیی پەخشاند:
تا کازیوە ژ شرین ئاواتی حەزم بدزێ!
بەدووریشی نازانی
لە مێردانێکی ئەمەکیار
ئەز ئەڤیندارم و باڵدار
هەمەرەش فێرت دەکەم بفڕی!
لەوەیە سرووشی قەڵپسازی
ئەو ڤێژەی بۆ سەرپەنجەکانت هێنایە
نەک خەونێک بە شوانێکی فڕناختر لە پادشایە!

فڕناختر: لەخۆبایتر.

*Max Jacob(١٨٧٦-١٩٤٤) هۆزانڤانێکی فەرەنسییە(٢)

## ٣
## پۆرتریتی پاڵەیەک

**لایۆش کاشاک***

ئەم دەستانە(چەپ)پیرۆزباییان لێکردووە
(ڕاست)یش نەفرەت.
ئەم دەستانە جارەهای جار نوشتاونەتەوە،
ئەوسا بڵندبوونەتەوە.
ئەم دەستانە مەنەری کۆت و زنجیر
پیشاندەدەن.
ئەم دەستانە بۆ نوێژو پاڕانەوە هەرگیز
نەنووشتاونەتەوە.
ئەم دەستانە ڕقیانە لە خوێن ڕشتن.
ئەم پێیانە بەسەر تیڤلێن پرتەقاڵ هەرگیز
نەخلیسکاون.
ئەم پێیانە خۆرئاواو خۆرهەڵاتیان پێکڤە
بەستۆتەوە.
ئەم پێیانە هەفت سەرێن ئەژدیهایان
پلیشاندۆتەوە.
ئەم پێیانە بۆ ئەو سەرزەمینە دەچن،
کە سەرەیل خەونی پێوە دەبینن.
ئەم دڵە بەچەکی ستەمکاران
بریندارکراوە.
ئەم دڵە دیسان و هەمدیس لە ژیلەمۆی
خۆیدا ڤەژێتەوە.
ئەم دڵە برا جمکی دڵمە.
ئەڤ مرۆڤە هەرئێژی خۆمم لەژێر هەمان
ئاسمان؛
جا ئایا هەمان سترانی چاندن و درەوینە
پێکڤە هەمرە دەستریێن؟!

---

-مەنەر:ئاسەوار/تیڤل:توێکڵ/هەمرە:ئامرازی فرمانی ئایندەیە. (will, shall)

*Lajos Kassak(١٨٨٧-١٩٦٧)هۆزانڤانێکی هنگارییە(٣)

## ٤بەسە هاوار مەکەن

**گیۆسێپی ئونگاریتی***

دەبەسە بەس
مردووەکان مەکوژن!
ئیتر بەسە هاوارمەکەن
مەچریکێنن.
گەر ویستتان بیانبیسن
گەر بە ئو مێدی نەفەوتان بن:
ئەوەتانێ
چپەچپیان نەبیستراوە
ژاوەژاویشیان نەماوە
مینا گیای ڕواوە،
کە پێی خۆشە کەس نەیشێلێ!

---

*Giuseppe Ungaretti(١٨٨٨-١٩٧٠)هۆزانڤانێکی ئیتاڵییە(٤)

## ٥
## ڕاستییەکە چاک دەزانم...

**مارینا تسڤیتایێڤا***

چاک دەزانم
چییە ڕاستییەکە؛
دەوازبێنن لە گشت ئەوانەی دیکە

هیچ گەلێ، لە هەر کوێیەک بێ
پێویستی نییە بەململانێ و تێکۆشان
تەماشاکەن ئەوەتا ئێوارەیە
سەیرکەن وا شەو دادێ؛
هێی هۆزانڤانان، عاشقان و ژەنەڕاڵان!
چیتان هەیە بیڵێن؟!
نها (با)خەریکە دەسرەوێ
ئاخ بە خوناڤ شێداردەبێ
باهۆزی ئەستێرەکانی ئاسمان
هەمرە ئارامدەبێتەوە...
ڤێجا هەر هەمووەمان لەژێر ئاخا
هەمرە دەخەوین،
ئاری ئێمەمان کە لەڕووی ئاخا
هەرگیز یەکدیمان نەهێشت بخەفین!

-ئاخ:خاک/خوناڤ:شەونم/هەمرە will, shall

* Tsvetaeva Marina (١٨٩٢- ١٩٤١)شاعیرەیەکی رووسییە(٥).

## ٦

## رەشبینی

**تارجێ فیزاس***

بەس
ساتۆکەیەک
تەڤ رۆژان خۆش و مەزنن
گیا سەوزەو کەش خۆشە
بەڵام بەم گاڤە مەزنە
چبکەین و چۆن؟!
ئۆتۆمبێل و دووکەڵکێشان
(با)یان ژەهراویکردووە
مەردمیش(با)ی ژەهراوی هەڵدەمژن
سییەکان پێی تژیدەکەن...
چەنەبازیش
گشت پەیڤە فەڕدارەکانی شێواندووە!

* Tarjeh Fezas (١٨٩٧- ١٩٧٠) هۆزانڤـــــــان و نووسەرێکی دانیمارکییە.(٦)

## ٧

## تۆلۆز لۆتریک

**ئەسترید تۆلیفسن***

ڕەنگی سوور بە لێوانی سەماکەرەوە
شەرابی سوورو
مۆسیقایەک کە حەزی لە زایەڵەی خۆیە
کڵۆ بەفرێن لە کۆشی پەرداخا
سەمادەکەن
تینوویەتی بۆ ڕەنگی سوور خۆشدەکەن
خێزاوو نیشتاوی شەپۆلان،
شەپۆلێن واژەو خەندەو فیغان
خامۆشیش لە هەمووی ناخۆشترە
لە ساتۆکە چاوەڕێنەکراوەکانا
سەما تا دوامین ساتۆکە سوورە
سەمای بەهارینە
جوان و ئاوازدارو گیانهەژێنە
پزیسکبارەو پیرۆزمەندانە
بێ هیچ وابەستەیە بەم دنیاوە
دنیای ئالۆشرانیی ئەم تیاترۆیە!
دانیشتووانی پشت مێزەیل
خۆیان بە زیندوو دەزانن،
دڵانیشیان بە سوور
میناک خوێن و شەراب و شەرم!
ئەوەتانێ بنەتای شەوە
مەیلە کازیوە بێ
لەوەش پتر

تینوویەتی بۆ سوور
بۆ بەردەوامی مەنەری پەیدابکا.

-تۆلۆز لۆتریک(١٨٦٤-١٩٠٤)هونەرمەندێکی بەناوبانگی فەرەنسییەو، چامەکە لە سووشی کەڤالێکی هۆنراوەتەوە.

* Astrid Tollefsen(١٨٩٧-١٩٧٣)شاعیرەیەکی نەرویژیيە(٧)



## ٨
## نیشتمان

**زاهاریا ستانکو***

نیشتمان:
ئاسمانێکی رۆژئامێزە
ئاسمانێکی هەورئامێزە
ئاسمانێکی مانگئامێزە
ئەڤ ئەم مەردمە نیشتمانی منن
برامن ،خوشکمن ،ئاخی باپیرانمن
زێدم ئەڤ گەلەیە،
کە لە کۆشیا رسکاوم
مینا زراڤە قامیشێ
ئنجا وەک سپیدارێ
تاکو لە پیریدا ببمە داربەڕوویە!

* Zaharia Stancu(١٩٠٢-١٩٧٠)رۆمانڤان و هۆزانڤانێکی رۆمانییە(٨)

# جوگرافیەکی جیات

هۆنراوەی/ئیمان مرسال
و/ عەباس عەبدوڵلا یووسف



لەبەر چی هاتۆتە ئەم وڵاتە نوێیەوە؟ ئەم
مۆمیایە بابەتێکی سەیرە نییە
وا بەخۆ خەملێنەوە لەناو کەتانێکی بۆردا
راکشاوە:
ژیانێکی وێناکراوەیە لەناو جامخانەی
مۆزەخانەیەکدایە
وەبزانم مۆمیاندن پرسێکە و دژ بە نەمرییە
چونکە جەستە قەد تێدا نابێتە بەشێک لە
گوڵێک
مۆمیا، کۆچکردنی خۆی هەڵنەبژاردووە.
کەچی ئەوانەی لەمێژە لەڕیزە درێژەکانی
باڵیۆزخانەکاندا چاوەنۆڕ بوون و
لە وڵاتانی دیکەدا خانوویان بنیادناوە
ئەوانە کە دەبنە تەرم، خەون بەگەڕانەوەی
خۆیان دەبینن
دەبێ هەڵمانگرن و بۆ ئەوێمان ببەن.
- ئەوها راسپاردە لە ئەستۆی
منداڵەکانیان دێڵنەوە-
هەر وەک بڵێی مردن ناسنامەیەکی ناتەواوە و

لەناو گۆڕخانەی خێزانیش نەبێ تەواو نابێت.
هەروا لێرەش لەبەر پاڵەپەستۆی بەفردا، درەختانێکی سەوز قیت وەستاون، لە تەنیشت
رووبارەکانیش، دڵداران بە دزی یەکتری لەباوەش ناگرن، بەڵام لە بەیانی یەکشەمەدا،
وەرزشکار بەسەگەکانیەوە رۆخاوڕۆخی ئەو رووبارانە غار دەدەن.
بێ ئەوەی وریای ئەو ئاوانە بن، بەهۆی تەنیایی بەستوویەتی.
کۆچەرانێک بە خۆشەویستیی سروشت راهێنانیان نەکردووە، بەڵام ئەوانە بڕوا دەکەن
رێژەی پیسبوونی ژینگە کەمترە و پێیان دەکرێ بەر لە نووسنن تەمەنی خۆیان درێژتر
بکەنەوە ئەویش بە جوینەوەی کەپسوولە بای ئۆکسجینە.
لەبەرچی لەبیریان نەکرد ئەوان ئی ئەوێندەرن؟
بیانییە سەرنەکەوتووەکان
ماسولکەی دەمیان رادێنن، تا خۆ لە زمانکەچی رزگار بکەن.
زمانکەچی، نەخۆشیەکی لێماوەی تەنکە و ریسواشیان دەکات.
کاتێ تووڕە دەبن زمانکەچییەکە باز دەدات، ئەوسا لەبیر دەکەن چۆن خەمەکانیان بخەنە
ناو زمانێکی بیانییەوە زمانکەچی نامرێت، بەڵام بیانییەکان گۆڕهەڵکەنی مەعلانن
ناوی مردووەکانی کەسوکاری خۆیان لەسەر دەرگەی ساردک هەڵدەواسن
تا هەڵە نەکەن و بە تەلەفۆن بانگیان بکەن و چارێکی کرێیەکانیان بدەن بە کۆمپانیاکانی
گەیاندن
تا لێ دڵنیابن لە شوێنێکن دەتوانرێ بەدوور بوون لە منداڵێتی دیار بکرێت
بۆچی لە یادیان نەکرد؟
دەبێ organic food بکڕم، بەڵام ئەوا من کاتژمێرێکە لە وێنەی دایکم رادەمێنم، بەسەر
بەردەرگەی ماڵی باوکی دانیشتووە کە ئێستا لەوێ نەماوە، مەبەستم بەردەرگاکەیە،
ئەگەرچی دایکم بەخۆی ئێستا لەوێ نەماوە.
کەس بەشەقام تێپەڕ نابێت، چونکە ترومبێل بە ریمۆت کونترۆل دێنە ژوورەوە و دەڕۆنەوە.
ئەو خانووە کە ناتوانم بەسەر بەردەرگاکەی دانیشم لە بێوەژنی پەیکەرتاشێکی ئیسپانیم
کڕیوە،ئەو لەسەر زەوییەک بنیادی نابوو ئی کۆچەرێکی ئۆکرانییە، حکومەتی کەنەدی
لە هیندە سوورەکانی سەندبوو و دای بە ئەو، تا حکومەت شارێکی لەسەر بنیاد بنێت کە
چەند زانستگە و دەیان شۆپنگ مۆلی تێدابێت و هەزاران کەسی وەک من سوودە
دروستەکانی ئۆرگانیک فوود دەزانن و
لەوانەی کە ئوتومبێلیان هەیە بەریمۆت کۆنترۆل دێن و دەڕۆن.
پەناهەندەی رۆژاوانشین، تەنیا بەشەش هەنگاو دەکرێ نامەیەکی سەرکەوتوو لەبۆ
کەسوکاری خۆی بنووسێت:
- ساتێک هەڵبژێرێ تێدا ئەوانی لێ ون نەبووبن.
- دابنیشێ و پشتی لە شەقام بێ،چونکە دیوارەکان زۆر بێلایەنن.
- بەوردی سڵاوەکانی خۆی دابەش بکات

- ئەو خواستە ڕستانە دێنێتەوە. کە پێیانەوە پەروەردە بووە،ئەو چەند خواستەیە کە پێیوابوو ڕۆژێ دەستی پێیان ناکەوێت وەک: (بە قەد ژمارەی ئەستێرەی ئاسمان و ژمارەی دنکە قومان خۆشم دەوێن و حەزم چوویتە بینینتان، چۆن تینوو حەزی بۆ ئاو دەچێت و نەخۆش بۆ دەرمان و غەریب بۆ نیشتمان).

- خۆی لە ناوهێنانی وردودرشتی ڕۆژانە لابدات ، چونکە نازانێ چۆن لێکی دەدەنەوە

- زۆر (ئەلحەمدولیللا) دووبارە بکاتەوە تا لە بڕوایەکەی دڵنیابن.

ئەوەی لێرە فێری بووی، هیچ جیاوازییەکی نییە لەگەڵ ئەوەی لەوێ فێری ببووی:

- خوێندنەوە وەک تکیتێکی تێپەڕبوونە لە بۆ نادیارکردنی واقیع

- شاردنەوەی شەرم لە ژێر بێژەی ناشیرین.

- شاردنەوەی بێهێزی بە درێژکردنەوەی نینۆک.

- جگەرەکێشانی بەردەوام بۆ تێخزاندنی شەونخوونی و هەندەجاریش بە ڕیزکردنی چەکمەجە .

- دەستەبەرکردنی سێ جۆرە دڵۆپێنەی چاوان، لەپێناو ڕوونکردنەوەی بینین و پاشان خۆشی وەرگرتن لە کوێری، گرینگتریش ئەو ساتە نایابەی داخستنی پێڵوو بەرامبەر سووتمانێک. ،

لێرەو لەوێ

ژیان هەر دەڵێی تەنیا بۆ ئەوەیە تا لە دوورەوە چاوی تێبڕدرێ.

چەند خولەکێک و ئەو هێوراتییەی کە کەسێ بەدوایدا ناگەڕێ دێتە ناوت

تەنیا سەرت بێخە ژێر ئاوەوە

چۆن؟ لەناو سەبەتەی بێبایەخ دا بیرۆکەیەک وەک مرواربییەک دەبریقێتەوە چۆن ئەوها بەفیڕۆی دەدەیت؟

بیرۆکەی خۆتە، لەتۆ جیاوازە و ڕەسەنیشە

ئەو چرکانە ژمێردراو نین؟ ئەوانە تیغەی دابڕی دوو کاتانن.

ئەو قاپە پیسانەی ناو ناندینت لەبیر بێ، ئەو پۆستەیەی ڕیکلامان هەڵدەگرێت ئەو گلۆپانەی خۆیان بەسەر گلێنەکانت زاڵ دەکەن،

ئەو دڵۆڤانیەی کە نەیدەزانی تۆ بە دوایدا دەگەڕێی،

لەگەڵ تۆدا، دەچێتە نێو سیبەکانتەوە

ئەگەر لێگەڕای جەستەت دابەزێ، بەرەو ناخ دابەزێ.

چەند چرکەیەکی دیش بەژێر ئاوەوە بێ ،

پێویست بە ترس ناکات.

ڕۆژگار هەر هیچی پێ ناکرێ.

قورسایی ناداتە ئازایەتیت و پێی ناتباتە خوارەوە

کات گرنگ نیە، کات هەرکاتەو هیچی تر نا

لە کیشوەرێکی تردا، دۆژمنانێکی کلۆڵت جێهێشت،

كە بیریان دەكەیتەوە، دەبێ شەرم لە خۆت بكەیت،
ئێستا شتێ نییە تووڕەت بكات،
زەحمەتە لێرە چاوت بە كۆمۆنیستێكی كلاسیك بكەوێ، تەنانەت ئەوان
لە نووسینگە گشتیەكان دا لەجیاتی وێنەی سەرۆك، كاژمێرێك دادەنێن.
لەوانەیە مۆتەكە بێت رۆژێكی ئەوها لە ژێر كاریگەری هێمنكەرەوەدا بەسەر بەریت
شتێكی شایستە نییە بەسەریا یاخی بیت.
تۆ قایل و مردوویت.
بەدەورتەوە ژیان بە دەستێكی دلۆڤان دەچێت
كە لە بۆ پیرەمێردێكی كوێر ژوورەكەی رووناك كردبێت
تا بتوانێ رابردوو بخوێنێتەوە

* * * *

سەرچاوەو پەراوێز:

جغرافيا بديلة، شعر إيمان مرسال، دار شرقيات للنشر والتوزيع، الطبعة الأولى ٢٠٠٦، مصر

**خاتوو (ايمان مرسال) لەدایكبووی ١٩٦٦، شاعیر و نووسەرێكی میسرییە، نێوان ساڵانی ١٩٨٥- ١٩٩٢دا لە گۆڤاری (بنت الارض- كچی خاك) بەشداری كردووە.**
**لە ساڵی ١٩٩٨دا، بە ناونیشانی (هاودەقی سۆفیگەرانە لە شیعری ئەدۆنیس) نامەیەكی پێشكەش بە زانسگەی قاهیرە كرد و بە پلەی نایاب ماجستێری پێ وەرگرتووە.**
**لە ساڵی ١٩٩٥ وە لە زانسگەی ئەلبێرتای كەنەدا، زمان و ئەدەبی عەرەبی دەڵێتەوە.**
**ناوێكی هەرە دیاری هۆنراوەی پەخشانی میسری و عەرەبییە.**
**ئەم كۆمەڵە هۆنراوانەی بە چاپ گەیاندووە:**
- **بەخەسڵەتبووەكان ١٩٨٩.**
- **رێگوزەرێكی تاریك، شیاوە بۆ فێربوونی سەما ١٩٩٥.**
- **رۆیشتن بەكاتێك تا بكرێ درێژبێت ١٩٩٧.**
- **جوگرافیەكی جیات ,٢٠٠٦**

* * * *

*** ئۆرگانیك فوود = organic food جۆرە خۆراكێكە مادەی كیمیاوی تێناكرێت و لەبەر هەتاو و لەناو بای سروشت دا گەشە دەكات. ئێستا لە وڵاتانی رۆژاوا زۆر باوە.**
*** ساردك = ثلاجە**
*** سەیرەنی = بابەتێكی عەنتیكەیە و بۆ سەیر كردنە.**
- **زمانكەچی = لنكە**
- **قوم = لم**

# ملوێنکە

سەر لە بەیانی ڕۆژێکی پاییزی بوو، کە زانیم ملوێنکەکەم دووبارە ونکردووە، تەمێکی لێڵ بەری چاوەکانمی داپۆشی، نوقمی خەمێکی بێسنوور بووم. وا جارێکی دیکە وەرزێکی تازەی ونبوون دەستی پێکردەوە، ئاخر ئەو ملوێنکەیە بۆ من زۆر تایبەتی بوو، هێندە هۆگری بووم هەستم دەکرد هەر دەنکێکی ژمارەی ڕۆژەکانی ماوەی تەمەنم بوون، هەر موورگێکی هێمایەک بوو بۆ ژیان بە هەموو خۆشی و ناخۆشییەکانییەوە. لەوە ئەچوو من و ملوێنکەکەم دووانە بووبین لێک دابڕابین، چونکە هەر لە یەکەم ڕۆژی لەدایکبوونمەوە دایکم لە ملمی کردبوو، بۆیە زۆر خووم پێوە گرتبوو وەکو ئەوەی هاوڕێ و هاوڕوحم بێت. ئێستایش نازانم کەی بۆ یەکەم جار لێم ونبوو، هەر ئەوەندە ئەزانم هەر لە منداڵییەوە بە شوێنیدا وێڵ بووم. کاتێک کچانی گەڕەکەکەمان مورگێنیان دەکرد بە وردی سەیری شووشە پڕ مووروەکانی دەستیان و ڕستە مووروەکانی ملیانم دەکرد بەو هیوایەی لە لای یەکێکیان بیدۆزمەوە. شەوانیش کە نەنکم چیرۆکی بۆم دەگێڕایەوە زۆر بە باشی گوێم بۆ شل دەکرد، بیرم لە یەک بە یەکی ڕستە و وشەکانی دەکردەوە، بەڵکو لە نێو چیرۆکە



ڕووناک شوانی/ ستۆکهۆڵم

پڕخەیاڵە خۆشەکانی نەنە ملوێنکەکەم بدۆزمەوە، بەڵام داستانەکانی ئەو بەلای ئەو ئارەزووەی مندا نەدەچوون. لە چاوەڕوانیدا خۆم بە باوەشی خەو دەسپارد. گەلێک جاران خەوم پێوە دەبینی، لە خەومدا دەنکەکانی دەبوون بە پەپوولە و بە سەر گوڵەکانی باخچەی حەوشەکەماندا دەفڕین و ماچیان دەکرد، منیش لە دوورەوە تەماشایانم دەکرد و جارنا جاریش دەهاتن لەسەر پەلکە رەشەکانم دەنیشتنەوە و قردێلەیەکی رەنگاورەنگیان پێک دەهێنا و بەیەکەوە سەمامان دەکرد، لەگەڵیاندا دەفڕیم... دەفڕیم، دواتر دەنیشتمەوە و ئەوانیش روویان لە گوڵە نازنازە رەنگاورەنگەکانی ژێر دارقەیسییەکە دەکرد و تێر تێر بۆنیان دەکرد و دەفڕینەوە، بە دوورکەوتنەوەیان لە خەو رادەچڵەکیم دەستم بە قژمدا دەهێنا ئەو کاتە دەمزانی خەوە و وەک زۆربەی خەوە خۆشەکانی مرۆڤ خۆزگەم دەخواست بە خەبەر نەهاتمایەتەوە.

گەڕانەوە بۆ مەنزڵی منداڵی ژەنینەوەی ئاوازە نووستووەکانی ناخە، زرینگانەوەی یادەوەرییەکانە، بۆیە رۆژێکیان گەڕامەوە بۆ رابردوو، چووم بۆ قەڵا سەرێکم لە ئاسەواری خانووەکەی باپیرم دا بەو هیوایەی بەشکەم لەوێدا ملوێنکەکەم بدۆزمەوە. گەلێک جاران چیرۆک و رووداوی ئەفسووناوی و سەرسوورهێنەرەکانی قەڵام لە دەمی کەسانی بە تەمەن دەبیست، باسی گەڕانەوەی رووحی مردووان، دەرکەوتنی جنۆکە و مێردەزمە و داستانگەلێک کە مرۆڤی ئەخستە نێو تێڕامانی قووڵ و گومانەوە. ماڵەکەی باپیرمم زۆر بە وێرانی بینی زۆرتر لە کەلاوە دەچوو نەک لە ماڵە گەورەیەک کە لانکەی چەندین نەوەی تێدا راژێندرابێت. دارخوورما بەرزەکەی ناوەڕاستی حەوشەکە لەڕەگەوە هەڵکێشرا بوو و رەگەکەی وشکەوە ببوو، دەرگا دارینە گەورەکەی ژێرزەمینەکە دەرهێنرا بوو، گەلێک زەحمەت بوو بتوانم بچمە ژوورەوە، چونکە تەپۆڵکەیەک خۆڵ و قایەی گەورە گەورە بەری دەروازەکەیان گرتبوو، بە هیچ شێوەیەک نەمتوانی کەلەبەرێک پەیدا بکەم و بچمە ژوورەوە، هەمیشە هەستم دەکرد نهێنییەکی گەورە لەو ژێر زەمینەدا حەشاردراوە، راستییەکی مێژوویی لەوێدا شاردراوەتەوە، زۆر جار ئەو پرسیارەم لە خۆم دەکرد، ئاخۆ ئەو کەسە کێ بێت ئەو نهێنییە مێژووییە بدۆزێتەوە؟.

لە بەری ئەو بەرەوەی حەوشەکەوە دیوارەکانی حوجرە گەورەکە کە دیوەخانی دانیشتنی باپیرم بوو، هێشتا هەربە پێوە بوون و نەڕمابوون ئاخر ئەو خانووە کۆنانە زۆر تۆکمەن و رووخاندنیان هەروا ئاسان نییە. دەمێک بوو بیرم لەوە کردبووەوە لەوانەیە ملوێنکەکەم لەوێدا لە ناو گۆزەڵەیەک لە یەکێک لەو تاقانە شاردرابێتەوە کە لە دیواری حوجرە گەورەکە هەڵکۆڵراون، چونکە لە کاتی رووخاندنی ئەو خانووانەدا زۆر چیرۆکی دۆزینەوەی کوپەڵە لیرە و کتێبی کۆن و کەلوپەلی بە نرخیان ئەگێڕایەوە کە گوایە لە ناو دیوارەکان لە کۆنەوە پارێزراون، وتیشیان کاتێک کە یەکێک لەو خانووانە دراونەتە بەر شۆڤڵ گوێیان لە دەنگی گریانی ژنێک بووە، دەنگەکە هێندە بەرز بووە کە لە حەوشە گەورەکەی تەکیە دەنگی داوەتەوە گوایە شوفێری شۆڤڵەکە زۆر ترساوە و دەستی لە رووخاندنی خانووەکە هەڵگرتووە، ئاخۆ نهێنی گریانی ئەو ژنە چی بووبێت ؟ کەی دەستی پێ کردبێت؟ کەی کۆتایی دێت؟ تۆ بڵێی بۆ ئازیزێکی بگری؟ یان ئەویش وەک من هاوڕوحەکەی لێ ون بووە؟ مەزەندەم دەکرد ملوێنکەکەم لە یەکێک لەو شوێنانەدا بدۆزمەوە. بەڵام ئەفسووس لە ناو ئەو کەلاوە بەسەر یەک داڕماوانەدا چی ئەدۆزرێتەوە؟؟

ئا بە ڕاست! پێش ئەوەی لە بیرم بچێتەوە، ئەوەیشم بیستبوو کە گوایە لە کاتی برینەوەی پیرە دارەکەی پەنای قەلا، چەند دڵۆپێک خوێنی گەش بەبالای پیرەدارەکەدا هاتۆتە خوارەوە، قەلاییەکان تا ماوەیەکی زۆر پەرۆیەکی سەوزیان بۆ تەبەڕوک بە ناو قەدی دارەکەوە پێچابوو، جا بۆچی نا؟ لەوانەیە گەر ناوقەدی شار ببڕنەوە لافاوی خوێن هەموو ناوچەکە ڕامالێت!.

مالی خالیشم هەر لە قەلا لە گەڕەکی مەیدان بوو، بۆ گەیشتن بەو گەڕەکە چەندین گوزەر و کۆلانی تەسک و باریک هەبوون کە ئەملاو ئەولایان بەدیواری زۆر بەرز گیرابوو، یەکێک لەو ڕێگایانە بە ناو تەکیە گەورەکەدا تێدەپەڕی، لەبەر دەروازە گەورەکەی تەکیە، بیرێک هەبوو دەیانگووت شای ماران لەو بیرەدا نووستووە. کە مندال بووم ئەو ئەفسانەیە وەها چووبووە مێشکمەوە کاتێک کە لەگەل نەنکم بۆ مالی خالم دەچووم، لە دواوە توند توند لکی کەواکەیم دەگرت وامدەزانی یان جنۆکەیەک یان شای ماران لە دواوە پەلامارم دەدەن و لە نەنکم دەرفێنن. هەندێک جاریش غیرەتم دەدایە بەرخۆم و بە دەنگی بەرز یان گۆرانیم دەوت یان هاوارم دەکرد، دەنگدانەوەی دەنگەکەی خۆم لەژێرتاقەکانی چواردەوری حەوشەی تەکیە لەززەتێکی مندالانەی سەیری پێ دەبەخشیم، لەوێوە دەگەڕامەوە لای ملوێنکەکەم هەستم دەکرد ئەوە دەنگی ئەوە کە گۆرانیەکەم بۆ ئەگێڕێتەوە، تۆ بلێی هەر لە دەوروبەرەی ئەم حەوشە گەورەیە نەبێت؟ یان لەوانەیە کەوتبێتە بیرەکەی شای مارانەوە؟ نا... نا بروا ناکەم خۆ من قەت نزیکی ئەو بیرە نەکەوتوومەتەوە، هەرگیزلەم دەوروبەرەش کایەم نەکردووە، بۆیە بێهیوا دەبووم و سەر لە نوێ دەستم دەکردەوە بە گۆرانی وتن و گوێم لە دەنگدانەوەی گۆرانیە بێئاوازەکەی خۆم دەگرت. لەم گەڕانەوەیەمدا لەبەر وێرانی مال و گەڕەکەکانی قەلا نە گەڕەکی مەیدانم بۆ دۆزرایەوەو نە خانووەکەی خالم، بەشێوەیەک دیوارەکان ڕمێنرابوون کە زۆربەی شوێنەکان وەک خاکێکی تەخت بەرچاو دەکەوتن. بەو شێوەیە مێژوو دەسڕدرێتەوە و گەر بنیاتیش بنرێتەوە ڕیزبەند کردنەوەی لاپەڕەکان کارێکی ئاسان نییە و هەرگیز دێڕەکان شوێنی خۆیان ناگرنەوە و وشەکانیش مانا راستەقینەکەی خۆیان نابەخشنەوە.

هێندەی گوزەرا بوو لە تەمەن بە دوای ملوێنکەکەمدا گەڕام، نەمدۆزییەوە!! جەستەم شەکەت، ڕۆحم شەکەتتر، خۆم و ملوێنکەم بیر چووبووەوە. ئێوارەیەک لە پنتکیکی دوور لە نیشتمان بە دەم شنەی دەنگێکی نەرمەوە :

من پیرە داری پایزم، گەلا گەلا هەلدەوەرێم
بەسەر بالی ڕەشەباوە بەرێکەوتوم بۆ لای تۆ دێم

لەئینجانەی خەیالێکتا تا سەحەر ڕۆژ ئەکەمەوە
گەر تۆ نەبی ئەم گرێیە لە لای کێیتر بکەمەوە)*

لە پیاسەیەکی ڕۆخی بالتیک لەو کاتەیدا کە لە ئەشقی نەوڕەسەکان بۆ دەریا ورد دەبوومەوە، یەک بەیەکیانم دەژمارد و جارناجاریش چەند پارچە نانێکم بۆیان هەلدەدا، بالە فڕکەیان بەرەوڕووم شادیەکی پڕ لەززەتی پێم دەبەخشی، ناخمی پڕ لە قاقا دەکرد، کە ماندوو بووم لە نیمکەتێکی کەنار دەریا نزیک بوومەوە و ویستم پشوویەک بدەم و لە ماچی شەپۆلەکان بۆ کەنار بڕوانم، کتێبێکی زەردهەلگەڕاو لەسەر نیمکەتەکە دانرابوو، ئاخۆ کەسێک بیری چووبێت؟ یان بە مەبەستەوە بۆ من دانراوە ؟! کە دەستم بۆی برد ئاسوودەییەکی بێسنوور جەستە و ڕوحمی گرتەوە، چاوەکانم بەست و چەند تیشکێکی ڕەنگاوڕەنگ بارییە

ناخـــەوە، جـارێکیـدی چاوم هەڵـهێنا، روانیم ڕەنگەکانی پەلکە زێڕینە دەریا و لم و ئاسمانیشی داپۆشیـوە، بەرگی کتێبەکەم خوێندەوە، زانیم کە کتێبێکی پیرۆزە، لە لاپەڕەی یەکەمیدا دەقێکی پیـرۆز نووسـرا بوو و بەم دێڕەیش کۆتایی هاتبـوو (ئا لێرەدا ملوێنکەکەت زۆر دەمێکە چاوەڕوانتە، ناونیـشـــان.........) بە بینینی ئەم رسـتـەیە تەزوویەک بە جەستەمدا هات، دەستەکانم لەرزین، نەمـدەزانی بۆ ؟؟ ناونیـشـانەکە بە چاو گـەلێک دوور بوو، بەڵام هەسـتـم بەو دووریـیـە نەدەکـرد، هەرچۆنیک بێت خـۆم پێی گـەیاند. هەرچەند لێی نزیکتـر دەبـوومـەوە هەنگاوەکـانم قـورسـتـر دەبوون.... کـە پێی گـەیشـتم لە بەردەم عـەرشی چۆکم دادا بە هەردوو دەستم هەڵمگرت دەنکەکانیم ژمارد :

__ ئا... ئا... ئەم ژمـارەیە تەواوە، لە خـەودا پێیان وتم ژمارەی دەنکەکانی، ژمارەی ساڵەکانی تەمەنمن، هێندەیشم نەماوە بگەمە دوا دەنکی...ئا ئەمە خۆبەتی چەندین ساڵە بە شوێنیدا وێڵم. بۆنم کرد و بە فرمێسکی شادی شۆردمەوە و لە ملم کرد و جـارێکی دیکە ئەڵقـەکـەیم کـردەوە و سـەرنجی دەنکەکـانیم دا، دانەیەکـیـان بوو بە ئاوێنە و ڕێگایەکی دووری تیدا کێشرا بـوو، دانەیەکی بوو بە ئەکـواریۆم و پڕ بوو لە مـاسی ڕەنگاوڕەنگ، یەکیان بوو بە دارستان، درەختەکانی لەژێر ڕێژنەی باران سـەمـایان دەکـرد، ئەوی تریان... ئەوی تریش.... هەمـووی تێکڕا بوو بە نیـشـتـمـان و گەرمترین سۆزی ئەشقی پێم بەخشی.

ئەو رۆژگارە ملوێنکەکەم هاوڕێی هەمیشەیی و خـولیـای شـەوو ڕۆژم بوو. هەمـوو شـەوێک لەژێر سەرینەکەم دامدەنا، لە خەومدا دەبووینەوە بە دوو منداڵ و لەسـەر پشـتی قـازەکـەی نیـلـز هەمـوو جـیـهـانمان تەی دەکـرد، نوقڵ و شـادیمان بەسـەرمنداڵانی گـەڕەکـە هەژارەکـانی شـاردا دەبەخـشـیـیـەوە، یان دەبووینە دوو دڵدار و ئایەتەکانی سوورەتی عەشقمان بە گوێی یەکتردا دەچرپاند. کە لە خەویش هەڵدەستام ماچم دەکرد و لە ملم دەکردەوە.

ئەم پایزە، هەر لە سەرەتاوە مـوژدەبەخش نەبوو، تـاریکـی زوو بـەری روونـاکـی ڕۆژی گـــــرت، درەختـەکـان وەک عـاشقـێکی شاگـەشکە زۆر زوو خـۆیان بۆ رەشـەبا رووتکردەوە. تەنهـا بەمـیـلی کـاتژمـێـری ژوورەکـەم دەمـزانی کـەی رۆژ دەست پێدەکات و کەی شەو دادێت. ئەو شەوەی کە زۆر دڵتەنگ بووم، خەوم شێوا بوو، هەستم دەکرد خەو میوانێکی ئێسک قورسە و نەمدەویست ئەو شەوە رووم تێبکات، پەنجەرەی ژوورەکەم داخست، چەند جارێک فنجانی قـاوەکـەم پڕ کـردەوە، دوا لاپەڕەی کتێبەکەی دەستم تەواو کـرد، تاوەکو دەمەو بەیان بەئاگـا بووم، نازانم کـەی خـەو بردمـیـەوە. لە خەومـدا رەشەبایەکی زۆر بەهێز هەڵیکرد، هەمـوو شـتـێکی رامـالی، نەمـدەزانی دەست بە چییـەوە بگرم بۆ ئەوەی رەشـەبا نەمـبـات، هیـچم شک نەدەبرد، هێندەم زانی رەشـەبا لەگـەڵ خـۆیدا بـردمی... بـردمی ... نـازانم بـەرەو کـــــوێ، هەسـتـمکرد لە گـۆی زەوی دابڕام، لە فـەزایەکی خـاڵی خـاڵی مـەلەم دەکـرد، هەر پەلە قـاژەم بوو، بەدڵەڕاوکێ و ترسـێکی زۆرەوە وەخـەبەر هـاتم، ئازای جەسـتـەم ئارەقە بوو، گەڕام بۆ ملوێنکەکەم، بۆ ئـەوەی ئارامم بـکاتەوە و ئـاســـوودەییم پێ ببەخشێ، دەستم برد بۆ ژێر سەرینەکەم ملوێنکەکەم نەمـــابوو !!! بە درێژایی ئەو رۆژە بـۆی گـــەڕام نەمدۆزییەوە، زانیم کە ئەمجارەیش ونم کردووە. تەمەنێکی دیکەم دەوێ تا بیدۆزمەوە.

*** دێڕە شیعرێکی نامق هەورامییە**

# دوو کورتە چیرۆک

**بینیت سیرف**
**و: سەلاح عومەر**

## دیاری

پاسەکە بەدرێژایی ڕێگاکە لە هەڵبەزو دابەزدابوو، بەرەو باشوور ڕێی دەبڕی. پیرەمێردێکی لاوازی ناوقەد باریک لەسەر یەکێ لە کورسییەکانی دانیشتبوو و دەسکە گوڵێکی لەباوەش گرتبوو، لە ڕاڕەوی ناوەڕاستدا، لە پێشەوە کچێک بەردەوام ئاوڕی بۆ دواوە دەدایەوە، دەیڕوانییە گوڵەکان. ئەوکاتەی پاسەکە لە وێستگەی نیوەی ڕێگا وەستا، پیاوە پیرەکە بۆ ئەوەی دابەزێ هەستایەوە، بەڵام بەرلەوەی دابەزێ لای کچەکە وەستاو خۆی خوارکردەوە تا دەسکە گوڵەکە بخاتە ناودەستی پاشان گوتی: ئەگەر حەزت لەم جۆرە گوڵانەیە، ئەوا وەک دیارییەک لە هاوسەرەکەم قبووڵی بکە، من خۆم دوایی ئاگاداری دەکەمەوە. ئەوە بوو کچەکە دەسکە گوڵەکەی وەرگرت و دەستیکرد بەچاودێریکردنی پیرەمێردەکە، ئینجا کە بەدەست بەتاڵی پاسەکەی جێهێشت، بەرەو دەرگای ئەو گۆڕستانە چوو کە دەکەوتە ڕۆخی ڕێگاکە

## تووتکە سەگ بۆ فرۆشتن

**دان کلارک**

تووتکە سەگ بۆ فرۆشتن، ئەمە لافیتەیەکی بچووک بوو کە بەپێشەوەی یەکێ لە دووکانەکان هەڵواسرابوو، لافیتەیەکی وا بێگومان سەرنجی منداڵە بچکۆلەکان ڕادەکێشێ، بۆیە هێندەی نەبرد منداڵێک لە بەردەم لافیتەکە وەستاو پرسیاری لە دووکاندارەکە کرد:

«گوجیلەیەک بەچەند دەفرۆشی» ؟

«بە ٣٠ - ٥٠ دۆلار»

کوڕەکە دەستی لە گیرفانی راکردوو گوتی:

«لەم دوو دۆلارە پتـرم نیـیـە، رێمـدەدەی گوجیلەکان ببینم؟»

پیاوەکە پێکەنی و فیتەیەکی لێدا، پاش فیتەکە پێنج گـوجـیلەی سـپی هاتنە دەرەوە کـە بەدوای دایکیـانەوە لە رێڕەوە باریکەکـەدا دەڕۆیشتن و دەرکـەوتن، بەڵام دوا گـوجـیلە دەشـەلی و بەملاوبەولادا دەهات و نەیدەتوانی بەخوشکەکانی بگات کـە هێندەی نەبرد سـەرنجی کـوڕەکـەی راکێشا، بۆیە پرسیاری لە دووکاندارەکە کرد:

«ئەم گوجیلەیە بۆ وایە، چییەتی؟»

پیاوەکە بۆی روونکردەوە کە پزیشکی بەیتارساز پاش پشکنین بۆی روونکردۆتەوە کە ئەم گوجیلەیە بەهۆی لاربوونەوەی جـومگەی نێکی بەدرێژایی ژیانی بەشـەلەیی دەمـێنێـتـەوە، ئینجـا کـوڕەکـە بەخەمبارییەوە لێی پرسییەوە:

«بەچەند پێمی دەفرۆشی؟»

«ئەم گوجیلەیە بۆ فرۆشتن نییە، ئەگەر خوازیاری بەبەلاش بیبە»

نا، بەبەلاش نامەوێ، چونکە هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ خوشکەکانی دیکەی نییە، پارەکەیت تەواو دەدەمێ، ئێـستـا ئەم دوو دۆلارە وەربگرەو ئەویدی هەمـوو مـانگێ دوو دولاریت دەدەمێ، تا پارەکـە تەواو دەبێ

بەڵام دووکاندارەکە رازی نەبوو و گوتی:

«ئامـۆژگـاریت ناکـەم بیکڕی، چونکە لە گوجیلەیەکی شەل پتر نییەو سوودی نییە، ناتوانێ رابـکـات، یـا بـازبـدات، تـۆش نـاتـوانـی وەک گـوجـیلەکـانی دی گـەمـەی لەگـەڵ بکەی بۆ گوجیلەیەکی دی ناکڕی؟»

لێـرەدا منداڵەکـە خـۆی خـوارکـردەوەو دەلینگی پانتـۆڵەکـەی هەڵکێـشـا بۆ ئەوەی قـاچە لە داردروسـتکراوەکـەی نیـشـان بدات کـە بەقـایش بەسترابۆوە، ئەوسا بەدووکاندارەکە گوت:



# گرانی هەتاکەی؟!

عەزیز نەسین
و: زیوەر ئەنوەر

دوو دراوسێم هەبون، رقیان لەیەکتر دەبۆوە، بڕیاریاندا ئەو پارەی لە بڕی خانەنشینکردنیان وەریان گرتبوو بازرگانی پێ بکەن، لەبەرئەوەی هیچیان لە بازرگانی نەدەزانی، دراوسێی یەکەم داوای ڕێنمایی لە پسپۆڕێکی پارەو دارایی کرد، لەبەرئەوەی دەیزانی دوای ماوەیەک نرخی زێڕ دووبەرامبەر بەرز دەبێتەوەو قازانجی باش دەکا، ئامۆژگاری کرد، هەموو پارەکەی بەزێڕبدا. دراوسێی دووەم، داوای ڕێنمایی لە پسپۆڕێکی ئابووری کرد، چونکە دەیزانی دوای ماوەیەک نرخی شیشی خانوو دروستکردن دووقات بەرز دەبێتەوەو قازانجی باش دەکا، ئاماژەی بەکڕینی شیش بۆ کرد.

بەگوێرەی قسەی پسپۆڕان، یەکەم زێڕی کڕی، ئەوەی دیکە شیشی کۆنکریتی کڕی، دوای ماوەیەک بەپێی ڕێنمایی پسپۆڕی پارەو دارایی زێڕەکەی فرۆشت قازانجێکی چاکی کرد، چونکە نرخی زێڕ بەرزتر دەبێتەوە، دووبارە پێی گوت هەر بەم پارەیە زێڕ بکڕە، بەڵام نرخی هەموو شتێک گران بووە تەماشای کرد نیوەی بڕی زێڕی جاری پێشووی بۆ دەکڕدرێ.

دراوسێی دووەم شیشەکانی فرۆشت و باش قازانجی کرد، دووبارە شیشی کڕی، بەڵام بەهۆی گرانی نرخی شیش توانی نیوەی هێندەی جاران بکڕێ. سەرلەنوێ خاوەن زێڕەکە، زێڕەکەی فرۆشت، چونکە نرخ شێتانە بەرز دەبووەوە، بەهەمان پارە زێڕێکی کەمتری لە جاران کڕی، هەروەها شیشفرۆش بەهەمان شێوە شیشی کەمتری کڕی.

بەرەبەرە پارەیان زۆرتر دەبوو، بەتایبەتی



زێڕفرۆش، لە دڵی خۆیدا دەیگوت«ئەگەر لە کاتی گەنجییەوە ئەم ئیشەم بکردایە ئێستا ملیاردێر دەبووم». بەردەوامبوو لەسەر بازرگانی و قازانج، بەڵام ڕۆژێکیان بازرگانی شیشیان بەهەڵواسراوی دۆزییەوە، پەتێکی لە ملی کراوە، بەبزمارێکی گەورەی لە دیوار چەقێندراوی ماڵەکەی خۆی. لە تەنیشتییەوە، وەسیەتنامەیەک دانرابوو لێی نووسرابوو«کەس لەم ڕووداوە بەرپرسیار نییە، تێکڕا ئەو هەموو پارەیەی کۆمکردبووەوە نرخی ئەو بزمارە ئەستوورەیە، پەتی لێ دەبەستم و خۆمی پێدەخنکێنم، سەروەت و سامانم تەنیا ئەو بزمارەیە، وەسیەت بێ لەناو قەبرەکەم لەژێرەوە بەقیتی بیچەقێنن».

زێڕفرۆش لە ڕێوڕەسمی ناشتنی شیشفرۆشی دراوسێی بەشداریکردو زۆر گریا، بەچاوی بەفرمێسکەوە هاتەلام و گوتی:

- بەڕاستی بەختەوەرە ئەو دراوسێیەمان، بەدرێژایی ژیانی توانی ئەوەندە پارە کۆبکاتەوە هەرنەبێ توانی بزمارێکی ئەستوور بکڕێ و خۆی پێ هەڵبواسێ، بەڵام من چی بکەم؟!!، بەو پارەیەی هەمبوو بەردەوام کڕین و فرۆشتنی زێڕم پێکرد، بەڵام هەموو جار بڕەکەی کەمترو بچووکتر دەبووەوە، تا دواجار وایلیهات ئەوەندە بچووک بووەوە لە گچکەییان نەمدەزانی لەکوێم دانا، وادیارە لە کاتی گسک لێدانی ناوماڵ، پەنجەرەکەش کراوەتەوە، لەگەڵ تۆزو خۆڵ تێکەڵ بووەو بەهەوادا چووە، کەواتە هەموو سەروەت و سامانم وەکو بڕە خوێیەک بوو توایەوە.

**سەرچاوە:**

بين الراكب والماشي/ دمشق

ترجمه احمد ابراهيم.

# سەفەرنامەیا ناسرێ خوسرەو

محەمەد گەردی

چاردەهێ رەبیعول ئەوەل(١) ئەم ژ تەبریزێ ب رێ کەتن، ب ریا مەرەند هەتا خوێ لەشکەرەک ژ ییێن وی میر وەحسوودانی ب مەرە بوو، ژ وێ دەرێ (خوێ) ب قاسدەک رە چوون بەرگری (مووراديه).

ژ خوێ هەتا بەرگری سی فەرسەنگ (٢). د رۆژا دوانزدەهێ جەمادی ل ئەوەل گەهیشتن وێ دەرێ. ژ وێ دەرێ گهیشتن وانێ و وە ستانێ د بازارێن وان دەران دە گۆشتێ بەراز و هەروسا ژی ییێت پەز دفرۆتن، ژن و مێرێن وان ل بەر دوکانان روونشتی بێیی کو ژ کەسی شەرم بکن ئاشکەرە مەی ڤەدخوارن.

ژ وێ دەرێ گهیشتن باژارێ خەلاتێ، هژدەهی جەمادی ئەول بوو. ئەو باژار سەرحەدا بسلمانان و ئەرمەنیانە ژ بەرگری تاڤێ دەرێ نۆزدەه فەرسەنگ. ژ میری وێ دەرێ رە نەسرول دەول دگۆتن. ژیێ وی ژ سەد سالی (٣) پتر بوو و گەلەک کورێن وی هەبوون. ژ هەریەکی رە ولایەتەک دابوو.

د باژارێ خەلاتێ دە ب سێ زمانان دهاتە خەبەر داین: عەرەبی، فارسی و ئۆرۆمی. پیڤانا کشاندنا وێ دەرێ رتل بوو کو خەلات ب وی سەبەبی ناڤ و دەنگ دایە کرین و فرۆتنا وان ب پارە دبە و رتلا وان سێ سەد درهەمە.

دبیستێ جەماد ول ئەوەل دە ژ وی وێ دەرێ گهیشتن رباتێ، بەرف و سەرمایەک عەجێب لێ هەبوو، ل چۆلێ، ل بەر باژێر و عەردێ دە ب هەزرێ بلندیا بەرفێ دارێن نیشاندەک

چکاندبوون کو د رۆژێن بەرف و مۆرازێ دە ژ بۆنا مرۆڤ بکاربە یا دەرخە خوە ل هنداڤا وان بکشینە.

ژێ وێ دەرێ گهیشتن بتلیسێ کو د کەلەکی دەبوو. مە ژ وێ دەرێ هنگڤ کڕی، ب حەسابێ کو فرۆتن مە سەد مەن(٤) ب دینارەک دهات گۆتن کو د وی باژارێ دە مرۆڤەک هەیە، ژێرە سالێ، دناڤبەرا سێ سەد هەتا چار سەد عەیاری هنگڤ (هنگڤین) چێدبە.

ل وی دەرێ ئەم چوون کو کەلێ ببینن کو ژێرە (راوستە و ببینە دگۆتن کو تێ مانەیا دڤێ ببینی. ژ وێ دەرێ دەرکەتن، گهیشتن جیەک کو لێ مزگەفتەک هەبوو ژێرە ئۆ وەیسی قەرنی دگۆتن، قەدەسە لاهو روحەهوو. ل وێ دەری من مرۆڤ دیتن کو ل چیا دگەریان، شاخێن وەک ئێن دارا سەروێ دبڕین. من پرسی کو ئەوێ پێ چبکن گۆتن من سەریەک وێ دکن ئاگرو ژ سەریێ ئالیێ دنێ قەتران داڤێژە، قەترانێ د چالەکێ دە کۆم دکن و پاشێ ژ وێ دەرێ ب دەردانان دبن دەرو دۆران.

ئەو ولایەتێن کو دپەی خەلاتێ دە من ژێ بەحس کرنە و ل ڤێ دەرێ کورتە بەحسا وان دایە، ژ مەیافارقینێ تینە ژمارتن.

ئەم ژ وی باژاری گهیشتن ئەرزەنێ (٥) باژارەک ئاڤا و خوەشبوو، ب ئاڤەک گوڕ، ب داروبەر، باخ و باخچێ، ب بازارێن باش ل وێ دەرێ دمەها ئازەرا (٦) فارسیان دە دووسەد مەن تری ب دینارەک دفرۆتن، کو ژێرە رەزێ ئەرمانۆش دگۆتن. ئەز ژوێ دەرێ گهیشتم مەیافارقینێ ژ باژارێ خەلاتێ تا مەیافارقینێ بیست و هەشت فەرسەنگ بوو و ژ بەلخێ تا مەیافارقینێ ب وێ ریا کو ئەم لێ هاتنە پێنج سەدو پێنجی و دوو فەرسەنگبوو. رۆژا ئینیێ بیست و شەشێ جەمادول ئەول سالا ٤٣٨ک ١٠٤٧ز بوو ول وێ دەرێ پەلێن داران هێ هێشین بوو. باژارِ ب سوورەک مەزن بوو و سوور ژ بەرێن سپی چێبووبوو، هەر بەرەک ب قاسی پێنج سەد مەن و ل هەر پێنجی گازی بورجەک عەیم ژ وان بەرێن سپی یێن کو من ژێ بەحسکرن رادکشی، کو ژ بنێ سوورێ هەتا سەنگەرێن سەربانێن برجان ژێ چێبوونە، دێ بێژێ قەی هێ ئیرۆ ژنوو بەر شەیێ بەرتراش دەرکەتنە. دەرگەهەک ڤی باژاری هەیە کو ل ئالیێ رۆژئاڤایەو دەریەک ب عەزەمەت ل بەری یە، سەردەرا دەرگەهـ ژ کەڤرە دەری سەرانسەر ژ ئاسنە، وسا کو تێدە هیچ دار ئان تەختک نییە، مزگەفتا ئینێ لێ هەیە ئەگەر وەسفی وێ بێ کرن، بێ گومان ئەوێ موبالەغە بکەڤێ هەر چەند هن ئەهلێ کتاب شەرحا وێ نڤیساندبن ژی ب گۆتنەک متوازی کو بێ گۆتن دەستاڤخانەیەک ب چل داشر ل بەرێ یە، دوو جهێن ئاڤێ یێن مەزن دناڤ وان داشران دە دەرباس دبن، ژ وان یەک ژ بۆنا پاقژی و بکارانینێ یە، یادی دبنێ ئەردێ دە دحەرکە و ژ بۆنا شووشتنا و پاقژیا سەلەبێیە. ل دەرڤایی باژێر ل بەرباژارەک کاروان سەرا، بازار، گەرماڤ هەنە، ل دەرڤەی باژێر مزگەفتەک ئینێ یا دیتر ژی هەیە کو رۆژێن ئینێ ل وێ ژی نڤیژ دکن. ل ئالیێ باگووری سووری ئالیەک دنێ هەیە کو ژێرە نوو ئاڤا دبێژن کو ئەڤ باژارەک ب چارشی و بازارِ، ب مزگەفتا ئینێ ب چەند گەرماڤن و پێکڤە د پەرگالا خوەش دەنە.

خوتبێ ل سەر ناڤێ سولتانێ ولایەتێ دخوینن:

ئەلئەمیرولعەزیم، عزەت و ل ئیسلام، سەعدول دین ناسر ل دەولە وە شەرەف و ل مەلا ئەبوو نەسەر ئەحمەد. مرۆڤەک سەدسالییە دگۆتن کو هێ ژی دژی. رتلا ڤێ دەرێ چارسەدو هەشتێ درهەم د کشینە. ئەڤ میر باژارەک ئاڤاکرییە ب چار فەرسەنگان ژ مەیا فارقینێ دوورە و وێ ب ناڤێ ناسریە ب ناڤ کریە. ژ ئامێد تا مەیا فارقین نەهـ فەرسەنگە.

رۆژا شەشان یا مەها دەهان یا ب دەمژمێرا بەرێ گهیشتن بەر باژاری ئامیدێ، بنگەها باژێر ل سەر تەختەک، یەک پارچە هاتیە دانین و درێژیا باژێر ب پاناهی دوو هەزار گاڤە، هەروسا گەرا سووری ژ بەرێن رەش هاتیە ئاڤاکرن کو گرانیا هەر بەرەک ژ سەد هەتا هەزار مەن دگوهرە. ژ دەرڤە ڤە ئەڤ بەر بێی تشتەک وەک هەری، جس ئان خەرج دناڤبەرێ دە هەبە وسا ب هەڤ ڤەگرێدایی نە. بلندیا دیوارێ وێ بیست و پەهناییا وێ دەهـ گازە(٧).

ژ هەر سەد گازێ جارەک بورجەک بلند دبەکو نیڤ جەمبەرا وان دگهیژە هەشتێ گازان. سەنگەرێن سەربانێن برجان ژی ژ وی بەرینە. د هوندرێ باژێر دە ل گەلەک جیان دەرەجەیێن کەڤرین هەنە کو مرۆڤ پێ دکارە سەرکەڤە سەرێ سووری. ل سەر هەر بورجەک چەنگگاهەک هەیە. چار دەرگەهێن وی باژاری هەنە کو هەم ژ ئاسن، بێ دارو تەختک. هەریەک ب ئالیێ کو بەر پێبەتێ بناڤکرن.

یێ رۆژهەلات رە دەریی دیجلە، یێ رۆژئاڤا رە دەریێ رۆمێ، یێ باکوور رە دەریێ ئەرمەنستانێ (بابول ئەرمەن) و یێ ل نیڤرۆ رە ژی دەریێ گر دگۆتن. دناڤا وێ سوورێ دە سوورەک دیتر هەیە، ژ وی بەری رەش چێبیە، بلنداهی دەهـ گازە و هەمی سەرێن دیواران، سەنگەرێن سەربانێن برجان ل ئالیێ هوندرڤە رێ لێ دگەرە، ئەو چەند کو مرۆڤەک ب چەکێ تەمام لێ دکارە هەرە و وەرە دکو بڤێ ب هێسانی ل وێ دەرێ جەنگبکە. دەرییێن دەرگەهێن د سوورێن دەرڤاییێن ڤێ دەرێ ژی بەر ب ڤاژیێ یێن د سوورا هوندر ڤە ژ ئاسن، ژ بەر کو ئەڤ دەرگەهـ ل سوورا پێشینە، ل بەر سوورا دەرڤە هژمارەک پێش دیوارک ژ دەرگەهەکی دگهیژە یێ دیتر.

فرەهیا پێش دیوارکێ پانزدەهـ گەزە. دناڤ باژێر دە گەلەک کانی هەنە کو د کەڤران دە داڤێژن دەرڤە و دحەرکن، ب قاسی پێنج ئاشان ل بەر ئاڤا وان دگەرن، ئاڤەک گەلەک خوەش کەس نزانە کو ئەو ئاڤ ژ کو ڤەتێ.

باژار ب گەلەک دارو باخچەنە کو ئەو ل بەر وێ ئاڤێ دگهیژن.

میرو فەرمانرەوایێ ڤێ باژاری کورێ وی نەسر و لدەولەیە کو ناڤێ وی بەرێ دەرباس بووبوو. من کو ل چار ئالیێ جیهانێ ل دیارێن عەرەب، عەجەم هندو ترکمان گەلەک باژار و کەل دیتنە، ل تو دەرا سەر ریبێ عەردێ ب وی ئاوایێ وەکی باژاری ئامید نە دیتییە و نە ژی ژ کەسی بهیستییە کو گۆتیە (من باژارەک ب وی ئاوایی ل دەڤەرەک دن دیتییە)).

مزگەفتا جومعێ ژی ژ وی بەرێن رەشە، ژ بەر کو ژ وان راسترو ساخلەمتر تونەنە. دناڤ مزگەفتێ دە دوو سەد و هن ستوونێن کەڤرین هەنە کو ئەو ستوونێن یەک پارچە کەڤر تاقان (قەیترمە- کەمەر) هلدگرن و ئەوژی ژ وان بەرێن رەشن. ل سەر وان تاقان دیسا ستوون هەنە کو

ئەو ژ یێن پێشی کمترن و رێزەک تاقێن دنێ ل سەر وان ستوونا رادبن.

تەمامیا سەربانێ وێ مزگەفتێ ب کەر پشتواری هاتیە ڤەگرتن، ناڤبانێ هوندرێن هەمی ب هونەرێن خەراتی قەوارتن، نەقشاندن و دەباخیێ هاتیە لێکارکرن. حەوشا مزگەفتێ ب تەحتێن مەزن راخستییە، ب حەوزەکە ژ کەڤر، گلۆڤەر، مەزن و ب عەزامەت. گومبەتا حەوزێ کەڤرینە، ب قاسی بەژنا مرۆڤەکی بلندە و چاپا دایبرا وێ دوو گازە. ژ بلبلیکێن برنجین یێن وێ ئاڤەک پاقژ ئا ب گوژ داڤێژە. دەرڤە وسا کو جیێ کەتن و دەرکەتنا وێ ئاڤێ نایێ خویانێ. دەستاڤخانەیا وێ مەزن و ب عەزەمەت، وسا جێیە کو ژێ چێتر تونەنە.

کەڤرێن ئامیدێ کو پێ ئاڤاهی هاتنە ئاڤاکرن گشت رەشن و یێن مەیافارقینێ ژی ژ یێن سپی نە. ل نێزیکی مزگەفتێ دیرەک هەیە کو بێ گۆتن ب عەزامەتە، ژ بەرێن رەشە، بنرەخا دیرێ و گومبەتا سەرێ ژ مەرمەرێ نەقشاندی راخستی نە کو ئەو دەر پەرەستگەها فلەهانە. دەریەک ئاسنی یێن ب شباکان من لێ دیت کو ل تو دەرێ من وەک وی دەری نەدیتییە.

ژ باژارێ ئامێدێ بەر ب حەرانێ دوو رێ هەنە، یەک ژێ قەت بێ ئاڤاهییە و ئەو چل فەرسەنگە، ریا دنێ ب ئاڤاهییە و گەلەک گوند ل سەرێ رێ هەنە. پێتری ئارکنجیێ وێ فلەهن و درێژیا وێ رێ شەست فەرسەنگە. ئەم ب کاروانی د ریا ئاڤا رەچوون، چۆلەک گەلەک سەرە راست، گەلەک ژی ب کەڤر بوو بێ گومان هەیوانێن چارپێ لێ نەبوون. گاڤەکی ئاڤێتنا ل جێیەکی بێ کەڤر نە مومکنبوو. رۆژا ئینێ بیست و پێنجی جومادی ئەوەل یا سالا ٤٣٨ گهیشتن حەرانێ بیست و دوودیێ مەها کەفنبوو، هەوا وێ دەری دوێ وەختی دە وەکی هەوا خۆراسانێ یا د دەما نەورۆزێ دەبوو. ژ وێ دەرێ چووم باژارەک ب ناڤێ قرۆل، جامێرەک ل مالا خوە ئەم کرن مێڤان گاڤا ئەم ژ مالا وی هاتن دەرڤە عەرەبەک بەدەوی دەرکەت، هاتە نێزیکی من، ب دینا خوە پیربوو و گۆت: قورئانێ هینی من کە، من ژێرە تەلقین دکر ئەوی ژ من رە دخوند.

رۆژا شەمیێ، سیێ رەجەبا سالا ٤٣٨ گهیشتم سرووجێ رۆژا دوویێ ژ فراتێ دەرباسبووم گەهیشتم مەنبجێ کو باژارێ پێشینێ ژ باژارێن ویلایەتا شامێیە، سەرێ بەهمەنا مەها کەڤنبوو و هەوا وێ دەرێ گەلەک خوەشبوو. ل دەرڤەیێ باژێر هیچ ئاڤاهی نەبوون. ژ وێ دەرێ چووم حەلەبێ ژ مەیافارقینێ هەتا حەلەبێ سەد فەرسەنگە.

**دەهمەن:**

١- یەک ژ دوانزدە مەهێن عەرەبی یێن ب ئاوایێ هەیڤێ (قەمەری).

٢- ل گۆرا شەرفنامێ ٨٠ سال ژییە و ٥٢ سال فەرمانڕەواتی کرییە بنێرە شەرەفنامە رووپەل ٦٩، شەرەفنامە، شەرفخانێ بەدلیسی، وەرگەڕا زیا ئاڤچ.

٣- مەن (عەرەبی): پیڤانا گرانیێ یە، ل گۆر جی و دەڤەران ژ ١٨-١٦ هەتانی٣٨-١٤ لگ دوگوهرە.

٤- ئەرزەن. باژارەک دیرۆکی یە کو نها کاڤلێ وێ ل بەر ئاڤا کو ژ ئالیێ وەیسلقرانی تێ و د رۆژهلاتێ بشێریێ (قوبینێ)دە دەرباس دبە، ل وێ دەرێ یە ژێرە نها خراب باژار دبێژن. د دیرۆکێ دە گەلەک بەحسا وێ تێ کرن و خوەدی

جیەکی گرینگە.

٥- یەک ژ دوانزدە مەهێن ئیرانی:

١- فەروەردین.

٢- ئۆردی بەهشت.

٣- خۆرداد.

٤- تیر.

٥- مۆرداد.

٦- شەهریوەر.

٧- مهر.

٨- ئابان.

٩- ئازەر.

١٠- دەی.

١١- بەهمەن.

١٢- ئسفەند.

٦- گاز (کوردی): پیڤانا درێژییە، ٤٨- ٧٠ سانتیمەتر.

**سەفەرنامەو ناسرێ خوسرەو:**

سەفەر نامە پرتووکا ل سەر نڤیسکارێ وێ ژ مەروێ سەرانسەر ناڤا ئیرانا ئیرۆیین. ل سەر تەبریز و خۆیێ کو تێ دکەڤە کوردستانا باکوور ئا ئیرۆیین، ژ بەرگری هەتا مەنبجێ ل سەر ریا خۆ، د باژارێن مەیێن وەک وان، وەستان، خەلات، ربات، بەدلیس، وەیسلقرانی، ئەرزەن، مەیاڤارقین، ئامید، هەران، قرۆل و سرووجێ دە دەرباس دبە، دچە سووریێ، لوبنان، فلستین، مسر، سوودان، عەرەبستان و بەروبەرێ خەلیجا فارس د تەنگا عەبەدانێ دە پاشەڤ دکەڤە ئافا ئیرانێ و ڤەدگەرە مەروێ.

جامێر ل سەر ریا خوە تشتێن کو بەرێ نەدیتییە و ژێرە بالکێش هاتنە، نڤیسییە. هەروەکی ل دۆرا دەریاچا وانێ گەریایە لێ گلیێ وێ ناکە لێبەلێ گلیێ رەزی ئەرمانووشێ ئەرزەنی ئان پیرە میرێ عەرەبێ... دخوینە.

ئەڤ پارچە نڤیس ژ سەفەرنامەئی ناسر خوسرەو، بە تەسحیحێ دکتۆر موحەمەد دەبیر سیاقی، کتا فرۆشی زەووار، چاپی دوویەم ١٣٦٣، چاپی گولشەن، ئیران (فارسی وەرگەراندە کورمانجی.

پارچەک ژ ڤێ مەتنێ د پرتووکا فارسچا گرامەر، (ئەحمەد ئاتەش - عەبدولوەهاب تارز، ملل نگتم باسمەڤ، ئستەنبوول ١٩٧٠) دە هەیە کو نڤیس هەتا داویا بەحسا ئامەدێیە.

وەکی دنێ دیسا دناڤ (ملل نگتم باکا نلگ یا بتلار) دە ئەڤ پرتووک ب ناڤێ (سەفەرنامە) ب ترک هاتیە وەرگەراندن و وەشاندن کو من دسالێن ١٩٦٤-١٩٦٦ دە ل پرتووکخانێ دیتبوو و خوەندبوو.

ناسرێ خوسرەو: ٣٩٤ێ کۆچی قەمەری ل مەروێ هاتە دنیایێ و ٤٨١ێ کۆچی قەمەری دە ل بەدەخشانێ مر (٣ ١٠٠-١٠٨٩ز).

موتەسوەفەک ئیرانییە و ژ کەسێن گرینگ ئێن رێچکا شێخ ئیسماعیلی، شاعیرو رێبەرێ دینییە باوەریا باتنیێ بوو. دیوانەک وی یا شیعران ژی هەیە.

**چاڤکانی**

ناڤێ پرتووکێ: شەرەفنامە، رۆژەن بارناس/ سلیڤان

# خوێندنەوەی کتێبی
# چەردە باسێک لە بارەی کوردانەوە

ئەحمەد

یەکێ لەو کتێبە دانسقانەی بەم دواییانە لەلایەن دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم بڵاوکراونەتەوە کتێبێکە لەژێر ناوی (چەردە باسێک لە بارەی کوردانەوە) لە نووسینی (د. میهردادی ئیزدی)یە برای ئازیز کاک (ئەمین شوان) لە ئینگلیزییەوە کردوویە بەکوردی.

کتێبەکە ئەوەندە دەوڵەمەندو پڕ لە زانیارییە دەتوانم بڵێم نەک هەر خوێنەری کورد، بەڵکو تەنانەت هەموو ئەو کەسانە قەرزاربار دەکا کە خولیاو عەودالی راستی و زانست،ن بۆیە لە نووسەری کتێبەکەوە تا دەگا بەبرای وەرگێڕ کاکە ئەمین و تا دەگاتیش بەدەزگای چاپ و پەخشی سەردەمیش هەر هەموویان شایانی رێز و سوپاسن بۆ بەرهەمهێنانی ئەم شاکارە.

بە بڕوای من ئەم کتێبە یەکێکە لەو سەرچاوە باوەڕپێکراوانەی کە دەچنە هاوشانی (شەرەفنامە)کەی شەرەفخانی بەتلیسیەوە لەڕووی باوەڕپێکردن و ساغکردنەوەی مێژووی کۆن و نوێی کورد و کوردستانەوە.

ناوەڕۆکی کتێبەکە جگە لە پێشەکی و وێنەی ئامارو نەخشە و بابەتی روونکراوەی تر، خۆی لە دە فەسڵدا چڕکردۆتەوە کە هەر فەسڵەیش چەندین بەش و وردە زانیاریی گرنگی لەخۆی گرتووە.

بەکورتی دەتوانم بڵێم ئەم کتێبە سەرچاوەیەکی گرنگە بۆ هەموو کوردێک بیەوێ لەڕاستی و حەقیقەتی نەتەوەکەی و نیشتمانەکەی بگا.

مەزنیی ئەم کتێبە وای لێکردم بە وردی چاوی پێدا بگێڕم و بەنیازی گوڵبژێرییەوە بەناو باخی

کتێبەکەدا بسووڕێمەوە تا زیاتر لە بۆن و بەرامە و ڕاستییەکانی چێژ وەربگرم.

لەڕاستیدا پاش خوێندنەوەی کتێبەکە بۆم دەرکەوت کە هەردوو برای نووسەر و وەرگێڕ بەکارەکەیانەوە ماندووبوون و شەونخوونیان پێوە کێشاوە.




هەر لە ئەنجامی ئەم خوێندنەوەیشمەوە بوو هەندێ باری سەرنجم لا دروست بوون ئیتر وەک خوێنەرێک دەمەوێ بەتەوازوعەوە بیخەمە بەردەستی نووسەرو برای وەرگێڕو خوێنەرانی ئازیزی کتێبەکە. ئومێدەوارم سەرنجەکانم ببنە مایەی زیاتر دەوڵەمەندکردن و پڕ زانیاریکردنی بابەتەکە. لە دەستپێکی بۆچوونەکانمدا لەسەر پەراوێزی (٤) دەوەستم کە لە ل٦٥ی کتێبەکەدا هاتووە دەڵێ:

(هەندێ کەس لەو باوەڕەدان کە (جودی) پیرەمەگرونی سلێمانیە- وەرگێڕ لە زمانی دکتۆر کەمال مەزهەرەوە).

ڕاستییەکەی ئەوەی تا ئێستا باوە و لە مێشکی خەڵکیدا چەسپیوە وا دەگەیەنێ کە (چیای جودی) دەکەوێتە نزیک سنووری باژێری دهۆک و زنجیرە سنوورییەکانی نزیک کوردستانی باکوور لە تورکیا. لە فەرهەنگی (المنجد فی الاعلام)یشدا لە ل٢٠٦دا هاتووە دەڵێ:

(جودی: جبال فی کردستان باقلیم بوتان شمال شرق جزیره ابن عمر قیل ان فلک (سفینه) نوح رسا علیها بعد الطوفان).

لە ل٧٣و ٧٤ی ئەم کتێبەدا هاتووە دەڵێ: (لە بارەی ئەم قوتیلانەوە نارامسینی پادشای ئەکەدستان (٢٢٩١-٢٢٥٥ پ.ز) نووسیویەتی «هەرکە گەیشتینە ناوەندی چیاکان لە ناکاودا لێمان دەرپەڕین، پەلاماریان داین و بوونی خۆیان سەلماند...»).

لەبەر ڕۆشنایی ئەم قسانەی نارامسینی پادشای ئەکەد کە وەک زانراوە لەسەر شاخەکانی قەرەداخی ئەمڕۆدا وێنەی نەخش و نووسینی ئەو سەردەمانە بەو شاخانەوە ماونەتەوە. دەڵێن ئێستایش گوندێک هەیە لە دامێنی قەرەداغ بەلای شارەزووردا بەناوی (قەدیلە) ناودەبرێ، ئیتر نازانم تا چەند ئەم ناوە پاشماوەی ئەو ناوانە بێ کە لەو سەردەمانەدا باسی هاتووە. هەرچەندە بە بڕوای من پیتی (ق) لە کوردیدا ئەگەر هەشبێ هی ئەم سەردەمانەی دوای ئەو مێژووەن، چونکە باوەڕ ناکەم ئەوسا پیتی (ق) بەکارهێنرابێ، بۆیە بەبڕوای من ئەو وشەی (قوتیلانە)یە (کوتیلانە یا کورتیلانە) بووبێ. یا ئەشێ (کەدیلە یا کێویلە) بووبێ کە بەمانای (شاخ و چیا) دێ. هەر بۆیەش ئەم (قەدیلە)یەی ئەمڕۆ لە (قوتیلانە)و لە (کەویلە)وە نزیک دەبێتەوە.

ئەگەر سەرنج وردکەینەوە دەبینین لە زۆربەی سەرچاوەکاندا ناسنامەی (کورد) لە مێژوودا بەگەلێ ناوی جیاجیا ناوبراوە وەکو:

(گوتی: کورتی. کاردی، کالدی، خالدی.. هتد) ئەوەی مایەی سەرنج و ئافەرین و دەستخۆشی هەڵبگریٚ بۆ برای نووسەری ئەم کتێبە و کاکی وەرگێڕ کاکە ئەمین ئەوەیە لە زۆر شوێنا ناو و ساڵی ئەو رۆژهەڵاتناس و زانایانەیان خستۆتەڕوو کە بەڵگەی تازەو نوێیان دەربارەی مێژووی کوردو کوردستان هێناوەتە ئاراوە. ئومێدەوارم مێژوونووسانی لای خۆمان و دام و دەزگا زانکۆییەکان و شارەزایانی ئەم بوارە هەوڵ بدەن بەهەر رێگا و شێوازێک بێ پەیوەندی ببەستن بەو پسپۆڕو شارەزایانەوە تا بەهۆی ئەو زانیارانەوە زیاتر خزمەت بەمێژووی نەتەوەکەمان بکەن.

لە ل٩٥دا لە شوێنێکدا هاتووە دەڵێ: (ناوی «ئامێد»ی پایتەختی دێرینیان گۆڕی و خستیانە سەر ناوی خێڵەکەی خۆیان. دیاربەکر کە لە (دیاری بەکر = سەرزەمینی بەکران)ەوە وەرگیراوە گەورەترین شارە لە کوردستانی ئەنادۆڵ) لەڕاستیدا (دیاربەکر = دیاربکر) مێژوونووسە عەرەبەکان وای ناو دەبەن. دیارە ئەو عەرەبانە لەسەردەمی فتوحاتی ئیسلامیدا ئەو شوێنانەیان بینیوە بەلایانەوە نامۆ بووە، بۆیە بەو ناوچانەیان وتووە (دیاربکر) واتە (شوێنی نوێ باو) یا (جێیەکی تازە باو) ئەوەتا لە (المنجد فی اللغە)دا لە ل٤٦دا هاتووە دەڵێ:

(ارض بکارە واتە ارض سریعە الانبات). هەڵبەتە ئاشکرایە زەویوزاری کوردستان بەگشتی زەوی و زارێکی پڕ بەپیت و بەرەکەتە.

لە چەند شوێنێکدا برای وەرگێڕ بەهەڵە وشەی لەجێی مەبەستدا بەکارهێناوە. من لێرەدا نموونەی هەندێ لەو هەڵانە دەخەمەڕوو کە وەرگێڕ بۆ مەبەستێک بەکاری هێناوە، کەچی کە وردی دەکەینەوە دەبینی بۆ ئەو مەبەستە ناشێ بۆ نموونە وشەی (رەهەند) وەرگێڕ بەمەبەستی (دوورخستنەوە. ابعاد) بەکاری هێناوە، کەچی بەپێی سیاقی رستەکە (رەهەند) ئەو مەبەستە نابەخشێ، چونکە (رەهەند) لە ئەسڵا بە واتای (ابعاد)ی ئەندازەیی دێت نەک (ابعاد) بەواتای دوورخستنەوە یا کۆچ پێکردن بێ. ئەوەتا لە ل١٢٢دا دەڵێ:

(هەندێکی تریان دوور دوور تا بولغارستان رەهەندکران لەناو جەرگەی ئەم رەهەندانەی دەستی عوسمانییەکانەوە...).

وەرگێڕ هەر بەمەندەیشەوە نەوەستاوە ئەوەتا هەڵەی تری وای لێ دووبارە دەبێتەوە ئەگەر سەرنج بدەین وشەی (سیفەت و خەسڵەت)ی بەوشەی (ئاوەڵناو) لێکدەداتەوە. لەکاتێکدا (ئاوەڵناو) زاراوەیەکە بۆ مەبەستی (صفە)ی رێزمانی (قواعدی) بەکاردێ نەک بۆ خاسیەت و خەسڵەتی کۆمەڵایەتی. لە ل١٣٥دا نووسەری ئەم کتێبە زۆر بەباشی و بەرەوانی باس لەو هەڵانە دەکا کە سەرکردە کوردەکان بەدرێژایی مێژوو تێی کەوتوون و هەلی مێژووییان لە دەستداوە ئەوەتا لەم بارەیەوە دەڵێ:

(لە هەرێمی ئەنەدۆڵ، عوبەیدوڵلا چەندین کردەوەی ستەمکارانەی دژ بە کوردە ناسونییەکان و هی تریش کرد، کوردە عەلەوییەکان دووچاری چەند قەتلوعام و بەزۆر وەرگەڕان و ماڵ و موڵک داگیرکردن بوون لە ١٨٨٠کاندا بەجۆرێک ناچاربوون پشتگیری کۆمارە عەلمانییەکەی ئەتاتورک بکەن).

هەر دوای ئەمەیش نموونەیەکی تر دێنێتەوە

دەڵێ: (سـالی ١٩٢٥ تا خـۆیان (واتە عەلەوییەکان) لە رابەرێکی ئاینی کوردی تر واتە شێخ سەعید (پیران) بپارێزن، ترسەکەیان ئەوەندە توندبوو ناچاربوون شانبەشانی سوپاکانی کۆماری تورک دژ بەشێخ سەعید بچنە جەنگەوە) بەداخەوە مێژووی کورد پڕە لە نموونەی کارەساتی خوێناوی لەم چەشنە کە کورد وەک (کەوی پێ سوور!) هەمیشە چنگی خۆیان بەخوێنی یەکتری سوورکردووە، ئەوەتا مێژوو کارەساتی قەتڵوعامی یەزیدیەکانمان بۆ دەگێڕێتەوە لەسەردەستی پاشای کۆرەی رواندز کە چییان بەسەر هاتووە، یا سەرنج بدە لە بنەماڵەی بابانەکان بزانە چۆن بە فیتی دوژمنانیان هەمیشە دەستیان لە خوێنی یەکتردا سوورکردووە تەنانەت لە مێژووی نوێشماندا دەبینین چەندین جار بە ئاگری شەڕی براکوژی و یەکترکوژی لاپەڕەیەکی رەشمان لە مێژووی خەباتماندا بۆ خۆمان تۆمار کردووە. دیارە ئۆباڵی ئەم کارەساتانەیش تا جارێک شانی نا حەزانی خۆمان دەگرێتەوە چەند جارێک دەکەوێتە ئەستۆی ئەو کەسانەی کە لەناو خۆماندا ئاگری شەڕەکەیان خۆش کردووە. نووسەری ئەم کتێبە ئەوە لەبەرچاو دەگرێ کە لەکاتێکا ئێمە لەناو خۆمانا بەناکۆکی و دووبەرەکییەوە خەریکین سەرکردەی میللەتانی تر هەوڵی سەرفرازی و رزگاریان داوە بۆ گەل و نیشتمانی خۆیان ئەوەتا لە ل١٣٥دا دەڵێ: (ئا لەم دەرفەتە مێژووییەدا کە نەتەوەکانی تر بەژیری و کارامەیی و ئاسۆی فراوان و دیدی سیاسی سەرکردەکانیان بەمرازی خۆیان دەگەیشتن و دەوڵەتی سەربەخۆیان دادەمەزراند).

ئەوجا با خوێنەری کورد لە نێوان ئەم دوو حاڵەتەدا بۆ خۆی بەراوردێ بکا و تێبگا کە ئەسڵی گرفتەکە لە کوێدایە.

نووسەری ئەم کتێبە لە ل١٣٧دا بۆچوونێک دەخاتەڕوو کە لە ئاستیدا وەستانێک هەڵدەگرێ ئەوەتا دەڵێ:

دوو هۆ بوونەتە تەگەرەی پێش دروستکردنی دەوڵەتێکی نەتەوەیی کوردی پاش جەنگی جیهانی یەکەم (جەنگی یەکەمی جیهانی) یەکێک لە دوو هۆیە، ناوخۆیی بوو و بریتی بوو لە نەبوونی سیاسەتمەدارو دەوڵەتیاری باوەڕپێکراو کە ئەو رێبازە بگرن کە جاران بنەماڵە میرەکان سێ سەدە لەوەوپێش گرتبوویانە بەر، ئەوی تریان دەرەکی بوو).

(من بۆ خۆم وای بۆ دەچم کە ئۆباڵی هەردوو خاڵەکە (هۆیەکە) دەکەوێتە ئەستۆی دەرەکی (دەوڵەتە زلهێزەکان)، چونکە لە دوای جەنگی جیهانی (یەکەم و دووەمیشەوە و بگرە تائێستاش و بۆ داهاتوویش) چارەنووسی میللەتانی دنیا وا لەژێر دەستی ئەو دەوڵەتە زلهێزانەدایە، ئەوان بیانەوێ لە شەوو رۆژێکا (دەوڵەت) بۆ ئەم میللەتە دروست دەکەن. لە ماوەی بیست و چوار سەعاتیشا دەوڵەتی ئەم و ئەو لە رەگ و ریشە دەردەهێنن هیچ میللەتێ لە سکی دایکییەوە دەوڵەتی بۆ نەماوەتەوە ئیتر ئافەرم بۆ ئەو سەرکردە و میللەتانەی خولیای دەوڵەت بوونیان لە مێشکایە و دەتوانن لەناو گەمەیەکی سیاسیدا ئەو مافە بۆ خۆیان بپچڕن).

بۆ سەلماندنی ئەو قسەیەم کە چارەنووسی میللەتانی دنیا و میللەتی ئێمەیش وا بەدەست دەوڵەتە زلهێزەکانەوە ئەو قسە و بۆچوونانەن کە نووسەر لە ل١٤١دا ئاماژەی پێداوە و دەڵێ:

(لە ٢٤ حوزەیرانی (راستییەکەی تەموزە نەک

حوزەیران) ١٩٢٣دا ڕێککەوتننامەیەکی تر لە لۆزان (سویسرا) ئیمزا کرا هەموو سەرزەمینی ئەنەدۆڵی بەکوردستانی باکوور و ڕۆژهەڵاتەوە کردە موڵکی تورکیا، روون و ئاشکرابوو کە کوردستانێکی سەربەخۆ لە ئەنەدۆڵ بەبێ هیچ گومانێک دەبووە مایەی شلکردنی چنگی بەریتانیا لە کوردستان و گەنجینە نەریتیە بێ بنەماکانی (Na-sh- 1976) لەبەر ئەمە بەریتانیا بەخۆشییەوە ڕێخۆشکەری بۆ کۆماری تازە پێگرتووی تورکیا کرد، دەست بەسەر بەشەکەی تری کوردستانی عوسمانیدا بگرێ...)

ئەگەر هەر بەردەوام بین لە گەشتەکەماندا بەناو ئەم کتێبەدا دەبینین نووسەر لە ل١٦٠دا دەڵێ:

(بەهەر حاڵ بەغدا ئەمجا ساڵی ١٩٨٤ ڕوویکردە گروپە سیاسیەکەی تری ناو کورد واتە یەکێتی نیشتمانی کوردستان (ی.ن.ک) بەرابەرایەتی جەلال تاڵەبانی.

ڕاستیەکەی ئەو وتووێژەی ئەوسای حوکمەت و یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە کۆتایی ساڵی ١٩٨٣دا دەستی پێکرد و ئەشێ لە ساڵی ١٩٨٤دا نەگەیشتبنە ئەنجام ئیتر یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە وتووێژەکە کشابێتەوە.

لە ل١٦٦دا نووسەر مێژوویەکی هەڵە لە بارەی کوشتنی د. عەبدولڕەحمان قاسملو دیاری دەکاو دەڵێ:

(لە ئێران تەنانەت کوشتنی عەبدولڕەحمان قاسملۆ رابەری بەدیمەنی گرنگترین پارتی سیاسی کورد (KDP.1) لە ساڵی ١٩٨٨دا).

هەمان هەڵەیشی لە ل٤٧٧دا دووبارە کردۆتەوە ئەوەتا لەوێشدا دەڵێ:

(د. قاسملو تا کوژرانی لە ڤییەننا لە یولیو (تەموزی) ١٩٨٨دا...).

ڕاستییەکەی د. قاسملو لە بەرواری ١٣/٧/١٩٨٩ لەگەڵ چەند هاوڕێیەکیدا بەناوی وتووێژەوە لەگەڵ ڕژێمی ئێراندا تیرۆرکرا. تەنانەت دوای ئەویش سکرتێرێکی تری حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بەناوی (سادق شەرەفکەندی)یش هەر بەپیلانێکی لەو چەشنە تیرۆرکرا.

لە ل٢٤٥دا هەڵەیەکی زەق بەسەر نووسەرو وەرگێڕدا تێپەڕ بووە کە خوێنەرێکی ئاسایی ئەو سەردەمە لێی بەئاگایە ئەوەتا لەو شوێنەدا دەڵێ:

(دووەم شەپۆلی کۆچکەرو پەنابەری کورد ساڵی ١٩٧٠ پاش هەرەسهێنانی شۆڕشەکەی ژەنەراڵ بارزانی لە کوردستانی عێراق گەیشتنە ئەمریکا).

ڕاستییەکەی ئەو کۆچکردن و پەنابەرێتیە لە ساڵی ١٩٧٠دا نەبووە، بەڵکو لە پاش نسکۆی شۆڕشی ئەیلول بووە لە ساڵی ١٩٧٥ کە بەهۆی پیلانەکەی جەزایرەوە سەدام و شای ئێران ریک کەوتن لەسەر کۆتاییهێنان بەشۆڕشی ئەیلول. لە ل٣٦٠دا نووسەر زۆر بەباشی بەرپەرچی ئەوکەسانە دەداتەوە کە دەیانەوێ (یەزیدیەکان) لە نەتەوەی کورد دابڕن و بیبەنەوە سەر نەتەوەی عەرەب ئەوەتا لێرەدا دەڵێ: (بزوتنەوەیەکی تر لە گۆڕێدایە تا یەزیدییەکان لە ناسنامەی کوردی بخەن بەوەی کە وەکو پێکهاتەیەکی ئەتنیکی جیاواز بیاندەنە قەڵەم، یان بەوەی یەکسەر بەعەرەبیان دانێن، بۆیە حکوومەتەکانی عێراق و سوریا بە «عەرەبی ئەمەوی» دایاندەنێن، دار دەستیشیان بۆ ئەمە ئەو ئاڵۆسکاوی و شێوانەیە کە لەناو یەزیدیەکاندا لەسەر خەلیفەی یەزیدی کوڕی مەعاویە هەیە کە فڕی بەسەر ئەوانەوە نییە)..

دابڕینی یەزیدییەکان لە نەتەوەی کورد پیلانێکە لە پیلانەکانی شۆڤینییە عەرەبەکان. شۆڤینیەتی عەرەبی هەمیشە لە روانگەی رەگەزپەرستانەوە دەڕواننە مەبەستەکانی خۆیان ئەگینا وەرە سەرنج بدە یەزیدییەکان لەڕووی ئاینەوە نەک هەر لە ئیسلام و عەرەبەوە دورن بگرە تەنانەت لە چاو ئاینەکانی تریشەوە ڕێبازێکی ئاینی تایبەت بەخۆیان هەیە. باشە ئەگەر شۆڤینیانی عەرەب ئەوەندە بەتەنگ ئیسلامەوەن ئەی بۆ لەبەر خاتری ئیسلامەتی ئەوەندە ڕێزو حورمەت بە (فارسەکان) نادەن خۆ ئەمان لە هەموو کەسێ زیاتر لە ئیسلامەوە نزیکن و بگرە هاو ئایینن، یا باشە بۆچی ئەوەندە بەچاوێکی دوژمنکارانە دەڕواننە جولەکە لە کاتێکا لەڕووی ئەتنی و رەگەزەوە تاڵە موویەک لێکیان جیا ناکاتەوە و بگرە بەرە پشتی یەک و ئامۆزان.

من باوەڕم وایە بردنەوەی یەزیدیەکان بۆ سەر (یەزیدی کوڕی معاویە) یەک لەڕووی مێژووییەوە هەڵەیە، چونکە سەرهەڵدانی یەزیدییەکان (ئیزیدیەکان) زۆر لەو مێژووە کۆنترە، دوو، عەرەبە شۆڤینییەکان بەم کارەیان دەیانەوێ دەلاقەیەک بخەنە نێوان کوردو شیعە مەزەبەکانەوە، چونکە شیعەکان ئاشکرایە (یەزیدی کوڕی معاویە) بەدوژمنی باوە کوشتەی خۆیان دەزانن. دیارە هەر کەسێکیش بچێتەوە سەر ئەو پیاوە بەبڕوای ئەوان ئەو کەسە دەچێتە ریزی ناحەزانیانەوە.

لە ل٤٣٧دا نووسەری کتێبەکە دەڵێ:

(جی، ئار، درایڤەری کوردولۆجیستی ئینگلیز لە ساڵی ١٩٢٣ ...).

دوای ئەمەش لە ل٤٣٨دا هاتووە دەڵێ:

(درایڤەری هەواداری ڤیکتۆریەکان (١٨٣٧-١٩٠١ وەرگێڕ). دیارە لە نێوان ئەم دوو مێژووەداو لە نێوان نووسەرو وەرگێڕدا هەڵەو غەفڵەتکاریەک روویداوە ئەویش ساڵی (١٩٢٣) لای نووسەرو ساڵی ١٨٣٧-١٩٠١ لای وەرگێڕ (کاک ئەمین شوان).

کەواتە خوێنەر هەقیەتی بپرسێ کام لەو دوو مێژووە راستن بۆ (درایڤەر).

لە ل٤٤٩دا لە پەراوێزی ٦دا د. کەمال مەزهەر هەمان ئەو ناوانەی ناوبردووە کە نووسەر بۆخۆی لەناواخنی باسەکەیدا ناوی هێناون. بەڕای من ئەگەر وەرگێڕ یا هەر کەسێکی تر بیویستبایە، بۆ پاڵپشتی قسەکانی ناوی تر هەبوون بیانهێنێتەوە تاکو لەگەڵ ناوەکانی نووسەر ریزیان بکا بەچەشنێ کەسایەتییەکانی وەک:

(ئەحمەد موختار بابان، سەعید قەزاز، تۆفیق وەهبی، نورەدین مەحموود، رەفیق عارف.. هتد) مەبەستی سەرەکیم لە خوێندنەوەم بۆ ئەم کتێبە ئەوەبوو کە وەک خوێندەوارێک کتێبەکەم بەزەخیرەیەکی دەوڵەمەند زانی لەڕووی مێژوویی و جوگرافی و ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی و کەلتوری کوردییەوە، پڕ لە زانیاری و بەهادار هاتنە پێش چاوم، بۆیە جارێکی تر بەدڵ پیرۆزبایی لە نووسەرو وەرگێڕ و دەزگای سەردەم دەکەم بۆ بەرهەمهێنانی ئەم سەرچاوە پڕ پیت و بەرەکەتە. داواکارم هەموو خوێنەرێکی بەتەنگەوە هاتووی ئەم نەتەوەیە بە خوێندنەوەی ئەم شاکارانە مێشکی خۆی زاخاو بدا.

سلێمانی ٢٠٠٨/٥/٢٩

# ڕێژەی کاری تێنەپەڕ لە شرۆڤەکاری ڕێزمانیدا

د. شێرکۆ بابان
پرۆفیسۆری هاریکار

**دەستپێک**

مەبەستی ئەم توێژینەوەیە ئەوەیە، کە لە پەرێزی تێنەپەڕی ئاسایی دەربچین و روو بکەین لە نموونە نائاساییەکان. لە ڕێزمانی نووسراودا، کەم و زۆر ئەم هوردە بابەتانە دەکەونە بەرچاو، بەڵام بەشەرمنییەوە، چونکە ڕێزمانی زمانانی تر وەک (ئینگلیزی و عەرەبی و فەرەنسی) دادی ئەم جۆرە کێشانە نادات. لە گۆشە نیگای ڕێزمانی ئاخاوتنی کوردییەوە، پەرێزی کاری تێنەپەڕ زۆر فراوانترە لە پەرێزی کاری تێنەپەڕی ئاسایی. بۆ نموونە ئەگەر کۆڵکەی (بەرکار) بکەین بە پێوەری ڕێزمانی بۆ دابڕینی کاری (تێپەڕ) و کاری (تێنەپەڕ) ئەوا دەکەوینە هەڵەوە، چونکە هەندێک کاری تێپەڕ هەیە کە کۆڵکەی (بەرکار) وەرناگرێت، یان کۆڵکەی (بەرکار)ی هەرس کردووە و کارێکی تازەی پێ چێ کردووە بۆ واتایەکی تازە، کە بەرانبەر بەواتایەکی سەربەخۆ دەوەستێت لەوەرگێڕاندا. لەلایەکی ترەوە کاری تێنەپەڕی (بکەر نادیار) مۆرکی تایبەتی خۆی هەیە و کۆڵکەی (بەرکار) هەرس دەکات لە جێی (بکەر) بەواتایەکی تر، مەرج نییە کە هەر بە (ڕێزمان) بڕوانین لە هێزی تێپەڕین دەشێت بە (واتا)یش بابەتەکە شرۆڤە بکەین.

**١- کاری تێنەپەڕی بکەر چالاک:**

ئەم جۆرە کارە بکەرێکی چوست و چالاک هەڵدەگرن و ئەو بکەرە لە چالاکی ڕستەسازیدا وزە خەرج دەکات. بۆ نموونە کارەکانی (ڕۆیشتن، هاتن... ) بکەرێکی چالاک دەگرنەخۆ وەک:

**شیلان هات**

**شیلان ڕۆیشت**

بکەری ئەو دوو رستەیە بریتییە لە (شیلان) و ئەو بکەرە پێویستی بەخەرجکردنی وزە هەیە و خۆی بەسەربەخۆیی خۆی رووداوی کارەکانی (هاتن و رۆیشتن) ئەنجام دەدات. بێگومان ئەم جۆرە کارە بریتییە لە روونترین جۆرەکانی تێنەپەڕ. تەنانەت کاتێک کە ئەم جۆرە کارانە پاشگری دووپاتی (ەوە) وەردەگرن، هەر بکەرێکی چالاک دابین دەکەن، وەک:

**شیلان هاتەوە**

**شیلان رۆیشتەوە**

**١- کاری تێنەپەڕی بکەر سست:**

لە راستیدا، ئەم خێزانە کارە زۆر بەربڵاوەو زۆربەی زۆری کارە تێنەپەڕەکان لەم جۆرانە وەک:

**دارەکە دەسووتێت**

**بەردەکە کەوت**

لێرەدا هەردوو بکەرەکە بەسستی دەچنە بەر رووداوی هەردوو کارەکە و بەهیچ جۆرێک چالاکی نانوێنن و وزە خەرج ناکەن لە ئەنجامدانی رووداوی کاری (سووتان) و (کەوتن)دا بۆ نموونە ئەگەر (ناوی بکەر) چێ بکەین وەک:

**سووتان: سووتاو**

**کەوتن: کەوتوو**

دەبینین هیچ سیمایەکی چالاکی بەو ئەو دوو ناوەوە دەرناکەوێت و واتایی (بەرکار)ێک زاڵ دەبێت بەسەریاندا، چونکە هەردوو ناوی (سووتاو کەوتوو) وەک (ئاوەڵناو) دەگەڕێنەوە بۆ هەردوو بکەری (دارەکە) و (بەردەکە). لە بەرانبەردا، ئەگەر ناوی بکەر وەربگرین لەئەو دوو کارە بکەر چالاکەی کە نەختێک لە پێشتردا باس کران، وەک:

**هاتن: هاتوو**

**رۆیشتن: رۆیشتوو**

ئەوا بەتەواوی دیارە کە هەردوو ناوەکە سیمای (رووداوگێڕی)و (وزە خەرجکردن) یان پێوە دیارە. کەواتە دەتوانین کارە تێنەپەڕە بنچینەکانی زمانی کوردی دابەش بکەین وەک:

**خێزانی یەکەم:** تێنەپەڕی وزە خەرج نەکەرو رووداوگێڕ: وەک: (**هاتن، رۆیشتن...**).

**خێزانی دووەم:** تێنەپەڕی وزە خەرج کەرو رووداو نەگێڕ وەک (**سووتان، کەوتن...**)

لە ئاستی ئەم دوو خێزانە تێنەپەڕەدا چەند بەراوردێک هەیە و دەشێت تۆمار بکرێن وەک:

**یەکەم:** هەر دوو خێزانەکە (ناوی بکەر) دروست دەکەن بە هەمان رێسا و بەهەمان میکانیزم واتە هەردوو خێزانەکە رەگی (رابردووی تەواو) دەکەن بە ناوی بکەر وەک:

ناوی بکەر ⟵ قەدی رابردوو + (و)

**دووەم:** ئەگەر ناوی بکەر لە هەردوو خێزانەکەدا بەراورد بکەین دەبینین کە ئاکاری (وزەخەرجکردن) بریتییە لە کۆڵکەیەکی جوداکەرەوە:

- بکەر وزە خەرج دەکات وەک:

[**هاتوو، رۆیشتوو**]

- یان بکەر وزە خەرج ناکات، بەڵام وزەی تێدا خەرج دەکرێت وەک:

[**سووتاو، کەوتوو**]

**سێیەم:** لە هەردوو جۆرەکەدا (تێنەپەڕی بکەر چالاک) و (تێنەپەڕی بکەر سست) رووداوی فیزیاوی کارەکانی (هاتن، رۆیشتن... ) و (سووتان، کەوتن.. ) دەشێت بە فیلمی ڤیدیۆیی نمایش بکرێن و ماوەی رووداوەکانیان پێوانە بکرێت بە (کات خایاندن) واتە هەردوو جۆرەکە کاری ئاسایی و بزاڤی (کات خایەن) هەڵدەگرن، وەک:

[**هاتن، رۆیشتن....**] (**+ کات خایاندن**)

هەروەها:
**(سووتان، کەوتن...)** (+ **کات خایاندن**)

**چوارەم:** بەکۆی ناوەڕۆکی هەردوو خاڵی پێشوو دەشێت بگوترێت، هەردوو خێزانەکە ڕووداوی کارەکەیان لەسەر فەرشی (کات) رادەخەن، بەڵام لە خێزانی یەکەمدا، بکەرەکە دەبێت وزەی پێ بێت، تا بتوانێت ڕووداوە ڤیدیۆییەکە ئەنجام بدات.

**پێنجەم:** چاوگی (ئاندی) بریتییە لە سەنگی مەحەک بۆ جوداکردنەوەی ئەو دوو گرووپە تێنەپەڕەی کە لە پێشەوە باسکران. لە میکانیزمی چاوگی (ئاندن)دا بکەرێکی چوست و وزە خەرجکەر دەسەپێنرێت بەسەر ڕستەکەدا و بکەرە سستەکە دەکرێت بە (بەرکار) وەک:

**ڕستەی تێنەپەڕ:**

**دارەکە دەسووتێت**

**ڕستەی تێپەڕ (ئاندن)**

**شیلان دارەکە دەسووتێنێت**

لەڕاستیدا وەک میکانیزمی چالاکی (ئاندن) گشتییە بۆ گشت کارە تێنەپەڕە بکەر سستەکان، کورت دەهێنێت لە ئاستی کارە تێنەپەڕەکە بکەر چالاکەکان. بۆ نموونە کاری (هاتن) و (ڕۆیشتن) چاوگی (ئاندن) پەسەند ناکەن. مەگەر بە زۆر لێکردن، چونکە بکەری ئەم جۆرە کارە خۆی چالاکە وزە خەرجکەرە و پێویستی بەئەو نییە کە چاوگی (ئاندن) بچێتە سەری و بکەرە چالاکەکە بکات بە (بەرکار) بەکورتی: چاوگی (ئاندن) دەسەڵاتی ئەوەی هەیە کە (بکەری سست) بکات بە (بەرکار)، بەڵام ئەو دەسەڵاتە ناچەسپێت بەسەر بکەرێکی چالاکدا.

**٣- تێنەپەڕی بێ ڕووداو:**

ئەم خێزانە دوو کاری زمانی کوردی دەگرێتەوە کە بریتین لە:

- **بوونی ئێستایی وەک:**

ئەوە شیلان (ـە): ئەوە شیلان (بوو)
شیلان جوان (ـە): شیلان جوان بوو

- **کاری هەبوونی تێنەپەڕ وەک:**

**شیلان هەیە: شیلان هەبوو**
**من هەم: من هەبووم**
**ئێمە هەین: ئێمە هەبووین**

لەم جۆرە کارە تێنەپەڕەدا ڕووداوی ڤیدیۆیی لە ئارادا نییە و (کات خایاندن)یش ناچەسپێت، چونکە (گرتە) یەک لە فیلمە ڤیدیۆییەکە نمایش دەکرێت، بەکامیرەیەکی ئاسایی، نەک بەکامیرەیەکی ڤیدیۆیی. لە هەمان کاتدا بەهیچ جۆرێک وزە خەرج کردن ناهێتە کایەوە و بکەری ڕستەکە بەسستی دەکەوێتە چرکەیەکی زۆر زۆر کورتی فیلمەکە، بۆ نموونە ئەگەر فیلمێکی سینەمایی یان ڤیدیۆیی بگرین بەدەستەوە و سەیری یەکە یەکەی وێنە ڕێزبەندییەکان بکەین دەتوانین ڕووداوی کارێک لەسەر ریزە وێنەیەک بدۆزینەوە، بەڵام لە ئاستی کاری (بوونی ئێستایی) و (هەبوون)دا وەک ئەوە وایە تەنها یەک (وێنە) پیشان بدەین. هەر لەبەر ئەم هۆیە ناتوانین (ناوی بکەر) لەئەم دوو کارەوە دابڕێژین، چونکە بزاڤە سینتاکسییەکەیان بریتییە لە یەک وێنەی سرک و خێرا و(کات نەخایەن).

**٤- تێنەپەڕی (بکەر نادیار):**

لە زمانی کوردیدا چاوگی (بکەر نادیار) بەشێوەیەکی زۆر سادەو کاریگەر دادەڕێژرێت. تەنانەت بەرانبەر بەهەر چاوگێکی (تێپەڕ) چاوگێکی (بکەر نادیار) هەیە وەک:

**کوشتن: کوژران**
**پێکان: پێکران**

یان لە چاوگی تێپەڕی (ئاندن)ەوە، وەک:

**سووتاندن: سووتێنران**

**شکاندن: شکێنران**

لەڕاستیدا بنجی هەر کارێکی تێپەڕی ئاسایی، ئەگەر پاشگری (- ران) بخەیتە سەری دەبێت بەچاوگی (بکەر نادیار) و ئەگەر پاشگری (راو) بخەیتە سەری، ئەوا دەبێت بە (ناوی بەرکار)

+ ران ـــ (پێکران)
پێک
+ راو: (پێکراو)

یان لە ئاستی چاوگی (ئاندن)دا دەتوانین هەمان میکانیزم بەکاربهێنین بە زیادکردنی هەردوو پاشگری (-ێنران) و (- ێنراو) وەک:

+ ێنران ـــ (سووتێنران)
سووت
+ ێنراو: (سووتێنراو)

سەبارەت بە باری (تێنەپەڕی) گشت چاوگەکانی (بکەر نادیار) لە بزاڤی سینتاکسیدا (تێنەپەڕ)ن و بەهیچ جۆرێک کۆلکەی (بکەر) وزە خەرج ناکات و لەبەر رووداوەکەدا بە سستی دەردەکەوێت وەک:

**[چاوگی بکەر نادیار](تێنەپەڕ،سست، کات خایەن)**

سەبارەت بەکات خایاندن، ئەم جۆرە کارە رووداویان تێدایە و بزاڤی (کات خایاندن) لە ئارادایە. ئەمەو لە ئاستی چاوگی تێنەپەڕی بکەر نادیاردا چەند سەرنجێک هەیە و دەشێت تۆمار بکرێن، وەک:

**یەکەم**: سەرپاکی چاوگی بکەر نادیار تێنەپەڕن و بکەری رستەسازییانەیان وزە خەرج ناکات.

**دووەم**: سەرپاکی چاوگی (بکەر نادیار) رووداوێکی (کات خایەن) هەڵ دەگرن.

**سێیەم**: سەرپاکی چاوگی (بکەر نادیار)، لەسەر کارێکی (تێپەڕ) رۆنراون، کە ئەو کارە تێپەڕە بکەرێکی چالاک و وزە خەرجکەر هەڵدەگرێت.

**چوارەم**: وەک درێژەیەک بۆ خاڵی پێشوو، میکانیزمی (بکەر نادیاری) بریتییە لە پەکخستنی بکەرێکی وزەدار و رووداوگێڕی کارێکی (تێپەڕ) بۆ زاڵکردنی (بەرکار) لە پەرێزی رستەیەکی تێنەپەڕدا هەر لەبەر ئەو هۆیە، ئەو کۆلکەیە ناونراوە (جێگری بکەر).

**پێنجەم**: جێگری بکەر لە رستەی بکەر نادیاردا، ئەرکی بکەرێکی سست دەگێڕێت لە پەرێزی رستەیەکدا کە بەزۆر پەک خراوە و بەزەبری پاشگری (را، رێ) کارە تێپەڕەکەی کراوە بە (تێنەپەڕ) هەر لەبەر ئەوە ئەگەر بەرێسای (ناوی بکەر) وشەیەک دروست بکەین کە ببێت بە (ئاوەڵناو) بۆ (جێگری بکەر) ئەوا ئەو وشەیە بە (واتا) لە (بەرکار) دەڕوانێت، بەڵام بەئەرکی رستەسازی لە (بکەر) دەڕوانێت بۆ نموونە دەگوترێت:

دارەکە سووتا ← (سووتاو)
دارەکە سووتێنرا ← (سووتێنراو)

لێرەدا هەردوو وشەی (سووتاو) و (سووتێنراو) دەگەڕێنەوە بۆ دوو کاری (بکەر سست (سووتان) و (سووتێنران) و هەردوو وشەکە بەهەمان رێسا رۆنراون وەک:

قەد + و ←(سووتاو +و)
←(سووتێنرا + و)

لە هەمان کاتدا، هەردوو وشەکە واتای (بەرکار) دەدەنەوە، بەڵام بەدوو پلەی جیاواز. بۆ نموونە:

وشەی (سووتاو) لە بکەرێکی سست دەڕوانێت کە لە (بەرکار) دەچێت، کەچی وشەی (سووتێنراو) هەر لە (بەرکار) دەڕوانێت. لەبەر ئەو هۆیە لە رێزمانی نووسراودا ناونراوە (ناوی

بەرکــار). بەڕاســتی، دەبا ئەم وشــەیە ناو بنرابا (ناوی جێگری بکەر) بەرانبەر بە (ناوی بکەر) بۆ وشەی (سووتاو). لە پاشتردا، دەشیا، ئەو ناوە یەکسان کرابا بەناوی بەرکار وەک:

**ناوی(ســووتێنراو) = (ناوی جـێگری بەرکـار) = (ناوی بەرکار) یان بۆ وشەی (سووتاو):**

**ناوی (سووتاو) = (ناوی بکەر)**

**شەشەم:** زۆر زۆر ئەستەمە کە خۆ بەکەم بزانین و شــەرم بکەین لە بەکــارهێنانی زاراوەی (چاوگی بکەر نادیار) بـۆ کـــارەکـــانی (کـــوژران، سووتێنران....) ئەمەیش لەبەر ئەوەی مۆرکێکی خۆماڵیان پێوەیە و ناتوانین بەراوردی بکەین بەو زمانانە و لە کوردی باشتر ڕێزمانەکەیان دەزانین. لە راســتیــدا نابێت و ناشێت بەچاوی شەرمــەوە دەست بۆ مۆرکەکانی ڕێزمان ببەین. لە بەرانبەر دەبێت بەچاوی شانازییەوە سەیریان بکەن، چونکە ئەو مــۆرکــە و مــۆرکــەکــانی تر بریتین لە گــوڵی زمانەکە بێ گومان لە زمانانی تریشدا رستەی بکەر نادیار هەیە، بەڵام لە زمانەکەی ئێمە زۆر بەهوردی و بەجـــوانی و بەشـــێـــوازێکی مۆرفۆلۆژییانەی کاریگەر چووەتە نێو بنیادی کارە تێپەڕەکانەوە.

**حەوتەم:** چاوگی (بکەر نادیار)، گشت زمانەکە دەگرێتەوە هەرچی کاری تێپەڕە بە راستەوخۆیی هەرسی دەکـــات و هەرچی کـــاری تێنەپەڕە بە ناڕاســتــەوخــۆیی بەرێگای چاوگی (ئاندن)ەوە، هەرسی دەکات، کەواتە بزاڤی (رستەسازی بکەر نادیار) گشت کاری زمانەکە دەگرێتەوە، تەنها چەند کارێک نەبێت کە تێنەپەڕن و چاوگی ئاندن پەسەند ناکەن و ناتوانن ببن بە (بکەر نادیار).

**هەشتەم:** لە بەکارهێنانی رۆژانەدا، چاوگی بکەر نادیار بەکاردەهێنین وەک:

سەرم سووڕماوە لە (کوژران)ی ئەو پیاوە چاکە یان:

بەهۆی (پێکران)ـەوە ئازاد نەی توانی یاری بکات.

بێگومان ئەم جۆرە چاوگە کەم بەکار دەهێنرێت، بەڵام هەیە و بەرجەستەیە و ڕەوانبێژی پێوە دیارە و کــوردیزانان دەتوانن بەهوردی بیـــان ســـازێنن لە بنیادی رستەی رەسەنی زمانەکەدا.

**کاری دەنگی سروشتی:**

لە هەندێک کاری زمانەکەدا کە بەکاری دەنگی سروشتی ناسراون سیمای کارێکی (تێنەپەڕ) پیشان دەدەن وەک:

**شاتاندن: شاتەشات: شیلان بۆ وا دەشاتێنێت**

**گاراندن: گارەگار: مریشکەکە دەگارێنێت**

**بۆڵاندن: بۆڵە بۆڵ: ئازاد هەر دەبۆڵێنێت**

**گرماندن: گرمەگرم: هەورەکە گرماندی**

**پرخاندن: پرخەپرخ: تۆ بەس بپرخێنە**

بێ گومان ئەم جۆرە چاوگە بە(ئاندن) چێ دەبن، بەڵام هەندێک سیمای سەیر دەبەخشن وەک:

**یەکـەم:** ئەم جـۆرە چاوگـە هەرچەندە بە(ئاندن) دروست بووبێت، بەڵام ناتوانێت چاوگی (بکەر نادیار) چێ بکات

**دووەم:** ئەم جۆرە چاوگە بەهیچ جۆرێک (بەرکار) وەرناگرێت و سیمای کاری (تێنەپەڕ) وەردەگرن

**سێـیـەم:** بەکـۆی گـشـتی هەر کـارێکی دەنگی سـروشـتی هەرچەند (تێـپـەڕ) بەرێزمـان، بەڵام (بەرکـار) وەرناگـرێت وەک هەر کـارێکی تێنەپەڕ بەم پێیـە ئەم جـۆرە کـارە لە ژێر رەفـتـاری کـاری تێنەپەڕدان.

**کاری تێپەڕی بەرکار وەرنەگر:**

هەندێک کاری تێپەڕ هەیە لەرێسای کاری تێپەڕ لادەدەن و کۆڵکەی (بەرکار) ناگوزەرێنن لە بنیادی

رستەدا. واتە وەک کارێکی تێنەپەڕ واتا دەبەخشن، بەڵام بە ڕێزمانی کاری تێپەڕ وەردەسووڕێن لە رستەسازیدا وەک:

- **کاری ڕاکردن:**

**شیلان ڕای کرد**

لێرەدا هەرچەند کاری (کردن) تێپەڕە، بەڵام لەگەڵ پێشگری (ڕا)دا سیمای کارێکی تێنەپەڕی زاڵ کردووە. لەلایەکی ترەوە وا پێدەچێت لە پێشگری (ڕا) جودا بێت لە هەمان پێشگر لەکاری تردا وەک (ڕاگەیاندن، ڕاوەستاندن، ڕادان، ڕاگرتن..)، چونکە واتای (بەرکار) دەداتەوە، وەک (ئیش کردن، بیرکردن، سۆزکردن... )، لەم جۆرە کارەدا وشەکانی (ئیش، بیر، سۆز،...) بریتین لە کۆلکەی (واتابەست) لەئەو کارانەدا، چونکە بەواتاکەیان تێک دەچێت ئەگەر ئەو کۆلکە واتابەستانە لاببردرێن. بێگومان لەو کارانەدا ئەو کۆلکانە بریتین لە (بەرکار) و بەمۆرکی ڕێزمانی کوردی پەڕیونەتەوە نێو پەرێزی ڕێزمانی کۆمەڵەی (ناو).

- **کاری هەڵکردن:**

لەئەم کارانەدا، دوو بەکارهێنان هەیە، بەم چەشنە:

**یەکەم:** بەکارهێنانی (تێپەڕ) وەک:

شیلان کراسەکەی هەڵ کرد

**دووەم:** بەکارهێنانی (تێنەپەڕ) وەک:

بایەکە هەڵی کرد

بێگومان لە رستەی یەکەمدا ڕێزمانی کاری تێپەڕی (کراس هەڵکردن) ئاشکرایە و ڕوونە، بەڵام لە رستەی دووەمدا رستەکە لەکارێکی (تێنەپەڕ) دەڕوانێت بۆ بەراورد ئەگەر ئەو جۆرە رستەیە لە زمانێکی تردا بەکاربهێنرێت پەنا دەبردرێت بۆ کارێکی (تێنەپەڕ) هەر لەبەر ئەو هۆیە ئەو جۆرە رستەیە واتای کارێکی (تێنەپەڕ) هەڵدەگرن، بەڵام بەتێپەڕی دەکەونە بەر بزاڤی رستەسازی و بەرکاریش وەرناگرن.

- کاری (بۆڕدان، نووچ دان..)

بێگومان ئەم جۆرە کارەش بەواتا تێپەڕن و بە ڕێزمان تێپەڕن چونکە (بەرکار) وەرناگرن. بەواتایەکی تر. ئەگەر دەست داگرین و نەترسین دەتوانین بڵێین کاری (دان) وەک کارێکی یاریدەدەر هەڵسووڕاوە، بۆ ئاوێتەکردنی واتای کۆلکەی (بەرکاری رستەسازییانە) بەخۆیەوە و بۆ پەیداکردنی کۆلکەیەکی سێیەم کە واتایەکی تر هەڵدەگرێت وەک:

**نووچ** + **دان** ⟵ **نووچ دان**

**هەناسە+دان** ⟵ **هەناسەدان**

**باوێشک+دان** ⟵ **باوێشک دان**

یان:

**کۆلکەی یەکەم** + **کۆلکەی دووەم** ⟵ **کۆلکەی** سێیەم وەک ئاوێتەیەکی کیمیاوی دوو مادە کارلێکیان لە یەکتری کردووە و مادەیەکی سێیەم پەیدابووە بە(ئاوێتەیی) نەک (نە تێکەڵاوی) هەر بۆ نموونە، لابردنی کۆلکەی یەکەم (نووچ) لە کۆلکەی دووەم (دان) دەبێت بەهۆی خاپوور بوونی واتای کۆلکەی سێیەم (نووچ دان).

لەم گۆشە نیگایەوە، دەبێت بایەخ بدرێت بەو کارانەی کە کۆلکەی (بەرکار) هەرس دەکەن بە (واتا) و قەوارەی کارێکی ئاوێتە چێ دەکەن. بێگومان ئەم بۆچوونە زۆر هوردترە و زۆر ئاڵۆزترە لە وەی کە باسکراوە و پێویستی بەتوێژینەوەیە.

- **کاری (توانین)**

ئەم کارە دوو بەکارهێنانی هەیە وەک:

**یەکەم:** وەک کارێکی تێپەڕی ئاسایی وەک:

**شیلان ئەو بەردە ناتوانێت؟**

**دووەم:** وەک کارێکی تێپەڕی بەرکارنەگر وەک:

**شیلان ناتوانێت بڕوات**

لە رستەی یەکەمدا، رووداوی فیزیاوی هەیە، بەڵام لە رستەی دووەم سیما کارێکی یاریدەدەر زاڵە بەسەر کاری (توانین)دا چونکە (بەرکار) وەرناگرێت وەک کارە تێنەپەڕەکان: لەم کارەدا کاری (توانین) کاریگەری خۆی خستووەتە سەر کاری (دەڕوات) و کردوویەتی بە (بڕوات). بە واتایەکی تر کاری توانین وەک کاری یاریدەدەری زمانی ئینگلیزی (Can) بەکارهێنراوە.

**پوختەکاری:**

* دەشێت کاری تێنەپەڕی ئاسایی دابەش بکرێت بەسەر دوو خێزاندا وەک:

**خێزانی یەکەم:** کاری تێنەپەڕی بکەر چالاک وزە خەرجکەر وەک کارەکانی جوولەو بزووتن. ژمارەی ئەم جۆرە کارە زۆرکەمە ئەگەر بەراورد بکرێت بە ژمارەی گشت کار تێنەپەڕەکان.

**خێزانی دووەم:** کاری تێنەپەڕی بکەر سست. ئەم جۆرە کارە بکەرێکی ڕێزمانی هەڵدەگرێت، بەڵام ئەو بکەرە وەک (بەرکار) دەکەوێتە بەر رووداوی کارەکە. ئەم جۆرەیان زۆر بەربڵاوە بە ژمارە و زۆربەی کارە تێنەپەڕەکان دەگرێتەوە.

* ئەگەر دوو (ناوی بکەر) وەربگرین لەهەر دوو خێزانەکەوە وەک (هاتوو) و (سووتاو) ئەوا بەئاشکرا دیارە کە ناوی (هاتوو)، بەرێزمان و بەواتا لە پەرێزی ناوی بکەردایە. لە بەرانبەردا ناوی (سووتاو) بە رێزمان لە پەرێزی ناوی بکەردایە، بەڵام بەواتا لە پەرێزی ناوی بەرکار دایە.

* لە کاری بوونی ئێستایی و هەبوونی تێنەپەڕدا، باری تێنەپەڕی هەیە، بەڵام (رووداو) لە ئارادا نییە. ئەم جۆرە کارە وێنەیەکی فۆتۆگرافی پیشان دەدات لە دۆخێک نەک رووداوێکی ڤیدیۆیی و کات خایەن.

بۆ نموونە ئەگەر بڵێیت:

**شیلان هات**

ئەوا دەتوانین بە فیلمی ڤیدیۆیی پیشانی بدەین و کاتەکەش بپێوین بە (یەکەی کات) بەڵام ئەگەر بڵێیت:

**شیلان جوانە**

ئەوا بەس دەتوانین وێنەیەکی فۆتۆگرافی پیشان بدەین کە هیچ جوولەیەکی تێدا نەبێت.

* سەرپاکی ڕێژەکانی کاری بکەر نادیار، چی لە کاری تێپەڕەوە چی لە چاوگی (ئاندن)ەوە گشت بریتین لە کاری تێنەپەڕی بکەر سست. بکەرێکی چالاک لادەدەن و (بەرکارێک) دەخەنە جێگای، بەڵام بەسستی. واتە لەگشت جێیەکدا (جێگری بکەر) لە کاری (بکەرنادیار)دا، بریتییە لە بکەرێکی سست کە واتای (بەرکار) هەڵدەگرێت.

* گشت کارەکانی دەنگی سروشتی دەنگێکی سروشتی دەکەن بە (بنج) لە چاوگی (ئاندن)دا و وەک کۆڵکەی (بەرکار) دەی توێننەوە لە بنیادی کارەکەدا. هەر لەبەر ئەوە ئەم جۆرە کارە پێویستی بە (بەرکار) نییە وەک گشت کارێکی تێنەپەڕ. واتە کاری دەنگی سروشتی تێپەڕە بە (واتا) بەڵام تێپەڕە بە (ڕێزمان).

* هەندێک لە کاری زمانەکە هەرچەندە تێپەڕن بە رێزمان، بەڵام کۆڵکەی (بەرکار) وەرناگرن و وەک کارێکی (تێنەپەڕ) رەفتار دەکەن.

* هەندێک جار کۆڵکەی (بەرکار) دەبێت بە رەگەزی (واتا بەست) لە بنیادی کارێکی تێپەڕدا. جۆرە کاری ئاوها رەفتاری کارێکی تێنەپەڕ دەنوێنێت.

**سەرچاوە:**

- د. وریا عومەر ئەمین، تێنەپەڕ فرمانێکی بکەر نادیارە، چەند ئاسۆیەکی تری زمانەوانی، لاپەڕە (١٨٢-١٨٩) هەولێر ٢٠٠٤ .

- د. وریا عومەر ئەمین، لە پەیوەندییەکانی بکەر نادیار. هەمان سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە (٢٧١-٢٨١).

- لیژنەی زمان و زانستەکانی، رێزمانی ئاخاوتنی کوردی، کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا ١٩٧٦ .

- د. شێرکۆ بابان، لە دیوە تیۆرییەکانی رێزمانی بەرکاری راستەوخۆ، گۆڤاری (ئەکادیمی) ژمارە (٦) هەولێر ٢٠٠٧ .

# پێشکەوتنی ئەلفوبێی کوردی بەپیتی عەرەبی لە کوردستانی باشوور لەبیستەکانی سەدەی بیستەمدا(١)
## ١ - ٢

**و: نەریمان خۆشناو**

میللەتی کورد پاش کۆتایی جەنگی یەکەمی جیهانی هەروەک پێشوو پیتی عەرەبییان لەنووسیندا بەکاردەهێنا ، لەهەمان کاتدا وەک میللەتەکانی دیکەی ژێر دەسەڵاتی عوسمانی لەکۆششدا بوون بۆ وەدەستهێنانی دەستکەوتی نەتەوەیی، بۆ ئەم مەبەستەش دەستیان کرد بەدامەزراندنی چەندەها رێکخراوی سیاسی و دەرکردنی چەندەها بڵاوکراوەو چاپکراوەی جۆراوجۆر، کە گوزارشت لە هیواو ئاوات و خواستەکانیان بکات، لە سەرەتاشدا زۆربەی زۆری تواناو هەوڵ و کۆششەکانی کورد لەکۆمەڵە رۆشنبیریی و نەتەوەیی و رێکخراوە هەمەجۆرەکان لەشاری ئەستەنبۆلدا چڕبووەوە، ئەو شارەی، کە پاش کۆتایی هاتنی جەنگی جیهانی کەوتە ژێر چاودێری نێودەوڵەتییەوە.(٢)

ئەو رۆژنامە کوردییانەی، کە لە ئەستەنبول دەردەچوون بەلای مەسەلەی ئەلفوبێی کوردیدا نەچوونە ، هەرچەندە رۆژنامەی (ژین) ئەو سکاڵایەی خستبووەڕوو کە پیتە عەرەبییەکان توانای دەربڕینی تەواوی دەنگە کوردییەکانیان نییە.(٣)

جا سەبارەت بەباسنەکردنی ئەلفوبێی کوردی لەو رۆژنامەو چاپکراوە کوردییانە لەو قۆناغەدا، بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە زۆربەی زۆری ئەو رۆژنامانە لەتەواوبوونی جەنگی یەکەمی جیهانییەوە تاوەکو ساڵی (١٩٢٢)، واتە ئەو ساڵەی کە ئەتاتورک

دەستی بەسەر ئەستەنبولدا گرت، ئەمە سەبارەت بەکوردستانی باکوور ـ تاکو ساڵی (١٩٢٥)یش سەبارەت بەکوردستانی باشوور مۆرکێکی سیاسییان بەخۆوە گرتبوو، چونکە ئەو ڕۆژنامانە کۆششیان دەکرد بۆ بەدەستهێنانی دانپیانانی نێودەوڵەتی بۆ کوردستان و ڕۆژانە بە بەردەوامی هەواڵەکانی کۆنگرەی (پاریس)ی ساڵی (١٩١٩) یان بڵاودەکردەوە،(٤) لەبەرئەوە دەرفەتی ئەوەندە نەڕەخسا کە ڕۆشنبیرانی کورد باسی ئەلفوبێی کوردی بکەن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەندێک کۆشش لەو بوارەدا کرا، لەوانە کۆششەکانی (عەبدولرەحیمی رەحمی هەکاری)(٥)، کە لە ساڵی (١٩٢٠) لە شاری ئەستەنبول خستیەگەڕ، ئەویش بەبڵاوکردنەوەی شەش بڵاوکراوە دەربارەی ڕێزمانی کوردی بەزمانی عەرەبی، دوو بڵاوکراوەش لەو شەش بڵاوکراوانە کە هەردوو بڵاوکراوەی دووەم و سێیەمین بوون، دووەمیان بەناونیشانی (دیاریا دویی ژبو خورتی کوردان) کە لە (٢٨)ی مانگی (ئاب)ی ساڵی (١٩٢٠) بڵاوکرایەوەو سێیەمیشیان لەژێر ناونیشانی (دیاریا سی یی ژبو بچکویت کوردان) کە لەمێژووی (٣)ی کانوونی یەکەمی ساڵی (١٩٢٠) بڵاوکرایەوە.(٦) جێی ئاماژەیە کە (عەبدولرەحیمی رەحمی هەکاری) باسی ڕێزمانی کوردی لەم دوو بڵاوکراوەیەدا کردووەو باسی لە ئەلفوبێی کوردی نەکردووە، بەڵام لەبڵاوکراوەی یەکەمدا کە بزربووە باسی لە ئەلفوبێی کوردی کردووە، پاش کۆنترۆڵکردنی ئەستەنبول لە لایەن ئەتاتورکەوە لە ساڵی (١٩٢٢)، ژیانی سیاسی و ڕۆشنبیری کوردی تووشی ئیفلیجی بوو، بۆیە ئەو چرایەی کورد لە ئەستەنبول نەماو ڕووی لەپەرت بوون کردو ژمارەیەکی زۆریان ڕوویان لە سووریاو لوبنان کرد، جا ئەوانە بوون کە لە سەرەتاوە دەستیان کرد بەبڵاوکردنەوەی ئەلفوبێی کوردی بەپیتی لاتینی (کە دواتر باسیان دەکەن)، هەندێکیشیان بەرەو کوردستانی باشوور ڕەویان کردو لەهەردوو شاری سلێمانی و ڕەواندز گیرسانەوە، جگە لەوەی کە بەشێکیان چوونە بەغدا کە پایتەختی دەوڵەتی نوێی عێراقی بوو، و کوردستانی باشووریش دوای کۆتایی هاتنی کێشەکانی مووسڵ لە ساڵی ١٩٢٥ خرایە سەر عێراق.

پێش ئەوەی بچینە نێو درێژەی باسی پێشکەوتنی ئەلفوبێی کوردی لە کوردستانی باشوور لەم ماوەیەدا، جێی ئاماژە پێدانە کە کوردستانی ڕۆژهەڵات هیچ جۆرە کۆششێکی لەمجۆرەی بەخۆیەوە نەبینی بوو تەنها ڕۆژنامەی (کورد) نەبێ کە (سمکۆ شکاک) لە ساڵی ١٩٢٢ لە (ئورمیە) دەری کردو چوار ژمارەی لێ دەرچوو، کە پیتی عەرەبی و خەتی فارسی تیادا بەکارهێنرا، ئەم ڕۆژنامەیەش هەروەک ئەوانی دی بەپلەی یەکەم سیاسی بوو.(٧) ئەم هەوڵ و کۆششە نەبێت کوردستانی ڕۆژهەڵات هیچ کارێکی بەخۆوە نەبینی بەرەو پێشکەوتنی ئەلفوبێی کوردی. هەرچی کوردستانی عێراقیشە، نەتەوەیی و ڕۆشنبیرە کوردەکان سەرقاڵی حاڵەتە سیاسییەکە بوون، کە لە ساڵی (١٩٢٥)دا یەکجارەکی یەکلابۆوە، لەم ساڵەدا کوردستانی باشوور بەعێراقەوە لکێندرا، لەبەرئەوە ڕۆژنامەو چاپخانە کوردییەکانی کوردستانی باشوور لەم قۆناغەدا گرنگیان بە ئەلفوبێی کوردی نەدەدا.

ساڵی (١٩١٨) ئینگلیزەکان لە سەرەتادا گرنگیان بەرۆشنبیری کوردی دا، (مێجەرسۆن)(٨) لەگەڵ (شوکری فەزلی)(٩) لە بەغدا بەزمانی کوردی هەستان بەدەرکردنی (تێگەیشتنی ڕاستی) کە بۆ ماوەی ساڵێک بەردەوام بوو، بەپیتی

عـەرەبی دەردەچوو، ئەم ڕۆژنامـەیە لەم مـاوەیەدا ڕۆڵێکی گرنگی هەبوو لە پێشخستنی زمانی کـوردی جگە لەپاراستنی چەندەها زانیـاری سـەبارەت بە کـوردو مـێـژووی کـورد،(١٠) بەڵام ڕۆژنامەگەریی کوردی لەقۆناغی حوکمڕانی (شێخ مەحمود)(١١)دا کە سالانی (١٩٢٢ - ١٩٢٤) دەگرێتەوە، بەهەمان شێوە مۆرکی سیاسی بەخۆوە گرتبوو و، دەرفەتی بوارەکانی ئەلفوبێی کوردی بۆ نەڕەخسـابوو، ئەو ڕۆژنامـانەش بریتی بوون لە (ئومـێـدی ئیـسـتـیـقـلال، بانگی حق، بانگی کوردستان، ڕۆژی کوردستان) و زۆربەی زۆری ئەم ڕۆژنامـانە لەشاری سلێمـانی دەردەچوون، جگە لەشاری بەغدا کە ژمارەیەکی کەمی دەرچوونی ئەم ڕۆژنامانەی گرتەخۆ،(١٢) وهەمووشیان هەر بەپیتی عەرەبی دەنووسران.

بەڵام پاش تەواوبوونی گرفتی (موسڵ) لە ساڵی (١٩٢٥) و لکاندنی کـوردسـتـانی باشـوور بەعێراقەوە، چەند ڕۆژنامەو چاپەمەنییەکی کوردی دەرچوون، کـە بەشـێـوەیەکی جـیـدی باسـیـان لە ئەلفوبێی کوردی دەکرد، لەکۆتایشدا مەسەلەکە بە بەکـارهێنانی ئەلفـوبێی کـوردی بەپیـتی عـەرەبی کـۆتایی پێـهـات، کـە تا ئەمـڕۆ ئەم کـارە پەیڕەو دەکرێت، جا لەیەکەمین ئەو ڕۆژنامانەی کە باسیان لەم بابەتە کردبێت، گۆڤاری (دیاری کوردستان) بوو، کـە لە بەغـدا لەنێـوان سـالانی (١٩٢٥ - ١٩٢٦) دەردەچوو، ئێـسـتـاش باس لەگـرنگـتـرین ئەو وتووێژانە دەکـەین، کـە لەسـەر ڕووپەڕەکـانیـدا ئەنجام دەدران.

**گۆڤاری دیاری کوردستان**(١٣)

لە گرنگترین ئەو بابەتانەی، کە گۆڤاری (دیاری کوردستان) لەسەر لاپەڕەکانیدا باسی لێوە دەکرد، ئەلفوبێی کوردی بوو، کە بەچ زمان و بە چ پیتێک بنووسرێت.

شـایانی باسـە سـەرجـەم ئەو وتارانەی کـەلەم بوارەدا نووسـران، بەزمـانی کـوردی و بەپیـتی عـەرەبی بوون، یەکـەم کـەسـیش ئەم بابەتەی وروژاندبێ (تۆفـیـق وەهبی)(١٤) بوو، کـە لەوتارێکیـدا بەناو (چۆن و بەچ پیـتێک زمـانی کوردیمان بنووسین)، کە لەهەردوو ژمارەی پێنجەم و شەشەم لەتوێی دوو زنجیـرەدا خستیـەڕوو، پاش ئەوەی کـە ئامـاژەی بەوەدا کـە ئەم بابەتە درێژەی هەیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا گۆڤارەکە تەواوکەری باسـەکـەی درێژەی پێ نەداوەو بڵاوی نەکـردۆتەوە، (تۆفـیـق وەهبی) بەتوندی بەرگـری لەپیـتـە عـەرەبیـیـەکـان کـردووەو هەوڵی داوە کـە ڕەخنە لەهەواددارانی پیـتی لاتینی بگرێت و ئامـاژەی بۆ ئەوە کـردووە کـە ئەوانەی ڕەخنە لەوە دەگـرن کـە نووسین بەپیـتی عـەرەبی پەیوەسـتـدارەو ڕوخسـار و شـێـوازی پیـتـەکـەش لەوشـەدا لە کـاتی پەیوەست بووندا دەگـۆڕدرێت، کـە ئەمـەش بۆ فـێـربوون و ئەزبەرکردنی پیتەکان زۆر سەخت و دژوارە، بەڵام (تۆفـیـق وەهبی) وەڵامی ئەم ڕەخنەیە دەداتەوەو دەڵێ ئەم ڕەخنەیە زۆر بەهێـز نییـە، بگرە پیـتـە عەرەبییەکان لە کاتی پەیوەست نەبوون و سەربەخۆ بوونیـدا هەر گـۆڕانکاری بەسـەردێت، بەڵام ئەم گـۆڕانکارییـە لەروخسـار و ڕواڵەتدا زۆر سـادەو سـانایە، و فـێـربوونیـشی بەهەمـان شـێوە سـادەیەو هەندە سـەخت نییەو لەمێشکیشمـاندا چەسپاوە، سـەرباری ئەوەش لە هەندێ پیتی لاتینی ئەو پیتە بەچەندەها جـۆر بەکـاردەهێنرێت، بەڵام ئەو ڕەخنەیەی دی کە ئاراستەی پیتی عەرەبی دەکرێت ئەوەیە کـە پیـتـە عـەرەبیـیـەکـان بەشی نووسـینی زمانی کوردی ناکەن، چونکە لێرەدا چەندەها دەنگ لەزمانی کوردیدا هەن، کە لەزمانی عەرەبیدا نین و بەپێـچـەوانەشـەوە. خاوەنی وتارەکە بەمـشـێـوەیە

وەڵامی ئەم ڕەخنەیە دەداتەوە: ئەم گرفتە تەنها لای کورد نییە، بەڵکو زۆر لەگەلانی دنیا ئەم کێشەیان هەیە، چەندین میللەت هەیە، کە چەند دەنگێک لەزمانەکەیاندا هەیە کەچی بەپیتی عەرەبی نادرکێنرێن، تەنانەت کە بەپیتی دیکەش بنووسرێن، هەر حاڵەکە بەهەمان شێوەیە دەبێت، جا لەبەرئەوە ئەو میللەتە دراوسێیانە ناچارن کە پیتەکانی زمانی عەرەبیش فێر بن، ئەو گەلانەی کە بەپیتی عەرەبی دەنووسن هەموو گەلی سەر بەڕەگەزی (سامی) نین، بەڵکو زۆربەیان (ئاری)ن و زۆر سوودیان لە دەربڕینی دەنگەکانیان بەپیتی عەرەبی بینیوە، ئایا ئەو میللەتانە چیان کردو چۆن دەنگەکانیان بەپیتی عەرەبی نووسی، لەوانە ئەلفوبێی فارسی و تورکی و بلوشی و ئەفغانی و هیندی و مەلایایی.(١٥) پاشان (تۆفیق وهبی) باس لەمیللەتانی فارس و تورک و بلوشی دەکات لەڕووی کۆششەکانی پێشخستنی ئەلفوبێی زمانەکانیانەوە بەپیتەکانی عەرەبی و چۆنێتی سەرکەوتنیان لەو بوارەدا.(١٦)

بیرۆکەکەی (تۆفیق وهبی) لەوەدا چڕ دەبێتەوە کە پیتە عەرەبییەکان بۆ نووسینی کوردی گونجاون> بەمەرجێ هەندێک گۆڕانکاری تێدا بکرێ> ئەوەی باشتر بگونجێ لەگەڵ دەنگە کوردییەکاندا و ئاوێتەبن، و ئەو ڕەخنانەی کە ئاراستەی پیتە عەرەبییەکان دەکرێت، کە گوایە بەکەڵکی نووسینی کوردی نایەن، دەشێ ئاراستەی هەموو پیتە جیهانییەکانی دی بکرێن، لەوانەش پیتی لاتینی.

لەو نووسەرو زمانزانە کوردانەی دی کە بەشداریان لەبواری ئەلفوبێی کوردیدا کردووە (ئیسماعیل حەقی شاوێس)ە(١٧)، کە بەدیارترین ئەو زمانزانانە دادەنرێت کە لەسەر رووپەڕەکانی گۆڤاری (دیاری کوردستان) لەبارەی ئەلفوبێ و ڕێزمانی کوردی چەند وتارێکی گرنگی نووسیوە. لەو وتارەی کە ناوی (ئایا نووسینی کوردی چۆن دەبێت؟) کە دیاری کوردستان لەهەردوو ژمارەی پێنجەم و شەشەمدا بڵاوی کردۆتەوە، نووسەری ئەم وتارانە کە (ئیسماعیل حەقی)یە، دە خاڵی خستۆتەڕوو کە ئەگەر پراکتیزە بکرێت بۆ پێشخستنی ئەلفوبێی کوردی و ڕێزمانی کوردی زۆر سودبەخش دەبێت لەبازنەی بەکارهێنانی پیتی عەرەبیدا، ئەو تێبینییانە هەندێکیان پەیوەندیان بەخودی پیتەکانەوە هەیە، کە لەوێدا وتویەتی هەردوو پیتی (ث، ص) پێویستە لە کوردیدا بکرێنە(س) و هەرسێ پیتی (ذ، ض، ظ) بکرێنە (ز) و پیتی (ط) بکرێتە (ت)، ئەویش بۆ ئەوەی نووسینی کوردی ئاسن بکەین. پاشان دەڵێ کە عەرەب خۆیان هەمان ئەم کارەیان کردووە، چونکە زاراوە گەلێکی بیانی دزەی کردۆتە زمانەکەیان و لەم زاراوانەشدا چەند دەنگێک هەن کە بەرانبەرەکەیان لەزمانی عەرەبیدا دەست ناکەون، بۆیە هەستان بەگۆڕینی ئەم پیتانە، بۆ نموونە (پاشا = باشا) (روپیە = روبیە) (چرکس = شرکس)و هتد... زۆربەی زۆری ئەو تێبینیانەی دی کە (ئیسماعیل حەقی شاوێس) ناوی هێناون، پەیوەندی بەرێزمانی کوردی و پریپۆزشن و ئامرازی پەیوەندی و جێناوەکان و جوولەکانی (جر) و (حرکات) ترەوە هەیە.(١٨)

لەم وتارەیدا دەردەکەوێت کە (ئیسماعیل حەقی شاوێس) دژ بە بەکارهێنانی پیتە عەرەبییەکان لە نووسینی کوردیدا نەبووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا یەکێک بووە لەبانگخوازانی پێشڤەبردنی ئەلفوبێی کوردی کە لەسەر بونیادی پیتە عەرەبییەکان لەنگەری گرتبێ، ئەم بۆچوونەش لەوتارەکەی دووەمیدا دەردەکەوێ کە بەناونیشانی (ڕێنووسی کوردی بەپیتی عەرەبی)یە، لە وتارەیدا بانگەشەی

پێشبردن و ساناکردنی ئەلفوبێیە کوردییە کارپێکراوەکەی کرد، هەروەها دەڵێ کە فێربوونی زمانی کوردی لەسەر ڕێچکەی ئەم ئەلفوبێیەو جێبەجێکردنی ڕێزمانی زمانی عەرەبی لەسەر زمانی کوردی لەسەرووی توانای فێرخوازاندا دەبێت، بۆیە پێویستە پیتگەلێک دابڕێژین کە لەگەڵ زمانەکەمان بگونجێت و لەسەر بنەمایەکی زانستی چەسپاو دامەزرابێت.(١٩) بەهەمان شێوەش دەڵێ کە شێوازی ڕێک و ئاسان بۆ ئێمە بەسوود ترەو منالآنیشمان زووتر فێری دەبن. پاشان نووسەری وتارەکە دێتە سەر هەندێ بابەت کە پەیوەندی بەرێزمانی کوردییەوە هەیە، کە بۆ گرفتەکانی هەندێک چارەسەری دەدۆزێتەوە، کە بەبۆچونی خۆی ئەلفوبێی کوردی و ڕێزمانی کوردی بەپیتی عەرەبی ئاسان و سانا دەکات، لەوانە (تەنوین و شەددەو هەمزەو یائی مەقصورە، تائی مەربوتە)و پاشان تێبینیەک سەبارەت بە ئەلفوبێی کوردی دەخاتەڕوو، ئەویش پێویستبوونی کەم کردنەوەی خاڵی سەر پیتەکانە، چونکە زۆری و بۆری ئەو خاڵانە، فێرخوازان رادەچلەکێنێ، وتارەکەشی بەوە کۆتایی پێ دەهێنێت بە بانگەشە کردنی هەموو کورد بۆ دۆزینەوەو دروستکردنی ئەلفوبێیەک، کە تایبەت بێ بەزمانی کوردی، پاشان ڕێزمانەکەی بۆ دابنرێت.(٢٠)

ئیسماعیل حەقی شاوێس لەو وتارەی کە ناوونیشانی (لاپەڕەی نووسینی تازەو زمانی کوردی ڕەسەن ـ شێوازی تایبەت بەنووسین) لەهەمان بازنەدا دەرنەچووە، سەبارەت بەوەی کە دژایەتی نووسینی کوردی بەپیتی عەرەبی ناکات، بەڵام بانگەشە بۆ بەرەو پێشبردنی ئەم ئەلفوبێیە دەکات و هانی کۆششەکانیش دەدات بۆ دۆزینەوەی روخسارو شێوازەکانی ئەو دەنگە کوردییانەی کە هاوشێوەیان لەزمانی عەرەبیدا دەست ناکەوێت، بەهەمان شێوە دەرهاوێشتنی ئەو پیتە عەرەبیانەی کە لەزمانی کوردیدا درکاندنیان بەدی ناکرێت و جێبەجێ نەکردنی مەسەلە ڕێزمانییەکانی زمانی عەرەبی لەسەر زمانی کوردی، چونکە ئەم کارە هەڵەیەو ڕاست نییەو خزمەت بەزمانی کوردی ناکات،(٢١) بەم شێوەیە بۆمان دەردەکەوێت کە (ئیسماعیل حەقی شاوێس) مەسەلەی ئەلفوبێی بەچڕی خستۆتەڕوو و کارەکەشی لەم بوارەدا هەر ئەوەندبوو کە ئامۆژگاری و ڕاسپاردە ئاراستەی میللەتی کورد بکات، کە بە ئەلفوبێی کوردی نووسراو بەپیتی عەرەبیدا بچنەوەو پێشی بخەن، بەڵکو خۆی پرۆگرامێکی دارشت بۆ بەرەوپێشبردنی ئەم ئەلفوبێیە. جا لەو نووسەرە کوردانەی دی کە بابەتگەلی سەر بە ئەلفوبێی کوردیان لەسەر ڕووپەرەکانی (دیاری کوردستان) باس کردووە (پیرۆت)ە، کە خەڵکی سلێمانییەو وتارێکی نووسیوە بەناونیشانی (بەچ پیتگەلێک زمانی کوردی بنووسرێت)، لەوتارەکەیدا دەردەکەوێت کە خاوەن ئاراستەیەکە بانگەشە بۆ لابردنی پیتە عەرەبییەکان و دانانی پیتە لاتینییەکان دەکات، لەو وتارەیدا پاش ئەوەی کە باس لەبنەچەی کورد دەکات و دەیانگەڕێنێتەوە بۆ ڕەگەزی (ئاری) و دەڵێ «هەروەک بەپێی ووردەکاریە ئەتنوگرافییەکان دەرکەوتووە کە ئێمە لەڕووەکانی ئاکاری و ڕەگەزیی و لەڕووی جوگرافیشەوە لەعەرەب جوداین، کەواتە دەبێ زمانەکەشمان لە زمانی ئەوان جودابێ، ئەمەش لە تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی هەموو میللەتێکە، کورد میللەتێکی ئارییەو زمانەکەشی بەهەمان شێوە ئارییە، لەو باوەڕدانیم کە پیتەکانی زمانێکی سەر بەڕەگەزی سامی کە گیان و ڕەگەزو گوزارشتی سامی تیادا ڕەگی داکوتابێ، بۆ زمانەکەی ئێمە بگونجێ»(٢٢). پاشان ئەم نووسەرە

چەند وتەیەکی ڕەخنە ئامێز ئاراستەی پیتە عەرەبییەکان دەکات، لەو ڕووەی کە لەچەند شوێنێکدا لەگەڵ دەنگە کوردییەکاندا یەک ناگرنەوە، جا پاش درێژە پێدانێکی زۆری ئەو ڕەخنانە بۆ پیتە عەرەبییەکان دەڵێ: «پاش هەموو ئەو ڕوونکردنەوانە بۆ خوێنەران، ئاشکرابوو کە مەبەستم ئەوەیە پیتە عەرەبییەکان لاببرێت و پیتی لاتینی لەشوێنیان دابنرێت، ئەمەش مەسەلەیەکە لەڕووپەڕی زەرورەتدایە، لەهەمان کاتیشدا بەسوودە، هەرچەندە گۆڕینی پیتگەلێک کە چەندەها ساڵە کاری پێ دەکرێت تاڕادەیەک سەخت و دژوارە»(٢٣). پاشان دێتە سەرباسکردنی (مێجەرسۆن) کە چۆن هانی نووسینی کوردی بەپیتی لاتینی داوە، بەڵام پاش مردنی، ئەم کارە کەس نەیگرتۆتە ئەستۆی خۆی، لە کۆتایی وتارەکەیدا ئەم نووسەرە ئاماژە بەوە دەکات کە بەکارهێنانی پیتی لاتینی لەنووسیندا کورد زیاتر بەگەلانی ئەورووپا دەناسێنێت و دەرەنجام دەبێتە هۆی نزیکبوونەوەی ڕۆژئاواو کورد. هەروەها دەڵێ: «ناچارم کە بڵێم ڕۆژ لەڕۆژهەڵاتەوە دەردەچێت و ورده ورده حەواڵەی ڕۆژئاوا دەبێت، گەر ژیان و پێشکەوتنمان بۆ میللەتەکەمان بوێ، پێویستە لەسەرمان لەهەموو چرکەیەکدا هەنگاوێک بنێین، هەر هەنگاوێکیش پێویستە لەوەی پێش خۆی مەزنترو گەورەتربێت بۆ گەیشتن بەڕۆژئاوا»(٢٤). لەو وتانەی پێشووەوە دەردەکەوێت کە ئاراستەیەکی بەهێز هەبوو لەنێوان ڕۆشنبیران و نووسەرانی کورد، کە بانگەشەی لابردنی پیتە عەرەبییەکان و دانانی پیتە لاتینییەکانی دەکرد، جا یەکێک لە لایەنە ئەرێنییەکانی بەکارهێنانی پیتی لاتینی نزیک کردنەوەی نێوان کوردو ڕۆژئاوایە، کە دەبێتە مایەی برەودان بەدۆزو مەسەلەی کورد بەگشتی، کە ساڵەهای ساڵە بەدەست پەراوێز خستن و نەزانیی و نەخوێندەوارییەوە دەناڵێنێ.

هەروەها دواهەمین کەسیش لەسەر ئەم مەسەلەیە لەگۆڤاری دیاری کوردستان (حەسەن کوردستانی)یە،(٢٥) کە خەڵکی (ڕەواندز)ە، بەوتارێک بەشداری لەم گۆڤارەدا کردووەو لەوتارەکەیدا بەناونیشانی (سەبارەت بەنووسینی تازە) باسی ئەلفوبێی کوردی کردووە، ڕەخنەی لەهەریەک لە (پیرۆت) و (ئیسماعیل حەقی شاوێس) گرتووە، ئەم نووسەرە لە لایەکەوە پاڵپشتی ڕەوتی بەکارهێنانی پیتی عەرەبی بووە لە نووسینی کوردیدا، لەم بارەشەوە وتویەتی (ئێمە وەکو موسوڵمانان پێویستە لەسەرمان کە قورئان بخوێنینەوە، بۆیە وادەبینم کە باشتر وایە پیتەکان و ڕێساکانی ڕێنووسی کارپێکراوی ئێستا بەکاربێنین)(٢٦). لە لایەکی ترەوە ڕەخنەی ئاراستەی (ئیسماعیل حەقی شاوێس) کردو وتی کە پێشخستنی ئەلفوبێی کوردی بەم شێوازە لەبۆی چووە، ڕێنووسی کوردی زیاتر ئاڵۆز دەکات. (حەسەن کوردستانی) پێی وابوو کە زمانی کوردی بەو شێوازەی پێشوو ڕێچکە بکات لەگەڵ هەموارکردنێکی ڕێژەیی کە کاریگەری لەسەر روخساری ڕێنووسی کوردی دێرین نەبێ.(٢٧)

لەسەر ئەم بنەمایە وا دەردەکەوێ گۆڤاری دیاری کوردستان یەکێکە لەو چاپکراوە کوردیانەی کە لەو ماوەیەدا مەسەلەی ئەلفوبێی بەخەستی خستبێتەڕوو، لەوتارەکانی نووسەرەکانی ئەو گۆڤارەش وا دەردەکەوێ کە زۆربەی ئەو نووسەرانە بەکارهێنانی پیتی عەرەبیان پێ باشتر بووبێ لە پیتی لاتینی، لەگەڵ هەموارکردنێکی ڕێژەیی بۆ ئەم ئەلفوبێیە، بۆ ئەوەی کە هەماهەنگ و هاوتەریب بێ لەگەڵ دەنگەکانی زمانی کوردی، هەروەها ئەو نووسەرانە چەند پێشنیازێکیان

خستۆتەڕوو لەڕێزمانی کوردیدا کە ڕەنگدانەوەیەکی پۆزەتیڤانەی لە لای زۆر کەس هەبوو، کە پاشان پێشڤەچوونی بەخۆیەوە بینی و نووسەرانی کوردی عێراق و ئێران پەیڕەویان کرد.

لە لایەکی ترەوە گۆڤاری (دیاری کوردستان) تاکە بڵاوکراوەیەک نەبوو کە باسی لەم مەسەلەیە کردبێت، بەڵکو گۆڤاری (زاری کرمانجی) هەبوو، کە (حوسێن حوزنی موکریانی) لە ڕەواندز لەنێوان ساڵانی (١٩٢٦ - ١٩٣٢) دەری دەکرد، و هەموو وتارەکانیشی بەزمانی کوردی و بەپیتی عەرەبی دەنووسران، ئەم گۆڤارە و خاوەنەکەی ڕۆڵێکی گرنگیان هەبووە لەپێشخستنی ئەلفوبێ و ڕێنووسی زمانی کوردی بۆ ئەوەی بەپیتی عەرەبی بنووسرێت، جگە لەوەی کە (حوسێن حوزنی) چاپخانەیەکی هەبوو ڕۆڵێکی مەزنی لەم بوارەدا بینی.(٢٨)

هەروەها لەم ماوەیەدا چەند کتێبێک دەربارەی ئەلفوبێ و ڕێنووسی ڕێزمانی زمانی کوردی دەرچوون، لەوانە (مختصر صرف و نحوی کوردی) کە (سەعید سدقی کابان) ساڵی (١٩٢٨) دەری کردو پەرتووکی (دەستوری زمانی کوردی - جزمی یەکەم) کە (تۆفیق وەهبی) ساڵی (١٩٢٩) دەری کرد،(٢٩) ئەم دوو پەرتووکە ڕۆڵێکی گرنگیان لەپێشخستنی ئەلفوبێی کوردی بەپیتی عەرەبی بینی، بەمجۆرە ئەلفوبێی کوردی بەپیتی عەرەبی بووە باوترین جۆرەکانی نووسین لە کوردستانی عێراق کە تاکو ئێستا لە کوردستانی عێراق و ئێران بەو ڕێنووسە دەخوێنن و دەنووسن.

### ئەلفوبێی کوردی بەپیتی لاتینی ١٩١٣ - ١٩٣٢

(زنار سلۆپی) ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کە یەکەمین کەس بیرۆکەی نووسینی زمانی کوردی بەپیتی لاتینی بۆ کۆمەڵەی (هێڤی) پێشنیازکرد، (فائیزبەگ)(٣٠) بوو لە ساڵی (١٩١٣)، چونکە خۆی ئەندامی کۆمەڵەی (هێڤی) بوو و ئەوکاتە فەرمانبەرێکی پۆستەبوو لە ئەستەنبول(٣١)، هەروەها دەڵێ (عەبدوڵڵا جەودەت) هەمیشە جەختی لەسەر ئەوە کردۆتەوە کە پیتە عەرەبییەکان تەواو پڕ بەپێستی نووسینی کوردی نین. لەبەرئەوە پێشنیار دەکەم کە لابرێن و پیتی لاتینی لەبریان بەکاربهێنرێن.(٣٢) (عەبدوڵڵا جەودەت) لەوتارەکەیدا بەناوی (گوتار)، کە لەژمارە (١) ی ڕۆژی کورد بڵاوی کردەوە، بەڕاشکاوی بانگەشەی کوردی کردووە کە بەپیتی لاتینی بنووسن، لەم وتارەیدا پاش ئەوەی کە وتەیەک ئاراستەی میللەتی کورد دەکات سەبارەت بەمێژوو و ئایندەیان، جەخت لەسەر ئەوەش دەکاتەوە کە میللەتی کورد گەر خوازیاری پێشڤەچوون بن، پێویستە لەسەریان دوو تێبینی ڕەچاو بکەن (بەپێی بۆچوونی خۆ)، تێبینی دووەمی (عەبدوڵڵا جەودەت) سەبارەت بەپیتی لاتینی بوو، کە لەوتارەکەیدا دەڵێ: وەرگرتنی ئەو پیتانەی کە لە بنەڕەتەوە گونجاون لەگەڵ تواناکانی فێربوونی منداڵێکی حەوت هەشت ساڵە لەماوەی مانگێکدا، بەخوێندن و نووسینەوە لەگەڵ زامن کردنی ڕاستی و دروستی ئەو شتانەی کە منداڵەکە فێری بووەو لابردنی ئەو پیتانەی کە ئێستا بەکاردەهێنرێن.(٣٣)

لەسەر ئەم بنەمایە دوو کەس خاوەنی بیرۆکەی نووسینی کوردین بەپیتی لاتینی، ئەو دوو کەسە یەکێکیان (فائیزبەگ)ـە، کە هیچ زانیاریەکمان دەربارەی لادەست ناکەوێت و ئەویتریان (عەبدوڵڵا جەودەت) کەواپێ دەچێ ئەم بیرۆکەیەی لەدەرەوە هێنابێ، چونکە ماوەیەک لە ئەوروپا ژیاوە، بەتایبەتی لەکۆتایی سەدەی (١٩)و سەرەتای

سەدەی بیستەهەم ئەندامێکی بەرزی کۆمەڵەی (ئیتیحادو تەرەقی)ی عوسمانی بوو و هەستی بەوەکرد کە ئەلفوبێی عەرەبی بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ لەگەڵ زمانی کوردی ناگونجێ، ئەم بیرۆکەی پێشنیارکرد کاتێک کە لە ئەستەنبول بوو، ئەویش پاش ئەوەی کۆمەڵەی (هێڤی) ڕایگەیاند کە یەکێک لە ئامانجەکانی دانانی ئەلف وبێیەکی نوێی کوردی گونجاوە.(٣٤)

جا پێش چوونە ناو وردەکاریەکانی ئەلفوبێی کوردی بەپیتی لاتینی، کە تاکو ئێستا کوردەکانی سووریاو تورکیا بەکاری دەهێنن، کە چاکەکەی بۆ (ئەمیر جەلادت بەدرخان)(٣٥) دەگەڕێتەوە. پێویستە ئەوە بڵێین کە چەندەها کۆشش لەم بوارەدا خرانەگەڕ، چ لە لایەن کوردو چ لە لایەن غەیری کوردەوە، بەڵام زۆربەی زۆری ئەو هەوڵانە سەرکەوتنیان بەدەست نەهێنا، هەروەکو چۆن لەگەڵ ئەلفوبێیەکەی (جەلادەت بەدرخان)یش، ئەگەرچی تاڕادەیەک شۆرەت و سەرکەوتنی بەدەستهێنا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەردەچێتە خانەی کۆششە بەراییەکانی گەڕان و پشکنینی ئەلفوبێیەکی کوردی بەپیتی لاتینی، کە لەماوەی سێیەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا خرانەگەڕ، یەکەمینی ئەم کۆششانە ئەو نامیلکەیە بوو، کە (مێجەر ئەی . بی. سۆن) لە ساڵی (١٩١٣) دەربارەی ئەلفوبێی کوردی و چەند مەسەلەیەکی ڕێزمانی بەپیتی لاتینی ختسیەڕوو، لەژێر ناونیشانی:

(Grammar of The kurmanji or Kurdish language)

مێجەرسۆن ئەم نامیلکەیەی پاش چەند گەشتێک نووسی، کە بۆ کوردستان و وڵاتی (نێوان دوو ڕووبار) لە سەرەتای سەدەی بیستەهەمدا ئەنجامی دا، زمانی کوردی زۆر بەباشی فێربوو، مێجەرسۆن لە سەرەتای نامیلکەکەیدا دەڵێ کە ئەم نووسینەی لەبەرئەوە بووە کە بۆی دەرکەوتووە کە پیتە عەرەبییەکان بۆ دەنگەکانی زمانی کوردی گونجا نین، و کورد ئەم پیتانەیان وەک لاساییکردنەوەیەکی نەتەوە موسلمانەکان بەکارهێناوە(٣٦)، جگە لەوەی کە (کەمال مەزهەر ئەحمەد) ئاماژە بۆ ئەوە دەکات (شوکری فەزلی) چەند کۆششێکی لەبواری نووسینی کوردی بەپیتی لاتینیدا کردووە، ئەویش لەتوێی ئەو وتارانەی کە دەربارەی کورد نووسیویەتی و لەگۆڤاری (لغە العرب ـ زمانی عەرەب)دا بڵاوی کردوونەتەوە، کە لەبەغدا لە ساڵی (١٩١٣)دا دەردەچوو، ئەم وتارانە بەناونیشانی (الکرد الحالیون- کوردەکانی ئێستا)ی هەڵگرتبوو، کە چەندەها وشەی کوردی تیا بەکاردەهێناو بەپیتی لاتینی دەینووسی.(٣٧)

وا پێ دەچێ ئاراستەیەک لەناو ئینگلیزەکان هەبووبێ، کە بانگەشەی بۆ تۆمارکردنی زمانی کوردی بەپیتی لاتینی کردبێ، جا پاش کۆتایی هاتنی جەنگی یەکەمی جیهانی و کۆنترۆڵکردنی ویلایەتی موسڵ (کوردستانی عێراق) لە لایەن ئینگلیزەوە،هەریەک لە (محەمەد زەکی و میرزا محەمەد باشقە) نامیلکەیەکی بچووکیان دەربارەی ئەلفوبێی کوردی بەپیتی لاتینی دانا، کە ژمارەی لاپەڕەکانیان لە سێ لاپەڕە زیاتر نەبوو و بەهەردوو زمانی فارسی و تورکیش شرۆڤە کرابوون، ناونیشانی کتێبەکەش (کتابی أولینی قرائەتی کوردی)

(٣٨)(KITABI AWALAMINI - QIRAATI KuRDi)

بوو، ئەم نامیلکەیە لەچاپخانەی حکومەت لە بەغدا ساڵی (١٩٢٠) بە هاندان و پاڵپشتی مێجەرسۆن و کاپتن فاریل لەچاپ درا.(٣٩)

هەروەها هەندێک لەڕۆشنبیرە کوردو ئەرمەنەکان چەند کۆششێکی سەرکەوتوویان لەم بوارەدا هەبوو، بەتایبەتی کوردەکانی ڕووسیاو یەکێتی سۆڤیەتی

پێشوو، لە ساڵی (١٩٢١) کەسێکی ئەرمەنی کە ناوی (هاگوب گازاریان) (١٨٦٩ ـ ١٩٣٦) بوو نازناوی (لازۆ) بوو، لەگەڵ ژنەکەی کە ناوی (ئولگا گازاریان) بوو، هەردووکیان هەستان بەدامەزراندنی قوتابخانەیەکی کوردی لەشاری (تفلیس)ی پایتەختی جۆرجیا و ئەم کارەشیان بەپاڵپشتی حکومەتی سۆڤیێتی بوو،(٤٠) ئەوەبوو (لازۆ) ئەلفوبێیەکی کوردی بەپیتی ئەرمەنی دانا، هەروەها پەرتووکێکیشی بە زمانی کوردی لەسەر شێوازی ئەم ئەلفبایە لە ساڵی (١٩٢١) لەژێر ناوی (شمس) بەچاپ گەیاند،(٤١) هەروەها (لازۆ) خۆی لەم قوتابخانەیە زمانی کوردی بەقوتابیە کوردەکان دەوتەوە، کە پاشان چەندەها رۆشنبیریان لێ دەرچوو، لەوانە (قەناتی کوردۆ)(٤٢)بوو، ئەم قوتابخانەیە چەندەها ساڵ لە خزمەتکردن بەردەوام بوو.(٤٣) هەروەها کۆمەڵێکی دی لە رۆشنبیرانی کورد لە (یەریڤان)ی پایتەختی ئەرمینیا هەستان بەدەرکردنی رۆژنامەیەکی کوردی بەپیتی لاتینی لەژێر ناوی (رياتازە)(٤٤)، ئەم رۆژنامەیە سەر بەلیژنەی مەرکەزی حزبی شیوعی بوو، ژمارەیەک لە رۆشنبیران بەشداریان تیادا کرد، وەکو (حاجی جوندۆی، شاکر محۆ، عەرەبی شەمۆ، شاکر خدر و هتد...)، ژمارەی یەکەمی ئەم رۆژنامەیە لە مانگی ئازاری ساڵی (١٩٣٠)(٤٥) دەرچوو، لە ساڵی (١٩٣١)یش (حاجی جوندۆی) ئەلفوبێیەکی زمانی کوردی دانا، کە لەسەر بنەمای پیتی لاتینی و رووسی و فرەنسی بونیادنرابوو، کە لەناميلكەیەکدا چاپی کردو ناوی نا (کتێبا ئەلفبا ـ Kteeba alf ba).(٤٦)

کوردەکانی رووسیا یاخود یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو رۆڵێکی گرنگیان بینی لەبواری دروستکردنی ئەلفوبێیەک کە گونجاوبێ لەگەڵ زمانی کوردی، هەستان بەکردنەوەی چەند قوتابخانەیەک و دەرکردنی چەند رۆژنامەیەک بەم ئەلفوبێیە و هەندێکیشیان هەستان بەدانانی ئەلفوبێیەکی تایبەت بەخۆیان، گرنگ لێرەدا ئەوەیە بڵێین کە ئەم کۆششانە دەستپێشخەربوون بۆ بڵاوکردنەوەی ئەلفوبێی کوردی، چ بەپیتی لاتینی، یان بەرووسی، یان بەفەرەنسی، لەنێوان کوردەکانی ئەو دەڤەرانەدا، جا هەرچەندە ئەم جۆرە ئەلفوبێیە لە کوردستانی خۆماندا تەشەنەی نەسەند، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا وێنەو روخسار و شێوازە جۆر بەجۆرەکانی ئەلفوبێی کوردی لەو ماوەیەدا بووە بنەمایەک بۆ ئەلفوبێی کوردی کە تا ئێستا کوردەکانی (یەریڤان) و (تفلیس)و ناوچەکانی دی دەوروپشتی بەکاری دەهێنن.

لەمەوە دەردەکەوێت کە چەندەها کۆشش لەئارادا هەبوون کە رۆشنبیران پێی هەڵساون چ لەکورد چ لەغەیری کورد بۆ دۆزینەوەی ئەلفوبێیەکی کوردی کە لەسەر بنەمای پیتە لاتینییەکان دامەزرابێ. بەڵام زۆربەی زۆری ئەو کۆششانە سەرکەوتنی بەدەست نەهێنا لەبەر چەند هۆیەک، لەوانە:

هەندێکیان پەیوەندیان بەخودی ئەلفوبێیەکەوە هەبووە، کە خاوەنەکەی نەیتوانیوە بڵاوی بکاتەوە، هەندێک لەو هۆکارانەش پەیوەندیان بەبارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییەوە هەبووە، کە کوردستان لەژێر سایەیدا نالاندوویەتی، وەکو حاڵەتی دابەشبوونی نێوان دەوڵەتی عوسمانی و ئێرانی و بڵاوبوونەوەی نەخوێندەواری و دارمانی باری ئابووری لە کوردستاندا... هتد.

هەروەها ئەلفوبێی کوردی بەپیتی لاتینی کە ئێستا کوردەکانی تورکیاو سووریا پەیڕەوی دەکەن کە سەرکەوتنێکی باشی بەدەست هێناوە، دامەزراندن و بڵاوکردنەوەی ئەم ئەلفوبێیە چاکەکەی بۆ (میر جەلادەت بەدرخان) دەگەڕێتەوە، بۆیە سەرچاوە مێژووییەکان بەئەلفوبێی جەلادەت

بەدرخـان، یان ئەلفـوبێی گـۆڤـاری هاوار ناوزەدی دەکەن کە میر جەلادەت بەدرخان بەپیتی لاتینی لە دیمەشق ساڵی (١٩٣٢) دەریکردووە.(٤٧)

شایانی باسە ئەلفوبێیەکەی جەلادەت بەدرخان یەکەم چاپکراوی کوردییە کە شۆرەت و ناسراوی لەناو کورددا بەدەست بێنێت، لەهەمان کاتیشدا پشتی بەپیتی لاتینی بەستبێت، ئەم ئەلفوبێیەش هەروا بەرێکەوت سەری هەڵنەداوە، بەڵکو ماوەیەکی زۆرو ساڵانێکی دوورو درێژ پێوەی خەریک بووە، بەم شێوەیەی خوارەوە:-

**ئەلفوبێیەکەی جەلادەت بەدرخان**

میر جەلادەت بەدرخان خۆی لە گۆڤارەکەیدا، گۆڤاری (هاوار) باس لەچۆنێتی دروستکردنی ئەم ئەلفبایە دەکات و ئەوە روون دەکاتەوە کە چۆن بیرۆکەی ئەم ئەلفوبێیەی لە لای دروست بووە و دەڵێ: لە ساڵی (١٩١٩) واتە پاش کۆتایی جەنگی یەکەمی جیهانی شاندێک نێردرانە کوردستان کە لەچەند کەسایەتیەکی کوردی و ئەرمەنی پێک هاتبوون و جەلادەت بەدرخانیش لە نێو ئەو وەفدەدا بوو، وەفدەکە لەگەڵ ئەفسەری ئینگلیزیدا (مێجەر نوئێل) بوون، ئەویش بۆ دەست خستنەسەر هەندێک راستەقینە، ئەوەبوو (مێجەرنوئێل) زۆر هەوڵی دەدا کە شێوەزاری کرمانجی ژووروو فێر ببێت، بۆیە هەموو شتێکی دەنووسی، هەروەها دەیبووت (واتە میر جەلادەت بەدرخان): هەندێک مەتەڵی فۆلکلۆری و گۆرانی میللی و چەند چیرۆکێکی کوردیم دەنووسی، جاری واش هەبوو سەیری نووسینەکان و کتێبەکانی خۆمان دەکرد بۆ ڕاست کردنەوەی هەندێک لە دەربڕینەکان، (مێجەر نوئێل)یش هەندێک لەو ڕەشنووسانەی بەبێ هیچ شەکەتییەک دەخوێندەوە، لە کاتێکدا من خۆم بەزەحمەتی چەند وشەیەکم دەتوانی بخوێنمەوە، ئەویش لەبەرئەوەی (مێجەر نوئێل)(٤٨) ڕستەو وشە کوردییەکانی بەپیتی لاتینی دەنووسی، بەڵام من بەپیتی عەرەبی دەمنووسی، ئیتر لەو کاتەوە بڕیارمدا کە ئەلفوبێیەکی کوردی لەسەر بنەمای پیتە لاتینییەکان دابمەزرێنم.(٤٩)

میر جەلادەت بەدرخان پاش ئەم ڕووداوە کە بیرۆکەکەی خۆی جێبەجێ کرد، بینی کە دەنگە کوردییەکان لەپیتە لاتینییەکان زۆرترن، بۆیە هەستا بەلکاندنی دوو پیتی لاتینی بەیەکەوە بۆ گوزارشتکردن لە دەنگێکی تایبەت لە زمانی کوردیدا(٥٠)، بەڵام پاش ماوەیەکی کورت لە بازنەی پیتە لاتینییەکان دەرچوو و پیتەکانی لکاند بەیەکەوە، بۆیە هەندێک پیتی لە ئەلفوبێی یۆنانی و رووسی خواست، بەمجۆرە توانی کە بۆ هەر دەنگێک پیتێک دەست نیشان بکات، بەم شێوەیە ئەلفوبێیەکی لە (٣٦) پیت دامەزراند.(٥١)

لە ساڵی (١٩٢٤) کاتێک جەلادەت بەدرخان لە ئەلمانیا بوو، هەستا بەچاوپیاخشاندنەوەیەکی ئەلفوبێیەکەی خۆی و بینی کە پیتە لاتینی و روسی و یۆنانیەکان لەگەڵ یەکدیدا ناگونجێن، چ لەرووی روخسار و چ لە رووی ماناوە، بۆیە هەستا بەجوداکردنەوەی پیتە یۆنانی و رووسییەکان لەم ئەلفوبێیە، هەروەها هەستا بەگۆڕینی هەندێک لەپیتە لاتینییەکان بۆ ئەوەی شوێنی پیتە یۆنانی و رووسییەکان بگرنەوە، پاش ئەم کارانەش ئەلفوبێیەکی تازە لە (٣٤) پیت دروست بوو.(٥٢)

ساڵی (١٩٢٨) دیسانەوە سەبارەت بەئەلفوبێی جەلادەت بەدرخان ساڵی نوێکردنەوە بوو، لەم ساڵەدا کە ئەو ساڵەبوو تورکەکان لەنووسیندا بەتەواوەتی نووسینی پیتی عەرەبیان رەتکردەوە و دەستیان دایە پیتە لاتینییەکان، میر جەلادەت بەدرخان هەستا بەلابردنی ئەو پیتانەی کە لە ساڵی (١٩٢٤) گۆڕیبووی و تەنها (٢٥) پیتی لاتینی

لەم ئەلفوبێیە وەرگرت، ئەویش تەنها لەبواری روخساردا نەک لە بوارە دەنگیەکاندا، پاشان دوو دەنگی خستە سەری کە هەریەکێکیان لە لکاندنی دوو پیتەوە لەگەڵ یەکدی دروستببوون، بۆیە ئەلفوبێی جەلادەت بووە (٢٧) دەنگ، کە بەم شێوەیەیە:-(٥٣)

(ch, ou,z, y,x, v,u,f,s,r,q,p,o,n,m,L,j,i,h,g ,f,e,d,c,b,a)

شایانی باسە جەلادەت ئەم ئەلفوبێیەی بەدەستی خۆی لەدەفتەرێکی تایبەتدا نووسیوە،(٥٤) ئەم ئەلفوبێیەش لەم بوارەدا بووە بنەمایەک بۆ کۆتایی کۆششەکانی، کە لە نووسینی گۆڤارەکەیدا گۆڤاری (هاوار) لە ساڵی (١٩٣٢)دا بەکاری هێنا(٥٥) ،بەمجۆرە جەلادەت بەدرخان گەیشتە دەرەنجامی کۆششەکانی خۆی لەو بوارەداو لەهەردوو ساڵی (١٩٣٠ ـ ١٩٣١) زۆر راوێژی دۆست و برادەران و رۆشنبیرانی کوردی سووریای دەکرد، و پێشنیازەکانیانی بۆ پێشخستنی ئەلفوبێیەکەی خۆی وەردەگرت، زۆرجارانیش رەخنەی توندی ئاراستە دەکرا بەوەی کە ئەم ئەلفوبێیە تەواو وگشتگیر نییە، بەڵام جەلادەت گەیشتبووە لایەکی چەسپاو کە ئەم ئەلفوبێیە لەوانی دی نزیکترە بۆ دەنگە کوردییەکان، چونکە جەلادەت بەخۆی زۆر شارەزایی لەزمانە جیهانییەکان هەبوو، بۆیە لەو قەناعەتدا بوو کە ئەمە باشترین ئەلفبایە(٥٦)، وا پێ دەچێ کە بریاری کۆمەڵەی (خۆیبون)(٥٧)ی کوردی لە ساڵی (١٩٣١) بەوەرگرتنی پیتە لاتینییەکان لەرێنووسی کوردیدا پاڵنەرێک بووبێت بۆی، کە ئەم ئەلفوبێیە پێویستە لەگۆڤارەکەیدا بەرەو پێشەوەیان ببات، (زنار سلۆپی) ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کە ساڵی (١٩٣١) کۆبوونەوەیەک بۆ لیژنەی (خۆیبون) بەستـرا لەنێوان ئەم کەسایەتیانەدا (جەلادەت بەدرخان، هەمزە بەگ موکسی، مووسا بەگ، ئەکرەم جەمیل پاشا) و لەو کۆبونەوەیەدا بریاردرا کە پیتی لاتینی لەباتی پیتی عەرەبی بەکاربهێنرێت.(٥٨)

بۆیە جەلادەت بەدرخان ژمارە یەکی گۆڤارەکەی گۆڤاری (هاوار)ی لە (١٥)ی ئایاری ساڵی (١٩٣٢)دەرکرد، پاش وەرگرتنی رەزامەندی وەزارەتی ناوخۆ لەحکومەتی سووری لە (١٦)ی تشرینی یەکەمی ساڵی (١٩٣١)(٥٩). ئەمەش وەک خاڵێکی دەسپێک بوو بۆ بڵاوکردنەوەی ئەم پیتانەو بڵاوکردنەوەی نووسین و خوێندن بەم پیتانە لە نێو کوردەکانی سووریا و تورکیا.(٦٠) جەلادەت بەدرخان دەربارەی ئەلفوبێیەکەی خۆی بەهەموو زمانەکانی کوردی و تورکی و فارسی و عەرەبی دواوەو بەهەردوو پیتەکانی عەرەبی و لاتینیش لەژمارەی یەکەمی گۆڤاری (هاوار) وتاری نووسیوە و، پاش ئەوەی کە وتمان کە ئامانج لەدەرچوونی گۆڤاری (هاوار)، بڵاوکردنەوەی ئەلفوبێی کوردی لەنێوان کورددا تازەبوو، و وانە بێژتنی زمانی کوردی و تۆمارکردنی رێزمان و تاوتویکردنی هەموو شێوەزارەکان و لێکۆڵینەوە لە بارەی رێزمان و بنەماکانی ئەم زمانە لە دێرزەمانەوە تاکو بەئەمرۆ گەیشتووە، جگە لە دیاریکردنی پێگەکانی لەنێو زمانە جیهانییەکان و لێکۆڵینەوە لە وابەستە زمانەوانیانەی کە پێکیانەوە دەبەستێتەوە.(٦١) واتە ئامانجی سەرەکی ئەم گۆڤارە بڵاوکردنەوەی ئەم ئەلفوبێیە لاتینییە تازەیەیە لە نێو میللەتدا، پاشان جەلادەت بەدرخان دێتەسەر ئەم ئەلفوبێیە کە رای رووپەرەکانی گۆڤارەکەی لەژێر ناونیشانێکی سەربەخۆدا دەنەخشێنێت، بەم شێوەیە:-

# مرۆڤناسی و تۆژینەوەی دەستەجەمعی
## بەشی چوارەم

محەمەد شوانی



سەرەتاکانی مرۆڤناسی بە توێژینەوەی تاکەکەسی و لەسەر گرووپە مرۆییە دابڕاو و گۆشەگیرەکان دەستیان پێکرد، لەم بوارەشدا نموونەی توێژینەوەکان زۆرن، دەکرێت هەر توێژینەوەیەک لەوانە بۆ روونکردنەوەی قۆناغێک، یان بوارێکی ژیانی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی مرۆیی لە سەردەمێکدا سوودیان لێ ببینرێت، ئەگەر بۆ زانینی چۆنیەتی ژیانی سەرەتایی و بەکارهێنانی کەرەستە سادە و سەرەتاییەکانی بەرهەمهێنان و ژیانی ئابووری ئەو کۆمەڵگەیانە بێت، یان بۆ بەراوردکاری و چۆنیەتی گەشەکردنی ژیانی ئادەمیزاد بێت، بەگشتی ئەمڕۆ کتێبخانەی کوردی و خوێنەر و قوتابیان و خوێندکارانی خودی زانستەکەش لەو توێژینەوانە بێ بەشن و هەر

هەموومان زانیارییەکی زۆر کەم نەبێت لەسەر ناوەڕۆک و دەرئەنجام و وردەکاری تەواوی ئەم نووسینانەمان نییە، کە ئەمەش بۆ پسپۆڕی کەلێنێکی زۆر گەورەیە، بەتایبەت لەم قۆناغەدا کە زانکۆکانمان لەبەردەم چەندین هەڕەشەی جیاوازدان، بۆیە قسەکردن لەسەر قۆناغێکی دیکەی مرۆڤناسی بە هەموو کەموکورتییەکانیەوە گرنگی و بایەخی تایبەتی خۆی دەبێت بۆ خوێنەرانی کورد و ئاشنابوونیان بە رووبەکی دیکەی ئەم زانستە کە لە رێگەی توێژینەوەکانییەوە هەوڵی داوە مرۆڤەکان بەخۆیاندا بچنەوە و باشتر خۆیان بناسن و بزانن لە کوێوە هاتوون و چۆن دروستبوون و سیستەم و دابونەریت و خوورەوشت و ئایینەکانیان چۆن داهێناوە، هەندێک لەو توێژینەوانەش بە هەوڵ و ماندووبوون و مانەوەی تەنیا کەسێک لە کۆمەڵگەی توێژینەوەکاندا ئەنجام دراوە و هەندێکی دیکەشیان لە رێگەی گرووپی دەستە جەمعییەوە بەسەرپەرشتی زانکۆ ناودارەکانی جیهان، بۆیە لەم بەشەدا هەوڵدەدەین هەندێک لەو توێژینەوە مرۆڤناسییانەی لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە لە کۆمەڵگە جیاوازەکاندا لە لایەن زانایانی مرۆڤناسی چ وەکو تاک، یان وەکو گرووپی توێژینەوە لە لایەن چەند زانا و توێژەرێکی بوارە جیاجیاکانەوە نووسراون بەکورتی هەندێکیان بخەینەڕوو:

**یەکەم**: ئەو توێژینەوانەی گرووپی توێژینەوە ئەنجامیداون.

یەکێک لە پێشەنگانی زانکۆ بەناوبانگەکانی جیهان زانکۆی(کەمبرج) بوو لە بەریتانیا بۆ توێژینەوە مرۆڤایەتییەکان کە لە ساڵی(١٩٠٠)وە لقی مرۆڤناسی تێدا کرابووەوە و زانای بەناوبانگ (ئەلفرێد هادون) ئەم بابەتەی دەگوتەوە، لە ساڵانی کۆتایی سەدەی نۆزدەوە هەوڵی دروستکردنی گرووپ و کاری دەستەجەمعی فرەلایەنی دەدا بۆ توێژینەوە لە گرووپە مرۆییەکان لە روانگەی جیاجیاوە، یەکێک لەو کارە دەستەجەمعییانەی ئەم زانکۆیەش نێراوە گرووپییەکەی بوو بۆ (تەنگەی تۆریس)**و بە یەکێک لە توێژینەوە بەناوبانگەکانی بواری مرۆڤناسی دادەنرێت کە لە لایەن گرووپێک لە زانا بەناوبانگەکانی بوارە جیاجیاکانی زانستە مرۆییەکانەوە نووسراوە لە ساڵی(١٨٩٨-١٨٩٩) بە سەرۆکایەتی زانای زیندەوەرزانی(ئەلفرێد هادون)(١)و ئەندامیەتی پزیشکی بەناوبانگ (سلگمان)و زانای دەروونناسی بەناوبانگ (ولیەم ماگدوگل)و زانای مرۆڤناسی(ریڤەرز)، کارکردنی ئەم گرووپە زانایە لەگەڵ چەندین توێژەری یارمەتیدەر کە هەر یەکێک لەم زانایانە سەرپەرشتی گرووپێکی دەکرد و لە بوارێکی تایبەت و لایەنێکی ژیانی کۆمەڵایەتی و کەسایەتی و رێورەسمەکانی ئەو کۆمەڵگەیەی دەنووسی و وەکو تیمێک کاریان دەکرد، بۆ نموونە خودی (هادون) خۆی کە سەرپەرشتیاری سەرەکی تیمەکە بوو تایبەت بوو بە توێژینەوە لەسەر بازرگانی و جەنگ و سیحر و جاد و ئایین و ژیانی گشتی، بەڵام (سلگمان) وەکو پزیشک تایبەت بوو بە توێژینەوە لەسەر رێورەسم و دابونەریتە تایبەتییەکانی منداڵبوون و بالقبوونی ئافرەت، (ماگدۆکل)یش لایەنی کەسایەتی و رەفتاری تاک و بارە دەروونییەکانیان، بەڵام (رێڤەرز) تایبەت بوو بە توێژینەوە لەسەر زنجیرەی رەچەڵەکی خێزانی و باوباپیران و ناوی تاکەکان کە لە چییەوە سەرچاوەیان گرتووە و سنووری خزمایەتی و چەمک و زاراوەکانی بانگکردن و وەسفکردن و چۆنیەتی

ڕێکخستنی خوازبێنی و هاوسەرگیری(٢)، بۆیە توێژینەوەی بە گرووپ و پێکهاتوو لە زانا و توێژەری پسپۆڕییە جیاجیاکان مێژووییەکی قووڵی لە هزری مرۆڤناسیدا هەیە و ئەمڕۆش ئەگەری ئەوە دەکرێت لەناو سەربازانی فرەڕەگەزدا کە لەچەندین وڵات و شوێنی ئەم جیهانەدا بەهۆی ململانێ و جەنگە ناوخۆییەکانی ئەو کۆمەڵگەیانەوە بڵاوبوونەتەوە گرووپی لەم جۆرەیان تێدابێت و توێژینەوەی قووڵ لەسەر بوار و لایەنە جیاجیاکانی کولتوورو ژیانی کۆمەڵایەتی و خاک و سامانە سروشتییەکانی ئەم ناوچانە بکەن، چونکە سەرەڕای پێشکەوتنە تەکنۆلۆژی و ئامێرییەکانیش هێشتا یەکێک لە بنەماکانی، یان فاکتەرە سەرەکییەکانی زانستی بوونی هەر توێژینەوەیەکی بە گرووپ مانەوەی مەیدانی توێژەرەکانە لە کۆمەڵگەی توێژینەوەکەدا، هەتا لە نزیکەوە فاکتەرە مرۆیی و کۆمەڵایەتییەکان سەرنج بدرێن و لەگەڵیاندا بژیێن، بێگومان دەرئەنجامی توێژینەوەکانیش بەتایبەتی توێژینەوەی بە گرووپ بۆ پرۆژەکانی ئایندەیە، هەروا لە خۆڕا نانووسرێن و ئەو هەموو توانا مرۆیی و ئابووری و ماندووبوونە بەفیڕۆ نادرێت، بەتایبەتی لەپێناوی ئامانجە گرنگ و چارەنووسسازە نیشتمانی و نەتەوەییەکاندا دەنووسرێت، کە بەڕێوەبردن و ئەنجامدانیان گۆڕانی ریشەیی و قووڵ لە ژیانی ئەو کۆمەڵگەیەدا دروست دەکەن، ئەگەر لەم روانگەوە سەیری کۆمەڵگەی کوردی خۆمان و کۆمەڵگەکانی دەوروبەریشمان بکەین، ئێمە هێشتا لە خەوی قووڵی بێ ئاگاییماندا بەهۆی داگیرکاری و دەستنەگەیشتن بە جیهانی دەرەوە و سەرچاوە زانستییەکان و نەبوونی توانای ئابووری لە رابردوودا و ئێستاش بەهۆی سەرقاڵی حکومەت

بە کێشەکانی دیکەوە لایەکمان لە ناوەندی توێژینەوەی زانکۆیی بە گرووپ نەکردووەتەوە و بۆ ئایندەییەکی دوور پرۆژەیەکی ستراتیژی قووڵمان نییە، کەچی چەندین بواری زۆر گرنگ و مەترسیدارمان هەیە پێویستیان بە توێژینەوەی بە گرووپ و تێڕوانینی فرەلایەن هەیە، وەکو پەرەپێدانی کەرتی کشتوکاڵی و ئاوەدانکردنەوەی گوندەکان و بەرهەمهێنانی خۆماڵی و راوەستان لەسەرپێی خۆ، بیرکردنەوە لە ئاستی دەرهێنان و فرۆشتنی نەوت، یان توێژینەوە بە گرووپ لەمەڕ زمانی کوردی و هونەر و مۆسیقا و گۆرانی و راگەیاندنی کوردی و جیاکردنەوەی لایەنە باش و خراپەکانی لەسەر ئایندە، پێویستییەکی حاشاهەڵنەگری ئەم قۆناغەن، گەلانی دەورووبەریشمان سەرەڕای ئەو توانا ئابووری و ئازادییە سیاسی و قەوارە نەتەوەییەی هەیانبووە، لەم رووەوە زۆر لە ئێمە پێشکەوتوتر و باشترنین کە ئیرەییان پێ بەرین، بەڵام لەمێژیشە گرووپی توێژینەوەیان هەیە و لە زانکۆکانیاندا بۆ هەندێک بابەت و گرفتی چارەنووسساز توێژینەوەی بە گرووپ ئەنجام دەدەن، بۆ نموونە لای عەرەبەکان بەتایبەتی لە میسردا لە چل و پەنجاکانی سەدەی رابردووەوە لەبەر رۆشنایی توێژینەوە مرۆڤناسییەکاندا هەندێک بنەمای سیاسەتی پەرەپێدان و بووژاندنەوە دادەڕێژن وەکو پلانی نیشتەجیکردنی کۆچەرەکان و دروستکردنی گوندی هاوچەرخ و توێژینەوە لە سیستەمی تۆڵەسەندنەوە و مانەوەی لە کۆمەڵگەی میسریدا لەژێر چاودێری زانکۆی ئەسکەندەرییە و چەندین پسپۆڕی بوارە جیاجیاکاندا ئەنجامدران(٣)،

لە سووریەش بۆ قووتدانی درێژخایەنی ناوچە کوردنشینەکان، پرۆژەی پەرەپێدانی پیشەسازی بە

کردنەوەی کارگەی پەین و پترۆکیمیاوی بۆ ڕاکێشانی عەرەب و سڕینەوەی سیما کوردییەکانی ناوچەکە توێژینەوەی بە گرووپ ئەنجامدراوە و ئامادەکاری بۆ توێژینەوەی فراوانتریش لە ئارادایە بۆ ناوچە سنوورییەکانی لەگەڵ تورکیا. هەتا لە ئایندەدا بەپێی دەرئەنجامەکانی ئەو توێژینەوانە جۆرێک لە هاوسەنگی دابەشبوونی دانیشتوان لە وڵاتەکەیاندا دروست بکەن، ئەو گرووپەش پێکهاتووە لە تیمێکی ئابووریناسی بۆ دەستنیشانکردنی پایە بەهێزەکانی بەرهەمهێنان لە ناوچەکەو تیمێکی شارەزا و پسپۆڕانی جوگرافی و جیۆلۆژی بۆ دۆزینەوەی کانزا و سەرچاوە گرنگەکانی ژێر زەوی ناوچەکە و تیمێکی ژینگەیی بۆ کەڵک وەرگرتن لە ڕەگەزە ژینگەییە گونجاوەکان و تیمێکی مرۆڤناسی و کۆمەڵایەتی بۆ پەرەپێدانی توانا مرۆییەکان و چۆنییەتی نیشتەجێکردن و کاراکردنیان، بێگومان لە ئێران و تورکیاش دا توێژینەوەی لەم جۆرە هەن، کە لە وڵاتانی سەرمایەداری و ئەورووپیدا لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەوە لەسەر ئاستی جیهانی دەستیان پێکردووە، بەتایبەت لە سەرەتادا توێژینەوە تاکەکەسییەکان ئەگەرچی هەندێکیان وەکو ڕاپۆرتی هەواڵگری و گێڕانەوەی بیرەوەری و بەسەرهات و هەندیکیشیان لە نووسینی ڕۆژهەڵاتناسی و قونسڵخانە و کارمەندانی ئەو وڵاتانەدا هاتوون، بەڵام ئەوانەی لێرەدا مەبەستمانە ئەو توێژینەوە ئەکادیمیانەن کە لەژێر چاودێری یەکێک لە زانکۆکانیاندا ئەنجامدراوە وەکو گرووپەکەی تەنگەی تۆریس کە بە نموونە هێنامانەوە، یان توێژینەوەیەکی دیکەی هاوشێوەی ئەمە، بەڵام زیاتر لە نیو سەدە لەدوای ئەم و لە شوێنێکی دیکە و جیاواز، لە گرووپە مرۆییەکانی ملینیزی و لە گوندێکی دابڕاوی ولایەتی حەیدەر ئابادی هندستان ئەنجام درا لە توێژینەوە مرۆڤناسییەکاندا ئەم توێژینەوەیە بە توێژینەوەی(دووبێ) لە گوندی(شامیرپت) ناسراوە و لە ساڵی ١٩٦٥دا ئەم توێژەرە واتە (ئێس، سی، دووبێ) لە کتێبێکی دا لەژێر ناونیشانی (گوندی هندی) بڵاویکردەوە، کە لە ڕاستیدا توێژینەوەکە مەیدانی و لە ڕێگەی پێکەوە ژیان لە ساڵانی ١٩٥١و ١٩٥٢ ئەنجامدرا، گرووپی توێژینەوە لە نوێنەرانی شەش کۆلێژی زانکۆی(عوسمانیا )ی هندی پێکهاتبوو، ئەوانەش کۆلێژەکانی(ئەدەبیات، کشتوکاڵ، ڤێرتێنەری، پزیشکی، ئەندازیاری، پەروەردە) بوون، نوێنەری هەر کۆلێژێک خۆی لە تیمێکی بچووک دروست کرابوو کە یەکێک لە مامۆستایانی کۆلێژەکە سەرپەرشتی دەکردن، ئەندامانی تیمەکەش لە دەرچووانی هەمان کۆلێژ پێکهاتبوون ،لە سەرووی هەمووشیانەوە (ئێس، سی، دووبێ) سەرپەرشتی تەواوی گرووپەکەی دەکرد، دابەشبوونی کار بەپێی پسپۆڕی و شارەزایی لە نێوان تیمی کۆلێژەکاندا بە وردی ئەنجامدرابوو هەتا لە هەموو ڕوویەکەوە گوندێکی دابڕاوی وەکو (شامیرپت) بخەنە بەرباس و توێژینەوە و لە کۆتاییدا بگەنە دەرئەنجامێک شایانی گشتاندن و هەڵهێنجانی تیۆرێکی زانستی بێت لەبوارێک لەبوارەکانی زانستە سروشتی و مرۆییەکاندا، دابەشبوونی کاریش بەهەمان شێوەی توێژینەوەی پێشوو بەپێی پسپۆڕی و تایبەتمەندی هەر تیمێک لە تیمی کۆلێژەکان دانرابوو بۆ ئەوەی هەر یەکێک لەوانە لە لایەنێکی ژیانی کۆمەڵگەی گوندەکە توێژینەوە بکات، ئەوەی شایانی باسە ئەم گرووپی توێژینەوەیە ئەگەرچی کاری سەرەکیان توێژینەوە بوو، بەڵام لەپاڵ

ئەمەشدا پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری پێویست بوو بە گوندەکە و چاودێریکردنی ئەو گۆڕانکاریانە بوو کە لەو خزمەتگوزاریانەوە دەکەوتنەوە، وەکو پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری پزیشکی و ساغڵەمی بۆ خێزانەکان لە رووی پاک و خاوێنی و فێرکردنی چارەسەری بەرایی و خۆپاراستن، وەکو مامانی و ناوک برین و رێوشوێنە پێویستییەکانی ژنی دووگیان و پێدانی هەندێک خۆراکی پێویست بە منداڵ، کە ئەمە کاری تیمەکەی کۆلێژی پزیشکی بوو، یان وەکو بەکارهێنانی کەرەستە و ئامێری نوێ لەبواری کاری کشتوکاڵی و چاندنی جۆرێکی دیکەی دانەوێڵە کە لەگەڵ خاک و ئاووهەوای گوندەکە گونجاوتر و بەرهەمی زیاتر و نرخی لە بازاڕدا زیاتر بێت، فێرکردنی شێوازی ئاودان و بژارکردن و پێدانی جۆری پەینی کیمیاوی بە پێکەوە گرێدانی هەردوو بواری بەرهەمهێنانی کشتوکاڵی و ئاژەڵداری، کە بریتیی بوون لە کاری تیمەکانی هەردوو کۆلێژی کشتوکاڵی و ڤێرتێنەری بە پاک و خاوێن راگرتن تەوێڵە و شوێنی ئاژەڵەکان و باشترکردنی جێگەکانیان لە رووی گەرما و سەرما و رووناکی و وشککردنەوە و پێدانی جۆری ئالیک و چۆنییەتی چارەسەرکردنی نەخۆشی ئاژەڵی و... هتد. کاری تیمی کۆلێژی پەروەردەش بریتی بوو لە فێرکردنی گەوران و نەهێشتنی نەخوێندەواری سەرەتایی و کردنەوەی قوتابخانە و باشترکردنی ئاستی زانستی لە ماوەی ئەو دوو ساڵەدا بێجگە لەوەی لە بنەڕەتدا کاری گرووپەکە بۆ ئامانجەکانی کاری کۆلێژی ئەدەبیات چووبوون، کە تایبەت بوو بە توێژینەوەی کۆمەڵایەتی ئابووری کۆمەڵگەی گوندەکە و ئەو گۆڕانکارییانەی کە دەکرێت لە رێگەی پلان و پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەوە لە بونیادی کۆمەڵایەتی گوندنشیناندا ئەنجام بدرێت، ئاراستەی بیرکردنەوەی مرۆڤەکان بگۆڕدرێت، دیارە دروستکردنی گرووپێکی توێژینەوەی لەو جۆرە و مانەوەی مەیدانی و دابینکردنی تەواوی پێویستییەکانی بۆ ماوەی دوو ساڵ و تەفەروغ پێکردنی چەندین پسپۆڕ و مامۆستایانی زانکۆ و بێجگە لە خواردن و هاتۆچۆ و مووچە و کەرەستە و پێویستییەکانی توێژینەوە خەرجی و ماندووبوونێکی زۆری دەوێت، پێویستی بە دەزگا و دامەزراوەی دەوڵەتی و فەرمی و مەعریفی بەتوانا هەیە و سوود و قازانجەکانی ئایندەی لەبەرچاو گرتبێت، لە کۆمەڵگەی ئێمەدا لەجیاتی توێژینەوەی لەم چەشنە ئەگەر بابەتێک، یان گرفتێک بە گرنگ و کاریگەر بزانین یەکسەر، یان مەلەفێکی تیۆری بۆ دەکەینەوە لە یەکێک لە گۆڤارەکاندا و تەنیا چەند کەسێک بە پەلە و راپۆرت ئاسا شتێکی لەسەر دەنووسن، یان ئەر زۆر بە گرنگی بزانین و لەسەر ئاستی بالاتر خەمی لێ بخۆین، بریاری گرێدانی کۆنفراسێکی بۆ دەدەین بۆ ماوەی سێ چوار رۆژ لە یەکێک لە هوتێلە گرانبەهاکاندا بەپێی گرنگی بابەتەکە چەند شارەزا و پسپۆڕێک، ئەوانیش هەر لە رووی تیۆری قسەی لەسەر دەکەن و خەرجییەکی زۆری لەپێناودا سەرف دەکرێت، بێگومان ئەمانەش گرنگی خۆیان هەیە و مەبەسم ئەوە نییە لە گرنگی و بایەخی ئەو فایل و مەلەف و کۆنفرانسانە کەم بکەمەوە، بەڵام توێژینەوەی مەیدانی و دەستەجەمعی و درێژخایەن بە گرنگتر و کاریگەرتر دەزانم لە هەندێک بواردا کە پێویستە ئەنجام بدرێن، دواتر لە کەناڵەکانی راگەیاندنەوە و مێزگرد و گفتوگۆ و مەلەفی بۆ بکرێتەوە، هەتا هەموو لایەک ئاگادارین، بزانن لەو پێناوەدا چی کراوە و

دەرئەنجامی توێژینەوەکە بەچی گەیشتووە و لە ئایندەدا چی بۆ دەکرێت، هەتا بەدواداچوونی بۆ بکرێت، نەک وەکو هەندێک کۆنفرانس لەگەڵ تەواوبوونیدا کۆتایی بە بابەتەکە دێت.

ئەگەرچی ئەو توێژینەوە بە گرووپ و مەیدانیانەی بە نموونە هێنامانەوە، یەکەم توێژینەوە و دوا توێژینەوەش نەبوون، پێش ئەمانیش توێژینەوەی دیکە هەبوون پێکەوە بوون بەهۆی دروستبوونی میتۆد و ڕێبازێکی تایبەت و دیاریکراو لە توێژینەوە مرۆڤناسییەکاندا، گەشەپێکردنی ئاراستەیەکی هزری و قوتابخانەیەکی ئەم زانستە، ئەویش قوتابخانەی(ئەرکییەتی) یان(Functionalism)ی بەریتانی کە دواتر(برونسلاف مالینۆڤسکی) وەکو دامەزرێنەرێکی ئەم قوتابخانەیە بنەما زانستییە سەرەکییەکانی توێژینەوەی مەیدانی داهێنا، کە تا ئێستاش لەناو مرۆڤناسیدا هەندێک وەکو میتۆد و هەندێکی دیکەش وەکو ئامرازی کۆکردنەوەی زانیاری لەناو کۆمەڵگەی توێژینەوەدا سەیری دەکەن، چ بۆ ئەو توێژینەوانەی بە گرووپ و دەستەجەمعی ئەنجام دەدرێن، یان ئەوانەی لە لایەن تاکەکەسەوە کە بۆ ماوەی ساڵێک لەو کۆمەڵگەیەدا دەمێنێتەوە و لە بەشی ئایندەدا چەند نموونەیەکی لێ باس دەکەین..

* ئەلفرێد هادون لە ساڵی (١٨٥٥-١٩٤٠) ژیاوە و زانایەکی مرۆڤناسی شارستانی و سروشتی و زیندەورزانی بەریتانی بوو، گرنگی بە تەکنۆلۆژیا و هونەری گەلانی سەرەتایی دەدا لە نووسینەکانیدا، لە کتێبە بەناوبانگەکانی لە بواری مرۆڤناسیدا بریتین لە(پەرەسەندن لە ئەدەبدا ١٨٩٥، مێژووی مرۆڤناسی ١٩١٠، ڕەگەزەکانی مرۆڤ و پۆلێنکردنی ١٩٢٤)

١- سليم، شاكر مصطفى، المدخل الى الانثروبولوجيا، مطبعة العاني، بغداد، ١٩٧٥، ص١٥٠- ١٥١ .

٢- مجموعة من أساتذة علم الإجتماع، دراسات في علم الإجتماع والانثروبولوجيا، دار المعارف، مصر، ١٩٧٥، ص١٥٧

** تەنگەی تۆریس(مضيق توريس) ئەو تەنگەیەیە کە کەنارەکانی ئۆسترالیا لە غینیای نوێ جیا دەکاتەوە، گرووپە مرۆییەکانی نیشتەجێی ئەو کەنارانەش پێیان دەگوترێت گەلانی ملینیزی، کە خاوەنی خەسڵەت و تایبەتمەندی و ماک و نیشانەی خۆیانن، وەک ڕەنگی پیستی تاریک لە نێوان سوور و قاوەیی کە هەندێک جار چوکلێتی پێ دەڵێن، هەروەها کەللەسەری درێژ و قژی لوول و لێوی ئەستوور، بەڵام هەڵگەڕاوە نییە. لەگەڵ کۆمەڵێک تایبەتمەندی دیکە.. بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە، دكتور يسرى عبدالرزاق الجوهري، السلالات البشرية، دار المعارف، الطبعة الثانية، ١٩٦٧، ص٢٥٦ .

٣- الاخرس، الدكتور محمد صفوح، الانثروبولوجيا وتنمية المجتمعات المحلية منشورات وزارة الثقافة، سورية، دمشق، ٢٠٠١، ص١٢٢ .

# ئایا ئافرەتی تەڵاقدراو مرۆڤێکە و بۆ دوو بەش کەرت بووە؟

ڕێباز جەلال نانەکەلی- پۆڵەندا



ئافرەت دایکە، پەروەردەکارە نەک خزمەتکار، هاوبەشی تەمەنە نەک هاوڕێی چاوپێکەوتن و جێهێشتن، پیاویش کاپتنی کەشتییە، پێویستە بەرەو ڕەشەبا ڕێ نەگرێتەبەر، ئەگەرنا دەبێتە هۆی تێکشکانی کەشتییەکە و لە ناوچوونی کەسەکانی ناوی، کە بریتین لە و منداڵانەی وەستاون و شۆک و دڵەڕاوکێ خەریکە بیانکوژێ، دوای نەمانی واتای هەستکردن بەپارێزراوی و جێگیری ئەوانەی لە ژێر دووبەرەکی و ناکۆکییەکانی باوان ڕۆژ دەکەنەوە، بەشێوەیەک کە سنووری لۆژیکی شکاندووە و هەریەکەیان پێشبڕکێی ڕاکێشانی منداڵەکان دەکەن بەرەو لای

خۆیان، لێرەدا شێوەی یەکسانی پێکهاتەی باوان تێکدەچێ لە هۆشی منداڵدا، ئەوەش وای لێدەکات بڕوای بەهیچ کامێک لە باوان نەمێنی، بۆیە بەدوای ناوەندێکی گونجاو دەگەڕێ، تا قەرەبووی ناخۆشییەکانی بکاتەوە، لەوەوە تووشی هاوڕێی جۆراوجۆر دەبێ و بەبڕوای ئەو خێزانێکی بۆ خۆی دۆزیوەتەوە، ئەمەش هۆیەکە بۆ سەدان کێشە، بەڵام ئافرەتەکە دەبێتە هەڵگری زام و ئازار و فرمێسکەکانی خۆی لە ناو جانتاکەی خۆیدا. پێش هەموو شتێک سەیرکردنی کۆمەڵگای تەقلیدی ئێمە بۆ ئافرەت وەک ڕەگەزێکی لاواز، ئازارە دەروونییەکانی دەکاتە دوو ئەوەندەی هەر ئازارێک، بەپێی بیروباوەڕەکانی کۆمەڵگای ئێمە مێرد کردن شتێکی پێویستە، وەک داپۆشینی نامووس وایە، ئەگەر تەڵاقدرا ئەوا نامووسی لە دەست دەچێ و دەبێتە بابەتی سەر زاری خەڵک، هەرکەسە لە لای خۆیەوە بەشتێک تاوانباری دەکات، خەڵکی بەگومانەوە سەیری ڕەوشتی ئافرەتەکە دەکەن، بەمەش ئافرەتەکە هەست بە تاوان و تووشی شکانەوەی سۆزی دەبێت، بەگەڕانەوەی بۆ لای کەسوکاری دەبێتە هۆی سەرشۆڕی بۆ خێزانەکەی بەوەی کە نازناوی تەڵاقدراوی لێنراوە، کە لای ئەوان مانای نامووس دەگەیەنێت، لێرەدا ئافرەت بە چەند قۆناغێکدا دەڕوات، تاکو باوەڕ بەو ڕاستییە دەنێت کە تێیدا کەوتووە. جیابوونەوە لە زۆربەی کاتەکاندا بەتایبەتی بۆ ئافرەت لە ناخۆشترین ڕۆژانی ژیانی ڕۆژ دەکاتەوە، ئافرەت داوای تەڵاق ناکات، تەنها ئەگەر ناخۆشییەکان بگاتە ئەوپەڕی پلە، لەوەوە پێویستی بەماوەیەکی زۆرە بۆ گەڕانەوە بۆ ئاسایی بوونەوەی دەروونی.

**بەگوێرەی لێکۆڵینەوەکان دەرکەوتوە کە بە سێ قۆناغدا دەڕوات:**

١- لە قۆناغی یەکەمدا ئافرەتی تەڵاقدراو تووشی تێکچوونی دەروونی و ویژدانی دەبێت بەپلەیەکی بەرز.

٢- قۆناغی دڵەڕاوکێ: لێرەدا دڵەڕاوکێ و کەئابە بەسەریدا زاڵ دەبێت، هەست بەتەنهایی و ستەملێکراوی و نامۆیی دەکات، تووشی پوکانەوە و بێئومێدی دەبێت و زۆر لە ژیان بێزار دەبێت.

٣- قۆناغی ئاسایی بوونەوە: لێرە ئاستی تێکچوونە دەروونییەکان نزم دەبێتەوە دووبارە بەشێوەیەکی ئاسایی لەوبارە دەڕوانێت کە تێیدایە.

گومان لەوەدا نییە کە کرداری تەڵاقدان کاریگەری نێگەتیڤی لەسەر خێزان دەبێت و بەتەواوی کردارێکی زیانبەخشە لە دەروونەوە، ئاسایی بوونەوەی دەروونی ئافرەت لەگەڵ تەڵاق پەیوەستە بە مەودای توانای گفتوگۆی لەگەل ئەو بابەتە، مەبەست لە ئاسایی بوونەوەی دەروونی، واتە ڕەوشتی ئاراستەکراو لە کەسەکەوە بۆ هۆشی و دەرککردن بە زاڵبوون بەسەر سزا و کێشەکان کە لە ژیانیدا ڕووبەڕووی دەبێتەوە، ئەوەش بەڕێگەی ڕێکخستنەوەی خۆی و دەورووبەری دەبێت، تا بگاتە باری جارانی و ئاسایی بێتەوە لەگەڵ دەورووبەرەکەی بەشێوەیەک خۆی ڕازی بکات و

هەموو دڵەڕاوکێ و بێزارییەکانی کەم بکاتەوە، ئافرەت دوای تەڵاقدان پێویستی بەماوەیەک هەیە، تا بڕوا بەخۆبوون بونیاد بنێتەوە و روانگەی خۆی بگۆڕێ بەرانبەر ژیان بەگشتی و پیاو بەتایبەتی، قەرەبووی ئەو شتانە بکاتەوە کە لێی بێبەش بووە و کاتەکانی بە ئیش بخات، چونکە دوای تەڵاقدان بێکار دەبێت، ئێستا و دوای تەڵاق دوای ئەوەی کە دەروونی هێور دەبێتەوە، زۆرجار دووبارە دەیەوێ ژیان پێکەوەبنێ، واتە حەزدەکات دووبارە شووبکاتەوە، لێرەدا راستییەکی تاڵی دیکە دووچاری دەبێتەوە، ئەویش ئەوەیە کە پیاوان ئامادە نین ئافرەتی تەڵاقدراو بخوازن، بەوەی کە لە جاری یەکەمدا سەرکەوتوو نەبووە و نەیتوانیوە لەگەڵ مێردەکەیدا بمێنێتەوە و تەڵاقدراوە.

راستی دووەم دووچاری دەبێتەوە، ئەویش ئەوەیە کاتێ مێردی دووەم دەکات دەبێت واز لە منداڵەکانی خۆی بێنێت و منداڵی پیاوێکی دیکە بەخێو بکات ئەگەر هاتوو پیاوەکە پێشتر خێزاندار بووبێت، منداڵە نوێیەکانیش وا دەڕوانن کە پێشتر ئەو دایکەیان لای پیاوێکی تر بووە.

راستی سێیەم تەنگی پێهەڵدەچنێ، ئەویش کەسوکاری ئافرەتەکە خۆی و دەورووبەری کە رێگەی پێنادەن بە جێگیری بمێنێتەوە، لەبەر ترسان لە قسەی خەڵک، لەوەوە ئافرەتی تەڵاقدراو هیچ شوێن و رێگەیەکی دیکەی لەدەست نییە، بەتایبەتی ئەگەر گەنجێکی جوان بێت، چونکە کۆمەڵگا هەر لەسەر بیرە جێگیرەکەی خۆیەتی کە جوانی لەش سامانییەتی، لێرەدا جارێکی دیکە خێرایی دەکەن لە بەشوودانی، پێش ئەوەی برینەکانی سارێژ بێت.

ترسناکی بابەتی تەڵاق لەوکاتە تێدەگەین کە یارییەکە بەدەست پیاوانە و رێز و پیرۆزی ژیانی هاوسەرێتی نازانن، ئەم وشەیە لە دەمی دەردەچێت بەمەبەستێک کە خۆی دەیەوێت بەوەی کە خودا ئەم توانایەی پێداوە، بۆ پیاو نەهاتووە هەر کاتێ تووڕە بوو، یاخود بارودۆخەکەی بەدڵ نەبوو هەڕەشەی تەڵاقی لێبکات و پێی بڵێ تۆ تەڵاقدراوی، ئافرەتیش بە هەمان شێوە نابێ خێرا بکات لە داواکردنی تەڵاق، بەڵام ئەگەر هاتوو بەردەوامبوونی ژیان بووە هۆی تێکشکاندنی هەموو خۆشییەکان و هەموو بەستەرە پیرۆزەکان بەرە و پچڕان چوو، ئەو کاتە تەڵاق دەبێتە چارەسەر، کەواتە بەبێ هۆ مەڵێ "ئافرەت تۆم تەڵاق دا ...!"، چونکە منداڵە بێتاوانەکانت بەبێ هۆ پەرتوبڵاو دەکەیت و لەمانا جوانەکەی ژیان بێبەشیان دەکەی لە کۆمەڵگای بێبەزەییدا، کەواتە راستە تەڵاق حەڵاڵە، بەڵام ناشیرینترین حەڵاڵ..

# سەرهەڵدان و پەرەسەندنی کۆمەڵناسی: چەند بەشدارییەکی عەرەبی و خۆرئاوایی.

مجددین عمر خیری خمش
و: زیرەک عەبدوڵلا

**دەستپێک:**

لە پەرەسەندنی هەر زانستێک لە زانستەکاندا، هەمیشە کۆششێکی زۆر بۆ دیاریکردنی بابەت، یان ئەو کایەیە دەدرێت، کە ئەو زانستە بە جیا لە زانستەکانی دیکە پسپۆڕێتی لێوەردەگرێت، هەروەها چەند کۆششێکی دیکە بۆ دیاریکردنی میتۆدی گونجاو بۆ توێژینەوە لەو بابەتە دەدرێت، چونکە لە بنەمادا زانست لەسەر دوو پایەی سەرەکی دەوەستێت، ئەوانیش: بابەت و میتۆد، هەرچەندە بابەتەکە بەووردی و بەروونی دیار بکرێت، ئەوا یارمەتیدەر دەبێت لە سەربەخۆبوونی ئەو زانستە لە زانستەکانی دیکە. ئەمە سەبارەت بەمیتۆدیش هەر راستە، بەڵام بەپلەیەکی کەمتر، چونکە دەکرێت ژمارەیەک لە زانستەکان یەک میتۆد بەکاربهێنین، بۆ نموونە میتۆدی ئەزموونگەری لە زانستە سروشتییەکان بەکاردەهێنرێت، بەهەمان شێوە بە هەندێک هەموارکردنەوە لە ژمارەیەک لە زانستە کۆمەڵایەتی و دەروونییەکان بەکاردەهێنرێت، بە تایبەت لە هەردوو زانستی دەروونی و پەروەردە، بەڵام کۆمەڵناسی پەیوەستە بە زەینی خەڵک و زۆربەی جار میتۆدی رووپێوی کۆمەڵایەتی لەگەڵدا بەکاردەهێنرێت، ئەمەش وێنەیەکە لە وێنە هەموارکراوەکانی میتۆدی ئەزموونگەری، ئەمەش بێگومان دەگەڕێتەوە بۆ بەربلاوی بەکارهێنانی ئەم میتۆدە لە لایەن توێژەرانی کۆمەڵایەتی لە توێژینەوە جۆراوجۆرەکانیان بۆ دیاردە کۆمەڵایەتییەکان.

هەندێک لە توێژەران بە هەمان ئەو تێڕوانینە دەڕواننە پەرەسەندنی زانست کە پێی دەڕواننە

سەرهەڵدانی دەوڵەت و پەرەسەندنی، چونکە دەوڵەت تاوەکو بنەماکانی خۆی تەواو دەکات، پێویستی بە سنوورێکی جوگرافی هەیە، کە زانراو بێت و لە وڵاتانی دیکە جیای بکاتەوە، هەروەها پێویستی بەشێوازێکی گونجاو هەیە بۆ بەڕێوەبردنی ئەو سنوورە جوگرافییە. ئەم جۆرە تێڕوانینە لە میانەی ئەو زاراوانەی کە بەکاردەهێنرێت بۆ شیکردنەوەی پرۆسەی سەرهەڵدانی زانست و پەرەسەندنی رەنگدەداتەوە. ئەم زاراوانەش لە ناوەرۆکیاندا زاراوەی سیاسیین، وەکو سەربەخۆبوون و سنووری زانراو و پێگە.......هتد.

هەروەها ئەم تێڕوانینە لە کاتی باسکردنی پرۆسەکانی پەرەسەندنی زانست رەنگدەداتەوە، چونکە زۆربەی جار زانست لە سەرەتای سەرهەڵدانیدا بە دەست نەبوونی سەربەخۆیی بابەت، یاخود کایەی دیاریکراوەوە دەناڵێنێت. هەروەها پەرەسەندنی میتۆدە گونجاوەکان بۆ توێژینەوەکردنی ئەو بابەتە، بەمەش پایەکانی ئەم زانستە تەواوکاری دەکەن و وەکو زانستێکی سەربەخۆ دەردەکەوێت، کە بابەتی تایبەت و سەربەخۆی لە زانستەکانی دیکە هەیە، هەروەها میتۆدی گونجاوی هەیە کە بۆ توێژینەوەکردنی ئەو بابەتە بەکاردەهێنرێت.

ئەمەش رێک لە کۆمەڵناسیدا روویدا بەوەی کە لە سەرەتادا بەشێک بوو لە فەلسەفە، دواتر بەشێوەیەکی ئاڵۆز تێکەڵ بوو بە هەردوو زانستی دەروون و مێژوو، تارادەیەکیش بە زیندەوەرزانی، بەڵام لە ئەنجامی کۆششەکانی دامەزرێنەرانی، بەتایبەتیش دۆرکهایم، کۆمەڵەی زانایان گەیشتنە ئەو باوەڕەی کە کۆمەڵناسی بابەتێکی سەربەخۆی لە زانستەکانی دیکە هەیە، بە تایبەتیش لە هەردوو زانستی دەروون و زیندەوەرزانی، ئەم بابەتەش ناتوانرێت لە لای هیچ یەک لەم زانستانە توێژینەوەی لەسەر بکرێت، لەبەرئەوەی لە سروشتی خۆیدا لە بابەتەکانی ئەو دوو زانستە جیاوازە.

لە باسەکانی داهاتووی ئەم بەشەدا، ئەو کۆششانە دەخەمەڕوو کە دامەزرێنەرانی کۆمەڵناسی لە پێناو دیاریکردنی بابەتێکی سەربەخۆ، هەروەها لە پێناو دیاریکردنی میتۆدێکی گونجاو بۆ ئەم زاستە داویانە. ئەو دامەزرێنەرانەی کە لەم لێکۆڵینەوەیەدا جەختیان لەسەر دەکەم، بریتین لە ئیبن خەلدون، ئۆگست کۆنت، ئەمیل دۆرکهایم.

ئەمەش واتای بە کەم زانینی بەشداریی پێشەنگەکانی دیکەی کۆمەڵناسی، وەکو سان سیمۆن، کیتلیە، مۆنتیسکۆ، سبنسەر و ئەوانیدی نییە، کە بە کۆششەکانیان بەشدارییان لە دیاریکردنی کایەی ئەم زانستە نوێیە کردووە، کە لە سەرەتایی سەدەی (١٩) لە ئەوروپا لە هەوڵی دروستبووندا بووە.

لەوانەیە هەندێک لە زانایانی کۆمەڵناسی لەگەڵ ئەم جۆرە دیاریکردنەدا نەبن، چونکە لەوانەیە هەندێکیان ئۆگست کۆنت بە دامەزرێنەری سەرەکی کۆمەڵناسی دابنێن، بەو پێیەی ئەو لە ساڵی (١٨٣٢) ناوی بەم زانستە بەخشیوە، ئەو ناوەی کە لە دواییدا بڵاوبۆوە.

هەروەها لەوانەیە هەندێک لە توێژەران ئیبن خەلدون بە دامەزرێنەری سەرەکی کۆمەڵناسی دابنێن، بەو پێیەی ئەو یەکەمین کەس بووە ئاماژەی بە گرنگی بوونی بابەتێکی سەربەخۆ بۆ توێژینەوە کرد، کە زانستێکی نوێ لە بارەیەوە سەرهەڵبدات، ئەویش زانستی ئاوەدانی مرۆییە، هەروەکو زانراوە ئیبن خەلدون روونیکردۆتەوە کە ئاوەدانی مرۆیی بابەتێکی نوێیە بۆ زانستێکی نوێ، کە جیاوازە لە زانستی مێژوو.

دیسان لەوانەیە هەندێک لە زانایان بڵێن کە دۆرکهایم دامەزرێنەری سەرەکی کۆمەڵناسییە،

ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێننەوە کە دۆرکهایم بەشێوەیەکی بنەبڕ سەرکەوتو بوو لە دوورخستنەوەی هەر یەکە لە دەروونناسی و زیندەوەرزانی لە بابەتی تایبەت بە کۆمەڵناسی. ئەمانە جەخت لەوە دەکەنەوە کە کتێبە تیۆرییەکانی دۆرکهایم، وەکو (دابەشکردنی کاری کۆمەڵایەتی)، هەتا ئەو کتێبانەی کە پشتیان بەشیکردنەوەی ئاماری بەستووە، وەکو (خۆکوشتن)، لە راستیدا بەشێکن لەو ململانێیە ئەکادیمییەی کە دۆرکهایم لە دژی زاناکانی دەروونناسی لە نموونەی (گابریال تارد) و هەندێک لە زانایانی زیندەوەرزانی کردوویەتی. لەم کتێبانەدا جەختکردنەوەیەکی ئاشکرا بەدیدەکەین، لەبارەی ئەوەی بابەتی کۆمەڵناسی بریتییە لە دیاردە کۆمەڵایەتییەکان کە سروشتێکی تایبەتیان (Sui Generis) هەیە، هەروەها پراکتیزەکردنێکی کردەیی هەیە بۆ بەکارهێنانی میتۆدی بەراوردکاری ئاماری لە کتێبی (خۆکوشتن). ئەم میتۆدەش لە لایەن دۆرکهایمەوە پێشنیاز کراوە، تاوەکو لە شیکردنەوەی دیاردەی کۆمەڵایەتی بەشێوەیەکی چەندایەتی بەکاربهێنرێت. هەروەها سروشتی تایبەتی هەر دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی (وەکو دۆرکهایم جەختی لێدەکاتەوە) پێویستی بەوەیە کە بە دیاردەیەکی دیکەی کۆمەڵایەتی راڤە بکرێت، کە ئەمە ناکرێت بە دیاردەیەکی دەروونی راڤە بکرێت، هەروەک ناشکرێت بە دیاردەیەکی بایۆلۆژی راڤە بکرێت.

گومانیش لەوەدا نییە کە هەریەک لەم نارەزایەتییانە جۆرێک لە رەوایەتی تێدایە، کە بۆتە هۆی دابەشبوونێکی بەرچاو لە نێوان زانایانی کۆمەڵناسی، بەتایبەت لە وڵاتانی خۆرئاوادا. سەرەڕای ئەوەی کە ئەم نارەزایەتییانە پشت بە چەند بنەمایەکی مەعریفی دەبەستن، بەڵام هەر یەکێکیان لایەنێکی ئایدیۆلۆژی ئاشکرای هەیە، کە دەبێتە هۆی گەورەکردنی کۆششەکانی دامەزرێنەرێک لەسەر حیسابی دامەزرێنەرێکی دیکە، چونکە زۆرجار دەبینین کە مێژوونووسە خۆرئاواییەکانی کۆمەڵناسی، جەخت لەسەر بەشدارییەکانی ئۆگست کۆنت و دۆرکهایم دەکەنەوە، لە هەمانکاتدا ئەو بەشدارییانەیان فەرامۆش کردووە کە هزرڤانی عەرەبی ئیبن خەلدون پێشکەشی کردووە، لە بەرامبەر ئەمەشدا هەندێک لە زانایانی کۆمەڵناسی عەرەب دەبینین کە جەختیان لەسەر کارەکانی ئیبن خەلدون کردووە، لە هەمانکاتیشدا ئەو بەشدارییانەیان فەرامۆش کردووە کە کۆنت و دۆرکهایم پێشکەشیان کردووە.

لەو بەشەدا لەو جیاوازییە ئایدیۆلۆژییانە دوور دەکەوینەوە، تاوەکو گرنگی ئەو بەشدارییانەی کە ئەو دامەزرێنەرانە پێشکەشیان کردووە، بەشێوەیەکی گونجاو لەبەرچاو بگرین، ئەو کۆششانەش بەیەکەوە (هەروەک دواتر دەبینین) بۆتە هۆی پەرەپێدانی ئەم زانستە نوێیەی کە لە کۆمەڵگا دەکۆڵێتەوە. لە لاپەڕەکانی داهاتوودا ئەو کۆششانە شیدەکەینەوە، کە هەر سێ دامەزرێنەر (ئیبن خەلدون، ئۆگست کۆنت، ئەمیل دۆرکهایم) داویانە، بۆ دیاریکردنی کایەی زانستەکە و میتۆدەکانی، لە میانەی کتێبە رەسەنەکانیان، هەروەها لە میانەی ئەوانەی کە لەسەریان نووسیوون، هەروەها شیکردنەوەی بەراوردکاری بۆ بەیەکگەیاندنی تیۆری لە نێوان ئیبن خەلدون و دۆرکهایم پێشکەش دەکەین.

**سەرچاوە:**

علم الاجتماع، الموضوع والمنهج

# "دیموکراسییەت"

ئا: ئیلهام سلێمان

**پێشەکی:**

دیموکراسی ئەو زاراوەیە کە تەمەنیکی زۆر دوورو درێژی هەیە، هەرچەندە بە درێژای ئەو مێژووەی زۆرجاران لە شوێنی خۆی چەقیوە و نەتوانراوە درێژەی پێبدرێت، بەلاّم لەریگەی خەباتی سەختی نەپچراوەی گەلانی زۆر لێکراوەوە دیموکراسی هاتۆتەوە گۆرەپانی هزر و سیاسەتەوە، بۆتە ئالاّهەڵگری لێقەوماوان، بەتایبەتی لەم یەک دووسەدەیەی دواییدا بە گەرمی لە لایەن هەندێک هزرڤانانەوە باسی لێوەکراوە.

**کورتەیەکی مێژوویی دەربارەی دیموکراسییەت**

زاراوەی دیموکراسی لە دوو ووشە پێکهاتووە (DEMO) کە بەمانای گەل دێت، (KRATIA) مانای حوکم دەگەیەنێ.

دیموکراسییەت بەدوو سەردەمدا تێپەڕیووە، سەردەمی یونانی کۆن (چەند سەدەیەک بەر لە مەسیح ) سەردەمی نوێ. وشەی دیموکراسییەت زیاتر لە ( ٢٤٠٠ )ساڵ بەر لە ئەمڕۆ پەیدابووە، دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی فەرمانڕەوایی (پریکلیس) کە ئەوکات فەرمانڕەوایی یۆنانی دەکرد، ئەو حوکمی یۆنانی بەدیموکراسییەکی نموونەی ناوبردووە.

**پێناسەی دیموکراسییەت**

* زۆر بیروڕای جیاواز هەیە لەبارەی پێناسەی

دیموکراسییەت، هارۆلد لاسکی جەوهەری دیموکراسییەتی بە یەکسانی دەبەستەوە و بناغەی گەشەی دیموکراسییەتی لە لای ئەو بریتییە لە دیموکراسی.

* بۆئەوەی زیاتر لە پێناسەی دیموکراسی تێبگەین لەسەر دواهەمین بەڵگە رادەوەستین، ئەویش لێکۆڵینەوەی دەزگایەکی سەر بەنەتەوە یەکگرتووەکان لەساڵی (١٩٥٠) کە هەشت پرسیاریان نارد بۆ زانا هەرە گەورەکانی جیهان، دەربارەی دیموکراسییەت و ئەو لایەنانەی پێوەندییان پێوە هەیە، لە وەڵامدا لەسەر ئەوە رێککەوتن کە پێناسەیەکی شامل بۆ دیموکراسییەت نییە، لەناو ئەو شیکردنەوانە ئەو پێناسانەی کە زۆرتر باون دووانن، یەکەمیان ئەوەیە کە "دیموکراسی شێوەیەکی حوکمە"، دووەمیان ئەوەیە "کە شێوە و سیستەمێکی ژیانە".

* پێناسە باوەکەی دیموکراسییەت "دیموکراسییەت حوکمی گەلە و لەپێناوی گەلدایە و بەهۆی گەلەوەیە".

**جۆرەکانی دیموکراسییەت**

**١- دیموکراسییەتی راستەوخۆ**

ئەمجۆرە دیموکراسییە لە ولاتی یۆنانی کۆندا پیادە دەکرا، تا ئەم سەدەیە لە چەند ناوچەیەکی بچوکی سویسرا و لە شارەکانی ناوچەی (نیو ئینگلاند)، لەمجۆرە دیموکراسییەتە پەرلەمان بوونی نییە، واتا هاوولاتیان لەیەک شوێن کۆدەبنەوە، بڕیار لەسەر یاساکان دەدەن، (جان جاک رۆسۆ) تەنیا ئەم شێوەیەی بە حوکمی دیموکراسی دەزانی، کە لەوکاتەدا لە ولاتی ئەسڵی رۆسۆدا پیادە دەکرا، بەڵام هەر خۆشی دانی بەوە دەنا کە ئەمجۆرە دیموکراسییەتە تەنها بۆ ولاتێکی بچوک دەبێت.

**٢- دیموکراسییەتی ناڕاستەوخۆ (نوێنەرایەتی)**

لەجیاتی ئەوەی هەموو هاوولاتیان کۆببنەوە و بڕیار لەسەر یاساکان بدەن، هاوولاتیان نوێنەری خۆیان هەڵدەبژارد، بۆنموونە، لەجیاتی ئەوەی کە (١٠) هەزار کەس کۆببنەوە (١٠) کەسیان هەڵدەبژارد کە هەر یەک کەس نوێنەری هەزار کەسی دەکرد، کە لە شێوەی پەرلەمانێک، واتا پەرلەمانێک پێکدەهێنن، واتا گەل خاوەنی دەسەڵاتە، ئەو دەسەڵاتەش دەخاتە دەستی نوێنەری خۆی، بەمەش دەوترێت پێسپاردنی دەسەڵات.

**٣- دیموکراسییەتی نیوە راستەخۆ**

لەبەرئەوەی دیموکراسی نوێنەرایەتی بەشداریکردنێکی کەمتری خەڵکی تێدایە لە حوکمدا، (دیموکراسی نیوە راستەخۆ) هەیە وەک چارەسەرێکی ئەمە، لەمجۆرە دیموکراسییەشدا لەپاڵ پەرلەمان چەند رێوشوێنێک دانراوە تا خەڵکەکە راستەوخۆ بڕیار لەسەر شتەکان بدەن ئەم رێوشوێنانەش ئەمانەن:

١- ریفراندۆم (أستیفتا): بۆنمونە پرۆژە یاسایەک دەخرێتە بەردەم گەل، ئەویش بڕیاری رازیبوونی لەسەر دەدات، یان رەتی دەکاتەوە.

٢- ئیعتراز: ئیعتراز دەکەن لەسەر یاسایەک، یاساکەش دەخرێتە بەردەم خەڵک، بۆ ئەوەی ریفراندۆمی لەسەر بکرێت.

٣- پێشنیازکردن: ژمارەیەک لە هەڵبژێردراوەکان پێشنیازی یاسایەک دەکەن،

پێشكەشی پەرلەمانی دەكەن.

**بنەماكانی دیموكراسییەت**

دەبێ ئەو راستییە بزانین كە دیموكراسییەت كۆتایی بەتوندوتیژی ناهێنێ، بەڵكو رێگا بۆ پەرەسەندنی ململانێ بە رێگەی ئاشتیانە باشتر خۆش دەكات، لە وڵاتی دیموكراسییدا دەبێ ئەو بنەمایانە هەبێت:

١- سەروەری یاسا، یان بنەمای باڵادەستی دەستوور: دەستوور ژمارەیەک یاسایە كە باس لە دەسەڵاتەكانی ئەو دەوڵەتە و چۆنییەتی دابەشكردنی هەندێ ماف و ئەرک دەكەن، بەكورتی دەستوور بریتییە لە یاسای باڵا، یاخود یاسای ئەساسی دەوڵەت، ئەم دەستوورەش دەبێ لەسەرووی هەموو یاسا و بڕیارێک بێت.

ئێمە دەزانین كەوا سێ دەسەڵات هەیە، ئەوانیش: دەسەڵاتی یاسادانان كە پەرلەمان ئەو ئەركە جێبەجێ دەكات، دەسەڵاتی راپەراندن كە ئەنجومەنی وەزیران پەیڕەوی دەكات، سێیەمیشیان كە دەسەڵاتی دادوەرییە كە دادگاكان بەمە هەڵدەستن.

٢- ئۆپۆزسیۆن (داننان بە فرەحزبی و فرە لایەنی سیاسی بنرێ): بەمشێوەیە دیموكراسی كۆمەڵێک ململانێی شارستانییە، كە لەرێگای دەنگدانی جەماوەرەوە دەگاتە دەسەڵات، دیموكراسی لە رێكخستنی ململانێی شارستانیانە سەركەوتوو دەبێت، دەتوانێت سیستەمێک بۆ كۆمەڵگە بهێنێتە ئاراوە، كە پەیوەندییە كۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی و رۆشنبیرییەكان، هەروەها پەیوەندی نێوان تاكەكانی كۆمەڵگە و پەیوەندی نێوان دامودەزگاكانی حكومەت رێكدەخات، هەموو ئەوانە بەهۆی هەڵبژاردنی گشتی و دەستاو دەستكردنی دەسەڵاتەوە دەبێت.

٣- ئاڵوگۆڕی دەسەڵات: رێگە دەگرێت لە مانەوەی دەسەڵات لە دەستی یەک كەس بۆماوەیەكی درێژ، ئەمەش وا لە وڵات، یان دەسلاتدار دەكات، بیر لەوە بكەنەوە كە كاری باش بۆ خەڵک بكەن، تا لەسەر دەسەڵات بمێننەوە.

٤- لێپرسینەوە لەگەڵ دەسەڵات: بەمانای ئەوەی چاودێری لەسەر دەسەڵات دابنرێت، بۆنموونە لە بەریتانیا حكومەتێک هەیە پێیدەگوترێت حوكمی سێبەر، واتا لە بەرامبەر هەر پۆستێک كەسێک دانراوە، هەروەكو لە بەرامبەر وەزیری تەندروستی لە بەریتانیا كەسێک دانراوە، بۆئەوەی ئاگاداری كارەكانی ئەو وەزیرە بێت، بەمشێوەیە رێگە لەهەر گەندەڵییەک دەگرێت لە كاركردندا، هەروەها چەند چاودێرییەكی تر هەیە وەكو چاودێری دارایی و چاودێری دەستووری هەیە لەسەر پەرلەمان بۆئەوەی بزانین پەرلەمان چ یاسایەک دەردەكات دژ بە دەستوور بێت.

٥- شەفافییەت: واتا هەبوونی چاوڕوونی لە كارەكانی حكومەت، بە مانای ئەوەی رێگەدان بە دەزگاكانی راگەیاندن، بۆئەوەی بچن بۆ ناو كۆبوونەوەكانی حكومەت تا ئاگاداری ئەو كارانە بن كە دەیكەن، پێویستە لەسەر حكومەت بودجەی دەوڵەت بۆ خەڵک روون بكاتەوە، بۆئەوەی خەڵک بزانن بودجەی دەوڵەت چەندە، ئاگاداری داهات و خەرجییەكانی حكومەت بن و خەرجی یەكە بە یەكەی وەزارەتەكان بزانن.

# عەلی وەردی و دووبارە بەرهەمهێنانەوەی تیۆری ئیبن خەلدوون



ابراهیم الحیدری
و/ دیدار ئەبوزێد

وەردی دووبارە تیـــــۆرەی ئـیـبن خـەلدوونی بەرهەمـهـێنانەوە، هەروەها وەکـــو نموونەیەک وەریگرت، بۆئەوەی لەسەر کۆمەڵگای عێراقی و کەسایەتی تاکی عـێـراقی و دووفـاقـیـیـەتەکـەی پراکتیزەی بکات، بەکۆمەکخوازی لە میـتـۆدی ئیبن خـەلدوون و لۆژیکە سـۆراخکارییـەکـەی، بەهەندێک هەمـــوارکـــردن بۆئەوەی لەگـــەڵ ئەو گۆڕانکارییانە بیگونجێنێت کە لەچاخی نوێ روویـانداوە، لـەپاڵ ســـوود وەرگـرتنیش لە تیـۆرەی کـۆمـەڵناسی هاوچەرخ بە تایبـەتی قـوتابخـانەی کۆمەڵناسی شیکاگۆ.

لە لایەکی دیکەوە وەردی پێیوایە کە تیۆرەی (پەیمانی کۆمەڵایەتی) کە لە داهێنانی (هۆبس و لۆک و رۆسۆ)ن، لەگەڵ واقیعی کۆمەڵگا عەرەبییەکان ناگونجێت، بۆیە جەختدەکاتە سەر گرنگی تیۆری ئیبن خەلدوون، لەبەرئەوەی پێیوایە واقیعیترە و زیاتر لەگەڵ تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵگای عەرەبی بە شێوەیەکی گشتی و کۆمەڵگای عێراقی بە شێوەیەکی تایبەتی دەگونجێت، چونکە هەموو کۆمەڵگایەک یاسای تایبەتی هەیە، هەروەها دەوڵەت لە رێگای پەیمانی کۆمەڵایەتی دروست ناکرێت، وەکو ئەوەی خاوەنی پەیمانی کۆمەڵایەتی بانگەشەیان بۆ دەکرد، بەڵکو لە رێگای زاڵبوونی پشتبەست و بە دەمارگیری هۆزایەتی دروست دەکرێت.

وەردی پێیوایە کۆمەڵگا عەرەبییەکان لە میانەی سەدەی بیستەم چەند پەرەبسێنن، ئەوا بەهای کۆچەرییەتیان تێدا دەمێنێت، ئینجا بەهەر شێوەیەک بێت، ئەگەر بێت و دەوڵەتیش پەرەبسەنێت ئەوا نەزعەی دەستبەسەرگرتن و زاڵبوون و دەسەڵات هەردەمێنێت.

لەگەڵ ئەوەی دەمارگیری خێڵەکی ونبوو، بەڵام لە بازنەی خێڵەوە بۆ بازنەی شار و گەڕەک گوازرایەوە. هەروەها ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە چەند پێوەرەکانی هێز و ئازایەتی بگۆڕێت، ئەوا چەمکەکانی شەقاوە و بزێوی و هی دیکەش تائێستا هەر ماون.

هەروەها وەردی ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە ئیبن خەلدوون بازێکی هزری بەسەر هزری کۆمەڵایەتییانەی عەرەبی-ئیسلامی دروستکرد، بەهۆی شۆڕشەکەی بەسەر لۆژیکی کۆن، کە بە لۆژیکی ئەرستۆیی ناسراوە. ئیبن خەلدوون باوەڕی بە گۆڕانی هەقیقەت هەیە بەپێی قۆناغی کۆمەڵایەتی بۆ لۆژیکی مێژووی کۆمەڵایەتی، ئەویش بەم کارەی پرەنسیپەکانی تیۆری (گۆڕانی کۆمەڵایەتی) داناوە، پێی وایە هەقیقەتێکی بەخشراو نییە بەشێوەیەکی کۆتایی، هەمو شتێک لە حاڵەتی گۆڕان و جێگۆڕکێ و وەرچەرخانی بەردەوامە.


ئیبن خەلدوون

وەردی وەکو ئیبن خەلدوون پێیوایە کە سروشتی مرۆڤ نەگۆڕ نییە، بەڵکو بەپێی ئەو بارە کۆمەڵایەتییەی کە خەڵک تێیدا دەژین، دەگۆڕێت. لێرەوە وتەکانی ئیبن خەلدوون لەسەر کۆمەڵگای مرۆڤایەتی پراکتیزە دەکرێت، بەشێوەیەک دەڵێت مرۆڤ ئەخلاقی لە کۆمەڵگاوە وەردەگرێت، کۆمەڵگاش ملکەچی بارودۆخی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسییەکەیەتی، بەمانایەکی دیکە سروشتی رەفتاری مرۆڤ ملکەچی بارودخە کۆمەڵایەتییەکان دەبێت. بەم شێوەیە وەردی

هەوڵی گۆڕینی زۆرێک لەو شتانەی داوە کە خەڵک باوەڕیان وابوو کە بەڵگەنەویستێکی جێگیرن. (١)

ئەو مەعریفە کۆمەڵایەتییەی کە وەردی لە میانەی خوێندنەوەی قوولی ئیبن خەلدوون و پراکتیزەکردنی بەسەر کۆمەڵ و هۆز و تایفە و گەڕەک و هەروەها توێژینەوەکانی دەربارەی گرووپە ئایینی و نەتەوەیی و کەمە نەتەوەکانی دیکە ئەنجامیدا، دەستیکەوت، هەروەها بەهۆی ئەو پاڵەپەستۆیە زۆرانەی حکومەت لە لایەک و لە لایەن تاکەکان و توێژە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکان بەتایبەتی توێژە تەقلیدییەکان و واعیزەکانی سوڵتان لە لایەکی دیکەوە، وای لێکرد دووبارە تیۆری ئیبن خەلدوون بەرهەم بهێنێتەوە و پەرەی پێبدات، لە چوارچێوەی هەوڵەکانی بۆ بونیادنانی تیۆری(کۆمەڵایەتی مەعریفە)کە باوەڕی بە بوونی (ڕێژەیی مەعریفە) هەیە، بە شێوەیەک هەموو گرووپێک و تایفەیەک هەقیقەت نابینێت، تەنها لە رووێک لە رووە جۆراوجۆر و جیاوەزەکانی نەبێت. (٢)

**وەردی پێیوایە کە تیۆرەی (پەیمانی کۆمەڵایەتی) کە لە داهێنانی (هۆبس و لۆک و رۆسۆ)ن، لەگەڵ واقیعی کۆمەڵگا عەرەبیەکان ناگونجێت**

وەردی لە دوو لایەنی گرنگ لە تیۆری ئیبن خەلدوون دەچێتە ژوورێ بەجیا لە زۆربەی ئەو لێکۆڵەرە عەرەبی و بێگانانەی کە ئیبن خەلدوونیان توێژینەوە کردووە و بەراودییان لە نێوان ئەو و پێشەنگانی کۆمەڵناسی کردووە، لەنموونەی کۆنت و ڤیکۆ و میکاڤیلی و هیگڵ و مارکس و چەندانی دیکە کردووە، یەکەم لایەنیان دەرخستنی گرنگی و فەزڵ و پێشینەیەتی لە دامەزراندنی کۆمەڵناسی، بەڵام لایەنی دووەم ئەو لۆژیکەی کە ئیبن خەلدوون بەهۆیەوە بیری کردۆتەوە کاریگەری لەسەر تیۆرەکەی کردووە و هەروەها ئەو فاکتەرە فیکری و نافیکرییانەی دەرخستووە کە لە دارشتنی تیۆرەکەی یامەتییان داوە.

گرنگی ئیبن خەلدوون لەوە دەردەکەوێت کە ئەو یەکەمین کەسە تیۆرە دەربارەی ئاوەدانی مرۆیی و کۆبوونەوەیان دارشتووە، بەشێوازێکی واقیعی کە دەرچووە لە شێوازی وەعزی کەوا چەندین سەدە بەسەر هزردا باڵادەست بوو، لەبەرئەوەی کە لۆژیکی ئەرستۆیی لەگەڵ ژیانی واقیعی ناگونجێت. هەروەها لە داهێنانەکانی ئیبن خەلدوون توانای رزگاربوونیەتی لە کۆتەکان و بەکارهێنانی لۆژیکێکی نوێ کە لە تێگەیشتنی ژیانی واقیعی بەشێوەیەکی چاکتر یارمەتیداوە، هەروەها تیۆرەکەی بوو بە بازدایکی هزری گەورە لە توێژینەوە کۆمەڵایەتییەکان، بوو بە جێگای شانازی مێژووی هزری کۆمەڵایەتی، هەروەها ئیبن خەلدوون

لەهەوڵە جیدییەکەیدا توانیویەتی فەلسەفەی عەرەبی ئیسلامی بەزرییەوە بۆ کایەی ژیانی کۆمەڵایەتی بیهێنێتە خوارەوە، هەروەها فەزڵی لە دامەزراندنی کۆمەڵناسی و پێشینەیەتی بەرامبەر پێشەنگە سەرەتایەکان.

لە توێژینەوەکردنی لایەنە لۆژیکییەکانی تیۆرەی ئیبن خەلدوون دیدگاکانی وەردی لەگەڵ موحسین مەهدی جیاوازبوو، لە کتێبی (فەلسەفەی مێژوو لە لایەن ئیبن خەلدوون) کە لەساڵی (١٩٥٧) لە لەندەن دەرچوو. مەهدی لەم کتێبەدا جەختی لەوە کردەوە کە ئیبن خەلدوون قوتابییەکی دڵسۆزی فەیلەسووفە کۆنەکان بوو بە تایبەتی ئیبن روشد، ئەو زانستە نوێیەکەی خۆی بەو شێوەیەی کە ئەو فەیلەسووفانە فیکری خۆیان بونیاد نابوو، دایمەزراندبوو. ئیبن خەلدوون پشتی بەهەمان پرەنسیپی لۆژیکی بەستا، کە ئەفلاتوون و ئەرەستۆ پشتیان پێبەستووە، هەوڵی گۆڕانی ئەو بنەمایانەی نەداوە و گومانی لە دروستیان نەکردوو.

هەروەها وەردی پێچەوانەی دیدگای (موحسین مەهدی)بوو، چونکە وەردی ئیبن خەلدوون بە شۆڕشگێرێک بەسەر فەلسەفەی کۆن بەگشتی لۆژیکی ئەرستۆیی بەتایبەتی دادەنێت. لەگەڵ ئەوەش کە ئیبن خەلدوون زۆرێک لە چەمک و پێوانە لۆژیکییەکانی و زاراوە فەلسەفییەکانی لە فەیلەسوفە کۆنەکان وەرگرت، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە کە ئەو لە توێژینەوە کۆمەڵایەتییەکانی ڕەچاوی ئەو بنەما فەلسەفییە کۆنانەی کردووە. هەروەها ئیبن خەلدوون بۆ ئەوە دەچێت بڵێت کە لۆژیکی کۆن لەگەڵ ژیانی واقیعی ناگونجێت، هەروەها ئەوەی بیەوێت لە ژیانی واقیعی تێبگات پێویستی بە لۆژیکێکی دیکەی بیرکردنەوەی هەیە.(٣) ئەم لۆژیکە لە سەرەتادا هەنگاوێکی پێشکەوتنی زۆر گەورە بوو لە مێژووی هزری مرۆڤایەتی، چونکە یەکەم هەوڵە بۆ ڕێکخستنی فیکر و دانانی بنەمای یاسایی بۆی، بەڵام کێشەکە ئەوەیە کە ئەو لۆژیکە ئەرستۆییە، وەکو(هەر سیستەمێکی فیکری یاخوود کۆمەڵایەتی مەزن بەسەرەتایەکی چالاک و چاک دەسپێدەکات و دواتر بەرەو وەستان و بە ستەڵەکی دەچێت). بە گوزارشتێکی دیکە بۆ کۆمەڵێک کۆت دەگۆڕێت و دەبێت کۆتبەندی بیرکردنەوە دەکات دوای ئەوەی کە شۆڕشێکی دەستپێکەربوو. هەروەها بوو بە ئامرازی بەرگریکاری ئایین و بیروباوەڕەکان، هەموو کەسێک دەیەوێت دروستی ئایینەکەیان، یاخوود بۆچونێک لە بوچونەکان بسەلمێنێت، شێوازی هەڵهێنجاندنی

**وەردی وەکو ئیبن خەلدوون پێیوایە کە سروشتی مرۆڤ نەگۆڕ نییە، بەڵکو بەپێی ئەو بارە کۆمەڵایەتییەی کە خەڵک تێیدا دەژین، دەگۆڕێت**

لۆژیکی بەکاردەهێنا بۆ پاڵشتی بۆچوونێک لە بۆچوونەکان و نەفیکردنی یەکێکی دیکە، چونکە بە چەکێکی یەکلایکەرەوەی هزری دادەنێت. بۆیە بینیمان خاوەنی ڕێبازە ناکۆکەکان بە چەکی پێوانەی لۆژیکی دەجەنگن. وەردی جەخت لەوە دەکاتەوە کە پێوەری لۆژیکی هۆکارێکی گرنگ بوو لە هۆکارەکانی دواکەتنی زانستەکان لە سەدەکانی ناوەڕاست، گەورەترین بەربەست بوو لە دروستبوونی کۆمەڵناسی.(٤)

هەورەها باسی تایبەتمەندییەکانی لۆژیکی کۆنی کرد بەوپێیەی کە وێنەیەکی هەڵهێنجاندنە، هەروەها کاریگەریشی بەسەر هزری ئیسلامی دەرخست و نمونەیەکی درێژی هێناوەتەوە لە بۆچوونەکانی موعتەزیلەکان و گومانکاران و ئەو دەمەتەقێیەی کە لە ئیسلامدا ڕوویداوە لە نێوان پاڵپشتیکارانی لۆژیک و دژەکانی و لە نێوان ئەوەی کە دژی وەستاوە و لەگەڵی جەنگاوە بەوپێیەی هاومانای زەندەقەیە بە شێوەیەک گوتیان (ئەوەی لۆژیک کاری بکات بێ باوەڕە).

شایانی باسە ئیبن خەلدوون یەکەمین کەسە ڕەخنەی لە لۆژیکی ئەرستۆیی بگرێت بۆ ئەوەی کورتبینی لە تێگەیشتنی ژیانی کۆمەڵایەتی دەربخات.ئەویش بەم کارەی لە فەیلەسووفانی چاخی نوێ دەچێت. وەردی باسی غەزالی ئیبن تەیمیەی کرد کە کاریگەرییەکی مەزنیان بەسەر ئیبن خەلدوون هەبوو، بەوپێیەی کە یەکەمین کەسبوون کە دژی فەلسەفە و لۆژیکی ئەرستۆیی بوون. وەردی پشت بەوە دەبەستێت کە لە (مقدمە) ئیبن خەلدوون هاتووە لە (پوچەڵکردنەوەی فەلسەفە و گەندەڵی پەیڕەوەکانی)، چونکە ئەو لۆژیکەی کە فەیلەسووفان پەیڕەوی دەکەن و لە دوولایەن کورتبینە: یەکەم لە لایەنی تێڕوانینی بۆ ئیلاهیات و دووەم لە لایەن تێڕوانینیان بۆ بوونەوەرە مادییەکان، کە فەیلەسوفان بە زانستی سروشتی ناوزەندی دەکەن، بەڵام کەموکوڕی ئەم لۆژیکە ئەوەیە کە ئەو دەرەنجامە زیهنییانەی بەهۆی سنوور و پێوان لۆژیکییەکان دەستمان دەکەوێت(نادڵنیایە و لەگەڵ ئەو شتانەی کە لە دەرەوە هەیە ناگونجێت). ئەو بەمە بەڕوونی جیاوازی لە نێوان وێنەی زیهنی ئەبستراکت و واقیعی ماددی دەرەکی دەکات.(٥)

لە بەشی ئیبن خەلدوون و یاسای هزر، وەکو ئەوەی وەردی دەڵێت ئیبن خەلدوون هەوڵی لەناوبردنی لۆژیکی ئەرستۆیی دەدات، بەهۆی ڕەتکردنەوەی یاساکان بەتایبەتی یاسای خوێتی (شوناس) و یاسای دژپێک نەبوون بەهۆی لایەنی نەگۆر لە تیۆرەکەی، بەڵام لایەنی گۆڕاو لێیەوە لەسەر ڕەتکردنەوەی یاسای خودێتی دەوەستێت.

**پەراوێزەکان**

١/ علي الوردي، منطق ابن خلدون، ص ١٦ــ١٨.

٢/ علي الوردي، مهزلة العقل البشري، ص ٤٨.

٣/ علي الوردي، منطق ابن خلدون، ص ١٢ــ١٣.

٤/ المصدر نفسه ص٢٧ــ٣٥.

٥/ المصدر نفسه ص٦٥.

**سەرچاوە:**

علي الوردي

شخصيته و منهجه و افكارة الاجتماعيه

تاليف/ ابراهيم الحيدري



# ماڵەکانی جەنگ

#ماڵەکانی جەنگ لە پێشانگایەکی ڕەش و سپیدا



ئا: یەسار فایەق

"ماڵەکانی جەنگ" دووەم پێشانگای تایبەتی هونەرمەندی فۆتۆگرافەر سەفین حەمید بوو، کە بەچاودێری بەڕێوەبەرایەتی ڕۆشنبیری و هونەری پارێزگای هەولێر لە گەلەری کوردستان لە هەولێر کرایەوە.

لەم پێشانگایەدا (٣٠) تابلۆی فۆتۆگرافی بەرەنگی ڕەش و سپی، ژیانی ڕۆژانەی ئەو خێزانانەی پیشان دەدات کە بەهۆی بۆمبارانکردنی ناوچە سنوورییەکانی هەرێمی کوردستان لەلایەن وڵاتە دراوسێکانەوە، لە ژێر خێوەتگە "ماڵەکانی جەنگ"دا ژیان بەسەر دەبەن. سەفین حەمید لەم پێشانگایەدا هەوڵی دەرخستنی ناخۆشییەکانی ئەو خێزانانە داوە کە بوونەتە قوربانی جەنگ.

جگە لەوەی لەم پێشانگایەدا هونەرمەند کاری لەسەر کارێکی مرۆیی کردووە و هەوڵی گەیاندنی وێنەیەکی تەواوی ژیانی ئەو خێزانانە بۆ بینەر و لایەنی پەیوەندار داوە، لە هەمان کاتدا کاری لەسەر گرتەی هونەری کردووە و بە شێوەیەکی هونەری و جوان کاری لەسەر ئەو تراژیدیایە کردووە.

لە وێنەکاندا بێ ئومێد و گەشبینی بەرچاوە دەکەوێت، دیمەنی پیرەمێردێک وەستاو بێ چارەیی لەو باردۆخەی کە تێیدایە، پیشان دەدات، لەهەمان کات پێکەنینکی منداڵەکان لە وێنەکاندا گەشبینی بۆ ژیان دەردەخات کە هیوای ئەوە دەخوازن لە ماڵێکی جوانتردا ژیان بەسەر ببەن.

# ماڵەکانی جەنگ...
# کاڵکردنەوەی ماڵ.. تۆخکردنی نیشتمان
## (ماڵەکەی من ناوەڕاستی دنیایە و جیهان لە ماڵەکەی من دەست پێ دەکات)•

ئەمین بۆتانی



لە فۆڵدەری پێشانگاکەی (سەفین حەمید) زۆر بە کورتی باسم لە جەنگ کردووە کە چۆن دەیەوێ ئەو شوێنگەیەی ناوی (ماڵ)ـە لەژێر پێی ژیانی مرۆڤەکان بکێشێتەوە، دواجاریش هەوڵ بدات ئەو پەیوەندییە تۆکمەیەی نێوان مرۆڤ و زێد لە یەکدی داپچڕێنێ، (سەفین) لەڕێگەی زوومی کامێراکەیەوە ئەو دیمەنانەمان پیشاندەدات کە قۆناغی دوای لە دەستدانی ماڵەوە و سەرەتای قۆناغی خەونبینینە بە ماڵ. (سەفین) کە دیمەنێکی دۆخی لە دەستدانی ماڵمان بۆ ستیل دەکات، دەیەوێ بڵێ دۆخێک هەیە مرۆڤ تیایدا کەوتۆتە نێوان ماڵ (ژیان) و گۆڕ (ئاوارەبوون)، هەروەها لەو دیوی تابلۆکان ئەو کەسانەش دەبینین کە تەنانەت ئاواربوونیشیان بۆ نەماوەتەوە و لە کاتی بۆردومان و جەنگدا گیانیان لە دەستداوە،



کەواتە جەنگ دەیەوێ لەڕێگای داڕوخاندنی ماڵ، بەشێک لە جوگرافیا و شوێنگەی سیاسی مرۆڤەکان بشێوێنێ و دواتریش بە لێکدابڕاندنی مرۆڤ و ماڵ، ژیانی مرۆڤەکانیش بشێوێنێ و وەکو چۆن ماڵیان پێ چۆڵ دەکات ژیانیشیان ناهەموار بکات وەکو سەرەتایەک بۆ لەبیربردنەوەی یادەوەرییەکانی شوێن.

ئەگەر ماڵ خاڵی بەهێزکردنی ئینتیمای ماڵ بێ بۆ شوێنێکی فراوانتر کە نیشتمانە، جەنگاوەرەکان پێیان وایە تێکشکاندنی ئەو شوێنگەیە دەبێتە مایەی بچووککردنەوەی ڕووبەری نیشتمانێک کە لە هەزاران هەزار ماڵ پێکهاتووە، بەڵام بەبۆچوونی من هاوکێشەکە پێچەوانەیە، کاڵکردنەوەی ماڵ لای مرۆڤ دەبێتە مایەی تۆخکردنەوەی نیشتمان، لەبەرئەوەی ئەگەر نیشتمانێک وەکو جوگرافیایەکی ئارام و پارێزراو هەبێ، هەمیشە دیواری ماڵەکانیش لە ڕووخاندن بەدوور دەبن.

هەمیشە جەنگەکان بۆ لێسەندنەوەی ماڵ دادەگیرسێن، جەنگەکان بۆ داگیرکردنی ماڵی ئەوانی دیکە بەرپادەکرێن، حەزی جەنگ و شەڕانگێزی حەزێکە دەیەوێت جوگرافیا و شوێن و زێدی دەرەوەی سنووری ماڵی جەنگاوەرەکان خاپوور بکات، ئەگەر تاکەکانی هەر نیشتمانێک هەڵگری بەشێکی شانازیکردن بن بە شوناسی نیشتمان، ئەوە ماڵەکانیشیان بەشێکە لە سەروەری ئەو شوناسە، بۆیە کە جەنگ بەرپا دەبێ، لەیەکەم ساتدا ڕووی میلی چەکەکان لە خەڵک و دەمی شۆفڵەکانیش لە ماڵەکانیان دەکات. جەنگاوەران لەڕێگای جەنگەوە دیانەوێ دیمەنی زیندووی باڵاکردووی ژیان ئاوەژوو بکەنەوە و سەراوژێری بکەن، تۆنی ڕەنگاڵەیی ژیانی مرۆڤەکان بەرەو خۆڵەمێشیی پاڵ پێوەبنێن، بۆیە دوورخستنەوەی مرۆڤ لەو شوێنەی تیایدا لەدایکبووە و گەورە بووە و خەونی بە ئایندەوە بینیوە، یەکەم قۆناغی جەنگ دەبێ وەکو هەوڵێک بۆ دەرپەڕاندنی سەرجەم ئەو ئادەمیزادانەی لەسەر جوگرافیایەک دەژین کە ناوی (نیشتمان)ە.

بە درێژایی مێژووش هەڕەشەی دوورخستنەوە لە ماڵ و بێبەری کردن لە بینینی شارو وڵات و گوندو ئاوایی و خزم و کەس، گەورەترین سزا بووە کە پەیوەندی بە شوێن و ماڵەوە هەبێ، زۆرجار سەرکردەی شۆڕشەکان بەساڵان نەفی کراوان و دوورخراونەتەوە لە نیشتمان، بە هەزاران خەڵکی شۆڕشگێر ئاوارە و دەربەدەر و نەفی کراون وەکو شێوازێک بۆ سازش پێکردن و چۆک پێدادانی ئەو خەڵکانەی شوناسی شوێن و سەروەری و دۆزی وڵاتێک وای لێکردوون بەگژ نەیار و دوژمناندا

بچنەوە، بۆیە لێ سەندنەوەی ماڵ و زێد هەڕەشەیەکی سەرەتایە بۆ ئەو خەڵکانەی شورشگێرن کە تەنبێ بڕن دەنا خراپتری بەدواوەیە کە لێ سەندنی نیشتمانەکەشیانە؟!. بەڵام لێرەدا کردەی گواستنەوەی دۆخێکی لەمجۆرە بەڕێگای کامێراوە رەهەندێکی دیکەی دەستپێوەگرتنی مرۆڤەکان بۆ شوێن و ماڵ و جوگرافیای نیشتمان بەدی دەکرێ، (سەفین )ی فۆتۆگرافەریش ویستوویەتی ئەوەمان بۆ بکات و ئەوەمان پێ بڵێ. کامێرای (سەفین) لەنێو دیمەنی رەنج بەخەساربردراوی مرۆڤەکان دەیەوێ بە نیگاکانمان بڵێ: سەیرکەن ئەمە دەرەنجامی کاولکارییەکانی جەنگە، بەڵام ئەمەش شوێنەوارو پاشماوەکانی ژیانیشە، راستە ئەوەی ناوی ماڵ بێ نەماوە، تۆنی روخسارەکان هەڵبزرکاوە، بەڵام هێشتا لە خەیاڵدان و یادەوەری ئەم مرۆڤانە نەک هەر زێدو نیشتمان وەکو خۆیان ماون، بەڵکو ئاستێکی سیحرییان وەرگرتووە، راستە ئەوان لە هەمان شوێن جارانی خۆیان چیرۆک و ئەزموونی ژیان و خەون و ئولفەتی زۆر بەهێزتر بەو شوێنە لە دەستدراوە دەیان بەستێتەوە. کامێرای سەفینیش بەدوای ئەو گرتە و دیمەن و دۆخ و گۆشەی زوومکردنانەدا گەڕاوە تا وەکو بەڵگەکانی مانەوەی حەزی ژیان و گەڕانەوەمان بۆ بگوازێتەوە، فۆتۆگرافەر هاتووە بەراوردێکمان لە نێوان ئەو دوو دۆخەدا بۆ بکات، دۆخی جارانی ژیان لەنێو ماڵێکی ئارام و دۆخی نەمانی ماڵ و ئاوارەیی، منداڵەکان لە دۆخی دووەمیشدا وەکو بڵێی هیچ رووی نەدابێ وەکو جاران سەرقاڵی یاریکردن و لاساریی خۆیانن، پیرەژنێک لە تەنیشت دیوارێکی داڕوخاو بەزەردەخەنەیەکی متبووی تێکەڵاو بەخەم و دڵنیاییەکی تەواو بۆ گەڕانەوە بە چاو پێمان دەڵێ: تەمەنی دیواری ماڵە رووخێنراوەکەم بەقەد تەمەنی خۆمە، هەردووکمان هاوتەمەنین، ئەگەر دیواری ماڵەکەم رووخاوە، بەڵام هێشتا من لەسەر پێی خۆمم و بشمرم ناڕووخێم، ئەم دیمەنانە بەلای هەموومانەوە دیمەنی زۆر ئاساین، نەک لەبەرئەوەی تابلۆی لەمجۆرەمان بینیوە، بەڵکو لەبەرئەوەی هەموومان چەندین جار کارەکتەری نێو تابلۆگەلێکی وەها بووین و زۆرجار بەهەمان شێوە بێ ماڵ کراوین، لەگەڵ ئەوەشدا من هەرگیز بە سادەیی سەیری ئەم دیمەنانە ناکەم، لەبەرئەوەی تابلۆکان دیمەنی ژیانێکی ناسادەو نا ئاسایی دەگێرنەوە، قسە زۆرە بیکەم لەسەر هونەری فۆتۆگراف و دۆخی ژیانی ئەو مرۆڤانە و کێشەی شوێن و مرۆڤ و هاوکێشەی ماڵ و ژیان و جەنگ، بەڵام زۆری و لە بن نەهاتوویی قسەکان هەرگیز زۆرتر نین لە زۆری و لە بن نەهاتوویی ئەو ژیانەی مرۆڤ لە دەستیان دەدات، زۆری ئەو خەفەت و چەرمەسەریی و نا رەحەتیەی ئەم مرۆڤانە دەیچێژن، دوا قسەشم ئەوەیە: هیوادارم هونەر دواجار نەبێتە ئامرازێک بۆ شکۆدارکردنی مەینەتی، بەڵکو ببێتە پەنجەرەیەک بۆ هەناسەدانی مرۆڤ و گەڕاندنەوەی ئەو هەستە لە لای مرۆڤ: ژیان ئەو کاتە بە ئاوەدانی دبینرێ هەموو ماڵەکان ئاوەدان بن.

دەست خۆشی لە سەفین دەکەم و چاوەڕێی کاری جوانتری لێ دەکەم.

*** قسەی یەکێک لە ئاوارەکانە.**

# چەند وشەیەک بۆ "ماڵەکانی جەنگ"



ئەم بۆچوونانە هی ئەو کەسانەن کە لە کاتی سەردانیان بۆ ئەم پێشانگایە، لە پەڕاوی پێشانگاکەدا نووسیویانە، بەڵام ئاماژە بەناوی هیچ یەک لەم ناوانە نەکراوە:



"Very nice exhibition - there is only one room for out in this big building"

"وێنەکان تەعبیر لە ڕووحی مرۆڤایەتی دەکەن، لە کاتی ماڵوێرانی جەنگدا..ڕەنگی ڕەش و سپی خۆی هێمایەکە کە جەنگ هەموو شتێک دەکوژێت".

"بابەتی هەڵبژێردراو و گرتە هونەرییەکانی وێنەگر سەلمێنەری ڕووی ڕاستەقینەی ئێش و ئازارەکانی خوشک و برا کوردەکانمانن کە لە هەزارەی سێیەم لە جیاتی ئەوەی لە ژیانێکی ئارام و پڕ لە شادی دابژین، لەو پەڕی ناخۆشی و بێ خزمەتی لە دۆڵ و دەشت و شاخەکانی کوردستان لەژێر خێوەتگە تاریکەکان ژیان بەسەر دەبەن".

"بۆ چەندەمین جار بەدەرتخست کە مرۆڤێکی بەتوانای لە بواری فۆتۆگرافیدا...وێنەکانت قسەدەکەن، گۆزارشت لە هەستی کەسەکان دەکەن".

"بەناوی وێنەکانتەوە.. پێشانگاکەت دەربڕین بوو لە واقیعێکی تاڵ .. واقیعی میللەتێکی مەحکوم بەزوڵم".

"پێشانگاکەت سەردەمی tv ڕەش و سپی بە بیرهێنامەوە، گەڕاندمییەوە بۆ شەڕی ئەزەلی ڕەش و سپی- خێرو شەڕ، مەگەر تەنها هونەر و ئەدەب ئەم چرکەساتە گەورانە لەخۆ بگرێت ئەگینا مێژوو- جێگای ئەو هەموو هەستە مرۆڤانەی تێدا نابێتەوە".

"هونەری فۆتۆگرافی کە ئەوەی پێویستە، ئەمڕۆ لە کوردستان دەبێ بەشێوەیەکی پرۆفیشنال ئەنجام بدرێ، ئەوەیە کە ئەمڕۆ پێشکەش کرا".

"یادەوەری و خەون ڕەنگدانەوەی لە وێنەکانی پێشانگای ماڵەکانی جەنگدا نیشانەی ئازارەکانی میللەتی کورد و خواستەکانیەتی، لە ئاشتیدا نەک لە جەنگ".

"نازانم چی بنووسم...نازانم لەم ساتەدا چۆن تەعبیر لە هەستم بکەم...ئەوەی کە دەتوانم بیڵێم، ئەوەیە کە ئێمە خۆشمان دەوێی و لەگەڵتدا دەبین لە سەرکەوتنێک بۆ سەرکەوتنێکی دیکە".

"ساڵ یەکسانە بە یادەوەری، کە (ماڵ) تێکچوو، هەموو چرکەساتەکانی تەمەنی ڕابردوو ون دەبن..!"




ئێستاش دەبێتە دڵەڕاوکێ".

"وێنەکان جوانن، بەڵام تەنیا یەک دیوی ژیانی منداڵەکانت پیشان داوە. ئەودیوەی پێویست ناکات فۆتۆگرافەرێک خۆی بۆ باوێتە گێژنەوە، ئەوانە بە چاوی ئاسایش دەبیندرێ، تۆ دەبێت دیوێکی دیکەی ژیان پیشان بدەیت".

"جەنگی نێو ماڵەکان و ماڵەکانی جەنگ دوو هەنگاوی لەدوای یەکی هەر جەنگێکە، هەر جەنگێک بەقەد ئەوەی جەنگاوەرانی نێوی ماندوو شەکەت دەکات، هێندش کەسانی دەرەوەی ئەو بازنە سیاسییە جەنگییە و نزیکایەتییەی جۆگرافیاییە توشی کێشە و تاقەتچوون دەکات، کە بۆ هەر نەزانینێکی دەسەڵاتداران هەردەم کەسانێک هەن پێی خەفاتباربن".

"شانازی بە کارە هونەرییەکانتەوە دەکەم، لەگەڵ ڕێز و خۆشەویستی زۆرم بۆ هونەرکەت".

«کە جەنگ کەوتە نێوان هەموو هاوکێشەکانی مرۆڤایەتی و هەموو بیرکردنەوەکانی مرۆڤ بەسەر ڕێگای خۆیان دا خلیسک دەبن و جۆرێکی دیکە دێتە کایەوە، هەمان پێشانگا بە کۆمەڵگرتەی هونەرمەندێک ویستوویەتی وەیشومەی جەنگ پیشانی ئێمەدا کە لە جەنگدا تاقە شتێ زەرەرمەندبێ هەر ئێستاش لە بەرداشی کۆتاییدایە».

"ماڵ ئەو بارستە جۆگرافیایەیە کە لەگەڵ یەکەم پێگەوە ژیانی مرۆڤان پێکەوە دروست بووە".

"ماڵ هێما و دەلالاتی ئارامبەخشن و حەوانەوەی مرۆڤەکانە، جێگایەکە لێوەی دەست پێ دەکەین و هەر لەوێشەوە کۆتایی دێین".

**بیۆگرافیای هونەرمەند:**

سەفین حەمید لە دایکبووی ساڵی (١٩٧٣)یە لە بەغدای پایتەختی عێراقی فیدراڵ، قۆناغەکانی خوێندنی تا شەشی ئامادەیی هەر لەو شارە تەواوکردووە، ساڵی (١٩٩١) ساڵی چوونە ناو دنیای هونەری فۆتۆگرافی بوو بۆ ئەو، ئێستا وەک فۆتۆگرافەر لە ئاژانسی هەواڵ و بەدواداچوونی کوردستان پەیامێنر و ئاژانسی فرانس پرێس کار دەکات و ئەندامی کۆمەڵەی وێنەرگانی کوردستان و سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستانە.

ساڵی (٢٠٠٧) یەکەم پێشانگای تایبەتی خۆی بەناوی "چراکانی ژیان کردەوە، هەر لەو ساڵەش بەشداری پێشانگای هاوبەشی وێنەگرانی عێراق کرد لە وڵاتانی ئیتاڵیا و ئیسپانیا. ساڵی (٢٠٠٦) بەشداری لە پێشانگای هاوبەشی وێنەگرانی کوردستان کرد و توانی لە پێشبرکێی پێشانگەکەدا خەڵاتی (زێرین، زیون و برۆنزی) بەدەست بێنێت و ساڵی (٢٠٠٥) بەبۆنەی رۆژی رۆژنامەگەری کوردی، بەشداری لە پێشانگایەکی هاوبەش کرد لە هەولێری پایتەخت و توانی لە پێشبرکێی پێشانگاکەدا خەڵاتی زێرین بەدەست بێنێت.

فۆتۆگرافەر وێنەکانی لە زۆرێک لە رۆژنامە و گۆڤارە جیهانییەکان بڵاوبۆتەوە، لەوانەش (نیویۆرک تایمز، واشنتن پۆست، نیوز ویک، لۆس ئەنجلۆس تایمز، لیمۆندی فەرەنسی و یو ئێس تودەی)، ئەمە جگە لە بڵاوکردنەوەی لە گۆڤار و رۆژنامە کوردی و عەربییەکان.



سەفین حەمید:

# هیوای ماڵی ئاشتی بۆ خێزانی ماڵەکانی جەنگ دەخوازم



**هەڤپەیڤین: پەسار**

**پێشانگای "ماڵەکانی جەنگ" دووەم پێشانگای هونەرمەندی فوتۆگرافەر سەفین حەمیدە، بە هەمان شێوەی پێشانگای یەکەمی هونەرمەند بابەتێکی مرۆڤایەتی هەڵبژاردبوو کە بەناوی "چراکانی ژیان" بوو، لەم هەڤپەیڤینەدا چەند پرسیارێک لە بارەی دووەم پێشانگای ئاراستە کراوە.**



هەڵبــژاردنی وێنەکــانیش توانیم ئەم پێشانگایە ساز بکەم.

*** پەیامت لە هەڵبــژاردنی ئەم بابەتە بۆ پێشانگاکەت چی بوو؟**

- ئێمە کە دەڵێین "ماڵەکانی جەنگ" ئەوە بەستراوە بە "مرۆڤ"، "خاک" و "جەنگ"، پەیامی یەکەمم ئەوەیە کە بتــوانم ڕەوشی ژیانی ئەو مـــاڵانە بگەیێنمـــە خـــەڵک و دواتر ئەو وێرانکارییەی کە جەنگ لەدوای خۆی بەجێ هێشـتـووە. بخـەمە بەرچاو کە چۆن جـەنگ ئەو پەیوەندیەی لەنێوان خـاک و مـرۆڤ و مـاڵ دەپچـڕێنێت، دەمـەوێت بڵـێم کە جەنگ مـاڵ وێران دەکات.

*** ئەو بابەتەی کـــە هەڵت بژاردووە، جگە لەوەی بابەتێکی مــــرۆیی و ڕۆژنامەوانییە، لە هەمان کات شوێن پەنجـــەی هونەریش تێــــیــدا بەدی دەکرێت، ئەم تێکەڵکردنە چۆن بوو؟**

- مرۆڤ خۆی فیگەری (توخم) هەموو وێنەکــانە، مــرۆڤ لێــرەدا بەهایەکی هەیە، لەبەرئەوەی بابەتەکە پەیوەندی بە مرۆڤەوە هەیە دەبێت فـیگەریشی تێـدا بێت، بۆ ئەمـەش تێکەڵکردنێکم کردووە.

*** لەو کاتەی دیمەنی ماڵەکانی جەنگت دەگرت، چ هەســــتــــێـک لەلات دروست بوو، تا چەند کاردانەوەی بەسەر هونەرکەتەوە هەبوو؟**

- وام دەزانی کە من هەموو ئەو خەڵکەمە، هەستم دەکـرد من لەگـەڵ ئەو خـەڵکە لەوێ دەژیم، خـۆم خستە جێگەی ئەوان و گـوتم ڕەنگە ڕۆژێـک بێت منیش وەکـو ئەوانم لێ بێت، ئەوان وەکـو منداڵ، باوک، دایـک برا و خـــــوشکم وابوون، ئەوانە

*** بیـرۆکـەی ئەم پێـشـانـگـایە چۆن لەلات دروست بوو، چ شتێـک سەفین حەمیدی بەرەو "ماڵەکانی جەنگ" برد؟**

- ئەم بابەتە هی ئێستا نییە، ئەمە هی سێ ساڵ بەر لە ئێـسـتـایە، جارێکیـان سەردانی "کەمپی کــاوە"مــان کــرد، ئەو کــات دیمەنی هەندێ لەو خـێـزانانەمـان گـرت و لەو کـاتەوە هیـوای ئەوەم هەبوو بتـــوانم ئەمـــە بکەم بە بابەتێک، دواتر ســەردانی "قــەندیل" و "ناوچە سنوورییـــەکــان" دیکەی کـوردســتــانم کــرد، توانیم دوای ئەو دوو شـوێنە بابەتەکـەم بەتەواوی ئامـادە بکەم، دوای



میللەتی منن. هەوڵم دەدا زیاتر لە گرتەکان وردبمەوە، بەڵام لایەنی سۆز زیاتر بەسەرمدا زاڵ بوو، دواجاریش ئەمە خزمەتی وێنەکانی کرد. کاتێک کە فۆتۆگرافەر لە کاتی وێنەگرتندا هەست بەخەڵک و شوێنەکە دەکات، لە ئەنجامدا بەرهەمێکی باشی دەبێت. لەوێ توانیم تەواو هەست بەو ژیانە ناخۆشی ئەو خێزانانە بکەم، کە لەو ماڵانەدا ژیانیان بەسەر دەبرد، بۆیە دەبینی وێنەکان زیاتر دەربڕینن.

*** دیمەنێک لە "ماڵەکانی جەنگ" کە زۆر سەرەنجی راکێشای، توانیبێت وێنەی بگری یان نەت گرتبێت؟**

– وێنەکانی کە گرتوومە هەمووی بەلامەوە گرنگە، ئەو وێنەی کە زۆر کاریگەری لەسەرم هەبووە، وێنەی ئەو منداڵایە کە تایەی ئۆتۆمبێلێکی بەدەستەوەیە، ئەو منداڵە دەبوایە یاریەکی منداڵانەی بەدەستەوە بێت. تایە کە بازنەییە بەردەوام دەربڕینە لە بەردەوام بوون و سووڕان و دووبارەبوونەوە و مێژوو و زۆر شتی دیکە، پێم وانییە کە وێنەیەک زۆر سەرەنجی راکێشابم و نەمتوانیبێت بیگرم، هەر وێنەیەک سەرەنج رابکێشێت دەیگرم.

*** پێت وایە کە توانیوتە دیمەنی تەواوی "ماڵەکانی جەنگ" بگەیێنیتە بینەر؟**

– هیوا دەخوازم کە پەیامەکەم گەیشتبێت و کاردانەوەی لە لای ئەوانەوە دروست کردبێت، ئەوەی کە لەسەرم پێویستە من دیکەم وەکو ئەرکێک لەسەر شانم و لە هەمان کات پەیامەکەی خۆم دەگەیێنم.

*** پەیامت ئەوەیە کە ماڵێکی شایستەتر بۆ ئەو خێزانانە دروست بکرێت؟**

– بێ گومان، خۆی دوو لایەن هەیە، لایەنی یەکەم ئەوەیە کە وەکو ئەرکێک ئەم دیمەنانە بەئەمانەتەوە پێشان بدەیت، دووەم لەرێگەی پیشان دان و گەیاندنی پەیامەکەت چارەسەرێک دەدۆزیتەوە بۆ ئەوەی ئەو خەڵکە لە ژیانێکی باشتر ژیان بەسەر بەرن و ئایندەیەکی باشتریان هەبێت.

*** هیوای چی بۆ "ماڵەکانی جەنگ" دەخوازی؟**

– هیوای "ماڵی ئاشتی"یان بۆ دەخوازم و رۆژێک بێت بتوانن بگەڕێنەوە ماڵەکانی خۆیان.

*** شتێک بتەوێت لە کۆتایی دا باسی بکەیت؟**

– هیوادارم بتوانم بگەم بەهەموو شوێنێک کە خەڵک لەوێ لە نەهامەتی دان و بتوانم دیمەنەکانیان بە بینەری پیشان بدەم.

رەخنەی شانۆیی

# ناسینەوەی دەنگی تاوانباران لە ئەزموونێکی نوێی شانۆییدا

موحسین محەمەد

فیستیڤاڵی شانۆیی دهۆک، ماوەی چوار رۆژ شێوازێکی نوێی هێنایە ناو شانۆی کوردی. پێشتر شانۆکارانی کورد ئاشنایەتیان لە تەک ئەو جۆرە ئەزموونەدا نەبووە، جێگەی بەختەوەرییە ژمارەیەکی باشی شانۆکارانی سلێمانی و کەرکووک و هەولێر بانگهێشتی ئەو فیستیڤاڵە کرابوون، ئەوەی بینیمان لە سێ بەشی سەرەکی پێکهاتبوو:.

بەشی نمایشی شانۆگەرییەکان، بەشی کۆڕە رەخنەییەکان، وۆرکشۆپ بۆ چەندین پرسی شانۆیی، بەڕای من، وۆرکشۆپەکان هەرچەندە سوودی تایبەتی خۆیان هەبوو، بەڵام شتێکی زیادبوو بۆ سەر جەستەی فیستیڤاڵەکە. ئەوەی کە لە هەمووی گرنگترو نوێتربوو، ئەوەبوو، فیستیڤاڵەکە تەنیا بۆ یەک دەق و یەک نووسەر بوو، بۆ سێ کولتووری جیاواز، ئەڵمان، عەرەب، کورد، لە کێشەیەکی زۆر گرنگی مرۆڤایەتی، ئەویش ناسینەوەی دەنگی ئەو



تاوانبارانەیە، کە لەسەردەمی رژێمی دیکتاتۆریدا، خەڵکیان ئەشکەنجەداوە و دەست درێژی سێکسیان کردووە.

### تێکێستەکە

شانۆگەریی مەرگ و کچ، یان مردن و کچێنی، وەک ئەوەی لە فیستیڤاڵەکەدا هاتبوو، لە سێ کارەکتەر پێکدێ، پاوڵینا ژنێکە تەمەنی ٤٠ ساڵە، جیراردۆ ئسکۆبارس، پارێزەرە، مێردی ژنەکەیە، تەمەنی ٤٥ ساڵە، رۆبێرتۆ میراندا، پزیشکێکە تەمەنی ٥٠ ساڵە، پێشینەی شانۆگەرییەکە ئەوەیە پاوڵینا کاتێک قوتابی دەبێ لە کۆلێژ، هێزە



سیخورییەکانی بێنۆشێ دیکتاتۆری شیلی بەتاوانێکی نادیار زیندانی دەکەن، ماوەیەک ئەو ئافرەتە ئازارو ئەشکەنجە دەدرێ و دەستدرێژی سێکسی دەکرێتە سەری، ئەمەش کاریگەریی قووڵ لە دەروونی بەجێ دەهێڵێ. دوای رووخانی دیکتاتۆر خۆشبەختانە لە مردن رزگاری دەبێ و دەبێتە خێزانی جیراردۆی پارێزەر کە بە بەرگریکار ناسراوە لە بواری مافی مرۆڤ و سەرۆکی وڵات دەیکاتە ئەندامی لیژنەی لێکۆڵینەوە لە دۆسیەی ئەو تاوانبارانەی کە خەڵکیان ئازارو ئەشکەنجەداوە.

### شانۆگەرییەکە:

جیراردۆ کەسێک بانگهێشتی ماڵەکەی دەکا لە چاکەی، یارمەتیدان و هاوکاریکردنی لەو کاتەی کە دەیویست بچێتە سەر کارەکەی، تایەی ئۆتۆمبیلەکەی پەنچەر دەبێ و تایەی سپێرەکەشی بەهەمان شێوە، بێکەڵک دەبێ بۆ بەکارهێنان دکتۆر رۆبێرتۆ هاوکاری جیراردۆ دەکا، ئەویش بۆ ئەو چاکەیە بانگهێشتی ماڵەوەی دەکا. دکتۆر کە دەست بەقسان دەکا لە ماڵەکەدا پاولینا ئەو دەنگە دەناسێتەوە کە کاتێ لە زیندان بووە چەندین جار ئازاری داوە و دەستدرێژی سێکسی کردۆتە سەر شەو لەکاتی خەوتن پاولینا هەردوو دەستی دەبەستێ و دەمی توند دەگرێ، کە مێردەکەی بەئاگا دێ بەو کارەی ژنەکەی زۆر سەرسام دەبێ و وا هەست دەکا ژنەکەی بەتەواوی تێکچووە، بەهۆی ئەو رووداوانەی کە بەسەری هاتوون، بەڵام ژنەکە وریایی و هۆشیاری خۆی نیشان دەدا، بریار دەدا هەر لەماڵەکەی لە هەمان کات و ساتدا دادگایی بکا، نووسەر ناوونیشانی شانۆگەرییەکەی لە چوارینەی ژێداری شوبێرت هەر بەناوی مەرگ و کچ وەرگرتووە، چیرۆکەکەشی لە هەواڵی رۆژنامەیەکی شیلی وەرگرتووە کە لە ئەنجامدا ژنەکە تاوانبارەکە دەکوژێ.

### ئاریێل دۆریفمان

نووسەری ئەو شانۆگەرییە، ئاریێل دۆریفمانە، بەرەگەز شیلیە لە ئەمریکا نیشتەجێ بووە، پێشتر لە زانکۆی شیلی پرۆفیسۆری ماددەی ئەدەب و رەخنە بووە. لە ساڵی ١٩٧١ بوو بەراوێژکاری ئەلێندی سەرۆکی ئەوسای شیلی، لە ساڵی ١٩٧٣ بێنۆشێ بە کودەتایەکی سەربازی دەست بەسەر وڵاتی شیلی دادەگرێ و وەکو رژێمێکی دیکتاتۆری فەرمانڕەوایەتی وڵات بەرێوە دەبات. شەوی کودەتاکە دۆریفمان دەبوایە لە کۆشکی ئەلێندی بوایە، بەڵام بەخت یاوەری بووە، ئاگادار نەکرابووەوە، بۆیە لە مردنی راستەقینە رزگاری دەبێ پەنا دەباتە بەر ئەمریکا تا رووخانی بێنۆشێ لە ساڵی ١٩٩٠ دەگەرێتەوە شیلی.

بێگومان کەسێکی وەکو دۆریفمان کە ئەو پێگە رۆشنبیری و کۆمەڵایەتییەی هەبووە، لە تاراوگە ونی ناکات و هەمیشە هۆش و دڵی لای میللەتەکەی و لای وڵاتەکەی دەبێ، هەر لەبەر ئەوەش بوو دوای رووخانی رژێمەکە یەکسەر خۆی و خێزانەکەی دەگەرێنەوە وڵات دۆریفمان لە ئەمریکا پێگەی پرۆفیسۆری لە زانکۆی دیوک لە نیویۆرک وەرگرت، بۆ وتنەوەی وانەکانی ئەدەبی ئەمریکای لاتینی ئەو لە ئەمریکا ماڵ و نووسینگەکەی دەکاتە سەنگەرێکی دیکەی بەرگریکردن لە وڵاتەکەی و

مرۆڤایەتی دژی چەوساندنەوە و رژێمی دیکتاتۆری لە هەر کوێیەک هەبێ.

ئاریێل دۆریفمان پەخشان و چیرۆک و رۆمان و شانۆگەریی و سیناریۆی نووسیوە، جگە لە کاری رۆژنامەنووسیی و لێکۆڵینەوە لە بوارەکانی ئەدەب و هونەر، بابەتەکانی بۆ چەندین زمان وەرگێڕدراون.

دۆریفمان بەر لەوەی بگەڕێتەوە شیلی ئەم شانۆگەرییە دەنووسێ، بەڵام هەست دەکا شتێک هەیە لە ناوەوەی بزرە، بۆیە ماوەیەک واز لە دەقەکە دەهێنێ، دوای ئەوەی دەگەڕێتەوە شیلی، بەچاوی خۆی بارودۆخی ولاتەکەی دەبینێ، لە نزیکەوە هەست بەکاریگەریی ئازاری خەڵکەکەی دەکا، دوای رووخانی رژێمی دکتاتۆریی، حکومەتێکی نیشتمانی بە هەڵبژاردنی ئازادانە دێتەکایەوە باری سیاسی شیلی ئەوسا زۆر ئاڵۆزو نالەباربوو. چاوەڕێی هەڵگیرسانی شەرێکی ناوخۆ دەکرا، لەبەرئەوەی زۆربەی پیاوانی رژێمی پێشوو لە شوێنی خۆیان مابوونەوە، وەکو پەرلەمان و ئەنجومەنەکانی شارەوانی و دەزگا قەزاییەکان، جگە لە مانەوەی ژمارەیەکی زۆر لە سەربازو پلەدارەکانی سەربازیی لە ئۆردوگاکان و شوێنە هەستیارەکانی وەکو ئاسایش و دەزگا هەواڵگرییەکان. مانەوەی پیاوانی بێنۆشێ، بووە هۆی نارەزایی و بێزاری خەڵک لە حکومەتی نیشتمانی نوێ. بەدیدی دۆریفمان سەرۆکی نوێ پاتریسیۆن ئیلیۆن بەرنامەیەکی چاکسازیی پراگماتی لە ولاتەکە جێبەجێ دەکرد، سەرۆکی نوێ دەستەیەکی دادوەریی نوێی بەسەرۆکایەتی ریتیغ پێکهێنا بۆ دادگاییکردنی تاوانباران بەو مەرجەی تاوانبارەکان و دادگاییکردن نهێنی بێ، زۆربەی بڕیارەکانی ئەو دەستەیەشیان لە سێدارەدان بوو، یان نزیک بوو لە سێدارەدان دۆریفمان سەرسامی خۆی بۆ ئەو کارەی سەرۆکی نوێ ناشارێتەوە، دەڵێ: سەرۆک دەیویست تەوافق هەبێ لە نێوان ئەو کەسانەی کە دەیانەوێ،



ترس لە رابردوو بشارنەوە، ئەو کەسانەی دەیانەویست راستییەکان ئاشکرا بکرێن، دۆریفمان خۆی لەبەرەی دووەم بوو، تا لەوێدا بیرۆکەی شانۆگەرییەکە و دارشتنەکەی تەواو دەبێ، ئەو پرسیارانەی لە مێشکی شیلییەکان دەخولایەوە، شوێنی خۆی لە مێشکی دۆریفمان کردبووەوە، چۆن دەکرێ چەوسێنەرو چەوساوە بەیەکەوە لە نیشتمانێکدا بژین؟

هاوولاتیان چۆن دەتوانن بگەنە راستی لەکاتێکدا درۆکردن بۆتە نەریت؟ چۆن دەتوانرێ، رابردوو بەزیندووی رابگیرێ، بەو مەرجەی هاوولاتیان نەبنە زیندانی رابردوو؟ چۆن دەتوانرێ رابردوو لە بیر بکرێ؟ بەبێ هەستکردن بە مەترسی دووبارە بوونەوەی ئەو رابردووە تاڵە ئایا دەشێ قوربانی بە راستەقینە بدرێ بۆ زامنکردنی دڵنیایی و ئارامیی؟ ئایا لە توانادا هەیە ولات لە تونودتیژی دووربخرێتەوە، لە بارودۆخی ئاوادا بەزمانی شیلییەکان و ئێمەی کوردیش، چەند ئێمە هەر هەموومان بەبێ دوورخستنەوەی هیچ کەس، بەشدارین لەو گوناحانەی دەرهەق بەو کەسانەکراوە، کە لەسەردەمی رژێمی دیکتاتۆریدا، لە هەموو کەس زیاتر ئازاریان چەشتتووە؟ چۆن دەتوانین رووبەڕووی ئەو هەموو گرفتانە ببینەوە بەبێ ئەوەی کار لە ریزەکانمان بکا؟ کە دەبێتە هۆی چەسپاندنی سەقامگیریی و دیموکراسیی؟ زۆربەی کۆمەڵگاکانی



ژێر دەسەلاتی رژێمی دیکتاتۆری دوای ئازادبوونیان، سەردەمێکی زۆر بەدەست رابردوو دەناڵێنن و کاریگەریی راستەوخۆ لەسەر ژیانیان دەمێنێتەوە، ئەمەش بابەتی گرنگی ئەدەب و هونەرە.

**ناسینەوەی دەنگی تاوانباران:**

جەلادەکان پڕوای زۆریان بەئایندە هەیە، بۆیە کە مرۆڤەکان ئازار دەدەن و دەستدرێژی سێکسی دەکەنە سەریان، چاویان دەبەستن ئەوان لە ترسی سزادان خۆیان لە چاوەکان دەشارنەوە. لەو چرکە ساتانەدا مرۆڤەکان تەنیا گوێیان هەیە بۆ ناسینەوەی دەنگی جەلادەکانیان ئەو دەنگانە بەکەڵکی چی دێن ئەگەر نەتوانرێ بکرێنە بەڵگە لە دژی ئەو تاوانبارانە؟ ئەمە ئەو بۆچوونەیە کە پاولینا بڕوای پێ هەیە، سالانێکی زۆر وێنەی یاوەرییە تاڵەکانی زیندان و ئەشکەنجەدان و دەستدرێژی سێسی هەناو و مێشکی دەخوارد. ئەو چاوەڕێی سزادانی تاوانبارەکانە، بەلانی کەم خۆیان ئاشکرا بکەن و دان بەتاوانەکان بنێن، بۆ ئەوەی هەموو ئاسوودە بن. زوڵمەکانی سەرەوە ناشاردرێنەوە. پاڵەوانی رووداو و شانۆگەرییەکە متمانەی نییە، درۆ باڵی بەسەر مرۆڤایەتی داکێشاوە وێنەکان بەردەوام ئازاری دەدەن، ئەو خەریکە دەچێتە ناو تاریکی و شێت دەبێ.

لەناکاو، جەلادەکەی دەبێتە میوانی. دەتوانین ئەوەش بلێین، جەلادەکە لە دەوری تاوانەکەی دەخولێتەوە، دکتۆر رۆبێرتۆ لەسەردەمی بینۆشێ جەلادەکەبووە، دوای رووخانی رژێمەکە، لەسەر رێگا یارمەتی کەسێک دەدا، تایەکەی پەنچەر بووە، لەم رووداوە یەکتر دەناسن، دوای خواحافیزی دکتۆر رادیۆی سەیارەکەی دەکاتەوە گوێبیستی ئەو هەواڵە دەبێ کە دەڵێ: جیراردۆ ئیسکۆبارس بووەتە ئەندامی لیژنەی لێکۆڵینەوە لە تاوانەکانی رژێمی بینۆشێ، یەکسەر ئەو ناوەی بەبیر دێتەوە، کە لەسەر رێگاکە یارمەتی داوە، بۆیە هەرزوو خۆی دەگەیەنێتە ماڵەکەی و تایەکەی سپێری بۆ دەبا وەکو کەسێکی ئینتیهازی و تاوانبارێک بە دوای سۆراخی کارەکانی لیژنەی لێکۆڵینەوەکە، نزیک دەبێتەوە، بەلام بەخت یاوەری نابێ، تا لەو ماڵەدا دەنگی دەناسرێتەوە، لە هەواڵەکەدا هاتووە، هەر لە ماڵەکە بە سزای خۆی دەگا.

ئاریێل دۆریفمانی نووسەر بابەتێکی زۆر دانسقەی هەڵبژاردووە، ئەو دەیەوێ لە تاریکییەوە بەرەو سزادانی تاوانباران بڕوا، ئەوانەی خۆیان شاردۆتەوەو نایانەوێ دان بەتاوانەکانیان بنێن، کەواتە چۆن کۆمەڵگە ئاسوودە دەبێ، ئەگەر جەلادەکان لە ژێر تینی تیشکی خۆردا خۆیان بشارنەوە؟ ئەدی ئەوانەی رووخساریان ئاشکرایە؟ بێ باکانە لەسەر شەقامەکان دەرۆن و چاوەڕێی ئایندەی گەشترن، لەسەر پشتی قوربانییەکان، هەناسەی ئازادی هەڵدەمژن، کۆمەڵگا هەمیشە چاوەڕێی دادپەروەرییە. ئەو هیچی دیکەی ناوێ، چونکە باش دەزانێ لە هەناوی دادپەروەریی بەختەوەریی لەدایک دەبێ.

شانۆگەریی مەرگ و کچ، ناوبانگی زۆری پەیدا کردووە، لەسەرەتا بەزمانی ئینگلیزی لە لەندەن

نمایش دەکرێ، پاشان چەندین شانۆی نەتەوەی دیکەی وەکو عەرەب و کورد دەقەکە دەهێننە سەر شانۆو چەندین خەڵاتی شانۆیی بەرکەوتووە، سیناریۆی بۆ نووسراوە و لەلایەن رۆمان بۆلنسکی کراوەتە فیلمێکی سینەمایی.

ئەم شانۆگەرییە زۆر نزیکە لە رەوشی سیاسی عێراق، لەبەر ئەوە دەقەکە سەرنجی شانۆکارانی عەرەب و کوردی راکێشاوە. تیپی نەتەوەیی بۆ نواندن بە بۆنەی بیرەوەری سی و نۆ ساڵەی دامەزراندنی، لە دەرهێنانی ئیبراهیم حەنون، شانۆگەرییەکەی نمایش کردووە، سادق مەرزووق لە بابەتێکی رەخنەییدا، شانۆگەرییەکە بەم شێوە راڤە دەکا. (دەرهێنەر لەسەر بنەماکانی ململانێی جووتە دژەکان کاری لەسەر دەقەکە کردبوو، وەکو دەق/ نمایش، رووناکی، تاریکی، مۆسیقا، جەنگ، تۆڵەسەندنەوە، لێبوردەیی دەرهێنەر لە سەرەتا تا کۆتایی ئیشی لەسەر تێکدانی نێوان بێدەنگی و جێگا، رووناکردنەوەی شوێنە تاریکەکان کردبوو. هەوڵیدەدا شانۆو بینەران تێکەڵ بەیەک بکا، هەروەها کۆمەڵەی ناسریەکان، ئەو شانۆگەریيان لە دەرهێنانی یاسر بەراک لەسەر شانۆی نیشتمانی نمایش کردووە، عەباس کازم رەحیمە لە بابەتێکی رەخنەییدا، لە ژێر ناوی پرسی نمایش لە گێڕانەوەی دەق بەم شێوە نمایشەکە دەخوێنێتەوە:

ئەم دەقە لە ناوەڕۆکدا نزیکە لە واقیعی کۆمەڵگای عێراقی هەمان ئەو قۆناغە دەبینین لە رووخانی رژێمی دکتاتۆریی دەرهێنەر هەوڵیدابوو، ناوەڕۆکی دەقەکە ببەستێتەوە بە ئەو واقیعەی کە کۆمەڵگای عێراقی تێیدا دەژین لە ئازارو ئەشکەنجە و دەستدرێژیکردن لەسەردەمی رژێمی دکتاتۆری بەغدا، پێشاندانی ئەنفال و عەلی کیمیاوی لەسەر شاشەی سینەما بەدیدی ئەو رەخنەگرە دەرهێنەر هەڵەی کردووە کاتێک شانۆگەرییەکەی بەو شێوازە نمایش کردووە ئەو دەبوایە پانتاییەکانی رۆژئاوا بەکاربهێنێ لە پانتاییەکی عێراقی بەرجەستەی بکا بەدیدی ئەو نمایشەکە ناسنامەکەی ون کردووە.

دەرهێنەر د. فازڵ جاف بەر لە فیستیڤاڵی شانۆیی دهۆک ئەم شانۆگەرییەی لە سوید و لە کوردستان نمایش کردووە بەداخەوە نەمتوانی ئەم شانۆگەرییەی کاک فازڵ ببینم لەبەرئەوە ناتوانم هیچ شتێک لەسەر نمایشەکە بڵێم ئەو بابەتانەی کە لەسەر شانۆگەرییەکەش نووسراون دوورن لە بۆچوونەکانی من، بۆیە ناتوانم ئەو پەیوەندییەش دروست بکەم وەک لەگەڵ بابەت و نمایشەکانی پێشوو کردوومن.

## نمایشەکانی فیستیڤاڵی دهۆک

### شانۆی نەمسا لە مەرگ و کچدا

خاتو ئۆلریکادۆریگەر بەرەگەز نەمساوییەو لە ئەڵمانیا دەژی. بەشێوازی مۆنۆدراما ئەم دەقەی لە کاتی کردنەوەی پێشانگای شێوەکاری هونەرمەندانی کوردستان لە گەلەری دهۆک، وەکو یەکەمین نمایشی فیستیڤاڵی شانۆیی دهۆک پێشان دا، سەرەتا هەستم کرد، نابێ ئەو دەقە بەو شێوە کورت بکرێتەوە. ماوەی نمایش سی و پێنج خولەک بوو، دواندن و خۆدواندنەکان، بەهەردوو زمانی ئەڵمانی و ئینگلیزی دەگوتران ئەمە وایکردبوو نە بابەتەکە نە ململانێیەکە بگات. هەموو دیمەنەکان بەچاوتروکانێک رەت دەبوون لەگەڵ کردنەوەی پێشانگەکە بینەران دەرژێنە ناو گەلەریەک تا دەگەنە دوایین هۆڵ، ئۆلریکا لەسەر زەوی درێژ ببوو، بەرچەرچەفێکی سپی خۆی داپۆشتبوو ئەو مردبوو، یان خەوتبوو هەرکە هەڵدەستێتەوە بەگۆرانی چەندین گەرام لە شارانی هونەرمەند هۆمەر دزەیی سەمای دەکرد ئەمەش سەرەتایەکی دیکەی دەرچوون بوو لە ئامانجی فیستیڤاڵەکە. ئۆلریکا نەدەبوایە بابەتی شانۆگەرییەکەی لە کورد نزیک بکاتەوە، ئەو دەبوایە وەکو نەمساوییەک کێشەکە بخاتەڕوو مەبەستی فیستیڤاڵەکە بەدیارخستنی هەست و توانای جیاوازە لە گروپە شانۆییەکان بۆ ئەم بابەتە جیهانییە ئەمەش لە نمایشی عەرەبی ئەڵمانی و کوردی زۆر بەجوانی بەدیار کەوت کارەکەی ئۆلریکا لە دەرەوەی ئەم

فیستیڤاڵە مایەی خۆشبەختییە هونەرمەندێکی نەمساوی هاوسۆزیی لەگەڵ کێشەی مرۆڤی کورد هەبێ بێگومان ئۆلریکا هونەرمەندێکی بەتوانایە جولەو هەستێکی ناسکی هەیە هەر لەناو گەلەریەکەدا کۆمەڵێک وێنەی فۆتۆگرافی و چاپە پەستێکی گەورە هەیە کە بە دووکەڵ رەش ببوو، لەسەر زەوی دانرابوون، سێنیەک سێ تەماتەی لەسەربوو هەموو ئەمانە پاشماوەی کاتێکی ناخۆشی بەیاد ئێمەی دەهێنایەوە ئەو ویستی جوان بەکاریان بێنێ، بەڵام لەبەر ئەوەی کارەکە زۆر کورت کرابووەوە، بەدیدی من ئەو مەبەستەی نەپێکا ئەگەر بابەت بەروونی و بەتێری نەگاتە بینەران کەرەستەو جولانەوەکان بەفیرۆ دەچن. زۆر ئاستەمە ئەکتەرێک لە یەک کاتدا بتوانێ سێ کارەکتەر لە ململانێیەکی هاوبەشدا کۆبکاتەوە، کە خۆی سەرچاوەی دروستبوونی ئەو ململانێیەیە لە نمایشەکەدا نەک لە بابەتەکەدا ئۆلریکا ئەگەر تەنیا ئەو بەشەی وەربگرتبا کە دەست درێژی دەکرێتە سەر لەگەڵ ئەو بەشەی کە دەنگی تاوانبار دەناسێتەوە زۆر سەرکەوتووتر دەبوو، واتە ئەو بەشەی کە تایبەتە بە ئازارە دەروونییەکانی خۆی لە مۆنۆدراما زۆر سەختە ئەکتەرێک بتوانێ دوو کارەکتەر لە ململانێیەکی توند و بەرابەر بەیەک کۆبکاتەوە، ئەمە بوو ئەوپەڕی لاوازی نمایشی ئۆلریکا. گەزیزە و میدیا رەوف، بەتایبەتی لەم تێبینییەدا زۆر کارامە و هۆشیارن، من بۆ خۆم لەگەڵ ئەم تێبینیانەشم زۆر چێژم لە نواندنی ئۆلریکا وەرگرت، پێمخۆشە زۆرتر ببینم، بەڵام باشتر ببینم.

### شانۆی کوردی لە مەرگی کچدا

دووەمین نمایشی فیستیڤاڵەکە لەلایەن هونەرمەندانی دهۆک پێشکەش کرا، دەقەکە بە فۆرمی شانۆی ئەوروپی و رۆحیەتی شانۆی کۆردی بەرجەستەکرابوو. دکتۆرو جیرالدۆ پاولینا هەمان کەسایەتییەکانی دەقەکە بوون، ئەم یارییەی هەردوو دەرهێنەر عادل حەسەن و شێرزاد عەبدوڵڵا جۆرێک لە جوانی و جۆرێک ناهارمۆنیەتی دەگەیاند، بابەت و ململانێی دەقەکە لە ناوەوەیدا بەشێکە لە کولتووری میللەتان لەسەردەمی رژێمی دیکتاتۆریدا لە رووخساردا دەقەکە دەتوانێ هەڵگری مۆرکی نەتەوەکان بێ لە شوێنە جیاجیاکانی گۆی زەویدا. هەر ئەم دوو خەسڵەتە گرنگەیە ئەم چوار نەتەوەی لەم فیستیڤاڵە کۆکردۆتەوە، بۆ نمایشکردنی مردن و کچێنی. من ناڵێم نەدەبوا عادل و شێرزاد ئەو دەقە بەم تێکەڵکردنە نمایش بکەن، بەڵام جوانتر دەبوو ئەگەر بەتەواوی کرابوایە کوردی، ئەم راستییەش لە نمایشی عەرەبەکانی بەغدا بەتەواوی دیاربوو، هەردوو دەرهێنەر سەرەتا لە دەرگای بێئاگایی، مەستبوونی دکتۆر جیرالدۆ دێتە ناو ئاشکرابوونی دەنگی تاوانبار رووبەڕووبوونەوەی پاولینا لەگەڵ دکتۆر ئەحمەد مشەختی ئەکتەرێکی زۆر بەتوانایە. من پێشتر لە زەماوەندی خوێنی فەرهاد فەقێ ئەوم بینیوەو دەزانم چتوانایەکی هونەری هەیە. ئەو زۆر هەوڵیدەدا پارسەنگی ئەو تێکەڵاو کردنە بپارێزێ ئەوەی ئەو جیاوازییەی خستەڕوو ئەحمەد مشەختی بوو، ئەو بە ئێمەی دەگوت بارەکە قورسە ریتمی نمایشی ئەو وەرسهێنەر نەبوو ئەو لە هەڵچوونەکانیدا زۆر کوردانە بوو بەرادەیەک ئەوەی لەبیر دەبردینەوە کە دکتۆرێکی ئەورووپیە ئەو وەک هەر ئەکتەرێکی کورد زیادەڕۆیی هەبوو لە هەڵچوونەکانیدا بەڵام رەزای قورس نەبوو. ئەگەر بەهەڵەدانەچووبم ئەحمەد جارێک خۆی لەبیرکرد کە بەسەر خۆشی هاتە سەرشانۆ، تاوێک شوشە شەرابەکەی سەرەو ژێرکرد وەکو ئەوەی هیچی تیا نەمابێ، هەر لە هەمان دیمەن جارێکی دیکە قومێکی تری لە شوشە شەڕابەکەدا من هەستم بەوە نەکرد لەکاتی خواردنەوەکە قەپاغی شوشەکەی دادابێتەوە. هەردوو دەرهێنەرو هەرسێ ئەکتەری سەرەکی بەتایبەتی رێزان زۆر بوێربوون لە دیمەنەکانی ئارەزووی تۆڵەسەندنەوە بەهەمان رێگەی تاوانبار رێزان چەند بوێرو نەرم بوو لەسەر شانۆ من هەستم دەکرد توانای تەکنیکی ئەو لە نواندن جارێ

کالەو بەتەواوی پێنەگەیشتووە لە قوڵی پاولینادا کاتێک دکتۆر رۆبێرتۆ بۆ وێنەگرەکە دان بەتاوانەکەی دەنێ، دەرهێنەر رووی کامێرای وێنەگرەکە لە بینەران دەکا وێنەی ئەوانیش دەچێتە سەر ئەو شاشەیەی کە پێویست بوو تاوانباران دان بەتاوانەکانیان بنێن ئەمەش هەمووان بەرەو پاکبوونەوە دەبا وەکو نمایشی عەرەبەکان سەبارەت بە دیکۆری شانۆگەرییەکە جۆرێک لە ئاڵۆزی پێوەدیاربوو پاولینا لەناو تابوتێک هاتە دەرەوە خۆزگە شوێنەکە گۆڕستانێک بوایە لە ژێر دارێکی گەورەدا دکتۆرو جیرالدۆ بۆ خواردنەوە هاتبانە ئەو شوێنە و هەستی زیندبوونەوەی قوربانی دەستی تاوانبار پاولینای زیندووبکردایەتەوە ئەڵمانەکان لەسەر پردێک ئەو هەستەیان زیندووکردەوە عەرەبەکانیش لە ماڵێکدا.

لە دەقەکەدا من هەست بەبوونی چرکەساتی هەستی ئافرەتەکە دەکەم کە چۆن دەنگەکە دەناسێتەوە لە هەر چوار شانۆگەرییەکەدا ئەوەم بەدی دەکرد ئەگەر هەش بووبێ ئەوە زۆر بەخێرایی گوزەری کردووە هاواری پاولینا بۆ ناسینەوەی دەنگی تاوانبار هاواری هەزاران کەسە کە بوونەتە قوربانی دەستی رژێمی دیکتاتۆری و جەللادەکانیان، کە ئەگەر ئازادی هاتەدی ئەو دەنگانە نادۆزرێنەوە ئەگەر دۆزرانەوە هیچ یاسایەک نییە دەنگ بگاتە بەڵگە بۆ ناسینەوەی تاوانباران لە رووداوێکی بەسەرچوودا هەردوو هونەرمەند، عادل حەسەن و شێرزاد عەبدوڵڵا دەقەکەیان بەشێوازی بەرجەستەکردنی تێکەڵاو لە فۆرمی شانۆی ئەوروپی و رۆحیەتی شانۆی کوردی بەنواندن و دەرهێنان نمایشکرد ئەمەش جۆرێکە لە کاری هونەرمەندانی کورد، لەسەر جەستەی شانۆی جیهانیدا. ئێمە بۆمان نییە رەخنە لەو مافەی ئەوان بگرین، کاتێک کە چێژمان وەرگرت لەسەرمانە پیرۆزباییان لێبکەین بەبۆچوونی من عادل و شێرزاد ئەوەیان کرد، بۆیە شایانی ئەو پیرۆزباییەن.

## کوردو ئەڵمان لە مەرگ و کچ دا

سێیەمین نمایشی فیستیڤاڵی شانۆیی دهۆک، بەرهەمی شانۆی، ماڵی شانۆی ئەڵمانی بوو، لە نواندنی ئەنتیا هوبوخێر، کریستۆڤ ئونگلاوبی، بیرناردۆس ماندێرس دەرهێنانی ئیحسان عوسمان بەدیدی من شانۆگەرییەکە ئاوێتەیەک بوو لە شانۆی ئەوروپی و دەرهێنانی کوردی راستە دەرهێنەر نەیتوانیبوو لەو تێڕوانینە رۆژهەڵاتییە کوردییە رزگاری ببێ، بەتەواوی وەکو هەر سی ئەکتەرەکەی لە شانۆی ئەوروپی بژی. شوێن لە شانۆگەرییەکە پانتییەک بوو لە ئەوروپا دەچوو، دەکرێ بڵێین شوێنێکە لەو جۆرە پردێک لە قولایی چەپی رووەو بینەر بەلاری بۆ ناوەڕاستی شانۆ درێژ ببووەوە دوو پیاو و ئافرەتێک لە قووڵایی چەپ لەسەر پردەکە دەیانخواردەوە و کاتیان بەسەر دەبرد، یەکێکیان کە دوای دەردەکەوێ دکتۆرەکەیە چەنەچەنی زۆر دەکا بەردەوام قسە دەکا دوانەکەی کەمتر قسەدەکەن لەو دیمەنەدا دەرهێنەر نەیتوانی ئاماژەی ئەوە بکا پاولینا کە گوێدەگرێ کەوتۆتە ناو یادەوەرییە تاڵەکان، کە چۆن لەسەردەمی رژێمی دکتاتۆری شیلی دەستدرێژی کراوەتە سەر. ئەو دیمەنە زۆر بەسادەیی لە کەش و هەوایەکی شاعیری یەکسەر بازدەداتە سەر دیمەنی ئەشکەنجەدان و دانپیانان. ئافرەتەکە پاولینا دکتۆری بەستۆتەوە بەدەبانچە دەیەوێ دکتۆر دان بەتاوانەکەی بنێ کە چەندین جار دەستدرێژی سێکسی کردۆتە سەر، بەڵام دکتۆر بەردەوام زۆر بەتوندی داواکەی رەتدەکاتەوە و بێگوناهیی خۆی نیشان دەدا، پاولینا بەوپەڕی توندی فشار دەخاتە سەر دکتۆرو رووتی دەکاتەوەو لێیدەدا لە ئەندامی نێرینەی دەدا. جیرالدۆ هەوڵ دەدا پاولینا هێور ببێتەوە واز لەو بیرۆکەیە بێنێ کە چی بەو داوای لێدەکا هاوکاری بکا دەستدرێژی سێکسی بکاتە سەر. پاولینا رووی دەبانچەکەی لە جیرالدۆ دەکا ئەگەر داواکە نەهێنێتە دی ئەوە دەیکوژێ. جیرالدۆ ناچار دەبێ، بەڵام هەرزوو پەشیمان دەبێتەوە بەم شێوە ململانێیەکە

دەچێتە پێش تا لە دواجار دکتۆر بۆ کامێرا دان بەتاوانەکە دەنێ، بەڵام ئیحسان کامێراکەی چەشنی عادل لە نمایشی دهۆک بەکارناهێنێ دەرهێنەر پەیڕەوی دەقەکەی کردبوو ئەوەش پرسیاری لای من دروست کرد لە سیمینارەکەش ئەو پرسیارەم لە دەرهێنەر کرد بەڵام وەڵامی نەبوو، ئایا ئەشکەنجەدانی تاوانبار لە شانۆی ئەڵمانی ڕەوایە؟ لە شانۆی کوردی لە بابەتی چەشنی پاولینا هەندێک ڕەوایەتی تێدایە، بەڵام ئەمە بۆ شانۆی ئەڵمانی بۆ من جێگەی پرسیاربوو.

دەرهێنەر بەهۆی ئەو ستوونە ئاسنینەی کە لە بەرزایی شانۆکەوە هاتبووە خوارەوە بۆ سەر بەکرەیەکی گەورەی دارین (تایبەت بەکێبڵ) شانۆکەی کردبووە دوو پارچە لەڕووی جوانکاریی و بینینی شانۆییەوە بەدیدی من هەڵەیەکی گەورەبوو، هۆیەکەش ئەوەیە دەرهێنەر دەبوایە ئەشکەنجەدانی دکتۆر لە ناوەڕاستی شانۆکە دابنێ و گورییسی سێدارەی بۆ بهێنێتە خوارەوە، کە زۆر بەرز هەڵواسرابوو تاوەکو دکتۆر نەتوانێ خۆی هەڵواسێ، بەڵکو تەنیا ئازار بچێژێ، ئەمەش جۆرێکی دیکەی ئەشکەنجەدانی تاوانبارە. بەدیدی دەرهێنەر ڕاستی من لەم نمایشە چارەسەری کوردانەم بینی لە نواندنێکی ئەوروپی بۆ کێشەیەکی جیهانی. ئەوەی لای من جێگەی سەرنج بوو دەرهێنەرێکی کورد بتوانێ ئەکتەری ئەڵمانی بجولێنێتەوە، بەڕاستی مایەی دڵخۆشییە ڕەنگە ئیحسان ئایندەیەکی گەشی هەبێ، بەڵام زۆر ئاستەمە بتوانێ لەو ڕابردووە ڕزگاری بێ کە تێیدا ژیاوە بێگومان ئەو ڕابردووە کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر دیدی ئەو دەبێ بۆ بابەتە شانۆییەکان وەک چۆن لەم شانۆگەرییەدا زۆر بەڕوونی ئەمەمان بینی. هونەرمەندی کورد ئەگەر بیەوێ ئاوێتەی کولتووری ڕۆژئاوا ببێ پێویستە خۆی لەو کولتووره ڕزگار بکا کە لەناو یادەوەرییەکانیدا نیشتووە، بینەری ڕۆژئاوا ڕەنگە بەرهەمێک یان دوو بەرهەم لە هونەرمەندی سەر بەهەر کولتوورەک وەربگرێ بەڵام ناتوانێ تا سەر بەو کولتووره بەردەوام بێ. ئاوێتەبوون، کە بە خۆگونجاندن ناسراوە مەرجی سەرەکی بەردەوام بوونە بۆ داهێنەران. ئایا هونەرمەند ئیحسان عوسمان دەتوانێ ئاوێتەی کولتووری ڕۆژئاوا ببێ، تاوەک بتوانێ بەردەوام بێ. بێگومان ئایندە وەڵامی ئەم پرسیارەمان دەداتەوە.

## شانۆی عەرەبی لە مەرگ و کچدا

چوارەمین نمایشی فیستیڤاڵی شانۆیی دهۆک لەلایەن کۆلێژی هونەرە جوانەکانی بەغدا پێشکەش کرا، ئەوەی بینیمان هەمان ناوەڕۆک و تێکستی دەقە سەرەکییەکە بوو بە ئامادەکردنێکی تەواو لە گۆڕانێکی زۆر بچووکی دەقەکە وەکو ناوەکان. دەرهێنەر هەیسەم عەبدولڕەزاق بەر لە پێشاندان دیکۆرەکەمان بۆ ئاشکرا دەکا، وەکو شوێنێکی ناتەواو. تۆڕی ڕووناکییەکە زۆر هاتبووە خوارەوە، تاخمێک قەنەفە لە ناوەڕاستی ڕاست (ڕووەو بینەران) بە چەرچەفێکی سوور داپۆشرابوو، هەندێ کورسی و مێز لە ناوەڕاست، لە دواوەی چەپ کۆمەڵێک دۆسیە بە پەرش و بڵاوی و لەسەر یەک دانرابوون، شوێنەکە پێکهاتەیەک بوو لە ماڵ و نووسینگەی کارکردن، کاتەکە وا پێدەچوو شەو بێ، ڕووناکیەکە ئەو ئاماژەیەی هەبوو، سوها سالم و. د. مەیمون خالدی کە ڕۆڵی ژن و مێردەکەیان هەبوو، هەر لەسەرەتاوە بارێکی گرژیان بە ئێمە نیشاندا. فەلاح دەراجی کە ڕۆڵی دکتۆرەکەی هەبوو، بەتایەیەکی سپێر دێتە ژوورەوە لەگەڵ هاتنە ژوورەکە ژنەکە ئاماژەی ئەومان بۆ دەکا یەکێکی غەریب، بەڵام بینراو هاتۆتە ژوورەوە دەیەوێ بە یادی بێتەوە ئەمە هەڵەیەکی گەورەبوو، دەبوا دوای چەنە چەنەکەی دکتۆر ئەوجا بکەوتایە یادکردنەوەی پیاوەکە چونکە کێشەکە ناسینەوەی دەنگی پیاوێکی تاوانبارە کە لەسەردەمی ڕژێمی دیکتاتۆری چەندین جار دەستدرێژی کردۆتە سەر ئەو ژنە و هەموو ئەم ڕووداوانەشی بۆ مێردەکەی گێڕاوەتەوە ئەمە تێبینییەکی تربوو، لە ئامادەکردنەکە پێویستی بەچارەسەری هەبوو، ئەم ڕووداوە بۆ کۆمەڵگەیەکی

وەکو شیلی ئەوەندە کاریگەری کۆمەلایەتی نییە، بەلام بۆ کۆمەڵگەیەکی عەرەبی وەکو عێراق زۆر سەختە، راستە مێردەکە دکتۆرەو کەسێکی چاوکراوەیە ئەمە لە خۆشەویستییەکی قوڵدا پەسەند دەکرێ، بەلام دیسان بۆ بابەتی ژنێکەکە پێویستی بەچارەسەرییەکی لۆژیکیانە هەیە، ژنەکە چەشنی ژنە نەمساوییەکە لە نمایشی نەمساوییەکە و ژنە ئەڵمانییەکە لە نمایشی ئەڵمانییەکە و نمایشە کوردییەکە، زۆر توندو تیژبوو، لە سنووری دەقی نووسەر دەرنەچووبوو، ئەو بۆ ئەوەی دکتۆر دان بەتاوانەکەی بنێ، ئامادەبوو مێردەکەشی بکوژێ، کەش و هەوای نمایش هەمان ئەو توندوتیژیەبوو کە لە نمایشەکانی پێشتردا هەبوو، بەلام چارەسەری ئەوان تەواو جیاوازبوو، لە کۆتاییدا هەرسێکیان تاوانبارو تاوانلێکراو مێردەکە، دەست دەکەنە گسکی شانۆکە، ماڵەکەو نووسینگەکە پاک دەکەنەوە. شانۆگەرییەکە بەپاکردنەوەی پاشماوە پیسەکان کۆتایی دێ، ئەم تێڕوانینە نەمساوییەکە و هەرسێ ئەڵمانییەکەی لە سیمینارەکە بە قسە هێنا، کە پێشتر ئەوان قسەیان نەدەکرد، عەرەبە عێراقییەکان بەدیدی خۆیان تەماشای ئەو کێشەیان دەکرد و درکیان بەوە کردبوو کە زۆر ئاڵۆزە بۆیە پەنایان بۆ ئەو چارەسەرییە بردبوو، ئەوان لە ئامادەکردنەکە زۆر باشتر بوون لەوانی بەر لە خۆیان، بەلام ئەوەی جێگەی رەخنەبوو شێوازی عەرەبی پاراویان بەکارهێنابوو کە لەگەڵ کەش و هەوای شانۆگەرییەکە نەدەگونجا. ئەوەی بینیمان بەهۆی تۆری رووناکییەکە و کەلوپەلەکان و پاشان کرێکارێکی شانۆ لەکاتی نمایش دێتە سەر شانۆو مێزێک دەهێنێتە سەر شانۆ، بەمەش پێمان دەڵێ، ئەوەی دەیبینن شانۆگەرییە، واتە ئەوەی بینیمان شانۆ لەناو شانۆ بوو، لەبەرجەستەکردنێکی ریالیزمییانە بۆ کێشەکانی دوای سەردەمی رژێمی دیکتاتۆری سێ ئەکتەر لەسەر شانۆ لەکاتی ئامادەکردنی دیکۆر، ئەو یارییە دەکەن، یان ئەوەی بینیمان پرۆڤەیەکی شانۆیی بوو، هەر چۆنێک بووبێ، دەبوایە زمانی ئاخاوتن عەرەبی گشتی بوایە ئەمەش بۆ نمایشەکانی ناوەوەی عێراق زۆر لەبارتر دەبوو.

### سەرەنجام

دەقی شانۆگەریی مەرگ و کچ، بابەتێکی گرنگ و پێویستە بۆ ئەو کۆمەڵگایانەی کاریگەری رژێمی دیکتاتۆریان بەسەر ماوە، ئەم بابەتەش شوێن پێگەی لەناو هەموو کولتوورەکاندا هەیە، هەر کولتوورێک بەچەشنێک دەروانێتە بابەتەکە و چەشنێک لە چارەسەری بە رەوا دەبینێ، ئەوەی کە زۆر گرینگە ئافرەت وەکو قوربانییەکی ئەو رووداوە ئازارەکانی لە قوربانییەکانی تری سەردەمی دیکتاتۆری زیاترە، ئەوەی کە زۆر هاوبەشە هەر هەموو کولتوورەکان چاوەڕێی تۆڵەسەندنەوەن لەو تاوانبارانەی کە مرۆڤایەتیان ئەشکەنجەداوە. هەر یەک لەو کولتوورانە بەجۆرێک دەروانێتە چارەسەرییەکە، هەیە دەیەوێ بەسزای کوشتن چارەی بکا، هەیە دەیەوێ تاوانبار دان بەتاوانەکەی بنێ، بۆ ئەوەی کۆمەڵگا بەرەو پاکبوونەوە بڕوا، لەڕووی فۆرمەوە دەقەکە دەتوانێ هەڵگری چەندین فۆرمی جیاواز بێ، هەر لە ریالیزم تاوەکو سیمبۆلیزم و ئەزموونگەریی، بەلام دەقەکە بەشێوازی مۆنۆدراما ناتوانێ بەتەواوی پەیامی راستەقینەی خۆی بگەیەنێ، رەنگە کارێکی هونەری لێدەربچێ، بەلام ناتوانێ ئەو ململانێیە راستەقینە بخاتەڕوو وەک لە دەقەکەدا هەیە.

**سەرچاوەکان:**

**١- پێشەکی وەرگێڕانی شانۆگەریی مەرگ و کچ بۆ زمانی عەرەبی، نووسینی: عەلی کامل، لە ماڵپەری المهاجر.**

**٢- چۆن ئەم شانۆگەرییەم نووسی، ئاریێل دۆریفمان، وەرگێڕانی بۆ عەرەبی نەجاح جومەیلی، ماڵپەری منتدى المسرحيون.**

**٣- فیستیڤاڵی شانۆی دهۆک ٢٩/٦/-٢/٧/٢٠٠٨**



# هاری پۆتەرو سیحری سینەما

هۆزان عکو
و: محەمەد سلێمان عەباس

کەس گومانی لەوە نییە کە سینەمای منداڵان گرنگەو بایەخی خۆی هەیە، لەبەرئەوەی رۆڵی لە نەشونماکردن و گەشەپێدانی هزرو تواناو خەیاڵ و شارەزایی منداڵان هەیە، هەروەها دەسکەوتێکی ماددی باشی لەبواری بازرگانی سینەمادا هەیە.

بازاڕی فراوانی سینەمای منداڵان وای لە دەرهێنەرو کۆمپانیاکانی دەرهێنانی فیلمی سینەمایی کردووە، روو بکەنە بەرهەمهێنانی فیلمی منداڵان، کە زیاتر فیلمی سیحرئامێزو خەیاڵییە. بازاڕی سینەمای منداڵان مسۆگەرو فراوانەو قازانج و دەسکەوتی زۆرە، لەبەرئەوەی



منداڵ چەند جارێک فیلمێک ببینێت بێزار نابێت و حەزدەکات دووبارەو سێ بارە تەماشای بکاتەوە، بەلام گەورەکان حەزناکەن یەک یان دووجار زیاتر سەیری فیلمێک بکەن. ئایا هۆکارەکانی سەرکەوتنی فیلمی هاری پۆتەر بۆچی دەگەڕێتەوە؟. لەبەرئەوەیە کە جیهانێکی ئەفسووناوی و خەیاڵی دوور لە واقیعی ژیان بۆ منداڵان هێناوەتە ئاراوەو دروستکردووە، هەروەها بۆ گەورەکانیش خەمڕەوێن و هەناسەیەکی حەسانەوەیەو بەهۆیەوە دووردەکەوێتەوە لە گرفت و سەختی و تاڵی ژیانی واقیعی مرۆڤ، یان لەبەرئەوەی هاری پۆتەر وەک سیحربازێکی بچووک شتێکی نوێی لە لایە لە ململانێی نێوان چاک و خراپەدا بیخاتەڕوو.

دوورنییە کەسایەتی هاری پۆتەر هۆکارێکی سەرەکی سەرکەوتنی ئەم فیلمە بێت، لەبەرئەوەی هاری پۆتەر کەسایەتییەکی وای هەیە کەوا لە بینەر دەکات خۆشی بوێت و سۆزی بەرامبەری هەبێت، چونکە لە لایەک هاری پۆتەر منداڵێکی بێ دایک و باوکەو لە رەوشێکی خراپ دایەو ژیانێکی تاڵ و تراژیدی لە ماڵی پوری بەسەردەبات و نارازی و پەریشانە کە ویست و حەزەکانی بێ وەلام ماونەتەوە، هەروەها ئەو سەرکەوتنە هەمیشەیەی لەرێگەی دارە سیحراویەکەی بەدەستی دێنێت و لە شەڕو ململانێی نێوان چاکەو خراپەدا بەکاری دێنێت، وا لە منداڵان دەکات کە خەون بەوەوە ببینن کە دارێکی لەم جۆرەیان هەبوایە بۆ ئەوەی حەزو ئارەزووەکانیان پێ بهاتبایە دی.

بۆیە منداڵ حەزو چێژوو خۆشیەکی زۆر لە بینینی ئەم فیلمە دەبینن یا وەردەگرن. ج. ل. رولینگ نووسەری ئەم شاکارە، گەڕاوەتەوە بۆ دنیای سیحرو سیحربازی و رووی کردۆتە خەیاڵی فەنتازی و کاریگەری شت و هێزە نهێنییەکان بۆ ئەوەی خۆشی و زانینی شتە نهێنییەکان ببێتە هاندەرێک بۆ گەڕان بەدوای شتی نهێنی و نادیار، بۆیە (رۆلینگ) لە رۆمانەکەیدا خەیاڵی زانستی بەکار نەهێناوە، بەڵکو پەنای بۆ بەکارهێنانی ئامرازی سیحری کۆن و پەری و دێوو درنج و هێزی داری ئەفسووناوی بردووەو چۆتە نێو دنیای سەردەمی کۆن و بەرایی و دنیای سیحربازان و موزیکی ئەفسووناوی و وشەو وێری جادوویی و درنجی سەیرو نامۆ و درەخت و رووەکی ئەفسووناوی و چەندین بوونەوەری نامۆ و ناواقیعی لە میانی رووداوەکانی رۆمانەکەدا هێناوەتە کایەوە، جیهانێکی وای دروستکردووەو ئافراندوە کە نزیکە لە جیهانی ئەفسانەکانی میللەتانی رۆژهەلات و حیکایەتەکانی هەزار و یەک شەوە.




کریس کۆلۆمبس دەرهێنەری بەشی یەکەم و دووەمی فیلمی هاری پۆتەرو سیناریستی سینەمایی(ستیف کلۆڤس) کۆششێکی باشیان کردووە بۆ ئەوەی دنیای ڕۆمانەکە بەرجەستە بکەن و لە کەشی ڕۆمانەکە دوورنەکەونەوە،(کۆلۆمبس و کلۆڤس) بەپەرۆش بوون بۆ ئەوەی ڕوخسارو کەش و شێوەی جیهانە خەیاڵییەکەی ناو ڕۆمانەکە دەربخەن و پیشانی بدەن و تەکنۆلۆژیاو کۆمپیوتەرو هونەری سینەمایان بەکارهێناوە بۆ ئەوەی سیحری سینەما بەدەربخەن و ڕووداو و دنیای ڕۆمانەکە وێنا بکەن، بۆ ئەوەی تەبایی و گونجانێک هەبێت لەنێوان ئەو بابەت و شتانەی کە لە ڕۆمانەکەداو ئەو دیمەنە سینەمایانەی پێشکەش دەکرێن و دەبینین و بەرجەستەکردنی جیهان و کەسایەتییەکانی ڕۆمانەکە نزیک بێت لە مەزندەو هزری خوێنەرانی ڕۆمانەکە، بۆیە دەکرێ بڵێین بەرجەستەکردنی جیهان و کەسایەتی ڕۆمانەکە لە فیلمەکەدا هۆکاری سەرکەوتنی فیلمی هاری پۆتەر بوون.

کۆلۆمبس لە فیلمەکەدا چەندین دیمەن و گرتەی جوان و سەرنجڕاکێشی پێشکەش کردووەو خستۆتەڕوو، گرتەیەک لەوانە پیشاندەدات کە کەسایەتی دمبلدور(ریتشارد هاریس) کە بەڕێوەبەری قوتابخانەی(هیگورتس)ە بۆ جادووگەری، کە هاری(دانیل راد کلیف)ی منداڵ لەبەر دەرگای بەرگەی کاروباری ناوماڵ و ئاکارە دژوارەکەی کورە پووری دەگرێت، بەهۆی ئەو دیمەنە بینەر شارەزای رابردووی ژیانی هاری دەبێت.

ئەو شتەی جێگای خەمڕەوێنی هارییە ئەوەیە کە هەندیک هێزو بەهرەو توانای نامۆی هەیە، دەتوانێت قسە لەگەڵ(مار)دا بکات، لەگەڵ ئەوەشدا نازانێت کە دایک و باوکی سیحربازبوون و دواتر کوژراون.

لە بەشێکی دیکەی فیلمەکەدا، پیشان دەدرێت کە هاری تێکەڵی دنیایەکی نوێ دەبێت و بەیاوەری و پشتگیری هەردوو هاوڕێیەکەی هرمیون(ئیما واتسون)و (ڕۆف ڕۆبرت گرانت) ڕووبەڕووی کارەسات و ڕووداوی جۆراوجۆر دەبێتەوە. یەک لە بەهرەکانی هاری ئەوەیە، دەزانێت بەردی فەیلەسووفان هەیە، کە هەموو سیحربازەکان لە گەڕاندان بەدوای بەردەکە، بەتایبەتی دوژمنانی هاری کە سیحربازی شەڕانگێزن، بەبڕوای هاری و سیحربازەکانی دیکە ئەو بەردە هێزێکی نهێنی و ئەفسووناوی تێدایە کە دەتوانێت مادەو کانزاکان بگۆڕێت و بکاتە زێڕو مرۆڤ نەمر دەکات، بۆیە هاری و هەردوو هاوڕێیەکانی هەوڵدەدەن شوێنی بەردەکە بدۆزنەوەو بگەنە بەردەکە، هەروەها سیحربازە بەدەکانیش بەدوایانەوەن بۆ بەدەستهێنانی بەردەکە. کۆلۆمبس سەرکەتوو کارامە بووە لە بەکارهێنانی کۆمپیوتەرو هونەری سینەماو گرنگی داوە بەکارهێنانی تەکنیکی سینەمایی بۆ ئەوەی فیلمی هاری پۆتەر لە ئاست فیلمە خەیاڵییەکانی




وەک(شریک)و (پاشای ئەلقەکان)دا بێت.

بەشی سێیەمی فیلمی هاری پۆتەر لە لایەن(ئەلفونسو خوارون) دەرهێنراو کۆلۆمبس ئەرکی بەرهەمهێنان و سەرپەرشتیکردنی فیلمەکەی گرتۆتە ئەستۆ، لەم بەشەدا هاری لە تەمەنی منداڵی پوری جێدەهێڵێت و پێی وایە ژیان لە هەر شوێنێکی دنیا بێت خۆشترە لەم ماڵەی تێیدا دەژی، بۆیە رووەکاتە دنیای سیحربازی و چەتوونی و سەفەرکردن بۆ ئەو دنیا نادیارو سەیرو مەترسیدارە. خوارون درکی بەوە کردووە، کە دەبێ لەم بەشەدا زۆر پابەند نەبێت گرێی رۆمانەکە، بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی چاکترو سەرنجڕاکێشتر فیلمەکە دەربهێنێت و داهێنانی تێدا بێت، بۆیە کۆششی کردووە تاکو تەبایی و گونجان هەبێت لەنێوان جووڵەو رووناکی، هەروەها توانیویەتی ژیرانە مامەڵە لەگەڵ ریتم و زەمەن لە فیلمەکەدا بکات بۆ ئەوەی فیلمەکە زیاتر چێژو خۆشی ببەخشێت، هەندێک لە دەقی رۆمانەکە دوورکەوتۆتەوەو لەم بەشەی فیلمی هاری پۆتەردا، خوارون لە چوارچێوەی بیرۆکەی گەڕانەوە بۆ رابردوو بایەخی بەوردەکارییەکان داوە، خوارون هەندێک وردەکاری گرنگ پیشاندەدات و دەخاتەڕوو، هەوڵیداوە بچێتە ناو قووڵایی هزری کەسایەتییەکان و بەرجەستەیان بکات. رەنگە هێزو سیحری ئەم فیلمە خەیاڵییە بگەڕێتەوە بۆ پەیڕەوکردن و پشتبەستن بەخەیاڵی فراوانی مرۆڤ، کە لەڕێگەی خەیاڵەوە دەتوانێت کارو کردەوەی فەنتازی ئەنجامدات.

لە کۆتاییدا دەتوانین بڵێین هاری پۆتەر ئەو سیحربازە بچووکەیە کە بەرەنگاری هێزی شەڕانگێزی دەبێتەوە لە دەروونی مرۆڤدا.

**سەرچاوە:**

- جريدة الفنون- كويت، عدد- ٤٩- ٢٠٠٥ - ل٥٨-٥٩ .

# شەهرام عەلیدی سینەماکاری رۆژهەڵاتی کوردستان

ئا: ژەنیار



شەهرام عەلیدی Shahram Alidi ساڵی ١٩٧١ لە شـــاری سنەی رۆژهەڵاتی کوردستان لە دایکبووە، دەرچووی بەشی شێوەکاری کۆلێژی هونەر جوانەکانە لە زانکۆی تاران، لە هەمان کۆلێژ ماستەری لەبواری سینەما بەدەست هێناوە. ئێستا ئەندامی کۆمیتەی پەیوەندییەکانی نێونەتەوەیی ئەنجومەنی سینەماکارانی لاوی وڵاتی ئێرانە و خاوەنی چەندین کورتە فیلمی سینەمایی و دیکۆمێنتییە، کە ئەمانەن:

"ماملێ" دیکۆمێنتی ١٩٩٨، "شۆت" ١٩٩٩، "دەرگای بەهەشت" دیکۆمێنتی ٢٠٠٠، "زەوی سەخت و ئاسمان دوور" ٢٠٠٠، "شێرکۆ بێکەس" دیکۆمێنتی ٢٠٠٠، "دوایین گوندی سەرژمێر نەکراو"

٢٠٠٢، "دوگمە" ٢٠٠٣، "گوندی ئەندێشە" ٢٠٠٣، "هەناسە" دیکۆمێنتی ٢٠٠٥، "شاخەکانی تاران" دیکۆمێنتی ٢٠٠٦، "بیرەوەرییەکانی ئاو" ٢٠٠٨.

فیلمی "دوایین گوندی سەرژمێری نەکراو" کە یەکێکە لە فیلمە هەرە بەهێزەکانی دەرهێنەر، چەندین خەڵاتی بەدەستهێناوە، کە ئەمانەن:

خەڵاتی فیستیڤاڵی (Sony) تاران ٢٠٠٢، خەڵاتی فیستیڤاڵی "ئاوانکا" پورتوگال ٢٠٠٣، هەڵبژێردراوی فیستیڤاڵی "پووسان" کۆریای باشوور ٢٠٠٣، خەڵاتی فیستیڤاڵی "ریۆدیژانیرۆ" بەرازیل ٢٠٠٣، خەڵاتی فیستیڤاڵی "دورنێزی" فەرەنسا ٢٠٠٣ – لە بەشی پێداچوونەوەیەک بە فیلمە کوردییەکان، خەڵاتی فیستیڤاڵی "فیلمی کوردی لە بەرلین" ٢٠٠٣، خەڵاتی فیستیڤاڵی "مید فیلم" Med Film Festival ٢٠٠٣، خەڵاتی بەشی نێونەتەوەیی فیستیڤاڵی "کلێرمونت" فەرەنسا ٢٠٠٣، خەڵاتی باشترین بەرهەمی نەتەوەیی فیستیڤاڵی "کورتە فیلمی تاران" ئێران ٢٠٠٣، خەڵاتی باشترین سیناریۆ لە فیستیڤاڵی ئارۆکا" پورتوگال ٢٠٠٤، خەڵاتی تایبەتی لیژنەی ناوبژیوانی فیستیڤاڵی "فیلمی سلێمانی" ٢٠٠٤، خەڵاتی تایبەتی بینەران لە فیستیڤاڵی "ئیماگۆ" پورتوگال ٢٠٠٤، خەڵاتی تایبەتی فیلمێکی راشکاوانە لە فیستیڤاڵی "هامبۆرگ" ٢٠٠٤، خەڵاتی تایبەتی ناوبژیوانی لە فیستیڤاڵی "تۆرێنتۆ" ئیتالیا ٢٠٠٤.



دەرهێنەر لەگەڵ ستافی فیلمی ئاو

جگە لەم بەرهەمانە دەرهێنەر چەند چالاکییەکی دیکە ئەنجامداوە:

یاریدەدەری دەرهێنەرو دیزاینەری تایتل لە فیلمی "کات"ی دەرهێنەر محەمەد تاغی جەلیلی- دیزاینەری برۆشۆر لە فیلمی "پەری دەریا"ی دەرهێنەر میهرنووس فارس- دیزاینەری شانۆ و جل و بەرگ لە فیلمی "گۆرانییەکانی ولاتی دایک"ی دەرهێنەر بەهمەنی قوبادی- وەک وانەبێژێک بەشداری لە وۆرکشۆپی "تێگەیشتن لە ریزبەندی روداوەکان" لە ولاتی ئێران کردووە – وانەبێژ لە وۆرکشۆپێک دەربارەی سیناریۆ لە فیستیڤاڵی کان لە ساڵی ٢٠٠٤ – وەک بەرهەمهێنەر لە فیلمی "گەڕانەوە بۆ بام"ی دەرهێنەر جیفانێتی و زێنسیزی کاری کردووە.

بەرهەمە سینەماییەکانی دەرهێنەر تا ئێستا لە چەندین هۆڵی سینەمایی جیهانی و کەناڵە ئاسمانییە جیهانییەکان نمایشکراوە.

فیلمی "بیرەوەرییەکانی ئاو" دوایین فیلمی بەرهەمهاتووی دەرهێنەرە، کە باس لە "ئاو" دەکات و لە چوار ئیپسۆد پێکهاتووە، لە هەر




بەشەو دیمانەیەکی تایبەتی لەخۆگرتووە و کاتێک ئەم چوار بەشە یەک دەگرن، دەبن بە یەک چیرۆک. شەهرام عەلیدی لەمبارەیەوە دەڵێت "بنەڕەتی ئەم فیلمە لەسەر ئاوە، وەکو کوردێک کاریگەری ئەو جوگرافیا و بیروباوەڕەی دایکم لەسەر هەبووە، هەربۆیەش بیروبڕوایەکی تایبەتم لەسەر ئاو هەیە".

لە هەرچوار بەشی فیلمەکەدا بیرەوەرییەکی تێدایە کە وێناکردن و وێنەکێشانە، کاتێک هەرچوار بەشەکە لە شەوێکدا بەیەک دەگەن هەریەکەو چیرۆکی خۆی دەگێڕێتەوە و ئەو شەوە بەیەکەوە دەیانبەستێتەوە و ڕەنگدانەوە و کاریگەری ڕەنگ لە کاتدا لەڕێگەی خۆر بە ئاو دەبەستێتەوە.

دیمەنەکانی ئەم فیلمە بەم شێوەیە دەست پێدەکات، دیمەنی یەکەم (کاسەی ئاو)، دیمەنی دووەم (حەوزی ئاو)، دیمەنی سێیەم (گۆمی ئاو) و دیمەنی چوارەم (زەریا)، زیاتر کاریگەری ڕووناکی لەسەر ئاو بەدەردەکەوێت و ئەزموونی شێوەکاری تیادا بەرچاوە، شەهرام عەلیدی کە خۆی خوێندنی لەبواری هونەری شێوەکاری تەواوکردووە، لەم بارەیەوە دەڵێت "زۆر بەتایبەتی ئەزموونی شێوەکاری خۆم وەکو شێوەکارێک هێناوەتە ناو ئەو فیلمە، ڕیتمی فیلمەکە خاوە، ئەمەش بۆ ئەوەی حەسانەوە و بینین بێت بۆ چاوی بینەر".

سینەماکاری ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەم فیلمەدا زیاتر کاری لەسەر وێنە کردووە نەک دیالۆگ، لەم بارەیەوە دەڵێت "لە فیلمەکانی دیکەم گفتوگۆ هەبووە و چیرۆکەکە زۆر زەق و یەکپارچە و دراماکە بێ پچڕان بووە، ڕیتمەکەی وەکو ئەم فیلمە خاو نەبوونە، بەر لەوەی فیلمەکەم دەست پێ بکەم دژایەتییەکی ڕیتمیم کرد بۆ ئەوەی ئەزموونێکی وا بە ئەنجام بگەیێنم".

ستافی کورتە فیلمی "بیرەوەرییەکانی ئاو":
نووسەری سیناریۆ، دەرهێنەر، دیزاینەر و مونتاژ

شەهرام عەلیدی، بەڕێوەبەری وێنەگرتن هومەن بێهمەنێش، یاریدەدەری وێنەگر رووزبێە رایگا و میلاد ئۆردوبادی، دەنگهەڵگر ئەسغەر ئابگوون، دەنگدانەر محەمەد رەزا دڵپاک، یاریدەدەری دەرهێنەر و بەرنامەدارێژ سامان تەفرێشی، وێنەگری فۆتۆگراف رووزبێە رایگا، شوێنی وێنەگرتن وشکایی تەبرێز، باکووری ئێران، ئەکتەرەکان چەندین ئەکتەری ئەو شوێنانەی کە وێنەی فیلمەکەی لێ گیراوە، بەرهەمهێنەر شەهرام عەلیدی و ناوەندی پەرەپێدانی سینەمای دیکۆمێنتی و ئەزموونی ئێران، ماوەی فیلم: ١٢ خولەک.



شەهرام عەلیدی لەبارەی کێشەکانی سینەمای کوردی و بەتایبەتی بینەری سینەمایی دەڵێت "هەبوونی هۆڵی سینەما کێشەی سەرەکییە، تۆ هەم بەرهەمی سینەماکاری خۆت وەکو کوری ئەو میللەتە کە کورد بێت، لەو هۆڵە نمایشی دەکەیت، لە هەمان کات دەتوانی هەندێ ئەزموونی گەورەی میللەتانی دیکەش بینی لەو هۆڵە نمایشی بکەیت، دواتر دەبێت عەقڵێکی باش و فراوان بەرپێوەی ببات نەک کەسانێکی بیر تەسک".

شەهرام عەلیدی سەرەتا لەبواری شێوەکاری لە کۆلێژ خوێندویەتەی، دواتریش رووی لە هونەری سینەما کردووە و ئەمەش چەند جارێک رەنگدانەوەی لە فیلمەکانیدا هەبووە، ئەو لەوبارەیەوە دەڵێت "رۆژێک لە رۆژان چاوەڕێم نەدەکرد ئەو کاتەی کە عەشقی وێنەو دەنگ لە چاوی مندا بوو کە ئێستاش هەیە، بێم ببم بە دەرهێنەر و بیریشم لێ نەکرد بووەوە. نایشارمەوە لە ساڵی دووهەمم لە بەشی شێوەکاری کۆلێژی هونەرە جوانەکانی زانکۆی تاران ناچار بووم بۆ پارە کاربکەم، ئەوە شانسی من بوو بچم بۆ شوێنێک و لەوێ لە بەشی گرافیکدا کاری گرافیکی بۆ منداڵان بکەم و وێنەی کتێبی منداڵانم دەکێشا، ئەو شانسە ئەوە بوو کە لە بەشەکانی دیکەی ئەو شوێنە خەریکی ئەنیمەیشن بووم، کە بینیان دەستم زۆر زۆر لە دیزاین باشە، داوایان لێم کرد هەندێک لەو کارەکترانەیان بۆ بکێشم، من ئەوەم دەکرد و چووم هەندێک کتێبی ئەنیمەیشنم هێناو و خوێندمەوە بۆ ئەوەی بزانم ئەوە چۆنە و بەشێوەیەکی باش کاریان بۆ بکەم، کە چوومە ناو کارەکە دنیایەکی دیکە بەرەو رووم هات لەوێوە وردە وردە چومە ناو دنیای ئەنیمەیشن، زۆری نەخایاند چووم لەو هۆڵانەی تاران کە چەند هۆڵێک بوو فیلمی باشی دنیایان تێدا نمایش دەکرد، ئیتر حەزم کرد بچم ئەنیمەیشن ببینم و فیلمیشی لەگەڵدا ببینم، کە فیلمم بینی تاقەتم نەما بچمە ناو ئەنیمەیشن و دنیایەکی دیکەم بۆ خۆم پەیدا کرد، دنیایەک کە قەت بیرم لێ نەکردبووەوە، بەڵام ئێستا دەزانم کە لە رابردووی خۆمدا شتێک بە ناو سینەما لە وێنەکێشانی مندا بوونی هەبووە، چونکە تێزەکەم ئەوە دەردەخات، تێزی بەکالۆریۆسم لەسەر هەڵپەرکێی کوردییە، لایەنە تیۆرییەکەشی لەسەر جولەو ئێستاتیکایە، واتە چۆن بە جولە جوانی بەدی دێت. هەڵپەرکێ

خۆی جوولەیە؟ کارەکانی منیش لەسەر ستایلی "فۆتۆریزم"ـە، ئەوکات زانیم کە ئەو عەشقەی من بە هێڵی زۆر توند و بەردەوام لەناو لاپەڕەیەکدا، پڕکردنەوەی ئەو هێڵانە و هاتووچۆی توندیان لەو کاتەی وێنەم دەکێشا بنەمایەک بووە بۆ جولە، سینەما خۆی وێنەکێشانە".

لەبارەی داهاتووی سینەمای کوردی لە باشووری کوردستانەوە شەهرام عەلیدی سینەماکاری کورد دەڵێت "داهاتوویەکی زۆر سەیر بۆ سینەمای کوردی دەبینم و شتێکی زۆر باش دەبێت، سەرەڕای ئەوەی بناغەکەی بەرێکی دانەنراوە، رەنگە لە نیوەی رێگا بروخێت و کێشەی زۆر دروست بکات، چونکە ئەمە بناغەکەی نییە. پێویست بە وردبوونەوەی زۆرتر هەیە کە ئەم بناغە وا دەبێت و وا دەبینرێت، بۆ ئەوەی لە کیشوەری ئاسیا قسەی خۆمان هەبێت، واتا یەکسەر چەند ساڵ بێت بە شەپۆلی سینەمای کوردی و ئەو شەپۆلە نەک بەرهەم هێنان بێت، چونکە شەپۆلی بەرهەمهێنان دروست ناکرێت، ئێران لە ساڵێکدا ١٠٠ فیلمی سینەمایی دروست دەکات، شەپۆڵ ئەوەیە کە تۆ بتوانێت شتێک بخەیتە سەر سینەمای جیهان".

عەلیدی چەند ساڵێکە خەریکی بەرهەمهێنانی فیلمێکە لەبارەی ئەنفالکردنی کوردەوە و ئێستا تەنها کاری وێنەگرتنی ماوە، لەبارەی ئەو فیلمەیەوە دەڵێت "دەمەوێت فیلمی "دەنگی ئەنفال" بۆ خەڵکی دەرەوە بکەم، نامەوێت ئەمجارە ئەم بابەتە بە کورد بڵێم، بەڵکو دەمەوێت بەکسێکی دیکەی بڵێم کە کورد چۆن "هۆلۆکۆست" کراوە، دێڕێک هەیە بەردەوام دەیڵێم و لە دوای ئەم فیلمەش هەر دەیڵێمەوە: "کورد هۆلۆکۆست کراوە"، ئەمە تا ئێستا نەسەلمێنراوە و قبوڵ نەکراوە، بۆ ئەوەی قسە بۆ خەڵکی بیانی بکەیت، دەبێت زمانی خۆیان بدۆزینەوە، ئێستا لە هەموو دنیا چیرۆکی کوشتن و خەم سەرکەوتوو نییە. دەبێت چیرۆکی ئەنفال بەشێوازێکی دیکە و خۆشتر دابڕێژیت و لەو کاتەی کە شتێکی تاڵی پێدەدەیت دەبێت شتی شیرینیشی پێ بدەیت، بە بڕوای من ئەگەر بەو شێوەیە کارم نەکردبوایە نەم دەتوانی ئەمە بکەم و هیوادارم بیرو بڕوای من لەمەدا تەواو بێت".

لەبارەی بەکارهێنانی ئەزموونی شێوەکاری خۆی لەم فیلمەدا دەڵێت "وەکو خەیاڵ بەرای من ئەزموونی شێوەکاری ئەگەر شێوەکارێک کاری سینەما بکات زۆر جیاوازە لەوەی کە سینەماکارێک بیەوێت سوود لە شێوەکاری وەربگرێت، جیاوازییەکەی ئەوەیە کە بەر لەوەی بتوانی ناونیشان وەکو رەنگ و فۆرم و رووناکی بەرەو بابەتەکە بتبات، واتە لەم فیلمە چەند سێکانسێک هەیە تایبەتە بەشێوەکاری و ئەگەر شێوەکاریم نەکردبووایە مەحاڵ بوو ئەم سێکانسانە هەبووایە.

شوێن هەیە تەنها رەنگە، هاواری ئەو خوێنە لەو سێکانسە کە هەژاری و تەنگانەیی و کوشتنی تێدایە، ئەگەر رەنگ نەبێت ئەوە دەبێت بە دروشم، من بۆ ئەم سێ سێکانسە سوودم لە شێوەکاری وەرگرتووە، لەوێ کە تۆ شێوەکاری بەکاردێنی ئیتر وردە وردە زمان و دیالۆگ دەڕواتە دواوە و وێنەگرتن دێتە پێشەوە، هەر کاتێک رۆژهەلاتن و رۆژئاوابوونت بینی ئەوە شێوەکارییە، بەلام ئەو خورە لە قەیسەری هەولێر لە کەسێک کە دانیشتووە لەگەڵ کەسێکی دیکە دیمانە دەکات و ئەو خورە لەدەم و چاوی دەدات، ئەوە شێوەکاری نییە".